٩هەرێمی کوردستان - عێراق

پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٥

سالَی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالَی ٢٠١٤

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٤/٥/٢٦ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — چوارشەممە ٢٠١٤/٥/٢٨ ل ١١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٤/٦/١٥ ل ١٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٤/٦/١٦ ل ١٥٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٦/١٨ ل ٢١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٤/٦/٢٩ ل ٢٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) خولی سێیەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٤/٦/٣٠ ل ٢٦٥

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکە من حەزدەکەم یەك تۆز وردبین بین، بۆئەوەی هەمیشە ئەو کێشانەمان بۆ دروست نەبێ، مەسەلەی نوێنەر ئەوانەی کە زمان زانن حەزدەکەم یەك تەعریفی نوێنەر بکەن، نوێنەر دەبێ نوێنەری خەڵك بێ، کەسێك ناتوانێت بە تەنها بۆ خۆی نوێنەری خۆی بێ، شتی وا لەڕووی زمانەوانیەوە تەواو نییە، لەبەرئەوە ئەوکاتە ئەگەر بکرایە بە ڕێکخەر ئەو کێشەیەمان بۆ دروست نەدەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەدی ئەدنایەکە نازانم نەدرایە دەنگدان، ئەگەر ئەو مەوزوعانە هەمووی بدرێتە دەنگدان و دواجاریش فرسەتێك بدەن بە ئێمە، بۆئەوەی پێداچوونەوەو سیاغەی نیهائیی بکەین بۆ مەسەلەی ئەو بابەتەی کە وروژێنراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهانەی عەدەد بۆ ئەوەبوو، کە مادام دەڵێی لیژنە یاسایی، لیژنە ڕەقەمی ئەدناو ئەعلای هەیە، کە نوێنەر هاتە شوێنی لیژنە، لیژنە نەما ئەوکات عەدەدیش بەهانەی نامێنێ، لێرە ٣ کەس بێ یان کەمتر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە کە ٣ کەسیش نەمێنێ لە پێناسەکە، واتە یەك کەسیش بۆی هەبێت داوای ئاگادار کردنەوە پێشکەش بکات، دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ٢٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٣٤ کەس لەگەڵی نەبوو، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ باشە ، ئێستا لیژنەی یاسایی دوا سیاغەی پێناسەکە دەخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوێنەر، نوێنەری خۆپیشاندەرانن کە خاوەنی شیاوی یاساین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو پێناسەیە؟ بیخوێنەرەوە ئەمجارەش، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كە لیژنە بوو بە نوێنەر، بەوجۆرە سیاغەمان كردووەتەوە، تەعریفەكەی بۆئەوەی پێشنیارەكان لەخۆی بگرێت، نوێنەر، نوێنەری خۆپیشاندەرانن كە خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەركی بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، كاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو ئەو وشانەی لەو پێناسەدایە، یەك یەك بەڕێزتان خستتانە دەنگدان، نوێنەر، شیاوی یاسایی، حەددی ئەعلا، حەددی ئەدنا، ئێستا ئەدنایەكی تیا نییە، یەعنی هەر لە ڕووی مەنتیقی دەنگدانەوە دەنگی هێنا..............

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وا خستمانە دەنگدانەوە، ئەگەر بە هەڵە دا نەچووبم، وا خستمانە دەنگەوە كە یەك كەسیش بۆی هەبێ نوێنەر بێ، ئەوە دەنگی نەهێناوە، د.ڤالا، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەسەكە دەنگی هێناوە، دەتوانین بڵێین نوێنەر نوێنەری خۆپیشاندەرانن، كە ژمارەیان لە ٣ كەس كەمتر نییە و خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەركی بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵییەتی؟ (٦٨) كەس لەگەڵییەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ (٧) كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسند كرا، ماددەی دووەم دەخوێنرێتەوە، كاك سالار، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەم ماددەیە كە چوار بڕگەیە، بڕگەیەكی تریشی ماوە هێشتا، بڕگەی پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، ١٩ بۆ ٢٠ كەس ناوی نووسیبوو قسەی كرد، بەڵام لە ڕێگەی نوقتەی نیزامەوە ٣٣ ئەندامی پەرلەمان قسەی كردووە، هیوادارم جارێكی تر بە مەسەلەی نەسیحەت و نەسیحەتكاری وەرنەگیرێ، جەنابتان ئەركی تەنزیم كردنی جەلسەكەتان هەیە، نوێنەرانی لیژنەكان لەسەر ئەوە ناتوانن ئەو هەموو ڕەئیە دوای

گفتوگۆ وەرگرن، لە ڕووی قانونییەوە ئەوانەی ناویان نووسیوە قسە بکەن، دوای ئەوە بۆچوونەکان تەتەڵە دەکرێ، دەخرێتە دەنگدان، حەتمەن سەر لەبەری گفتوگۆکان بۆچوونی تازە دەهێنێتە پێشەوە، لای ئەندامانی بەڕێز بۆچوونە تازەکە بنەمای قانونی نییە ئەگەر مەنتیقیش بێ، بەڵام ڕۆیشتووە، لە هەموار، لە ڕاپۆرتی موشتەرەك، دوای ئەوە لە ناو گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان دا ئێمە بۆچوونەکان وەردەگرین، ئەگەر زیاد لە سێ کەس بوو دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر کەمتر بوو ناخرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی جەلسەکە بڕوا بۆ ئەوەی ماددەکان وەکو خۆیان تێپەڕن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ تۆ، دوو بابەت ماوە کە پێویست دەکات لەم ماددەیە بیخەینە دەنگدانەوە، یەکیان ئەوە بوو کە داوا کرابوو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ بکرێ، دووەمیان ئەوە بوو کە خۆپیشاندانی لە ناکاویش لە ناو ماددەکەدا پێناسەی بۆ بکرێ، بەڵام لە کۆبوونەوەی هاوبەش ڕەفزی کردبێ، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەیەکی وەکو خۆپیشاندانی لە ناکاو هیچ لە ڕاپۆرتەکەدا نییە، بەڵام ئەگەر بڕیارە قسەی لەسەر بکرێ بۆ ئیزافە کردن، شتێکی زۆر تازەیە هاتۆتە ناو موناقەشە، دەبێ ڕێگە بە ئەندامان بدرێ بۆچوونی خۆیان لەسەر خۆپیشاندانی لە ناکاو بدەن، یەعنی ئەوە جوملەیەك نییە بڵێی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەیە لەولا، با لێرە پێناسە بکرێ، یاخود لێژنە هەیە با لیژنە بەم شێوەیە پێناسە بکرێ، خۆپیشاندانی لە ناکاو هەر تیای نییە یاساکە، لەبەر ئەوە ئەگەر قسە بێ بۆ زیاد کردن، ئەوە گرفتی پێناسە نییە، ئەوە جەوهەری یاساکەیە، دەبێ ئەو کاتە دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەندامان بکرێتەوە، هەر کەسەی ڕەئی خۆی بدا ئیتر، ئەوەی دیفاعی لێ دەکات، یاخود ئەوەی موبەریراتی هەیە، چونکە ئەوە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو کۆی یاساکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لە ناو کۆی یاساکە نییە، ڕاستە، بەڵام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە پێناسە بکرێ، ئەگەر دوایی دەنگی هێنا کە لە ماددەی (١)دا پێناسە بکرێ، ئەو کات دەرگای وتووێژ دەکەینەوە بۆ ئەوەی کە پێناسەکەی چۆن صیاغە بکەین؟ بۆ پێناسەکەی کاك باپیر، لێرە ئەم ماددەیە هەمووی پێناسەیە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە پێناسەی ئەوەش بکرێ، ئەگەر دابندرێ لەگەڵ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئێستا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ڕوونکردنەوەتان چیە لەسەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان؟ پێناسەکردنی؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانمان نەهێناوەتە ناو برگەی پێناسەکردن، لەبەر ئەوە بووە لە یەکێك لە پرۆژە یاساکان داوا دەکرێت کە پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بکرێ، لە پرۆژە یاسای دووەم داوا دەکرێ کە دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن، ئێمە لەسەر گرنگی ئەو خاڵە میوانداری لیژنەیەکی تایبەتمان کرد لە وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی گوێ لەوان بگرین، ئایا ئەوان دەتوانن لە ڕێگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان تەغتیەی ئەوە بکەن کە حیمایەی گیان و سەروەت و سامانی خەڵك بکەن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا لیژنەی ناوخۆ پێی ڕاگەیاندین کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە هەموو قەزا و، لە هەموو ناحییە و لە هەموو شوێنەکان تەواجودی نییە، بۆیە ناچار دەبن ئەوان لە کاتی نەبوونی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەبێ پەنا ببەنە بەر دەزگای پۆلیس بۆ حیمایەت کردنیان، بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی تەوفیق بکەین لە بەینی هەردوو پرۆژە یاساکە لەلایەك، لە بەینی پێداویستی جیهەتی مەعنی کە بانگمان کردوون، گوێمان لێ گرتوون، بۆ ئەوە گوێمان لێ گرتوون کە بتوانین جێگای بکەینەوە، بەو شێوەیە دامان ڕشتۆتەوە لە ناو یاساکەدا، یان لە ناو ڕاپۆرتی هاوبەش دا، لە ماددەی پێنجەم، لە خاڵی دووەم وتوومانە (دەبێت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن)، واتا کە ئەصڵ حەقی پاراستن و واجیبی پاراستنی خۆپیشاندەرانمان کردۆتە واجیبی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئینجا فاریزەمان داناوە و گوتوومانە (لە کاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان دەبێ)، ئەوەیان لە دوو ڕووەوە بووە بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، یەکەمیان/ بۆ ئەوەی دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن لەلایەك، لەلایەکی تر/ بۆ ئەوەی ئەم دام و دەزگایانەی کە مەعنین و پێویستە خۆپیشاندەران بپارێزن، جگە لە پۆلیس و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پەنا نەبەنە بەر هێزەکانی تر، چونکە کاتێك تۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کە لە تەعریف دێنی، تەنها ئەرکەکان دەخەیە ئەستۆی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئەوان بە پاساوی ئەوەی کە توانای ئەوەی نییە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەو پێداویستییەیان بۆ پڕ بکاتەوە، ئەگەر ناوی دەزگای پۆلیس نەهێنێ لەوانەیە پەنا ببەن بۆ هێزەکانی تر، هێزەکانی تر بەکار بێنن بۆ مەسەلەی حیمایە کردن و، ئیخماد کردنی خۆپیشاندەران، واتا لێرە ئێمە ئەوەی ڕێکمان خستووە دوو سەرەیە، هەم پێداویستییەکانی جیهەتی مەعنییە و جیهەتی جێبەجێکارە، هەم بۆ پارێزگاری کردنە لە جیهەتی خۆپیشاندەران لەلایەکی تر، ئینجا بۆ ناتوانین ئێمە ئەوە لە تەعریف دا جێ بکەینەوە؟ ئەگەر لە تەعریف دا گوتمان (پۆلیس بریتی یە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان) لێرە نوقتە دادەنێین و ناتوانین لە برگەکانی تر ئەو تەعریفەی کە کردوومانە فراوانی بکەین، چونکە یەکێك لە خەسائیسەکانی تەعریف ئەوەیە کە مانیع بێ، جامعە، شاملە، مانعە، کە مانعە تۆ ناتوانی لە جێگایەکی تر فراوانی بکەی، کە من لە تەعریف بڵێم/ پۆلیس بریتی یە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، نابێ لە ناو یاساکەدا وەکو موشەریع حەق بدەم بە خۆم لە ماددەیەکی تر بڵێم پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و

دەزگای پۆلیس کاری پارێزگاری کردن و حیمایەت کردنی خۆپیشاندەران دەگرنە ئەستۆ، تەنها ئەوەیان قەصدی موشەریعە لە دارشتنی ئەو ماددەیەدا، ئێمە داواکارین لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکو خۆی وەری بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە مافێکی مەدەنی و دەستووری، ڕێ و شوێنی تایبەتی لەلایەن دەسەڵاتی ئیجرائی و جێبەجێ کردنەوە پێویستە بۆ بگیرێتە بەر، لە پرۆژەی هەموار کراودا داوا کراوە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بەم شەئن و ڕێکخستنی خۆپیشاندانە هەڵبستن بۆ جووڵەدانی پشێوی، بۆ ڕوونەدانی پێشێلکاری، بۆیە ئەوە لەلایەن ئەندامانی بەڕێزیشەوە کە موناقەشە کرا زیاد لە ٣ کەس پێشنیاری کردووە، موتەبەعە بخرێتە دەنگدانەوە، تەعریف کردنیشی مەسەلەیەکی ئاسانە، ئەستەم نییە، دەزگای پۆلیس لەم یاسایە تایبەتەدا مەبەست پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، بەڵێ، هەندێك جار خۆپیشاندان ڕوو دەدا، بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کۆنترۆڵ ناکرێ، دەکرێ ئێمە ئەو برگە دووەمەی کە لە ماددەی پێنجەم دا هاتووە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندان دەپارێزن، لە کاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکار دەبن بە ماددەیەکی صەریح بێت، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیەش بڕێتەوە، چونکە ئێمە داوامان کرد لە تەعریفەکەدا، بەڕێزان لە لیژنەی قانونی ڕایان وابوو لە تەعریفەکەدا نەبێ، لە ماددەی پێنج و شەش دا بە فەقەرە بێ، بەڵام بۆ کۆی ئەم یاسایە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیستیحداس بکرێ، لە ڕابردوودا کار لەسەر ئەم بابەتەدا کراوە، کارێکی ئاسانە، بۆ ئەوەی سیمایەکی تەواو مەدەنی لە خۆوە بگرێ، لە کاتی پێویستیش دا پۆلیسی گشتی هاوکاری چالاکییە مەدەنییەکان بن، بۆیە ئەو ڕەئیە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی وەکو ماددەکان برگەکانی پێشوو جەدەلی زۆر هەڵنەگرێ، لە چوارچێوەی قانونی مامەڵە لەگەڵ پێشنیارەکان بکرێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە هاتن، بەهانەی ئەوەی کە تەنیا لەم یاسایە پۆلیسی چالاکی مەدەنی دەبێ، وەزارەتی ناوخۆ بەهانەی ئەوەی هێنایەوە کە کەمیان هەیە لەم پۆلیسانە، هەرچەندە لە شارەکان هەتاکو قەزاکان پۆلیسی چاکییە مەدەنییەکان هەیە، تەنها لە ناحیەکان دا نیە، ئەمما ئەو حاڵەتەی کە

خۆپیشاندان بە لاڕێ دا دەڕوا، یاخود لە کۆنترۆڵی هێزی چالاکی مەدەنی نامێنێ، ئەوەمان حەل کردووە کە دەزگای پۆلیس بەشداری دەکات، نەك دەزگاکانی پۆلیس داوا بکات پۆلیسی جۆرا و جۆر بێت، دەزگای پۆلیس دوای ئەوەی مەشورەتمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کرد، تەنیا پۆلیسی محەلی دەگرێتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە تەعریفی ئەساسی لە پۆلیس، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە ئیزافە ببێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د. بەهار، فەرمووو، تکایە بە کورتی.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم بابەتە ئایا پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە پێناسەکان دا بکەین یان نەیکەین، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا ئێمە مەسئولیەتەکە بە کامل دەخەینە سەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئەگەر ئەوەمان کرد، ئەوە دەبێ لێرە پێناسەی بکەین، ئەگەر دەزگای پۆلیسی ترمان هاوبەشی پێ کردن، ئەوە لێرە پێناسەی ناکەین، مەبەستی ئێمەش کە پێناسەمان نەکردووە هەر ئەوە بووە، یەعنی ناکرێ ئێمە لێرە پێناسەی بکەین و دوایی پێناسەکەی خۆمان تەقید بکەین بە شتێکی تری بۆ زیاد بکەین، بۆیە ئەگەر بڕیارمان دا ئەوان مەسئول بن پێناسەی دەکەین، ئەگەر بڕیارمان دا هاوکاریان هەبێ دەبێ پێناسە نەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان، فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێکەڵ کردنی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە پێناسەکەدا، بەڵێ بە زۆرینەی دەنگ، ئەو کاتەش بڕیار لەسەر ئەوە درابوو کە لە پێناسەکەدا بکرێ، مەسئولیەتەکەی بخرێتە سەرشانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، ئەو بیانووەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیوت کە ئێمە ژمارەیەکی کەممان هەیە، دەکرێ هەوڵ بدرێ بۆ زیاد کردنی، نەك ئەوە ببێ بە بیانوویەك، سەبارەت بە خۆپیشاندانی لە ناکاو، ئەویش لە یەکێ لە پڕۆژەکان دا، بمبوورە بەس تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە دەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە لە یەکێ لە پڕۆژەکان دا هاتووە، ئەوە بۆ قسەکەی کاك گۆران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی ناوخۆ، کاك ناظم، فەرمووو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لێرەدا هاتووە بە نیسبەت، لە کاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان بکات، پێویست ناکات پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەو پێشنیارە دەخەینـە دەنگـەوە کـە پێناسـەی پـۆلیس بکـرێ بـە پۆلیـسی چـالاکییە مەدەنییـەکان، کـاك تحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنانەی کە بەیەکەوە کاریان کردووە، زیاتر لە ئێمە قسەیان کرد، دیارە تـەناقووز هەیـە لـە بـەینیان، ئـەوە باشـتر بـوو ئـەوان گەیـشتبانە ئیتیفاقێك، ئینجا هاتبانـە ئێـرە دیفاعیـان لـە ڕاپۆرتەکـەی خۆیـان دا بکردبا، جەنابت ئەم ڕاپۆرتەت خستە دەنگدانەوە، کە موناقەشەی لەسەر ئەوە دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك تحسین، ئەوان ڕاستە بە یەکەوە ڕاپۆرتیان نووسـیوە، بـەڵام لـەوە دەچـێ تەحـەفوزیان هـەبووبێ، هەندێکیان لەسەر هەندێك لە بڕگەکان بە زۆرینە یـەکلا کرابێتـەوە، بـە زۆرینـەی دەنگی لیژنـەکان یـەکلا کرابێتەوە، ئێستا ماڧ ئەوەشیان هەیە کە خۆشیان ڕەئیان هەبێ، ڕەئیەکی تریان هەبێ، د.فرسـت، نوقتـەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆڧ علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لـەو کۆبوونەوەیـە بەشـدار بـووم، ئێمـە لەسـەر ئـەم بابەتـە ڕێککـەوتبووین، کـە پۆلیـسی چـالاکییە مەدەنییەکان زائیدەن پۆلیس، ئەوە یەك، دوو/ ئـەم مەسـەلەیە لـە نـاو ئـەم بڕگانـەدا نـەبووە، بۆیـە ئێـستا ئەگەر نوقتـە نیـزامیش وەرنـەگرم، حـەقی منـە قسە لەسـەر ئـەم بابەتـە بکـەم، لەبـەر ئـەوەی مەسـەلەی، ببوورە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتی خۆی دەتتوانی گفتوگۆی لەسەر بکەی لە کاتی گفتوگۆدا، د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆڧ علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە ناو گفتوگۆدا نەبووە کاك دکتۆر، تاوەکو ئێستا تۆ بڵێی نوقتـە نیزامـی وەرگـرە، ئـەوە مەسـەلەیەك بووە لە خاریجی گفتوگۆ بـووە، خۆپیـشاندانی لـە ناکـاو، چـالاکییە مەدەنییـەکان لـە نـاو ئـەو بڕگانـەدا بـۆم ببینەوە، تاوەکو من دەستم هەڵبریبایە گفتوکۆی لەسەر بکەم، لە ناو ئەو گفتوگۆیەدا نـەبووە، بۆیـە ئەگـەر بڕیارە بیخەیە دەنگدان، مەجال بدە قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با من عەرزت بکەم، ئێمە ماددەی یەکەمی پرۆژە یاساکەمان خستۆتە گفتوگۆوە، کە ماددەی یەکەم بریتی بووە لە پێناسەکان، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە ئەو پێناسانە جێ بگرێ، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەزگای پۆلیس، بەڵێ لیژنەی یاسایی، د. ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش دەنگدان بەس ئەو ڕوونکردنەوەیە دەدەین، ئەگەر بێت و ئێمە تەعریفی پۆلیس بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بکەین، دەبێ ئێمە لێرە بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم هەڵگیرێت، چونکە دوای تەعریف ناتوانین بڵێین/ دەبێ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن، ئینجا لە کاتی پێویستیش دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان بن، واتا هەردووکی بەیەکەوە جەمع ناکرێ، ئێمە لێرە بۆیە ئەوەمان داناوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پەنا نەبا بۆ بەکارهێنانی هێزی تر بۆ مەسەلەی ئەو بابەتە، بۆیە تکایە ئاگادار بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر بە تەفصیل د. ڤالا ئەو بۆچوونانەی ڕوونکردەوە کاک د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ چیت خستە دەنگدان، سەرۆکی پەرلەمان؟ ئەوەت خستە دەنگدان کە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان موناقەشە بکرێ؟ ئەگەر ئێمە بڕیار بێ لە قانونە ئەصڵییەکەمان موناقەشە کردبایە، ئەو کات حەق نەدەبوایە ئێمە موناقەشە بکەین، تۆ ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانت خستە دەنگدان، ئێمە بڕیارمان دا موناقەشە لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی هەر چوار لیژنە بکەین، هەر شتێك لە ڕاپۆرتی هاوبەش دا هاتبێت، دەستمان هەڵنەبرییێ، بەڵام ئێستا تۆ ئیستیحداسی دوو نوقتە دەکەی لە ناو ڕاپۆرتی هاوبەش دا نیە، مافی منە موناقەشەی لەسەر بکەم، دیفاع لەوە بکەم کە چۆنە و چۆن نیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست، ڕاستە ڕاپۆرتی هاوبەش بەو شێوەیە هاتووە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن ڕایەکی جیاوازیان لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان هەبێ، پشتگیری لە ڕایەکی تر بکەن، کە زیاتر لە سێ کەسیش داوای ئەوەیان کردووە، بۆیە مادام ئێستا دەتانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن، ڕاستە ئەم دوو بڕگەیە لە ناو ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا نییە، دوو کەس بۆ پشتگیری، دوو کەسیش بۆ دژایەتی کردنی ئەم دوو پێناسەیە قسە بکەن، بۆ ئەوەی دوایی بە بەرچاو ڕوونییەوە دەنگی لەسەر بدرێ، کاک سالار نوقتە نیزامی.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیڕەو تەجزیئە ناكرێ، لە كوێ دا بەرژەوەندیم لەگەڵی بوو لەگەڵی بم، لە كوێ دا بەرژەوەندیم لەگەڵ نەبوو تەبریراتی ناپەیڕەوی بۆ بێنمەوە، زیاتر لە سێ كەس داوای كردووە هاوشێوەی نوێنەر، هاوشێوەی برگەكانی تر كە لە پێشووتردا دەنگمان بۆ دا، وەزیر و وەزارەت پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان لەم تەعریفە هەبێ، نیقاش هەڵناگرێ ئەم مەسەلەیە، بۆ؟ یەكەم/ لەبەر ئەوەی لە پرۆژەی هەموارەكەدا هاتووە، دووەم/ بەشێكی زۆر لە ئەندامان و لە لیژنەكان لەگەڵ ئەوە بوون پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان ئەم مەسئولیەتە هەڵبگرێ، سێیەم/ ئێمەش دەزانین، لە كاتی دەرچوون لە نیزام دا لە خۆپیشاندان پێویستمان بە پۆلیسی گشتیش دەبێ، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە ماددەیەك ئیزافە دەكەین بۆ ئەو مەسەلەی، دەیخەینە بەردەست پەرلەمانتارانی بەڕێز، بۆیە دەرگا كردنەوە بۆ گفتوگۆ ئێمە لە ماددەی یەكەم دا دەچەقین، ناشمەوێ بچمە سەر تەفاصیلی ڕاپۆرتەكە و نووسینی ڕاپۆرتەكە و ئیزافە و لادانی هەندێ برگە، بۆیە ئێمە بە پێی پەیڕەو بۆچوونەكان وەردەگرین، داوا لە جەنابت دەكەین بیخاتە دەنگدانەوە، قبوڵ كرا جێی دەكەینەوە، قبوڵ نەكرا وەكو خۆی دەیهێڵینەوە، سوپاست دەكەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی لەبەر ئەوەی ئێمە بە دەنگدان ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكانمان خستە دەنگەوە، ئەوەمان كرد بە ئەساس، هەندێك لە پەرلەمانتاران ڕایان وابوو كە دوو پێناسە بۆ ماددەی یەكەم ئیزافە بكرێ، ڕاكەیان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرێ، دەیخەینە دەنگەوە، بەڵام ئەو ڕایەش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین كە داوای ئەوە دەكا، ئەو كەسانەی كە دژ بەوەن ڕای خۆیان بڵێن كە لە ئەصلی یاساكەدا نەبووە تا موناقەشەی بكەن، بۆیە دوو كەس لەوانەی كە دژن وەردەگرین، لەوانەی كە دژن ئەو دوو پێناسەیە لە ناو ماددەی یەكەم دا هەبێ، ڕای خۆیان بڵێن، دوایی دەیخەینە دەنگەوە، د. فرست یەكێكیان، ئەوەی كە دژە ئەو دوو پێناسەیەی تیا بێ، د. ڤالاش، بەس با د. فرست لە پێش دا قسە بكات.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دكتۆر عەفوو، ئێمە بەس بۆ دیفاع كردن لە ڕاپۆرتەكەی خۆمان، ئەو ڕاپۆرتە ئەو تەعریفانەی تێدا نەهاتووە، یەعنی بەڕێزت ئەوە نابێ بخرێتە دەنگدان، بە ڕای ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی، چونكە ئەوە لە كۆبوونەوەی هاوبەش دا ئەو بابەتە كۆتایی پێهاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زیاتر لە سێ كەس داوای ئەوەیان كردووە، زیاتر لە سێ كەس داوای ئەوەیان كردووە كە ئەو پێناسە جێ بگرێ، بەڵێ د. فرست.

بەڕێز د. فرست صۆفی علی :

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پێی ئەو عورفە موتەبەعەی کە لە داڕشتنی هەر یاسایەك هەیە، تۆ تەعریف کاتێك دادەنێی کە لە ناوەوە ڕەنگدانەوەی هەبێت، کاتێك ئێمە لە ناو ناوەڕۆکی قانونەکە شتێکمان نەبێت بە ناوی خۆپیشاندانی لە ناکاو، ئەوەی تریشیان موعالەجە کرابێ، ئەوەی چالاکییە مەدەنییەکان و پۆلیس، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی جارێ یەکەم ئەوە لە پێناسە دابنێین، دووەم/ ئێمە لە نیزامێکی پەرلەمانی دا دەژین، لە نیزامی پەرلەمانیش خۆ دوژمنداری لە نێوان حکومەت و پەرلەمان دا نییە، دوایش کاتێ ئێمە لە لیژنەیەکی هاوبەش کۆبوونەوەیەکی فراوانمان کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەمان بووە گوێ لە حکومەت بگرین، ئایا ئیستیعدادی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەم یاسایەی کە تەعدیلی دەکەین، توانای ئەوەمان هەیە تەنها بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ؟ وەڵامی حکومەت ڕاست و ڕەوان بووە، ئەو بەڕێزانەی لەوێ دانیشتوون کە ئێستا لە کاتی ئێستادا، لەوانەیە تا مەودایەکی درێژیش حکومەت ئیستیعداد و قودرەی ئەوەی نەبێ تەنها بە بوونی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان تەغتیەی خۆپیشاندانەکان بکات، بە تایبەتی لە قەزا و ناحیەکان، بۆیە ئێستا ئێمە ئەو حکومەتە هی هەموومانە، هەموومان بەشدارین، ئێستاش مەجالی ئەوە نییە ئێمە بڵێین با حکومەت زیاد بکە، با حکومەت دایانبمەزرێنێ، ئێمە لە ئەزمەیەکی مالیداین، لەوانەیە بە دوو ساڵی تریش نەتوانرێ لە هەموو قەزا و ناحیەکان پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دروست بکرێ، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێمانوایە لەم قۆناغە بۆ ئەوەی تووشی فەراغێکی ئیداری نەبین لە کاتی بوونی خۆپیشاندانەکان، فەراغێکی ئەمنی دروست نەبێت، وا باشە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەفزەلییەتی پێ بدرێت، ئەگەر گریمان لە حاڵەتی (أسوأ الإحتمال) پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەست نەکەوت، دەستی حکومەت گرێ نەدەین، مەجالی تێدا، پۆلیس بەڵام بەو پێوەرانەی، بەو قەیدانەی لە ناو قانونەکە دامانناوە، دەبێ مەدەنی بێ، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆپیشاندان دەبێ بە شێوازێکی مەدەنی بێ، بە ئاو پرژێن بێ، ئەوانەی هەموو تێدایە، ئێمە چ مەترسییەکمان لە پۆلیس دەبێ، ئەوانیش کوڕی ئەو وڵاتەن، ئەوان بە شێوازێکی مەدەنی ڕووبەڕووی خۆپیشاندان دەبنەوە، بۆیە پێمان باشە ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم یاسایە هەموار بکەین، لێی دەربچین، ئیلتیزام بکەین بەوەی کە نوێنەری هەموو لیستەکان لە ناو ئەو لیژنانەدا هەبووە، ئیتیفاقمان کردووە، ئێستا ئەوەی کە باسی خۆپیشاندانی لە ناوەوە دەکرێ، باسی ئەوە گەڕاینەوە خاڵی صفر، ئێمە لەوانەیە بە ئاسانی لێی دەرنەچین، ئێمە چەند مانگ کۆبوونەوەمان کرد، دانیشتین بەیەکەوە، مانگێك و شتێکە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو مەرحەلەی کە ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە دروست بوو، ئێستا لەسەر ئەو گفتوگۆیانە گەڕاینەوە خاڵی صفر و لێشی دەرناچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی تر دژی ئەوەیە کە پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و، پێناسەی خۆپیشاندانی لە ناکاو بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکەوە؟ بۆ ئەوەی قسە بکات، کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.فرست بەباشی بەحسی پۆلیسی چالاکی مەدەنی کر، ئەزێ بەحسێ خۆپیشاندانی لە ناکاو دکەم، کەڤ بەرچی ئەم دژی هەندێنە؟ ئەگەر هەڤالێت ئەندام پەرلەمان یەعنی باشتر بەرەخۆدن دەبێ یاسایێ ئەڤا کو هاتیە تەعدیل کرنێ بە هیچ شێوەیەکی حکومەت یان ژی وەزیر، یان سەرۆکی یەکا کارگێڕی، مافێ هەندێ نینە و داخازا خۆپیشاندەرا، یەعنی کو چەند کەسەك ڕابن پێشکەش کرنا داخازەکی، ئاگادار نامەیەکی بۆ حکومەتی، بۆ هەندێ خۆپیشاندانێ بکا، بە هیچ شێوەیەك حکومەتی ئەو مافە نینە کوڤێ ئاگاداری نامە ڕەتکریتن، کەواتە لێرەدا یەعنی ئەم تیناگەین، مەرامیش خۆپیشاندان نەکا یەعنی چیە؟ ئەگەر حوکمەتی ئەو دەسەڵاتە نەبیتن بشێتن ئاگادارینامە ڕەت بکرێتن، بۆچی یە خۆپیشاندانی لە ناکاو؟ ئەڤە ژ ناحیەك، ژ ناحیەکی تر، خۆپیشاندانا لە ناکاو حاڵەتەکی فوجائی یە، ئەڤ یاسا هەیە تەنزیمی حالەتەکی کر، حالەتەکی دیار، کودڤیتن نیەتێت هەردوو تەرەف دیار بێت، ب تایبەتی لایەنی دەسەڵات و لایەنی دی تەڤی ئەڤی خۆپیشاندانی رابن، چونکە ئەگەر هەر تەصەروفەکا بیتن ئەنجام دان لای خۆپیشاندان، ئەو تەصەروفا دژوار بیتن، حوکمەت یان ژی دەسەڵات ڕەت داوان دژواری، کەواتە مە دڤیتن گیانی هاووڵاتیا بپارێزین، ژ بەر هەندێ ئێمە دبێژین بلا خۆپیشاندانا لە ناکاو نبیتن، بەلکو دڤێتن خۆپیشاندان بە تەنزیم کرن بیتن، وەکی لەو قانونە هاتیە دارشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێناسەی دەزگای پۆلیس ئیزافە بکرێ بۆ ماددەی یەك و، تیا بچەسپێنرێ کە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٤٢) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ (٣٨) کەس لەگەڵی نیە، کەواتە پەسند کرا، (٤٢) کەس لەگەڵیەتی، بۆ پێناسەکەشی سوود لە یەکێك لە پرۆژە یاساکان وەردەگرین کە خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی لەگەڵم بن کە لێرە پێناسەی دەزگاکانی پۆلیس کراوە، شەشەم ئیزافە بکرێ، ئێستا ماددە بە ماددە ڕاپۆرتەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:** هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١- وەزیر

٢- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونـەوەی ئاشـتییانە و مەدەنییانـەی ژمارەیـەك کـەس و هـاووڵاتی لـە شوێن و کاتێکی دیاری کراو بە مەبەستی دەربڕینی هەڵوێست و راو گەیاندنی داواکاری و پەیام بـۆ هێنانە دی مەبەست و ئامانجێکی رەوا، جا بە شێوەی گردبوونەوە، یان رێ پێوان، یـان مـان گـرتن، یان پەناگیری بێت.

٤- لیژنـە: لیژنـەی رێکخـەری خۆپیـشاندانە کە ژمارەیـان لـە (٣) کـەس کـەمتر و لـە (٥) کـەس زیـاتر نەبێت، خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناوەکان بنووسین، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەوەی کە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بوو بە بنەما، دیـارە ئەمـە دەبێتـە بنـەما بـۆ گفتوگـۆ کـردن، بـەڵام ئێمـە پێمـان خۆشـە ئـەو روونکردنەوەیـە بـدەین وەکو سـەرۆکی لیژنـەی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان بەشێك لەو بەڕێزانـەی کـە ئەنـدام بوونـە لـە لیژنـە هاوبەشـەکە، بـە گەڕانـەوە بـۆ پڕۆژە هەموارکراوەکان هەندێك بڕگە هەبووە داوا بکرێت هەموار بکرێتەوە لێرەدا بە دوو رەئی جیاوازیش نەهاتووە لە کاتێکدا کە دەکرا بە دوو رەئی جیاواز بێت، ئەسڵ ئەوەیە ئەوەی داوا کراوە هـەموار بکرێتـەوە گفتوگۆ لەوە بکرێت، بۆ نموونە کاتێك قسە لەسەر ئەوە دەکرێ دەزگای پۆلیس تەعریفە بکرێ بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەکرێ ئەوە داخل بکرێت یـان نـەکرێت؟ یـەك خـاڵی گـرنگم مـاوە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، بۆ نموونە قسەکردن لەسەر تەعریفەی لیژنە نەهاتووە لە هیچ یەکێك لە هەموارکراوەکانـدا جا داخـل کـراوە، یـەعنی ئـەوەی داوا نـەکراوە داخـل کـراوە، ئـەوەی داوا کـراوە داخـل نـەکراوە، بۆیـە ئەمـە بـۆ بەرچاو روونی بێت دەکرێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بنەمایانە بکرێ و ئەو ئیزافانەی لـە هەموارەکـە داوا کـراوە لە غەیری پڕۆژەکە، واتە پڕۆژە هاوبەشەکە جێگەی جەدل بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتانەی کە نووسراوە لە بەر رۆشـنایی ئـەو دوو پـڕۆژە یاسـایە کـە پێـشکەش کـراوە، بـەڵام خۆتـان دەزانن ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەرکی سیاغەکردنی یاسامان هەیە، زۆر جار پڕۆژە یاسا لـە هەنـدێك لـە بنەماکان و لە نیزامی عام و لە بنەما ئەساسیەکان لادەدات، ئەرکی ئێمە و کاری ئێمە و مافی ئێمەش ئەگەر بە ئەرك و مافیشی دابنێین ئەوەیـە کـە ئێمـە ئـەو پـڕۆژە یاسـایانە بـە جۆرێکی ئـەوتۆ سـیاغە بکـەین کـە

لەگەڵ بنەما گشیتییەکان و لەگەڵ ڕێسا گشتییەکان پێچەوانە نەبێت، بەڵام لەوە تەئکید دەکەینەوە کە خاڵ بە خاڵ هاتینە سەر ماددەکان کامەی ئیزافە نەکرابوو، کامەی بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرابوو جەنابتان داوای ڕوونکردنەوە لە ئێمە بکەن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی وەڵامی خۆمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی خۆپیشاندان کراوە، بەڵام ئێستا زۆرینەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەبینین کە خۆپیشاندانی لە ناکاوە، ئێمە لە دانیشتنەکە زۆر داکۆکیمان لێکرد لێرە هیچ ئاماژەی پێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شوان دەتوانی ناوی خۆت بنووسی بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەی، ئەگەر نا ئەوە نوقتە نیزامی نییە، کاك عادل نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە ویستم زیاتر تەوزیح بدەن لەوەی کە ئەم موناقەشە لەسەر ماددەی یەکەمە، نەك لەسەر کۆی پڕۆژەکە، چونکە هەموویان دەستیان هەڵ بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەسەر ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەمواری یاسای خۆپیشاندان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان با ناوەکان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە بۆ گفتوگۆ لای ئێمە تۆمار کراوە، ناوی تر هات ئیزافەی دەکەین (گۆران ئازاد، صالح فقێ، فەرهاد سەنگاوی، ئومێد خۆشناو، د.سراج، حەیات مجید، جمال مورتکە،

امنە زکری، شێرکۆ حەمە امین، کاك هەورامان، کاك انور، کاك ماجد، مامۆستا رابوون، کاك فائق، پەروا خان، بێگەرد خان، د.ابراهیم، زانا عبدالرحمن، گەشە دارا، شێرکۆ جەودەت، د.سرود).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز پروانت نيسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەيا كاروبارێ كومەلگەى مەدەنى (١١) ئەندامن، يەك لە ليژنەيێ دەركەتييە (مەردان خدر) پێنجيش ئيمزای كردووە، كاك سالار دى بخۆ تەصويت نەكات، دێ بێژە من ئەڤ راپۆرتانە ناچيت ناڤدا، ناچيتە ليژنەيا هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من سەيرم كرد ژمارەی ياسايی ئيمزايان كردووە، لەبەر ئەوە هيچ كێشەی تێدا نييە، سەيرم كرد ژمارەی ياسايی ئيمزای كردووە.

**بەڕێز پروانت نيسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(٥) لەسەر (١١) ئەندام ئيمزای كردووە، (٥) كەس ئيمزای كردووە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(٦) ئيمزای لەسەرە.

**بەڕێز پروانت نيسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر يەك تەحەفوز هەيە...

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئيمزای كردووە بە تەحەفوزەوە، كاك پروانت ئيمزای كردووە، كاك سالار روونكرنەوەت هەيە لەسەر ئەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە واژووەكان، لە راستيدا ئێمە ئەو لەحزەيەی كە راپۆرتەكە پێشكەشی سەرۆكايەتی پەرلەمان كراوە دوا كۆبوونەی چرمان نەكرد پێكەوە ئيمزا بكەين، بۆيە لە راپۆرتی تەواوی ليژنەكان و بە تايبەتی ليژنەی كۆمەلگەی مەدەنی (٣) كەس بە لە جياتی ئيمزا كراوە بۆی، لە ليژنەكانی تريش بە هامان شێوەيە، بەلأم ئيسراری جەنابتان بۆ تەواو كردنی راپۆرت وای كردووە پێ دەچی لە ليژنەی كاروباری ياسايی كە هەميشە ئەزيەت دەكێشن و زياتر ماندوو دەبن لە ليژنەكانی تر بۆ ئەم مەسەلانە، هەروەها فشاری سەرۆكايەتی لەوانەيە لەسەر ليژنەی ياسايی هەبووبێ بۆ ئەوەی بيزەبت ئەم مەسەلەيە لە ماوەی قانونی خۆيدا تەواو بكەين، بۆيە ئەمە روويداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە بەشدار بوون لە نووسینی راپۆرتەكە، بەڵام لە كاتی ئیمزا كردن لەوێ نەبوون، كاك سۆران عمر روونكردنەوەیەكی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی مافەكانی مرۆڤ هەمان شتمان هەیە، ئەو (٨) ئیمزایەی كە لەسەرە چواریان بە لە بری واژوو كراوە، واتە ئێمە لە لەحزەی ئەخیردا ئەم راپۆرتە كە سیاغە كراوە بە پەلە لەسەر خواستی دەستەی سەرۆكایەتی یاخود لیژنەی یاسایی بووە، بۆیە بۆ ئەوەی زۆر نەبات بە لە بری واژووی لەسەر كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم راپۆرتەی ئێمە لە دوای دوو رۆژ لە گفتوگۆی تەواو ئینجا سیاغەمان كردۆتەوە، جگەلەوە راستە لە واژووەكان لە جیاتی تێدایە، بەڵام ئەو لە جیاتییانە هەمووی رەئی خاوەنەكانیان وەرگیراوە، یان خۆیان خاوەنەكانیان پێیان وتووین بۆمان واژوو بكەن لەبەر ئەوەی ئەو كاتە دەورەی شەقلاوە هەبوو زۆریان لەناو هەولێردا نەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەلەكردنی تێدا نەبووە لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، هەر پڕۆژە یاسایەك دەستەی سەرۆكایەتی پەلەی تێدا بكات دەبێ لە ماوەی (٥) رۆژدا راپۆرتەكەی حازر بكرێت، بە پێی ئەوەی كە لەبەر دەستی ئیوەدایە ئەم پڕۆژە یاسایانە یەكییان لە (٢٠١٤/٥/٧) خوێندنەوەی بۆ كراوە، ئەوەی تریان لە (٢٠١٤/٥/١٤) خوێندنەوەی بۆ كراوە، واتە زیاتر لە مانگ و نیوێك تێپەڕیوە بەسەر خوێندنەوەی یەكەم، بۆیە هیچ پەلەیەكی پێوە نییە، هیچ پەلەیەكی تێدا نەكراوە، چەند جارێكیش داوامان لێكردن ئەم كۆبوونەوەیە هاوبەش ئەنجام بدەن، كۆبوونەوەكانتان نەكردووە، بۆیە ئێستا لە كاتی یاسایی خۆیدا موناقەشە دەكرێت، ناوەكان خوێندرانەوە دەست دەكەین بە گفتوگۆ كردن لەسەر تەنها ماددەی یەكەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەكان، بەڵێ، كاك عمر عینایەت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هیچ ماددەیەكی پەیڕەو و پڕۆگرامدا نەهاتووە كە كەسێك لە بری كسێكی دیكە ئیمزا بكات، نەهاتووە كە كەس ببێتە بریكاری كەس، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوەش نەهاتووە کە کەس ناتوانێ بریکاری کەس بکات، د.ڤالا رەئی ئێوە چییە لەسەری؟ لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عورفێکی موتەبەع بووە لە زۆربەی راپۆرتەکان هەیە لەو خولە و لە خولەکانی تریش دەتوانن دیراسە و پێداچوونەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(الاصل في الاشياء الاباحة)، مادام پەیوەندی تەلەفۆنیان پێوە کرابێت و رەئیان وەرگیرا بێت، هەروەها مادام نەصێك نەبێت بڵێ نابێ لە بری ئیمزا بکات، کەواتە دەتوانرێ ئەوە بکرێت، ئێستا ناوەکان دەخوێنینەوە بۆ گفتوگۆ کردن بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت من ناوم پێشتر تۆمار کردووە بۆ تەواوی پرۆژەکە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمەوە هەیە تەنها سەرەنجێکم هەبێ ئەویش لە چوارەمە، لە پێناسەی (لیژنە): لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندانە کە ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر و لە (٥) کەس زیاتر نەبێت، خاوەنی شیاوی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ، من پێموایە هیچ سنوورێك بۆ ئەوە دانەنرێت، چونکە ئەو سنوور دیاری کردنە بۆ لیژنە من بە باشی نازانم، تێبینی دووەمم ئەوەیە کە ئەمە سنوور دادەنێ، یەعنی ئازادی تاکە کەسی کەم دەکاتەوە، چونکە دەشێ خۆپیشاندان خۆپیشاندانێکی تاکە کەسی بێت لە سیستەمە دیموکراتیەکانیشدا ئاساییە، بۆیە ئێمە با ئەو رێگریانە نەکەین، ئەمە پێداچوونەوە پێدا بکرێ بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە کە دەرفەت بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی تاکە کەسیانەش کە چەندین جار نموونەی ئەوهامان بینیوە لە کوردستاندا، بۆیە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ناوی خۆم نووسیوە بۆ ماددەکانی تر نەك ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای دەسـت خۆشـی لـە لیژنـە، دیـارە ئـەوان پێناسـەیەکیان بـۆ خۆپیـشاندان دارشـتۆتەوە، بـەڵام بـە خوێندنەوەی خودی پێناسەکەی ئەسڵی پـڕۆژە یاسـاکە، پێموایـە کـەم و کـوڕی نییـە، بۆیـە مـن داوا دەکـەم ئەسڵی پێناسەکە کە لە یاساکەدا هەیە وەك خۆی بمێنێتەوە و لە پڕۆژەیەکیان دەست کاری پێناسـەکە کـرا ئەویش تەنها بە زیـاد کردنـی وشـەیەکە، بۆیـە ئـەم وشـەیەش لـە پێناسـەکەدا جێگـەی خـۆی نەکردۆتـەوە، لەبەر ئەوە من داوا کرام ئەسڵی پێناسەی پڕۆژە یاساکە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر سێیەم خۆپیشاندان هەمان ڕەئی کاك گۆرانم هەیـە، لەسـەر لیژنـە وەك کـاك سـالاریش ئامـاژەی پێدا لەبەر ئەوەی لیژنە پێناسە نەکراوە هەر دەتوانێ بنووسێ لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە، ئـەو (٣) کەسە بە باشی دەزانم لای کەمی، بەڵام لای زۆرەکەی ئەو (٥) کەسە دیـاری نـەکرێت، یـان فـراوانتر بێـت بـۆ (١١)، ئەوەیان دیاری نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی لە هەردوو لیژنە ئامادە کردنی ڕاپۆرتیان، تێبینی من تایبەت بە بڕگەی چوارەم باسی لێوە کرا، لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە کە ژمارەیان لە (٣) کەس کـەمتر نـەبێت و لـە (٥) کـەس زیـاتر نەبێت، لەبۆ زیاتر نەبوونەکە ئاساییە ئەگەر نەبێتن، سێیەکە دەکرێ لەوێدا ئەگـەر (٥) کـەس بێـت، بـەڵام لەوەی کۆتاییدا پێویست ناکات دیاری بکرێت، چونکە خۆپیـشاندان هەیـە هـەم مەسـاحەکەی، هـەم بەشـدار بووەکـانی چـەند گرووپێـك یـەك دەگـرن، لـەوێ چـەند ڕێکخراوێکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی یـەك دەگـرن کەمپینێك پێك دەهێنن، لەو کەمپینەدا دەیانەوێت ئیعلانی ئـەوە بکـەن خۆپیـشاندان دەکـەن، واتـە لەوێـدا دەبێ مەجالەکەی زیاتر بێت لیژنەی سەرپەرشتی مەسئولیاتەکەی قورستر دەبـێ ئـەو چـەند گرووپـەی کـە یەکیان گرتووە بۆ ئەنجام دانی ئەو خۆپیشاندانە بەرپرسیاریەتەکە لەسـەر شـانیان دەبێـت، بۆیـە پێویـست ناکات دیاری بکرێتن لە (٥) کەس زیاتر نەبێت، زیاترەکە  دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پێموابێت دووبارەی ڕەئی برادەرێکی تر بوو، دەتوانی هەر راستەوخۆ ئیشادە بە ڕەئیەکەی ئەو بکەیت و بڵێی پشتگیری دەکەی، بۆ ئەوەی کاتمان زۆر بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ژمارەی ماددەکانی ئەم راپۆرتە زۆرە، بۆیە تکاتان لێ دەکەم ئەگەر ڕەئیەکتان هەبوو پێشتر وترابوو ئیشادە بە ڕەئی پێش خۆتان بکەن و پشتگیری ڕەئی هاوڕێکانتان بکەن، بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەەست خۆشیمان لەبۆ لیژنەکانی ناوبراو، پاڵپشتی لە قسەکەی کاك ئومێد دەکەم، منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو دەکرێتن ئەو (٥) کەسە نەنووسرێت، تەحدید زەحمەتە تەحدید ناکرێتن، خاڵی دووەم: لە ماددەی یەکەم خاڵی سێیەم باسی خۆپیشاندان دەکات تەعریف دەکات دەڵێت بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانەی مەدەنیانە، من داوا دەکەم تێك هەڵکێش بکرێ ئەو ماددەیە ئەو فەقەرەیە لەگەڵ ماددەی چوارەم فەقەرەی چوار کە باس لەوە دەکات دەڵێت پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێ و دوور بێت لە کاری توند و تیژی و جیاکاری، من داوا دەکەم ئەو چوارەمەی ئێرە تێکهەڵکێش بکرێت لەگەڵ سێیەمی ماددەی یەکەم، وای لێ بێت:- خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانە و مەدەنیانەی ژمارەیەك کەس و هاووڵاتیان لە شوێن و کاتێکی دیاری کراو و دوور بێت لە کاری توند و تیژی و جیاکاری مەبەست تێدا دەربڕینی هەڵویست بێت، یەعنی ئەگەر بێتو ماددەی چوارەم فەقەرەی چوار بێتە ئێرانە، یەعنی شتەکە زیاتر گشتگیر دەبێ و فراونتر دەبێتن، جا بۆیە داوا دەکەم لیژنەی یاسایی پێداچوونە بکات بۆ ئەوەی فەقەرەی چوار لە ماددەی چوارەم بێتە ماددەی یەکەم لە خاڵی سێیەم، ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك گۆران و کاك ئومێد حەمە عەلی دەکەم، بەلاّم دوو تێبینی دەخەمە روو، بە ڕەئی من ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم لە بری وەزیر بکرێت بە وەزارەت، زۆر جار دەکرێت وەزیر لەوێ نەبێت، یەعنی مۆڵەتی وەرگرتبێت، لەسەفەر بێت، یان لە هەرێمی کوردستان نەبێت، لەبەر ئەوە بکرێ بە وەزارەت و لە شوێنەکانی تریشدا بکرێ بە یەکەی کارگێڕی لە بری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، هەر ماددەی یەکەم خاڵی چوارەم لە بری لیژنە بکرێت بە نوێنەر، (١) بۆ (٣) ئەمە هەمان ئەو شتەی پەرلەمانتار (کاك ئومێد حەمە علی)ش دەگرێتەوە کە خۆپیشاندانی تاکە کەسیش موعالەجە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان گێچەنەیی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ماددەی چوارەم هەیە، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت خاوەنی شیاوی یاسایین لیژنەکە، دیارە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی (٥) خاڵی (١) کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتی مافی ئەوە دەدات بەهەر هاووڵاتییەك کە بتوانێ خۆپیشاندان بکات، کە دەڵێت (هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و تا کۆتایی)، بەلاّم لێرەدا ئەمە تەبعەن وا دەکات کە ئەوانەی کە هەڵ دەستن بە خۆپیشاندان دەبێت خاوەنی دەستەیەکی یاسایی بن، سەندیکا بن، یان رێکخراو بن، یان چی، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو یاسایەی کە ئاماژەم پێکرد، پێچەوانەی ماددەی (٥) لە خاڵی (١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ماجد فەرمووو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە ماددەی یەکەم برگەی سێیەم لە تەعریفی خۆپیشاندان لەبەر ئەوەی ئەمە تەعریفە، یەعنی باشتر وایە کە لێرە هاتووە (دەربڕینی هەڵوێست و را و گەیاندنی داواکاری و پەیام بۆ هێنانە دی مەبەست و ئامانجێکی رەوا)، پێمباشە بکرێ بە ئامانجێکی دیاری کراو، چونکە شەرت نییە رەوا بێت، خۆ شتەکە تەعریف کردنە، یەعنی لەوانەیە رەواش نەبێت خۆپیشاندانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرمووو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لەسەر کۆی شتەکان قسە بکەم، مەبەستم ناو نووسینەکە بۆ هەمووی بوو، دوایی قسە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو حەیات مجید فەرمووو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیار بوو پەیامەکەی من لە لایان (کاك ئومێد خۆشناو و کاك ئومێد حەمە علی)یەوە گەیشت کە باشترە (open) بێت لیژنەکە دیاری نەکرێت (٥) کەسەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرمووو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو تێبنییەكەی كاك شێركۆ بە نیسبەت ئێستای بەڕێوەبردنی ئیش و كاری ئەمنی ئەگەر تەمەشا بكەی ئاسایشی گشتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، بە رەئی من سیاغەیەك ببینرێتەوە وەكو بڵێی كە ئیجازە وەربگرێت یان شێوازێك بێتن لەوەی كە دەزگای ئەمنیش ئاگادار بێت وەكو ئاسایشێك كە وەزارەتی ناوخۆ جارێ دەبینی ئیجازە دەداتن، دەزگای ئاسایشی گشتی لەبەر ئەوەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، ئیمكان هەیە وەكو بڵێی بێخەبەریەك دروست دەبێتن، یەعنی بە رەئی من وەزیری ناوخۆ و دەزگای ئەمنی ئیشارەتەك پێ بدرێت لۆ ئەوەی بە تایبەتی لە یەكە ئیدارییەكان، فەقەرەی چوارەم بە رەئی من كە دەڵێت بە پێی لیژنەكەی كە رێكخەری خۆپیشاندانەكان لە (٣) كەس كەمتر نەبێت و لە (٥) كەس زیاتر نەبێت خاوەنی شیاوی یاسایی و ئەرك و بەڕێوەبردن و رێكخستنی خۆپیشاندانی گرتۆتە ئەستۆی، خۆی خۆپیشاندان لە راستیدا زۆر جار كراوە، بەلاّم بە رەئی من زۆر جاریش كە دەبینی ئیجازەش وەردەگرن لە كاتی كێشە یان خیلافەكی زۆر دەبێتن ئەو كەسەی كە ئیجازەی وەرگرتووە بەرپرسیاریەتییەكی دیاری نییە، یەعنی ئیمكان هەیە لە رووی یاساییەوە وەكو پێویست ئیمكان هەیە مەسئولیەتیەكە تەواو ناكەوێتە ئەستۆی، بە رەئی من وەكو ئیشارەتێك بە مەرجێك دابنرێت، ئەو كەسانەی كە ئیجازەیان پێ دەدرێت خاوەنی كەسانی دیار و بەرچاو بن بۆ ئەوەی نەك هەر مەسەلەن ئەجندای دەرەكی كەسانی تری لابەلا كە دەست تێوەردن لە وەزعی ئەمنیەتی كوردستان كەسانێك رێك بێخن و خۆپیشاندان بكەن ئیجازەی رەسمیش وەربگرن، ئەو تێبنینیەم هەیە لەو بوارەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من تێبینیم لەسەر كۆی یاساكە هەیە، بەلاّم لەسەر ماددەی یەكەم لە بڕگەی چوارەم (لیژنە) كە تەحدیدی كردووە من لەگەڵ ئەوە نیمە تەحدید بكرێت، جاری وا هەیە خۆپیشاندان زۆر فراوانە، بۆیە ژمارە تەحدید كردن من پێموایە بەر تەسك كردنەوەی ئازادییە، هەروەها حاڵەتێكی تریش هەیە ئەمە بەدەر لەوە پێویستە باسی بكەم لە لیژنەكاندا دیاردەیەكی زۆر خراپ هەیە، ئەویش ئیمزاكردنە لە جیاتی یەكتر، چونكە ئیمزا یان كەسەكە دەبێ بە خۆی بیكات بە پێی یاسا، یان دەبێ كەسێك بە وەكالەتێكی رەسمی ئیمزا لە جیاتی یەكتر بكەن، بۆیە جاری وا هەیە لەوانەیە لە لیژنەكاندا ناوەرۆكی راپۆرتەكە بە شێوازێك بێت یان بڕگەیەك گۆڕانكاری بەسەر دادێ لەوانەیە ئەگەر ئەوە ئامادە بێ ئیمزایەكە نەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سرووود فەرموو.

**بەڕێز سرووود سليم متى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر عەینی قسەی (كاك ئومێد حەمە علی)م هەیە، لەسەر بڕگەی چوارەم (خاوەنی شیاوی یاسایین)، ئەوە بە رەئی من موستەلەحێكی مەتاتیە و مەجالی زۆر دەدات بۆ تەفسیر و ئیجتیهادات، ئاخیرەكەشی دەبێتە وەك موعەتەل، یان سنوور بۆ خۆپیشاندان، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەم فەقەرەیە لا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ (بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین) سەبارەت بەوەی كە وەزیر بكرێ بە وەزارەت، بەڕێوەبەرانی یەكە ئیدارییەكان بكرێن بە یەكە ئیدارییەكە، لەبەر ئەوەی رەنگە جەنابی وەزیر بۆ نموونە نەخۆش بێت لە سەفەر بێت لەو كاتەدا كەواتە خۆپیشاندانەكە پەكی دەكەوێت تا وەزیر دەگەڕێتەوە، یان سەرۆكی یەكە ئیدارییەكە، بۆیە بكرێت بە یەكە ئیدارییەكە، واتە وەزارەت پێناسەكەشی بكرێتە وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ یەكە ئیدارییەكانیش بە هەمان شێوە، كەواتە لەگەڵ رەئیەكەی (بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین)م، سەبارەت بە ئامانجێكی رەوا لەگەڵ رەئیەكەی (بەڕێز مەلا ماجد)م، كە مەتاتیە دەكرێ بكرێتە رێگرییەك، یەعنی لەبەر ئەوەی پێناسەیەكی دیاری كراوی نییە ئامانجێكی رەوا چییە، بۆیە ئەو ئامانجێكی رەوایە هەر بكرێت بۆ ئامانجێكی دیاری كراو وەكو (بەڕێز مەلا ماجد) باسی كرد، سەبارەت بە (لیژنە) ئەگەر دەكرێ جێ بكرێتەوە بۆ (١) كەس، واتە لە (١) كەسەوە وا دابڕێژرێ زەمانی (١) كەسی بكات خۆپیشاندانەكە، خۆپیشاندانی (١) كەسی، خۆ ئەگەر نایكات لەگەڵ رەئیەكەی (بەڕێز صالح فقێ و كاك ئومێد خۆشناو و د.سراج)م كە لە (٣) كەسەوە، بەڵام ژمارەی زیاترەكەی بۆ دا نەنرێت، چونكە دەكرێ خۆپیشاندانەكە گەورە بێت بە (٣) كەس و (٥) كەس رێك نەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە خۆپیشاندانی لە ناكاو ئەوە لە كوردستاندا شتێكی واقیعییە، لێرەش ئاماژەی پێ نەكراوە ئەوەی كە لە ماددەی یەكەم بڕگەی سێیەم جا بە شێوەی گردبوونەوە، یان رێپێوان، یان مان گرتن، یان پەناگیری بێت، ئەو خۆپیشاندانەی لە ناكاو شوێنێكی بۆ بكرێتەوە لێرە، هەروەها دوور بێت لە توند و تیژیش هەر بۆ پێناسەی خۆپیشاندان زیاد بكرێت، ئەوەی كە دەڵێت (شیاوی یاسایین) لەوانەیە بەناوی شیاوی یاساییەوە زۆر جار رێگە بگیرێت لە رێكخەرانی خۆپیشاندانەكە، ئەوە زیاتر تەوزیح بكرێت، لەوانەیە

بوترێت تەمەنت تەواو نییە، یان پەیوەندار نی بە داواکارییەکانی خۆپیشاندانەکە، ئەوەی کە لە (٣) کەس بۆ (٥) کەس، ئەمەش دەکرێت مەسەلەن لە (١) کەسەوە بەرەو زیاتر، لە (١)کەسەوە بۆ (٤) کەس یان (٥) کەس، چونکە زۆر جاری وا هەیە لەوانەیە بارودۆخێك بە شێوازێك بێت ئەوانەی کە جورئەت دەکەن خۆپیشاندان بکەن بەرامبەر فشاری ئەوەندە زۆر بێت ئەو ژمارەیە کۆنەبێتەوە، لەوانەیە بە چاوی خۆشمان بمان دیبێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئینجا هەر لە خۆپیشاندانەکەش لە پێناسەکە ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت ئەو خۆپیشاندانە وەلاّم بدرێتەوە بە شێوازێك رێك بخرێت، چونکە ئێستا خۆپیشاندانەکان بووە لە کوردستان لە (١٧)ی شوبات تا ئێستا نە وەلاّم هەیە و نە هیچ هەیە و کەسیش باسی لێوە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێگەر خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك گۆران دەکەم، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە کۆمەڵێك چەمك پێناسە دەکات، پێشنیار دەکەم پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسەی بۆ دابنرێت، چونکە لە ئەسڵی یاساکەشدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راستی رەئیا مە هەمیا وەك یەکن، ئەز بێژم حەق نینە هەڤاڵێت مە وەختی دبێژیتن تەئیدا فلان کەسی دکەم پێویست ناکات دووبارەکەت ئاخافتنا ڤی کەسی، ژبەر وەختی ژی، هەر چەندەش ژی هەڤاڵێت مە رەئیا مە گۆتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیامەکەی من لە لایەن کاك ئومێد و د.شێرکۆ گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حمه محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەوە دەکەم یان ئەوە پێشنیار دەکرێ کە لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی پێنجدا کە سەبارەت بە (لیژنە) پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی بۆ زیاد بکرێت لە پێناسەکە بوونی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەست خۆشی بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکە دەکەم، عەینی لە خاڵی سێیەم من لە پێناسەی خۆپیشاندانەکە کە فەقەرەیەکی گەڕاوەتەوە بۆ ئامانجێکی رەوا، من پێموایە ئەو رەوایە پێوستە لا بدرێت، چونکە هەموو کەسێك، هەموو گرووپێك کە خۆپیشاندان دەکات ئەو داخوازییەی خۆی بە رەوا دەزانێت، لەبەر ئەوە باشە وەکو برادەران وتیان ئەوە لا بدرێت بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بێت، لە خاڵی دووەمدا لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە هەم خاوەنی شیاوی یاسایی و ئەرکی بەڕێوەبردنن لیژنەکە مەبەستە لێرە، منیش پێموایە ئەوە زۆر روون نییە و پێویستە لا بدرێت، (٣) کەس داوای خۆپیشاندان دەکەن لیژنەکەیان ئەوەندەیە، تەبعەن نازام کێ هەیە رێگر بێت لەبەردەم ئەوەی یاسایی بن یان یاسایی نەبن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام یەك روون نییە یان تەوزیح بکرێ،یان بە تەواوەتی لا بدرێت، لیژنەکەش وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك زانا عبدالرحمن

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیم هەیە بۆ ئەو چوار لێژنەیە ، ڕاستیەکەی بەشێکی قسەکان کرا بەس من لەسەر مەسەلەی تەعریفی لیژنەکە پێم باشە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی کە بزانن لیژنەکە چی ئەکەن ، لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر نابێ ، خاوەنی شیاوی یاساییین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەگرنە ئەستۆ و نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن لە کاتی دانوستان و ڕاوێژ

لەگەڵ یەکە ئیداریەکان بۆ کۆتایهێنانی گرفتێك کە دروست دەبێ ، بۆ ئەوەی کاتێك کە خۆپیشاندەرێك زۆر جار گرفت دروست دەبێ ئەمانە ئەرکیان نوێنەرایەتیە لەگەڵ موئەسەسات بۆ دانیشتن و دانوستان ڕوون بێ لە پێناسەکە کە ئەرکی ئەم لیژنەیە چیە؟ لە تەعریفەکان مادام باسی خۆپیشاندەران کراوە ئەبێ تەعریفی ئەو لایەنەش بکرێ کە خۆپیشاندەر ئەپارێزێ ، بۆی بنووسرێ پۆلیس مەبەست لێی پۆلیسی چالاکی مەدەنییە یان هەر لایەنەکی تر کە بۆ ئەوەی ئەوەش با ڕوونبێ لەگەڵ ئەوەی کاك ئەبو کاروانم پەیام بۆ بەدەست هێنانی مەبەست و ئامانجێك یەعنی ئەو ڕەوایە لابرێ چونکە هەر کەس پێیوایە ئەوەی خۆی ڕەوایە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە دارا فەرموو

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری زیادکردنی ئەو بڕگەیە دەکەم ، پۆلیس بە موتلەقی نەیەت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، بۆ؟ چونکە لە دونیایە خۆی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندان دەکات کە ڕاهێنراون ، ئەزانن بە چ شێوازێك لەگەڵ خۆپیشاندەران مامەڵە ئەکەن ، لەکاتێکدا خۆمان ئەزانین کە پۆلیس چەکی فورسەتی پێیە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، تا چەکی فرست پێبێ کاری فورستریش ئەکەی ڕەنگە خراپی لێبکەوێتەوە ، لێرەدا ئەگەر پۆلیس بە موتڵقی بێ هیچ مانایەك نامێنێ بۆ بڕگەی (٢) لە ماددەی (٥) کە ئەڵێ (پۆلیس لەکاتی پێویستدا هاوکار دەبێ) لێرە وا هاتووە کە ئەسڵە پۆلیس ، هەر کاتێك بێ ئەتوانێ ئەو دەسەڵاتەی بەکار بێنێ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا لەگەڵ چالاکییە مەدەنییەکاندا ، بەڵام ئەگەر هاوکار بێ لە کاتی پێویستدا کەواتە ئەسڵ ئەوەیە کە تەعریفی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی دکتۆر شێرکۆ حمەامین و مامۆستا ڕابوون مەعروف ئەکەم ، سەبارەت بەوەی کە وەزیر بکرێ بە وەزارەت ، بەڕێوەبەران بکرێن بە یەکە کارگێڕیەکان ، پشتگیری لە ڕای خوشکە گەشە دارا ئەکەم سەبارەت بەوەی کە گۆڕینی پۆلیس بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان وە ئەوانی تریش کە ئەو رایەیان هەبوو ، پشتگیری لە رای مامۆستا ماجد دەکەم سەبارەت بەوەی کە ئامانجێکی ڕەوا بکرێت بە ئامانجێکی دیاریکراو ، هەروەها سەبارەت بە شێوەی گردبوونەوە یان ڕێپێوان یان مانگرتن یان پەناگیری ئەمە پشتگیری لە قسەکەی مامۆستا شوان قەلادزەیی دەکەم بەڵام بە بەعزێك دەستکاریەوە کە بیکەین یان

به هەر (شێوازێکی مەدەنی تر) ، چونکە (شێوازی مەدەنی تر) هەیە بۆ ئەوەی حەسری نەکەین بە ئەم سێ ، چوار شێوازە کە ئەوە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیشە ئەگەر ئاوا فەیدیان بکەین بۆ خۆ پیشاندان ، پشتگیری لە ڕای دکتۆر شێرکۆ حمە امین دەکەم سەبارەت بە گۆڕینی لیژنە ، (لیژنە) بکرێ بە (نوێنەر) چونکە تاك بۆی هەیە خۆپیشاندان بکا بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ، ئەگەر ئێمە بیکەین بە سێ ئەوکاتە موخالەفەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش ئەکەین بەوەی کە دوو کەسەکە یانی یەکەم و دووەم مافیان لێ ئەسەنێنینەوە کە ببنە نوێنەر ، هەروەها پشتگیری لە ڕای کاك ئومێد خۆشناو دەکەم سەبارەت بەوەی کە پێنج کەسەکە لابدرێ بەوەی کە بتوانن تەمسیلی خۆپیشاندەران بکەن ، با هەر ژمارەیەکی مەعقول بێ ، پشتگیری لە ڕای مامۆستا هەورامان دەکەم سەبارەت بەوەی کە خاوەنی شیاوی یاسایی مەتاتیە پێویستە لابرێ لەم ماددەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر وەتمان فەرموو

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسولؒ (قادر ڕەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی زۆری پەیامەکەی ئێمە گەیشت ، دیارە من لەگەڵ ئەوەدام کە مادام لە هەردوو پرۆژەکە باس لە خۆپیشاندانی لەناکاو کرابوو هەرچەندە تازە ئەمە بوو بە ئەساسێك دەکرێ لەسەر ئەمە قسە بکرێ ، ئەبوایە خۆپیشاندانی لەناکاو لانەبرابایە ، چونکە وەك مامۆستا شوان گوتی واقیعێکە لە کۆمەڵگا هەیە ، مادام وایە ئەگەر ڕووبدا ئەبێ ماددەی (١٠)ی ئەم قانونەی بەسەردا جێبەجێ بکرێ ، ئەمەش ڕێکخستنی فەوزانیە ، یەعنی فەوزاو پاشاگەردانی بە تەشریع ، لەبەر ئەوە زۆرترینی لە کۆبوونەوەی لیژنە تایبەتمەندیەکان بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی زۆرترینی برادەران کە گفتوگۆیان لەسەردا کرد لەگەڵ بوونی دابوون ، من پێموایە ئەبوایە بهێڵدرابایەوە یان لە ئەنجامی گفتوگۆکردن یان ڕەتدەکرایەوە یان پەسند دەکرا ، من لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان تایبەت بکرێ بە مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپیشاندان نەك دەزگاکانی پۆلیس ، چونکە دەزگاکانی پۆلیس ناکرێ بیلێینەوە زۆر شت دەگرێتەوە لە هەمان کاتدا پشتگیری کاك گۆران دەکەم دەقە ئەسڵیەکە ، ئەوەی لە قانونەکە دا هەیە سەبارەت بە برگەی سێیەم پێناسەی خۆپیشاندانی بە بەباشی کردووە ، ئەم سەرنجانەی برادەرانیش وتیان ئەمەش نامێنێ ئەگەر دەقە ئەسڵیەکەی وەك خۆی بهێڵدرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سوود وەرگرتن لەکات بڕیارە ئێمە مادده مادده قسە لەسەر ئەم هەموارە بکەین ، ماددەی یەکەم تەنها باسی وەزیرو پێناسەی خۆپیشاندان و لیژنە ئەکات ، ئیتر باسی پۆلیس و ئەوانە ناکات لەبەر ئەوەی بۆ ئەوەی ئیستفادە لە وەقت بکەین مادده مادده قسەی لەسەر بکەین....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان ئەو پەرلەمانتارانە داوا ئەکەن پێناسەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بهێنرێتە ماددەی (١) لە ڕوانگەی ئەوەیە کە باسی ئەوە دەکات ، مامۆستا حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش هەموو کران ، بەڵام دەکرێ ئەمن هەر ببمە لیژنەی پشتگیری ، پشتگیری لە قسەکانیان بکەم بەوەی هینی یاسایی ئەوە بێ ، پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا ئومێد حمە علی دەکەم کە بەڕاستی تۆ خۆپیشاندان لە دوو کەس و یەك کەس دەستێنیەوە کە سێ کەست دانا ، جاری وا دوو کەس یەك مەعاناتیان هەیە نابن بە سێ ، سێت بۆ دروست نابێ ، پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئومێد ، دکتۆر شێرکۆ ، مامۆستا هەورامان دەکەم کە شیاوی یاسایی بەڕاستی ئەمە شیان ڕێگرە ، تۆ بیانووەکی بۆ دەدۆزیەوە کە ئەمە لە ڕووی ئەوە یاسایی نییە ، ئیجازەی نییە ، نازانم تەمەنی ئەوە نییە ، دکتۆر شوان قەڵادزەیی نازانم باس لەوەی دەکرێ لە یاسایەکەدا تێیدا نییە ، لەو هەموارە تێیدانییە یەعنی ئەگەر ئەندامان کۆی ئەندامان یان سێ ئەندام داوای ئەوە بکەن خۆپیشاندانی لەناکاو زیادبکرێ ناکرێ بۆی زیاد بکرێ؟ بەڕاستی ئەوە نوقستانە ، چونکە خۆپیشاندانی لەناکاو حاڵەتە دروست دەبێ ، پشتیوانی لە قسەکەی مامۆستا ماجدیش دەکەم ، تەواو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکان زۆر کران من نامەوێ دووبارەی کەمەوە ، بەس ئەوەی کە زۆر حەزدەکەم قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی لە پێناسەکە هاتووە خۆپیشاندان باسی مان گرتن و ڕێپێوانیش ئەکا ، مان گرتن یەك کەسیش مان دەگرێ کاکە یەعنی من ئێستا لەم پەرلەمانە بمەوێ لە دەرەوە مان بگرم بۆ ڕێم لێ بگیرێ مان بگرم یان ببین بە دوو کەس ، بۆ ئەبێ ، لەبەر ئەوە حەلێکی ئەوە بکەن لە پێناسەکە کە خۆپیشاندان بریتی بێ لە مان گرتن و ڕێپێوان و پەناگیری یەك کەسیش ئەتوانێ مان بگرێت و دوو کەسیش ئاساییە بیکا ، ئەوەی کە من زۆر بە خەلەل بینیم لەم پرۆژە بەگشتی حساب نەکردن بوو بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو کە لە ئێستا

ئێمە ئەزانین ڕۆژانە بەس لەسەرەی بەنزین بە دەیان خۆپیشاندانی لەناکاو دروست ئەبێت ، بۆیە ئەکرێت ئەمە جیابکرێتەوە ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت ، لە ڕاستیا خراپە ، من پشتگیری لە قسەکەی دکتۆر شێرکۆ ئەکەم وەزارەت لەجیاتی وەزیر بەکاربێت زائیدەن شتەکانی دیکەش ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا ، بەس زۆر بە خێرایی پاڵپشتی بۆ ئەو ڕاو بۆچوونە ئەکەم ، بە بۆچوونی منیش وشەی ڕەوا پێویستە لابدرێ هەروەها لە برگەی (٤) شیاوی یاسایی ئەمەش لابدرێ ، چونکە بەڕاستی دەبێتە ڕێگر، خۆپیشاندانە لەناکاوەکان بەڕاستی زۆر دووبارە دەبێتەوە ڕۆژانە ئەمانە هەیە ، بۆیە دەبێ لەپێناسەکە جێگای بۆ بکرێتەوە بە پێویستی دەزانم ، هەروەها پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان جێگای بگرێتەوە پێویستە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم لە سیاغەی سێهەم خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاشتیانە ، بە رەئی من بکرێتە دەربڕینی هەڵوێستێکی ئاشتیانەو مەدەنیانە لەبەر ئەوەی لە خوارەوە باسی کۆبوونەوە کراوە ، گردبوونەوە یان ڕێپێوان یان مان گرتن ، لەسەر ئەوە بکرێ بە دەربڕینی هەڵوێستێکی ئاشتیانەو مەدەنیانەی ژمارەیەك کەس ، هاووڵاتی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو بەمەبەستی دەربڕینی هەڵوێستی ، ئەم هەڵوێستی پێویست ناکا ، یان ئەمەی سەرەوە لاببرێ ، بە کوردیەکەی ئەم عیبارەتە دەستکاریەکە ئەوێ پێویستە کارەکە دابڕێژرێت ، پشتگیری لە کاك ماجد ئەکەم ئەو وشەی (ڕەوایە) لابدرێ ، هەروەها پشتگیری لە بەڕێز کاك شێرکۆ ئەکەم کە وتی لیژنە بکرێتە (نوێنەر) ، پشتگیری لەوە ئەکەم یان (وەزیر) بکرێتە (وەزارەت) وە سەرۆکی (یەکەی کارگێڕی) بکرێتە (یەکەی کارگێڕی) یان تەعریفی ئەو دووانەش بکرێ یەعنی وەزیر و وەزارەت ، یەکەی کارگێڕی و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ، بکرێت تەعریفیان بکرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ڕوونکردنەوەکانی خۆیان بڵێن ، دوایی ئەو پێشنیارانەی زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاریان کردووە ئەیخەینە دەنگدانەوە ، فەرموو .

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگە بڕگە ماددەکان مولاحەزەکان دەخەینە ڕوو یەکەمیان داواکراوە وەکو (وەزیر) بکرێ بە (وەزارەت) ، (وەزارەت) ئاگادار بکرێتەوە ئێمە لێرە کە وەزیرمان ئاگادار کردووە وەکو بەرپرسی یەکەم لە دەسەڵاتەکەی خۆیدا پێویستە ئاگادار بێ ، چونکە دواجار هەر بەر پرسی یەکەم مەسئول دەبێ لە هەر پێشێلکاریەك بەرامبەر بەگیان و سەرو ماڵی خۆ پیشاندەران و هاووڵاتیان دا بکرێتن ، ئەو پەرلەمانە بەڕێزەش دەتوانێ کەسی یەکەم بانگ بکاتن لێرانە پرسیار و پرساندنی لەگەڵ بکات و مەسئولیەتەکەی بخاتە ئەستۆ ، واتە لە ڕووی یاساییەوە کاتێك کە دەڵێین وەزارەت لەوانەیە حەرەسێکی بەر دەرگای وەزارەتیش کە ئاگادارت کردەوە ئەوا لێرە ناتوانین دواجار ئێمە وەکو پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کارمەندەی وەزارەت دا بکەین ، ئێمە وەکو پەرلەمان کاتێك کە جیهەتی ئەمنی وە شەخسی وەزیر لێرانە مەسولیەتەکە نەخەینە ئەستۆی شەخسی وەزیر دواجاریش ناتوانین پرس و پرساندن لەگەڵ شەخسی وەزیر بکەین کە تەنها ئێمە مافی ئەوەمان هەیە ئەو بەرپرس بکەین ، بۆیە لە ڕووی یاساییەوە پێویستە وەزیر بێ و لە زۆربەی ئەو یاسایانەش کە موتەبەعن شەخسی یەکەمی مەسئول چ لە هینی کارگێڕی وە چ لە وەزارەتەکە دەکاتە بەرپرس لەسەر ئەو کارە وە مەبەستیشی لێرانە تەنها ئەوەیە ئەوە بۆ وەزیر ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەکە هەمووی وەکو خۆی دەخەیە دەنگدان یان بڕگە ، بڕگەی ماددەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگە ، بڕگە وە دەبێ ئەو تێبینیانەش ڕەچاوبکرێ بزانین لیژنەکانی تریش هیچ تێبینیەکیان نییە؟ لیژنەی مافی مرۆڤ کاك سۆران عمر تێبینیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو .

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە لیژنەش ئەم گفتوگۆیەمان کردوە ، بەڵام دواجار بە ڕەئی ئەغلەبییە ئەوە چەسپێنرا ، ئەگەرنا لەگەڵ پێناسەی پۆلیس بووین کە مادام لیژنەی ئامادەکار تەعریف بکرێ کە (٣) کەس بۆ چەند کەسە؟ ئەوە مولاحەزەی لەسەرە لەبەر ئەوە ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران ئێستا بەس تەنها لەسەر بڕگەی (١) ئەگەر مولاحەزەیەکت هەیە بیڵێ ، بڕگەی یەکەم (وەزیر) ، (وەزارەت) نیتە لەسەر ئەوە؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بۆ تەحدید کردنی مەسولیەت ، تەشخیس کردنی مەسولیەت باشە وەزیر بێ وە سەرۆکی وەحدەی کارگێڕی بێ ، بۆیە لە ئاستی هەرێم دابێ بزەبت مەسولیەتەکە مەسولیەتەکی بەرفراوانە ، بۆیە

وەزیر وەكو خۆی ، ئەمە رەئی لیژنەیە یەعنی ئەكرێ ئێوە ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر دەنگی ئەغلەبیەی هێنا ئەوكاتە ئێمە مولزەمین جێبەجێی بكەین ، ئینجا با تێڕوانینی خۆمان بخەینە بەردەست بەڕێزتان ، لە ئاستی وەحدەی كارگێڕیشابێ قائیمە قام یان مودیری ناحیە هەموو ئەوانە ئەگەر بەرپرسیارییێتەكە بسپێرێتە خوارەوە ون ئەبێ ، بۆیە ئەبێ ئەم سەرۆكی وەحدەی كارگێڕی وە خودی وەزیر ئیلزام بكرێ بە جێبەجێكردنی قانونێكی مەدەنی كە خۆپیشاندانە ، بۆیە دیوەكەی تری بخوێندرێتەوە كە تەحدیدی مەسولیەت بكرێ نەك ئەمە بۆ حەسركردنی مەسئولیەتە ، تەحدید بكرێ وە ئیلزام بكرێ كە خودی وەزیر جێبەجێی ئەم یاساو بنەماكانی یاساكان بكا كە خۆی ئیلزامكرا بە قانون شۆڕدەكرێتەوە بۆ خواری خوارەوە ، كە خۆی ونكرا وەزیر پێمواێە خواری خوارەوەش ون ئەبێ و ئەوە بوو تێڕوانینی ئێمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش نوقتەی نیزامیتان هەیە ئەبێ نوقتەی نیزامی بێ ، نابێ ڕوونكردنەوە بێ ، چونكە ئێوە ڕای خۆتانتان وت ئەوانەشی كە ڕاپۆرتەكانیان نووسیوە ڕای خۆیان ئەڵێن ، دوایی ئەیخەینە دەنگدانەوە ، كام لایە براوە بوو ئەوا ئەوە تەسبیت دەكرێ ، نوقتە نیزامی كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕووی یاساییەوە ڕاستە وەزیر مەسئولیەتەكە هەڵدەگرێ بەلاَم كاتێك كە وەزیر سەلاَحیەت ئەداتە مودیر عامێك بەرپرسیارەكەش هەڵدەگرێ لە رووی قانونیەوە ، دوو خەڵكی كوردستان ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو باسم كرد ئەندامانی پەرلەمان پێشتر ڕای خۆیان وت لەسەر ئەمە داوای ئەوەیان كردوە بەشێكیان ژمارەی زیاتر لە سێ كەس داوای ئەوەی كردووە كە وەزارەت بێ نەك وەزیر ، یەكەی كارگێڕی بێ نەك سەرۆكی یەكەی كارگێڕی ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە ، بەلاَم ئێستا ئیتر پێویست بە ڕوونكردنەوە ناكا ، دكتۆر ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز حەزدەكەم ئەو ئاخافتنەی كاك(علی حمە صالح) بێتە سڕاندن ئەوی بێژ ڕاوەستا نێتە سەر پڕۆتۆكۆڵ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیاو نییە كاك علی نوقتە نیزامی نەبوو نوقتەكەت ، ئێستا با بزانین لیژنەی ناوخۆ هیچ ڕوونكردنەوەكتان هەیە؟

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەوەی قسەکرا لەسەر زیادکردنی ژمارەی لیژنەکان ، ئێمە ئەو تێبینیەمان کرد ئەگەر سەقفی ژمارەی لیژنەکان زیادبکرێ لە (٣) کەس کە حەدی.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب تەنها لەسەر بڕگەی (١) هیچ ڕوونکردنەوەکت هەیە؟

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

نەخێر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ڕای لیژنەی یاسایی ، لیژنە پەیوەندیدارەکان لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە ، دوایی ئەو ڕایەش هەبوو لەوەی کە وەزیر بکرێ بە وەزارەت ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکرێ بە یەکەی کارگێڕی ئەخەینە دەنگدانەوە ، کاك سەهراب نوقتەی نیزامی هەبوو فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

چەند ئەندام پەرلەمانەك هەن بەریز پسیارێکر ، پەرسڤا پرسیارێ نەبوو؟ ئەگەر وەزیر حازر نەبوو بێ مۆڵت.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی .

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو تەعدیلاتەی کە کراوە مۆڵەت نەماوە ، بە ئاگادارکردنەوە تەنزیمکراوە ، تکایە ئاگاداری هەموو پڕۆژەکەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە کە ئاگادارکردنەوە بوو ئیجازەی لایەنی مەعنی پێویست نییە ، بەس نوقتەی نیزامی کاك هەورامان قسە نەبێ ، فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر تەئیدی قسەکەی بەڕێز کاك علی ئەکەم فیعلەن لە کوردستان ئەو کێشەیە هەیە ، بەڕاستی خەڵك کێشەی ئەوەی هەیە بەو ئاسانییە ناگاتە لای وەزیر....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان دەتوانی دەنگی بۆ بدەی ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەكەی كاك سراج و هەندێك لە برادەرەكانی تر ، كاتێك داوا دەكرێت بۆ خۆپیشاندان لەماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەبێ وەڵام بدرێتەوە ، وەزیر لەوێ بێ یان لەوێ نەبێ ، ئەو فەراغە لە ڕووی قانونییەوە نابێ ، دووش بە پێی قانون قائیمەقام لەوێ نەبێ و یەكێك قانونیەن وەكیلی قائیمەقامە وە بە پێی تەدەروجی ئیداری لەبەر ئەوە ئەم فەراغە دروست نابێ ، هیوادارم وەكو خۆی وەرگیرێ مولاحەزەكە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر وەزیر لەوێ نەبوو وەزارەت بەبێ وەزیر نییە ، وەكالەت دەدا بە كەسێكی تر لەو كاتەدا ئەو ئاگادار دەكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمان شتی دكتۆرە ڤالام هەبوو ، لە ماددەكانی تر مەرجی ئاگاداركردنەوەكە هەیە ، ڕەنگە لەوێ ئەوە ئاسانتر ، وازحتر بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بڕگەی (١)م لەماددەی (١)ی ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان وەكو خۆی بمێنێتەوە ، پێناسەی وەزیر بەو شێوەیەی كە لەوێ هاتووە؟ (٦٠) ئەندام لە گەڵیەتی ، كێ لەگەڵی نییە؟ (٢٦) كەس لەگەڵی نییە ، كەواتە پەسەندكرا . بڕگەی سێهەم پێناسەی خۆپیشاندان ، نوقتەی نیزامی هەیە كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە هیوادارم نیزامیبن ، خاڵێكیان ئەوەیە كە تۆ مەسەلەن بۆ نموونە بۆچوونەكان دەخەیە دەنگدانەوە ، ئەو بۆ چوونەی یەكەمجار دەیخەیە دەنگدانەوە دەكرێ زۆرتر دەنگ بێنێ بۆ نموونە تۆ بتوتایە كێ لەگەڵ ئەوەیە بكرێت بە وەزارەت ڕەنگە دەنگی زۆرتر بهێنابایە ، بۆیە پێشنیارەكان دەبێ یەكەمجار بخرێنە دەنگدانەوە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتە نیزامی نییە با من وەڵامت بدەمەوە مامۆستا ڕابوون ، ڕاپۆرتەکە کراوە بە ئەساسی گفتوگۆ ، کەواتە یەکەمجار ڕاپۆرتەکە ئەخرێتە دەنگدانەوە ، ئەگەر ئەوەی لە ڕاپۆرتەکدا هاتبوو دەنگی نەهێنا ،ئەو ماددەیەی یان ئەو برگەیەی دەنگی نەهێنا ئەوا ئەچینە سەر ڕاکانی تر ، فەرموو تەواو هەر ئەوە ....

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم منی ئەوە وەك پرسیارە لە لیژنە بەڕێزەکانی لەوێن ، ئایا ئەو لیژنانە بەڕێزانەی لەوێن لە ڕووی یاساییەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ مافیان هەیە دیفاع لە ڕەئیەك بکەن لە دژی ڕەئیەکی تر یان بەس ڕەئیەکەی خۆیان دەخەنە پێش چاو ، چونکە هەردوو لیژنەی بەڕێز سەرۆرکی لیژنەی یاسایی و بە ڕێز سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیفاعیان لە رەئیەك کرد لە دژی ڕەئیەکی تر....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان خۆیان ڕاپۆرتەکەیان نووسیوە لەبەر ئەوە دەتوانن دیفاع لە ڕاپۆرتی خۆیان بکەن ، پێموایە کاك سۆرانیش ڕەئیەکی موخالفی هەبوو ڕاکەی خۆی باس کرد ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنە مەعنیەکان تەنها ئەتوانن ڕوونکردنەوە بدەن نەك دیفاع لە ڕەئیەك بکەن دژی ڕەئیەکەی تر ، ئەوە پێچەوانەی بۆچوونی برای بەڕێزم کاك ڕبوونە ، بەڵام پشتگیری رەئی یەکەم دەکەم ، ئەوەی تەرحکرا ، ئێستا ڕاپۆرتەکە ئەسڵە ئەوەی تەرحکرا وەکو وەزارەت دەبوو بخرایەتە پێش ئەگەر بۆ نموونە بۆ بابەتێك پێنج ڕا هەبوو ، چوار ڕا هەبوو ، سێ ڕا هەبوو ئەبێ ڕای کەمینە بخرێتە دەنگدان واتە ڕای سێ کەسەکە ئینجا چوار کەسەکە ئینجا پێنج کەسەکە بۆ عەدالەت سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با دکتۆرە ڤاڵا بزانین ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی چییە لەسەر ئەوە ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ڕووی هینەوە دەبێ ئەسڵی ڕاپۆرتەکە بخرێتە دەنگدان یەکەم جار ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە خرایە دەنگدان ئەگەر پێشنیاری بەڕێزیان ئەندامانی پەرلەمان یەکەمجار بخرێتە دەنگدان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان زۆرینە بەدەست بێنن و ئەوەی کە دەبێتە دووەم دوا دەخرێ ، چونکە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەمووی بە قەناعەتەوە دەنگدەداو بە قەناعەتیشەوە دەنگ ناداتن ، ئیزەن لێرانە ئەگەر یەکەمجاریش ئی ڕاپۆرتەکە بخەیە دەنگدان و ئەگەر یەکەمجاریش پێشنیارەکان بخەیە دەنگدان بەهەمان شێوە پێموایە کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر پاش و پێش خستنی دەنگدان ، نابێت کارێکی

ئەوتۆ بکاتە سەر نەفسیەتی پەرلەمانتار ، یەکەمجار بیخەیە دەنگدان هەمووی لەگەڵ بن ، بەلاّم ببێتە دووەم جار زۆربەیان دەنگ نەدەن ، یان پاشگەز ببنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێوە نوخبەی موجتەمەعن ، یەعنی چۆن ئەبێ یەکەمجار بابەتێك بخەیتە دەنگدانەوە کارت تێبکا ، دەنگ بۆ ئەوە بدەن ، دووەم جار بخرێتە دەنگدانەوە دەنگی بۆ نەدەن ، ئێوە ئەبێ سەرجەم ئەو پرۆژەیاسایانەی هاتۆتە بەردەستان بیخوێننەوە ڕاپۆرتەکانتان خوێندبێتەوە ، ڕای خۆتان سیاغە کردبێ ، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەوەی کە یەکەمجار ئەخرێتە دەنگەوە ، ئەوەی دووەم جار دەخرێتە دەنگەوە تەئسیر لە ڕای ئێوە ناکا ، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم قسەی کەسێك ، پەرلەمانتارێك تەعمیم نەکرێتن و نەخرێتە مل و گەردەنی هەموومانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، نا من باسی ئەو ڕەئیەم کردووە ......

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە یەك پەرلەمانتار قسە ئەکا بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی هەموومان ئەگەر شتێك یەکەمجار بخرێتە دەنگدانەوە دەنگی بدەینێ و ئەگەر دووەم جاربێ دەنگی نەدەینێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پێموانییە ئێوە بەو شێوەیە بکەن ، خاتوو امنە فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك تشتەکان عورفی پەرلەمانییە خۆ ئەوە کو ناڤ خولێ پێشوودا هاتییە جێبەجێکرن ، ئەگەر چەند ڕەئیێ جودا جودا هەبوون ڕەئیە دوور تر ئەوەل دکەڤتە دەنگدانێدا پشتەنگی ئێك ، ئێکەت بۆ تەسەسول دەنگدان سەرهەڵیا ، یەعنی ڕەئیە دوورەکە دەکەوتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوش دەکرێ ، بەلاّم ئێستا ئێمە لەسەرەتای ئەم دانیشتنەوە ، لەسەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەوە ڕاپۆرتمان خستە دەنگدانەوە ، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان ڕاپۆرتەکە کرایە بنەما ، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە یەکەمجار ئەوەمان خستە دەنگەوە ، بەلاّم ئەگەر ڕایەك پێشنیارەکی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لە چەند کەسێك پشتگیری کردبوو خۆ ئەوەش ئەتوانین لەسەرەتاوە بیخەینە دەنگدانەوە با ئەو کێشەیەمان بۆ

دروست نەبێ ، فەرموو لەسەر بڕگەی سێیەم هیچ ڕوونکردنەوەیەك هەیە. شەشەم ئیزافە بکرێ، پێناسەی دەزگاکانی پۆلیس واتە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەنها دەزگای پۆلیس بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ببەستینەوە و دەزگای پۆلیسی بۆ ئیزافە نەکەین، ئێمە دەبێ بڕگەی ٢ لە ماددەی ٥ لێرە هەڵگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو کات دەبێ لەکاتی ئەوەوە وتووێژی لەسەر دەکەین، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای سیاغەمان لێ دەکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ بڵێین دەزگاکانی پۆلیس واتە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس، دەبێ ئیزافە بکرێ لێرە، ئێمە ناتوانین ئەو ئەرکە بخەینە ئەستۆی پۆلیس و ئەو کاتی جیهەتی جێ بەجێ کار لەوانەیە هێزی تر بەکاربهێنێ بۆ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگ لەسەر ئەوە درا کە پێناسەی دەزگای پۆلیس بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بکرێ، د.ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغە نەکراوە جارێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەزگای پۆلیس جارێ تەعریف نەکراوە، دەنگی لەسەر نەدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە نوقتە نیزامییەکان وەردەگرین، کاك ئومێد خۆشناو بەڵام نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگمان بەشتێك دا بە یاسا نییە، دەزگایەك نییە لەم وڵاتە بەناوی دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، پۆلیس پۆلیسە، بەشی هەیە، بەشی چالاکییە مەدەنییەکانی هەیە، شەغەبی هەیە، هێزی ئامادەی هەیە، شتێك نییە بە ناوی ئەو دەزگایە و ئەوە نوقتە نیزامیەکەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەیە، کاك زانا فەرموو.

**زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێناسەكە نەنووسرێ دەزگا، هەر بنووسرێ پۆلیس كە ناوی هاتووە لە پرۆژەكە، پۆلیس، پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان، لە بڕگەكەی تر وای لێ بكرێ، پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان بە هاوكاری دەزگای پۆلیس، یەعنی ئەگەر تەنها بەو بەشە كۆنترۆڵ نەكرا، ئینجا هاوكاری كۆی دەزگاكەی لە پشت بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهاوكاری پۆلیس، كاكە پۆلیس؟؟ هێزی زێرەڤانی و پێشمەرگەی زێرەڤانی لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە، بە پۆلیس ناسراوە، بەرگری فریاكەوتنیش هەر سەر بە پۆلیسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ڕوونكردنەوە دەدەن، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر وەكو ئەركیش، ئەركی ئێمەیە سیاغە كردن، وەكو مافیش مافی ئێمەیە، رجا دەكەم كاتێ كە دێینە سەر تەعریف یەعنی ئەوە عەلامەتی ئیستفهام لەسەر موشەریعی كوردستانی دروست دەكات، كە تۆ تەعریفێك دەكەی لەلایەك و تەعریفەكەت مانع نییە و شامل نییە و جامع نییە، لەلایەكی تر دەزگایەكی تری بۆ زیاد دەكەی بۆ مەبەستی هاوكاری كردن ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەمای عیلمی ناگونجێ، داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئێوە سیاغەی بكەنەوە ئەو بابەتە، لەبەرئەوەی لە بنەما یاساییەكەی و لە بنەمای سیاغە كردن لادەدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە د.ڤالا دەبێ ئیحترامی ڕای پەرلەمانتارانی تریش بگیرێ لەناو پەرلەمان كە دەنگیان لەسەر ئەوە داوە، پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان بوونی هەبێ لە پێناسەكە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوپەڕی ڕێزم هەیە، بەڵام مەسئولیەتی سیاغە مەسئولیەتی لیژنەی قانونییە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە بڵێین کە دەزگای پۆلیس کە لە یاسایەکەدا ناوی هاتووە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، یان پێویستە لەسەر ئێمە کە دەزگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان پێناسە بکەین، ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێ و بڵێین مەبەست پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە ئەوا هیچ کێشەیەکی تیا نییە، چونکە وەکو کاك ئومێد وتی دەزگاکانی پۆلیس بەش بەش کراوە، کە وتمان دەزگای پۆلیس لێرە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، کێشەی تیا نییە و هەتا ئەگەر لە ئەخیرا بڕگەی زیاتریشی بۆ ئیزافە بکەین، نایبینم کێشەیەکی یاسایی تیا بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە چوارچێوەیەکی هەیە، بە پێی دەستووری هەمیشەیی عیراق مادده ٣٨ لە بڕگەی ٣ مافی خۆپیشاندانی ئازادانەی داوە و بە یاسا تەنزیم دەکرێ، بۆ ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە پێویستە دامودەزگای حکومەت ئەوپەڕی ڕێوشوێنی مەدەنی بگرنە بەر، ئێمە لە گفتوگۆمان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ بە تەحدید و بە جوملە ئەوەیان پێ ڕاگەیاندین، ئەوان لەگەڵ بۆ نموونە خۆپیشاندانی لەناکاو نین، ئەوان لەگەڵ ئەوە نین تەنها پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەم بەرپرسیاریەتە بگرێتە بەر، من کە کاتێ قسە لەسەر خۆپیشاندانەکانی لەناکاو هات ڕەئیەکی ترم دەبێ، بەڵام بۆ مەسەلەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەڕاستی دا دەبێ لەم قانونەدا بە وازحی و بە شاملی، بەڕوونی دیار بکرێ و حکومەتیش ئیلزام بکرێ، دەبێ لە هەموو کوردستاندا ئەم دەزگایە ئیستحداس بکرێ و ئەگەر لە هەیکەلیەی وەزارەتی ناوخۆش دا نییە ئێمە لەدوای ئەم یاسایە کار بکەین بۆ هەموار کردنەوەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ئەمە بۆ خزمەتی حکومەتە، بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە سورەتێکی مەدەنی دانە بە هەموو هەرێمەکەمان، قسە کردن لەوەی جێگای پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان نەگرێتەوە مەترسی نییە لەوەی ئەو بۆچوونەی کە دەربڕا، بەڵکو پۆلیس برای ئێمەن و ئێمە نوێنەرایەتی پۆلیس و هاووڵاتی و هەموو لایەنەکان دەکەین، بۆیە چوونە ئەو بابەی بۆ تەبریر هێنانەوە کە پێویست ناکات پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لێرەدا باس بکرێ بۆچوونێکی هەڵەیە و خیلافی نیزامیشە ئەگەر ئیسرار بکەین لەسەر ئەوەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەبێ واتە لەبەرامبەر دا ترس هەیە لە پۆلیس، ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی ناقانونیە، بۆیە ئێستاکە خرایە دەنگدانەوە و تەواو بووە و ٤٢ دەنگی هێناوە پۆلیس لەم تەعریفەدا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، بەڵام وەکو لیژنە ئێمە پێشنیار دەکەین لە ماددەی ٥ دا ئەو

ماددەیە بەسەریحی بێتەوە و برگەی ٢ لە کاتی خۆپیشاندان پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران دەپارێزن، بەڵام لە کاتی پێویست دا پۆلیس هاوکاریان دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی سیاغەمان بدەنێ بۆ ئەم پێناسەیە و بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پۆلیس: مەبەست لە پۆلیس پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێناسەیە پۆلیس بریتییە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان؟ ٥٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای خۆپیشاندانی لەناکاویان کردبوو، با لیژنە پەیوەندارەکان ڕای خۆیانی لەسەر بڵێن و ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتریش ڕای خۆمان وت لەسەر خۆپیشاندانی لەناکاو، ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، خۆپیشاندانی لەناکاو لەلایەك موخالەفەیە لەگەڵ نیزامی عام، لەلایەکی تریشەوە ئەو یاسایەی ئێمە لە نیزامەوە بۆی دەچێ واتە ناوی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێ خۆپیشاندانی لەناکاو لە کوێ جێگای دەکەیەوە، کە خۆپیشاندانی لە ناکاو لێرە تەعریف کراوە، واتە ئەو یاسایە لە محتەوا بەتاڵ کرایەوە و هیچ زەرورەتێکی نەما، ئەمما خۆپیشاندانی لەناکاو بێ، ئەمما ئەم یاسایە تەواجودی نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا دوای ئەوەی کە گۆڕانکاری لە سلکی پۆلیس لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، هەروەها ئێمە لە ماددەکانی تریشدا موتەفقین وەکو لیژنەی هاوبەش کە مۆڵەت دەکەین بە ئاگادار کردنەوە، کۆمەڵێ ڕێوشوێنی مەدەنی جیاوازتر لە ئەسڵی یاسایەکە گیراوەتە بەر، بۆیە هەمان ڕای لیژنەی یاساییمان هەیە کە پێویست ناکات خۆپیشاندانی لەناکاو لێرەدا هەبێ، ئەگەر هەبێ بە بۆچوونی ئێمە بەتاڵ کردنەوەی بەشێکە لە محتەوای یاسایەکە، بەڵام واقیعەك هەیە کە ناوی خۆپیشاندانی لەناکاوە، پێمانوایە ئەو حاڵەتانەی کە ناونراوە خۆپیشاندانی لەناکاو ئێستا ئەویش لەڕێگەی قانونەوە تەنزیم بکرێ، پێمانوایە ناتوانرێ لە ڕێگەی قانونەوە ئەو حاڵەتانە تەنزیم بکرێ، بۆیە مەسەلەی خۆپیشاندان و مان و گرتن و ڕێپێوانی هێمنانە

مافێکی دەستووریە و بە یاسا تەنزیم دەکرێ و ڕێك دەخرێ و مەسئولیەتی دوولایەنەی تیایە، کەسێك پێم دەڵێ کە خۆپیشاندانی لەناکاو مەسئولیەتی بەرامبەری تێدا نییە لەڕاستی دا ئەمە چۆن دەتوانێ حەقی قانونی بەیتێ کە پشتوانی ئەم مەسەلەیە هەم خودی خۆیان بپارێزێ کە ئەوانەی خۆپیشاندان لە ڕێگەی خۆپیشاندانی لەناکاوەوە دەیانەوێ جۆرێك لە ناڕەزایی و وەقتی یان حاڵەتێکی دەروونی دەربڕن، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە ڕامان وایە پێویست ناکات دوای ئەوەی کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان مەسەلەی کات و شوێن و مانەوە و هەموو ئەو شتانە پیاچوونەوەی بۆ کراوە لە مۆڵەتەوە کراوەتە ئاگادارکردنەوە، ئیلزامی هاوبەش لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیان و ئەوانەی ناڕەزایی دەردەبڕن بە ستاندارد دابەش کراوە، پێویست ناکات ئینفراد بکەین یان لاڕێی بکەین بۆ شتێکی تر کە لە محتەوای ئەو دوو لایەنە بسڕێتەوە، بۆیە لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو نین تەعریفەکە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ؟ کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەگەر ئێمە خۆپیشاندانی لەناکاو کە پێناسە نەکرێ و کە ئێمە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین و لە واقعدا هەیە، شەوانەش گوێبیستی هەواڵەکانی خۆپیشاندان دەبین، ئێستاکە زۆر گەرم و گوڕە بە پێی ماددەی دەیەمی ئەو یاسایە کەواتە هەموو ئەو خۆپیشاندانە لە ناکاوانەی کە لە کودستاندا دەکرێ بە پێی ماددەی دەیەمی ئەو یاسایە مەحکوم دەبن، چونکە ئەو خۆپیشاندەرانە نە ئیجازە وەردەگرن و نە ئاگاداری نامەیان پێشکەش کردووە، نە لیژنەیان هەیە بە پێی ئەو ماددانەی لەو یاسایەدا هەیە هەموو ئەو خۆپیشاندەرانەی کە ئێستا ڕۆژانە دەیانبینین مەحکومن، ئەی چۆن چارەسەر و موعالەجەی ئەوە دەکەین؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نازم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو زیاد بکرێ، کۆ دەقەکانی یاسایەکە تووشی جمود و وەستان و پەککەوتن دەبیتەوە، چونکە هەموو خۆپیشاندانێك بە ئاسانی دەکرێ بکرێتە لەناکاو، کە لەناکاویش بێت بەدەر دەبێ لە دەقەکانی ئەم یاسایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم بۆ لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی بەڵێ لە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی بەڵێ هاوڕا بووین لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندانی لە ناکاو نەبێ، لەبەرئەوەی ئەمە کۆی یاسایەکە بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام من بۆ خۆم وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی تەحەفوزم هەبوو، بەبڕوای من ئێستا لە واقیعی کوردستاندا خۆپیشاندانی لەناکاو بوونی هەیە و هەمیشە لە هەموو شوێنێك دا دروست دەبێ، لەبەرئەوە زۆر ئاساییە کە دەبێ ئیعتزافی پێ بکرێت و قسەی لەسەر بکرێ، ئەم خۆپیشاندانی لە ناکاوە گرنگە بوونی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافەکانی مرۆڤ؟ کاك سۆران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئێمە ئەو یاسایەمان بۆ واقیعە، شتێکیش کەلە واقیع دا بوونی هەبێ، ئەمە حاڵەتێکە دەبێ موعالجەی بکەین، ئێمە دەزانین خۆپیشاندانی لەناکاو یان ناڕەزایەتی لەناکاو نە بە یاسا ڕێك دەخرێ و نە بە یاسا، ئەگەر بە یاسا نەتوانین ڕێکی بخەین، ئێستا بە پێی ئەم یاسایە ڕێی لێ دەگیرێ، ماددەی ١٠ هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات سزای بەندکردنی بەسەردا دەسەپێ، ئاگادارینامەی نییە، ڕێکخەری نییە و نوێنەری نییە، کەواتە ئەم یاسایەی بەسەردا دەچەسپێ، ماددەی ١٢ حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو حاڵەتەکانی مانگرتن و پەناگیری و ئەوانە پیادە دەبن، ماددەی ١٣ نابێ هیچ خۆپیشاندانێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێك بخرێ، ئێمە کە دەزانین بە یاسا ڕێك ناخرێ، بۆیە دەمانەوێ تەعریفی نەکەین، بەڵام بە یاسا ڕێی لێ دەگیرێ، ئەمەش واقیعی هەرێمی کوردستان هەموو ئەوانەی ئێستا زۆرینەن و ڕوودەدەن، خۆپیشاندانی لە ناکاوە بەهۆی نەبوونی کارەوە، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری بەنزین و ئەو قەیرانانەی کە ڕوویداوە، ئەمە چۆن موعالەجە دەکەین کەبە یاسا ڕێك نەخرێ دەبێ ڕێی لێ نەگیرێ، بەڵام یاسایەکە ڕێی لێ گرتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جەنابیشت لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ؟ فیرۆز خان فەرمووو.

**بەڕێز فیرۆز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە ماوەیەکی زۆر بوو کە هەر چار لیژنا کار کریە لسەر دروست کرنا ڤێ ڕاپۆرتا هاوبەش، بیدایەتێ مە دەنگێ سەر دای کە ئەڤ ڕاپۆرتا بێتە گفتوگۆ کرن، من ب پێویستی نازانم و لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو نیمە، چونکە تشتەکی نییە لە خۆپیشاندانی لەناکاو، چونکە هەموو خۆپیشاندانەك ئامادەکاری بۆ دەکرێ،

مەسەلەن نووسینی لافیتە، ئـەوە دەبیـنم موتـەناقزە لەگـەڵ هـەدەفی قانونەکـە کـە هـەدەف تەنزیمـە نـەك فەوزایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ڕاپـۆرتێکی هاوبـەش نووسـراوە لـە هـەموو لیژنـەکان، ئێـستا هـەموویان دابـەش بوون، هەریەکە و لە ئاوازێك دەخوێنێ، یـەکێك دەڵـێ بـا هـەبێ و یـەکێك دەڵـێ بـا نـەبێ، هەنـدێ نوقتـەی نیزامی هەیە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـشتیوانی قـسەکانی بـەڕێزت دەکـەم، ئەمـە نـاوی ڕاپـۆرتی هاوبەشـە، بەشـێك لـەو بەڕێزانـە لەسـەر مەنەسـەن و لێـرە واژوویـان کـردووە بـە بـێ ئـەوەی تەحـەفوز بنووسـن بـالعکس قـسە دەکـەن، بەشـێك لـە ئەندامان دانیشتوونە و بـە بـێ ئـەوەی تەحەفوز بنووسن بـە پێـچەوانەوە پێـشنیار دەکـەن، نـەك بـالعکس دەنـگ دەدەن، مـن تـێ ناگـەم مـادام بـۆ کۆبوونـەوەی هاوبـەش دەکـەین؟ بـا ڕاپـۆرتی پـرۆژە یاسـا لێـرە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و ئەی لیژنە یەعنی چی؟ ئەی ڕاپۆرت یـەعنی چـی؟ ئـەی ئیحترامـی واژوو کردنیان یەعنی چی؟ ئەی تەحەفوز یەعنی چی؟ کە تۆ دەینووسی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا خۆپیشاندانی لەناکاو لەگەڵ ئاگادارکردنەوە یەك زەرە پەیوەندی بە بەرژوەندی ئەم میللەتـەوە نییـە، چـونکە ئێمـە جەزیرەیـەك نـین لـە ئەسـکەندەنافیا بـێ، چـوار لـە داگیرکـەر لـە دەورو پـشتمانە، خۆپیشاندانی لەناکاو ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕەئیە کاك فەرهاد، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی بەوەدا ئیتفاق کراوە، عەهد کراوە، ئەگەر عەهد کراوە پێمـان بڵێن بۆ ئەوەی ئێمە (اوفوا بالعهد) نەبین، ئەگەر عەهدیش و ئیتفـاقێکیش نـەکراوە پێمـان بڵێن، چـونکە ئێمـە وەکو خۆمان ئیلتزام دەکەین بە هەر ئیتفاقێك کەنوێنەرەکانمان کردوویەتیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە خۆپیـشاندانی لـەناکاو بـۆ خـۆی نـاوی خـۆی بەخۆیـەوەتی، بـۆ خـۆی لـەناکاو ڕوودەدات، ئـەگەر لـە یاسایەکەدا جێ بکرێتەوە ئەو خۆپیشاندانە لە ناکاوانەی تەنها بۆ خزمەتگوزاریە، وەك بەنزین و ئاو و کارەبا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل ئەوە ڕایە و پێشتر ڕای خۆتت گوتووە، نوقتە نیزامی نییە، ببورە، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش، ئەگەر مولاحەزە بکەن لیژنـەی هاوبـەش ئەوانـەی کـە هەنـدێکی واژووی نـەکردووە، هەندێکیـشی تەحەفوزی نووسیوە، واتە ئەمەی کە دەگوزەرێ پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەوەی لیژنەی هاوبەش دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیـە کـە خۆپیـشاندانی لـەناکاو لـەناو پـرۆژە یاسـایەکەدا جێ بکرێتـەوە و پێناسـە بکرێ؟ ٢٥ کـەس لەگەڵیـەتی، کـێ لەگـەڵی نییـە؟ ٥٦ کـەس لەگـەڵی نییـە، کەواتـە پەسەند نەکرا، ئێـستا ماددەی یەکـەم بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی کۆتـایی بـە دانیـشتنی ئـەمڕۆ بێـنین، ماددەی یەکەم بە هەموارکراوی بخوێننەوە، فریا ناکەوین تازە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە بێ پرۆژە یاسایەکان موناقەشە ناکرێ لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕاستی ئەمەی کە ئێوە هـەموو جـار ڕاکـانی خۆتـان دەڵێن و دوایـی بـە نوقتـە نیزامـی دەتانـەوێ ڕای تـریش بڵێنـەوە ئەمـە بەڕاسـتی وا دەکـات کـە نیزکـەی ٢ سەعاتە ئێمە تەنها یەك ماددەی ئەو پرۆژە یاسایەمان موناقەشە کردووە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لە سبەینێوە کـە موناقەشـەی ماددەکـانی تـری ڕاپۆرتەکـە دەکەینـەوە بەوشـێوەیە گفتوگـۆ ناکـەین، سـبەینێ سـەعات ١١ کۆبوونـەوەکـەمان درێـژە پـێ دەدەیـن دانیـشتنەکەمان هەڵـدەگرین بـۆ سـبەینێ سـەعات ١١، سـبەینێ کۆبوونەوەی ترمان هەیە کاك عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم هەر کەسێك نوقتە نیزامی کرد یەکسەر بـە بڕگەیـەکی پـەیڕەوی نـاوخۆ دەسـت پـێ بکـات، ئەگەر نەیوت بە پێی پەیڕەو بڕگەی ئەوە و ئەوە ئەو کاتە نەتوانێ قسە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو ڕاستە، زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ سەعات ١١.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٦

سالّی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠١٤

# پێڕستی بابەتەکان


پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٧/١ ل ٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — دووشەممە ٢٠١٤/٧/٧ ل ٨٣

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٧/٩ ل ٢٣١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٣)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و خستنە ڕووی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

٢- خوێندنەوەی یەکەمی ٩ پرۆژە یاسا و بڕیار لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/١، بەپێی حوکمەکانی برگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیرەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ١٣ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ١١ ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١ بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و خستنە ڕووی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان،

بەپێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

٢- خوێندنەوەی یەکەمی ٩ پرۆژە یاسا و بڕیار لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەمەوێ لەوە ئاگادارتان بکەم کە لە درێژەی ئەو کۆبوونەوانەی لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆك لەسەرەکان پەرلەمانی کوردستان پێی هەستاوە و سازی کردووە و دوای بەدواداچوونەکانی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردنیش بۆ ئەم پرسە، ڕۆژی ٥ شەممە کاتژمێر ١١ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە ئەبێ، بۆ باس کردنی بەدواداچوونەکانی ئەوان لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆك لەسەرەکان، و ڕەنگە هەندێ پێشنیار و ڕاسپاردەشی هەبێ کە لەو کۆبوونەوە باسی ئەکات، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێر ئەکەم ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە ١٢ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٣٠ مۆڵەت پێدراو بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیە:

١ ادریس علی-مۆڵەت

٢- انس محمد-مۆڵەت

٣- تەلار لطیف محمد-مۆڵەت

٤- جودت جرجیس —مۆڵەت

٥- دلشاد شعبان-مۆڵەت

٦- ڕێواز فائق_مۆڵەت

٧- مولود مراد_ئامادە نەبووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوات لێ ئەکەم کە کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووش بخوێنیتەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ١٢ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٦/٣٠ بەم شێوەیە:

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- تەواو کردنی گفتوگۆ کردنی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان
٤- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە چاوەڕێین لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان لەم یەك، دوو ڕۆژەی داهاتوودا ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، ڕاسپاردەکانی خۆیان جارێکی تر ئامادە بکەن، و ئەو ڕاو پێشنیارەی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پێشوو خرایە ڕوو، بۆ ئەوەی بەرنامەی ئەو ڕاسپاردانە و ئەو دانیشتنانەش کە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەنجامی ئەدەین، بگەینە چەند بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان، و لەو ڕوانگەیەوە بە بڕیار لە پەرلەمانی کوردستان دەربچین، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئەکەین، دەستەی سەرۆکایەتی بێتە سەر مەنەسە، بۆ ئەوەی دەست بکەینەوە بە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاساکە، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بەڕێزان دوێنێ ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانمان تاوتوێ کرد، و وتووێژمان لەسەر کرد، دەنگمان لەسەری دا، ئەمڕۆ وتووێژ لەسەر ماددەکانی تری ڕاپۆرتی هاوبەش ئەکەین، بەڵام ئەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە نوقتەی نیزامی ئەمڕۆ بەس تەنیا نوقتەی نیزامی ئەبێ، لەکاتی کردنەوەی دەرگا بۆ گفتوگۆ کردن ئێوە ئەتوانن هەمووتان ڕەئیەکانی خۆتان بڵێن، دوای تەواو بوونی قسەکانی ئێوە، ڕوون کردنەوەی لیژنە پەیوەندیدارەکان وەرئەگرین، و یەك، بەیەك ئەو ڕایانەی ژمارەی یاساییان تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، بۆ ئەوەی وتووێژەکانمان لەوە زیاتر درێژ نەبێتەوە، دوێنێ ماددەی یەکەم بە ٣ سەعات لە پەرلەمان وتووێژ کراوە، ئەگەر بەم ڕیتمە بڕوات ئەوە بەراستی ڕەنگە بە هەفتەیەکی تریش ئەم پرۆژە یاسایە تەواو نەکەین، بۆیە داوا ئەکەین پابەند بن بە ڕێنماییەکانی قسە کردن، چۆنیەتی قسە کردن لە ناو پەرلەمانی کوورردستان وەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین کە ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەیان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆی لەسەر بکەینەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە:

سێیەم: نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاری کراو بێ بەهۆی ئاین، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان نەژاد یان هەر هۆیەکی تر.

برگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری.

برگەی پێنجەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد ئەکرێت و بەم شێوەیە:

نابێ هاوولاتیان و کەسەکان کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندانیان هەیە بە زۆر ناچار بکرێن بەشدار بن یان بەشدار نەبن لە خۆپیشاندان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە ئەکەینەوە، کێ قسەی لەسەر هەیە؟ نوقتەی نیزامیە کاك ناظم؟ فەرموو

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم کە لە ٣ برگە پێکهاتووە گفتوگۆیەکان هەر لەسەر یەك برگە ئەبێ یان لەسەر کۆی ماددەکە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر کۆی ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، نوقتەی نیزامیە دکتۆر عیزت؟

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی ئاگادار بین ئەو تەکنەلۆجیایەی کە لە پەرلەمان هەیە بە سەدان هەزار دۆلاری تێدا خەرج کراوە، ئەم پرۆسەی ناونووسین و دەست بەرز کردنەوە چەندین دەقە و کات و سەعاتمان لێ ئەبات، پێشنیار ئەکەم زۆر بە خێرایی کار لەسەر ئەوە بکرێ ئەو پرۆسەی ناونووسینە و ئەم تەکنەلۆجیایەی لەبەر دەستمانە بەکاربهێنرێ، کاتێکی زۆرمان بۆ ئەگێڕێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەراستی ڕوون کردنەوەی زۆری ئەوێ بۆچی تا ئێستا نەکراوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی گیرمان بە دەست ئەوە خواردووە کە ناتوانین ئەو کۆمپانیایە بدۆزینەوە کە ئەم ئیشەی کردووە، ئەم کۆمپانیایە کۆمپانیایەکی کوردی وەری گرتووە، داویەتی بە کۆمپانیایەکی تورکی، کۆمپانیا تورکیەکەش داویەتی بە کۆمپانیایەکی صینی، دەوەرە لە ناو ئەمانە بیدۆزەوە کێ بەرپرسە کە ئەم ئامێرە تا ئێستا نەکەوتۆتە کار؟ کاك عمر نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان  ئەگەر نابێتە هین کۆمپانیای یەکەم بەرپرسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، لە بەدوادایچووین بۆ ئەوەی بتوانین ئیشەکانی لەگەڵ دا تەنزیم بکەین، هەر ئەوە نییە، کۆمەڵێك کەموکورتی زۆر هەیە کە لێرە هەیە، ئەبێ چارەسەر بکرێ

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم کەسانە ناوی خۆیان نووسی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، ئەگەر هەر ناوێکی تر مابوو دوایی ئیزافەی ئەکەین، ڕۆژی پێشتر ئەم ٥ ناوە ناویان نووسی بوو، (علی حمە علی، فەرهاد سەنگاوی، علی حمە صالح، بەهار عبدالرحمن، عادل عزیز) (بێگەرد خان، کاك خەلف، کاك صالح، سعید مصیفی، سەرکەوت سەرحەد، قادر ئۆتمان، دکتۆر عزت، دکتۆر فرست، ئاری هەرسین، کاك بەیار، امنە زکری، جەمال مورتکە، کاك تحسین، شیرین حسنی، کاك ڤەمان، کاك محمد علی، کاك علی هالۆ، عباس غزالی، مروان گەلالی، مامۆستا ڕابوون، کاك انوەر، سەهراب میکائیل، دکتۆرە پەری، برزۆ مجید، مامۆستا حسن، شێرکۆ حمە امین، شێرکۆ جودت، کاك فائق، کاك عبدالرحمن، مامۆستا هەورامان، منیرە خان، د.شوان قەڵادزەیی، ابو کاروان، وحیدە خان، مامۆستا غریب، مەلا ماجید، کاك ایدن)

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سکرتێری پەرلەمان**

من دوێنێ ناوی خۆم نووسیوە، بەس لەو ٥ ناوە ناوی منی تێدا نیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەروەکو دوێنێش ئاماژەمان پێ کرد، زۆر بە کروتی ڕاکانتان بڵێن، ڕای پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، ئەگەر ڕاکان پێشتر وترابوون، پشتگیری ڕای ئەندام پەرلەمانەکەی هاوکارتان بکەن، بۆ ئەوەی بە زوویی بتوانین گفتوگۆ لەسەر ماددەکانی ئەم پرۆژە یاسایە و ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشە پەیوەندیدارەکان بکەین

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم ناوانەی ترمان ئیزافە کرد ( کاك عمر عینایەت، دکتۆر عبدالله، ئاواز جەنگی، فیروز خان، مدینە خان، شوان شیخ احمد، نجیبە خان، حاجی کاروان)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سێیەم لە ماددەی دووەم ئەڵێ نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاری کراو بێ بە هۆی ئاین، من بە باشی ئەزانم وەکو پێشنیارێك ئەو ( یان، و ) ئەمانە لابرێ، ئاین، نەتەوە، ڕەگەز و نەژاد، (و)، و ئەوە کۆتایی ڕستەکە بێ، چونکە یان هەر هۆیەکی تر ئەمە ئەگەر خۆپیشاندان دژی ڕەفتاری سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر و دیاردەیەکی تری کۆمەڵگاکە بێ کە پەیوەندی بە حوکمڕانی یان بە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری هەبێ، ئەتوانرێ بخرێتە چوارچێوەی هەر هۆیەکی تر و ببێتە ڕێگری لە خۆپیشاندان، بۆیە ئەبێ ئەوە لابرێ، یان هەر هۆیەکی تر لابرێ، برگەی چوارەم، (نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری، ئەم پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاریە ئەوەش ئیشکالێکی گەورە بۆ مەسەلەی خۆپیشادان و ناڕەزایی دروست ئەکات، چونکە خۆپیشاندانی فەرمانبەران کە ئەمساڵ بە تەواوی ئێمە دەرگیر بووین لەگەڵی، ئەگەر بەوە بێ هەموو ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان قەدەغە ئەکرێ، چونکە بێگومان ئەگەر فەرمانبەران مانبگرن کاروباری خزمەتگوزاری و ئیش و کارەکانی دامودەزگا خیزمەتگوزارییەکان ڕائەوەستێ، هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، ئەو هاتوچۆی گشتییە، ئەوە مەتاتیە، ئەکرێ ڕێگە سەرەکییەکان دابنرێ، یان ڕێگە سەرەکییەکانی نێوان شار و شارۆچکەکان، ئەگەرنا خۆپیشاندان لە وڵاتی ئێمە هەمیشە لە شەقامەکان ئەکرێ، بۆیە هەموو شەقامەکان هاتوچۆی گشتی هاووڵاتیانن، شوێنی گشتی هاووڵاتیانن، بۆیە ئەکرێ لەم چوارچێوەیە ببێتە هۆکاری بەرتەسك کردنی خۆپیشاندان، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ناچارم دوو دێڕ بڵێم، بۆ ئەوەی هەموو هەڤاڵان وا تێنەگەن کە من دژی ئازادی و ڕادەربڕین، یان خۆپیشاندان و مانگ گرتنم، من لەگەڵ ئازادیم هەتا دوا لوتکە و ئەوپەڕی، چونکە ئازادی بۆ پێشخستنی ئینسانەکانە، بۆ مافی ئینسانەکانە، نەك ئازادی بەهەڵە تەفسیری بکەین دژی ئازادی و بۆ کێشە دروست کردن بێ لە وڵاتەکەمان، من لەو دیدەوە قسە ئەکەم، هیوادارم کەس بە هەڵە تەفسیری نەکات، لە خۆپیشاندانی لە ناکاو لەگەڵ ئاگادار کردنەوە، لە ڕاستیدا سەیرە تۆ پۆلیس ئاگادار بکەیتەوە بێ ئەوەی داوای مۆڵەتی لێ بکەی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ئەوە بابەتی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان نییە.

**بەرێز فەرهاد سەنگاوی:**

مانگگرتنیش بەشێکە لە خۆپیشاندان

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی دوو قسە بکە تکایە

**بەرێز فەرهاد سەنگاوی:**

کەواتە ناتوانم قسە بکەم، لەبەر ئەوەی........

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ مافی ئەوەت هەبوو قسە بکەی، قسەت نەکرد

**بەرێز فەرهاد سەنگاوی:**

ئێ پێم خۆش نییە هەموو ڕۆژێ دەست هەڵبڕم و قسە بکەم

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ دەرفەتمان پێدای قسە بکەی لەسەر ماددەی یەکەم قسەت نەکرد کاک فەرهاد، ئێستا خرایە دەنگدانەوە

**بەرێز فەرهاد سەنگاوی:**

باشە خستووتانەوە دەنگدانەوە، من ئەوەنە ئەڵێم کێ مەسئولە لە خوێنی سورکێو و ڕێژوان و برپار و هەموو ئەوانەی شەهید بوون، کێ مەسئولە؟ ئاخر ئەوە غەڵەتە، ئەو یاسای خۆپیشاندانە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئازادی نیە

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک علی حەمە صالح

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من دوو سەرنج هەیە، زۆر کورتی ئەکەمەوە، خاڵی سێیەم تەنیا لادانی وشەی (هەر هۆیەکی تر)، چونکە ڕەنگە خوانەخواستە حیزبێك هەبێ یان هەر حیزبێك بێ ڕۆژێك لە ڕۆژان خیانەتێکی نیشتیمانی بکات و بەپێی ئەو ماددە کەس بۆی نەبێ دژی خۆپیشاندان بکات، خاڵی دووەم، هەموومان ئەزانین خۆپیشاندان مافە، هەمووشمان نیەتی ئەوەمان هەیە یاسایەك دەربکەین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەم مافە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێ، لە واقیعی ئێستای کوردستان و هەموو دونیاش وایە، خەڵك کە خۆپیشاندان ئەکات ڕێگە پەکئەخات، بۆ؟ بۆ ئەوەی دەستەڵات ناچار بکات گوێی لێ بگرێ، و بەدەم داخوازییەکانییەوە بچێ، چونکە سروشتی ئینسان وایە، تا فشاری لەسەر دروست نەکرێ، بەدەم ئەو داخوازییەوە ناچێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێ بزانێ خۆپیشاندان هیچ کاریگەری نییە، لە حەدیقەیەك دایە، سەعاتێك دێت و ئەڕوات، گوێی لێ ناگرێ، و ئێستا لە ناو ئەمری واقیعدا بۆ نموونە هەرکاتێ خۆپیشاندان

کرابێ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، ڕاستەوخۆ هێزەکانی پۆلیس خۆیان ڕێگاکەیان گرتووە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە بگۆڕدرێ بەم شێوەی لای خوارەوە (نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی ڕێگەی نێوان دوو شاری سەرەکی، ئەگەرنا دەمودەزگاکانی حکومەت ئاسایییە بەردەم پەرلەمان، شۆفێر ئەتوانێ بڕوات، بەردەم وەزارەتێك ئەتوانێ لە ڕێگەی پشتەوە بڕوات، بۆیە پێم وایە هەموو خۆپیشاندانێك ڕێگە ئەگرێ، زۆر بە دەگمەن نەبێ، و ئەمە ئەبێ بەهۆی دروست کردنی ئاستەنگ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەوعەن ما زۆرێك لە قسەکانم کرا، زۆر کورتی ئەکەمەوە، لەگەڵ کاك ئومێدم کە بڕگەی سێیەم ( هەر هۆیەکی تری) تێدا نەمێنێ، لەبەر ئەوەی هەر هۆیەکی تر ڕەنگە فەزایەکی زۆر گەورە بێ بۆ هەر خۆپیشاندانێك، هەر هۆیەکی تر ببێتە ڕێگر لەبەردەم خۆپیشاندان، بڕگەی چوارەم من پێچەوانەی بڕگەی چوارەمم، پێم باشە بڕگەی چوارەم وای لێبکرێ ( هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەیانگرێتە بەر نابێتە ڕێگر لەبەردەم هێنانەدی ئامانج و مەبەستەکانی خۆپیشاندنەکە، نەك بۆ ئەوەی ئەبێ خۆپیشاندەران نەبنە هۆی مایەی پەکخستنی دەمودەزگا، وەك کاك ئومێد ئیشارەتی پێدا، مامۆستایان خۆپیشاندان ئەکەن، لە مەکتەبەکە دەرس پەکی ئەکەوێ، فەرمانبەران خۆپیشاندان ئەکەن، دەوائیرەکان پەکی ئەکەوێ، کەواتە ئەوە ڕێگریە لەبەردەم هەموو خۆپیشاندانێکی فەرمانبەران و مامۆستایان و هەموو یەکە ئیداریەکان، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕایەکەی کاك ئومێد حەمە علی ئەکەم بۆ لابردنی هەر هۆیەك، بەڵام لە بڕگەی چوارەم کە بۆ ماددەی دووەم زیاد کراوە، پێویستە لیژنەی یاسایی جوابێکی قانونی ئێمە بدەنەوە ئایا ئەو بڕگەیەی کە بۆ ئێرە زیاد کراوە، لەو دوو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەشیان کراوە و لەبەر دەستیان دایە، بەهیچ شێوەیەك ئەو خاڵەی تێدایە؟ ئەگەر تێیدایە هۆکارەکەی چییە بەو شێوە داڕێژراوەتەوە؟ ئەگەر تێشیدا نییە ئەوە لە ڕووی قانونیەوە ئەوان ناتوانن ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم لە ماددەی دووەم منیش پشتیوانی لە قسەکەی کاك ئومێد حەمە علی ئەکەم کە هەر هۆیەکی تر لابرێ، و بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەم پێم وایە وشەی نابێ ئەوە وشەیەکە زۆر توندە بۆ ئەو ڕستەیەی کە نووسراوە، لەبەر ئەوەی پێشنیار ئەکەم بەم شێوەی لێ بێ ( کاتێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگای خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکان، بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندەران، کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنرێ، و ئەمەوێ قسەیەکی تریش بکەم، لە ڕاستیدا ئەمەوێ چەند نموونەیەك بهێنمەوە بە کورتی، چونکە ئەم حاڵەتە لێرە فەرمانبەران کە ئەڵێین نابێ، مافێك پێشێل ئەکەین کە مافی ئەو کەسە یان فەرمانبەرانەیە کە ئەیانەوێ لە ناو هەر سێکتەرێکی ئیداریدا بۆ ئامانجێکی دیاری کراو مانبگرن، یان خۆپیشادان بکەن، بەڵام لە بەرامبەریش ئەوە دوو لایەنە، ئەبێ حیسابی ئەوەش بکەین کە ئەو کەسانەی کاریان ئەکەوێتە ئەو دامودەزگا ئیداریانە، بۆ نموونە خوێندنگایەك مامۆستاکانی مانئەگرن، خوێنکارەکان باجی مانگرتنی مامۆستاکانیان بدەن؟ یان نەخۆشخانەیەك، فەرمانبەرێك داوای مافی خۆی ئەکات، نەخۆشێك حاڵەتێکی کتوپڕی هەیە و دێتە نەخۆشخانەکە، گیان لە دەست بدات؟ دادگا بە هەمان شێوە، چۆن چارەسەر بکرێ؟ لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو بڕگەیە کە زیاد کراوە بۆ ماددەی دووەم زەرووره هەبێ، بەڵام بەو شێوەی کە خوێندمەوە دابڕێژرێتەوە، نازانم لیژنەی یاسایی لای خۆیان تۆماریان کردووە یان نا؟ (کاتێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دامودەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری بەڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندەران، کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنرێ)، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر فرست

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە بڕگەی هیتر ئەکرێ لابچێ، یەعنی هیچ کێشە بۆ نەصەکە دروست ناکات، سەبارەت بە مەسەلەی پەکخستنی ڕێگای گشتی و ئەوانە، ئەگەر ڕوخسەت بدەی، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای ڕێگە گشتییەکانی هەرێمی کوردستانمان هەیە، لەوێ لە ماددەی ١١ ی بە وازیحی ئەڵێ بە غەرامەیەك سزا ئەدرێ لە ١٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ٥٠٠ هەزار دینار زیاتر نەبێ هەر کەسێك، جا لە بڕگەی یەکەم ئەڵێ زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتییەکان بگەیەنێ کە ببێتە مایەی بەربەست دانان لەبەردەم هاتوچۆ و یان هەتا دوایی، لە هەمان ئەو یاسایە لە ئامانجە گشتییەکان یەکێ لە پاراستنی ڕێگە سەرەکییەکانی نێوانی شارەکانە، ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ قانونی عقوبات ڕەقەم ١١١ ساڵی ١٩٦٩ لەوێ لە ماددەی ٣٥٤ فەصڵێکی کاملمان هەیە( الاعتداء على سلامة النقل.....)

به تەفاصیل باسی مەسەلەی هاتوچۆی گشتی نێوان شارەکانی کردووە، و هەر شەوی ڕابردوو گەڕامەوە بۆ قانونی زۆر وڵاتانی دونیا، مەسەلەی سەلامەتی هاتوچۆ گشتی و پاراستن، ئەوە مەسەلەیەکی گشتییە، بۆیە پێم وایە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو ماددەی کە باس کرا، ئەو بڕگەی کە زیاد کراوە صیاغەیەکی تری بۆ بکرێتەوە تەبیعیە، نەبێتە هۆی بەربەست لەبەردەم خۆپیشاندان و ڕێگەگرتن لێی، ئەمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەموو خۆپیشاندانەك لە نەتیجەی نیهائی ڕێگە گرتنی لێ ئەکەوێتەوە، وەکو عورفێکی لێ هاتووە، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەبینین ڕێگەی نێوان سلێمانی و عەربەت داخرا، ڕێگەی نێوان خەبات-هەولێر داخرا، ڕێگەی سەرەکی داخرا، ئەمە بەراستی مەبەستی سەرەکی خۆپیشاندان ئەمانە نایەتەوە، بۆیە بە تێڕوانینی من زیاد کردنی دەقێك یان نەصێك لە ناو ئەم یاسایە بۆ پارێزگاری کردن لە سەلامەتی هاتوچۆ، لە پارێزگاری کردن لە ڕێگەی گشتی و هاتوچۆی سەلامەتی هاووڵاتیان کارێکی زۆر باشە، و ئەوەی منیش لەو ماددەیە تێگەیشتم، مەسەلەی پەکخستنی دامودەزگای گشتی ئەوە نییە کە مامۆستایەك سەعاتێك هات خۆپیشاندانی کرد مانای ئەوەیە دەوام پەکی کەوت، زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر بووە مایەی ئەوەی چەند ڕۆژێك لە پارێزگاری لێکردن لە ڕێگای گشتی و سەلامەتی هاتوچۆی هاووڵاتییان کارێکی زۆر باشە، هەروەها ئەوەی منیش لێی تێگەیشتووم لەو ماددەیە مەسەلەی پەکخستنی دامودەزگای گشتی ئەوە نییە کە مامۆستایەك سەعاتێك هات خۆپیشاندانی کرد مانای ئەوەیە دەوام پەکی کەوت، لێرە زۆر ئاساییە، ئەما ئەگەر بووە مایەی ئەوەی چەند ڕۆژێك دەوام پەکبخات بۆ نموونە زەرەر بە تەندروستی دەگەیەنێت کە مەسەلەیەکی زۆر حەساسە لەوێوە کێشە دروست دەبێت، بۆیە من پاڵ پشتی ئەو دەقە دەکەم کە بێگەرد خان خستیە ڕوو ئەمە لەوانەیە تۆزێك نەرمتر بێت، هەتا ئەگەر دەستکاری تریش بکرێت، بەڵام وەکو مبدء بوونی ئەم نەصە لێرە من بە پێویستی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕەئی برای بەڕێزم (کاك ئومێد و کاك علی) دەکەم لە فەقەرەی یەکەمیان بڵێی سێیەم کە دەڵێت هەر هۆیەکی تر ئەوە نەمێنێت، ئەوەی تریشیان ئاوای لێ بکرێت هەر کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی ڕێگای سەرەکی نێوان شارەکان لەگەڵ نوێنەرەکان چارەسەر بکرێت، یەعنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، مەسەلەی غەرامە دیارە کە خۆپیشاندان کرا تۆ ناتوانی ئەو خەڵکە هەمووی غەرامە بکەی، بەڵێ لە ڕووی قانونییەوە قسەی کاك دکتۆرە سەد لە سەد لەگەڵیدام، دەزانم لە نەصەکەیدا هاتووە، بەڵام بۆ نموونە ئەمڕۆ بەیانی هاتووم بۆ دانیشتنی پەرلەمان بەسەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاودا کەوتووم و شەقامیان قەتع کردووە و قەبوولیان نەکرد هیچ کەسێك بڕوات لەسەر کێشەی بەنزین، یەعنی ئەو

شێوازانە کە ئێستا بڵێین مەسەلەی ڕێگای هاتوچۆ دەبێتە شتێکی مەتاتی و ناشتوانین بەسەریدا زاڵبین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئاوای لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوار لە ماددەی دوو لە هیچ کام لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکاندا نییە، ماف لیژنە پەیوەندیدارەکانیش نییە ئەگەر ماددەیەك بۆ هەموار کردن پێشکەش نەکرابێت پێویستی بەوەیە پڕۆژەیەك پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدات فەموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەر دوو پڕۆژە یاساکەدا دەست براوە بۆ تەعدیل کردنی ماددەی دووەم، کاتێك کە دەست دەبرێتن بۆ تەعدیل کردنی ماددەیەك لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش کە دادەنیشن پێویستە لە سەرانسەری پڕۆسەکە و لە سەرانسەری یاساکە و پڕۆژەکان سەیر بکات و لە کوێ پێویستی بە تەعدیلە دەتوانێ تەعدیلی بکاتن، واتە دەست بۆ ماددەی دووەم لە هەر دوو پڕۆژە یاساکە براوە، بۆیە لیژنەی یاسایی ماف خۆیەتی، تەعدیل: بریتییە لە زیادە و لە نەقص کردن، هەروەها گۆڕانکاری کردن بەسەر ماددەکاندا لە هەر شوێنێك کە بە پێویستی دەزانێت دەتوانێ سیاغەی بکاتەوە بەو جۆرەی کە بگونجێتن لەگەڵ ئەوەی کە داوا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە منیرە خان؟ فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی من باسی دەکەم هەمان پرسیارم لە د.ڤالا کرد، بەلام من وەلامم وەرنەگرتەوە، ئەم بڕگەیە موناقەشە کراوە لە کۆبوونەوەکاندا، بەلام ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە زیاد کردنی ئەمە لە هیچ یەکێك لەو دەقانەدا باس نەکراوە، بۆیە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە ئیمزام لەسەر ئەم پڕۆژەیە کردووە ئیمزاکەی خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد کردنی ئەم دەقە لەسەر ئەساسی ئەوە بووە کە یەکەم: ماددەی دوو دەستی بۆ براوە، دووەمیان: ئێمە بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەموو بەشداربووانی لیژنە هاوبەشەکان ئەم دەقەمان زیاد کردووە، بەڵام خەلەلەکە لەوە دایە کە هەندێك لە ئەندامەکانمان ئامادە نابن لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا و، ئیلا ئەمە بە ڕێککەوتن و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە ئینجا لیژنەی یاسایی دایڕشتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم بابەتە لە راستیدا ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە سەر ماددەی یەکەم کە هەموارمان کردەوە، هەندێك برگە هەبوو کە لە هەردوو پرۆژە هەموارەکەدا نەهاتبوو، بەڵام هەمووتان موناقەشەتان لەسەر کرد و ئەو کاتە ئیعتڕازێك نەبوو، نەبوو بە بنەما، بۆیە لە ماددەی یەکەم ئەوەی کە ئێستا هاتووە دەبێ موناقەشە بکرێت، ئەگەر نا نەك لە هەر دوو هەموارەکە لە یەکێك لە هەموارەکاندا دەست براوە بۆ ماددەی دوو، ئەگەر نا لە هەمواری تردا کە هاتووە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و برادەران ئامادەیان کردووە دەست نەبراوە بۆ ماددەی دوو، بەڵام تەرحێکە کراوە لای هەندێك لە برادەران لە لیژنەکان، بەڵام ڕێککەوتنی گشتی لەسەر نەکراوە جێگەی موناقەشەیە، بۆیە دەکرێت ئێستا بەشێك موناقەشە کرا و موناقەشە لەسەری بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە بەردەوامە لەسەری، کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر شتێك پەرلەمان دەنگی لەسەر دا ئەوە ئەولەویەتی هەیە، ئێمە دەنگمان لەسەر راپۆرتی هاوبەش داوە، ئێستا راپۆرتی هاوبەش ئەساسە، بۆیە زۆر ئاساییە لەسەر هەموو ئەوانەی کە لە ناوی هەیە گفتوگۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم برگەی سێیەم ئەوەی کە نووسراوە بە هۆی ئاین، من پێموایە هەموو ئاینەکان بۆ پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن و تەساموح هاتوون، پێغەمبەری خوا دەفەرموێ (الانبیاء کلهم اخوة و دینهم واحد)، لەبەر

ئەوە ئاین لێرە ئێمە کە بیچەسپێنین، کەواتە ئێمە سەلماندمان کە ئایینەکان بۆ ئەوە هاتوون گرووپێك دژی گرووپێکی تر ئەنجام بدەن، ئەوەی کە وا دەکات لە بری ئایین بنووسرێت مەزهەب، چونکە مەزهەب ئیجتیهاداتی ئینسانە جاری وا هەیە بە خراپ بەکار دەهێنرێت، لە برگەی چوارەمیش ئەوەی کە دەڵێت نابێ خۆپیشاندان ببیتە مایەی پەکخستنی کار کردن لە هەر دامودەزگایەك لە هەر ناوەندێکی خوێندن خۆپیشاندان بکرێت ئەو ناوەندە بە حدێك پەکی کارەکانی دەکەوێت، کەواتە ئەگەر ئەوە پچەسپێندرێت، کەواتە خۆپیشاندان هەر ناکرێت، لە بنکەیەکی تەندروستی ئەگەر مان بگرن ماوەیەك پەکی دەکەوێت، ئەگەر لە بری ئەوەی کاك ئومێد حەمە علی ئاماژەی پێکرد لەگەڵ برایانی تر کە ببێتە مایەی وەستاندنی هاتوچۆ لە نێوان شارەکاندا ئەوە بچەسپێت نەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هینەکە یەك پێشنیار بە کورتی، ئێمە مانگێکمان درێژکردەوە بۆ خولی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی کە  ئێستا کە لە هەرێمی کوردستان هەیە تایبەت بەم بارودۆخە زیاتر پەرلەمانی کوردستان کارەکانی ئەنجام بدات، بۆیە پێشنیار دەکەم لەسەر قەیرانی دارایی و بەنزین و پێشمەرگە زیاتر ئەم مانگە ئیشەکانمان چڕ بکرێتەوە زۆر باشترە، سەبارەت بە ماددەی دووەم خاڵی سێیەم نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاریکراو بێت بە هۆی ئاین، من پێشنیار دەکەم ئاین و مەزهەبیشی بۆ زیاد بکرێ، نەك ئاین لابدرێت مەزهەبیشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە بە خۆمان دەزانین ئێستا جگەلەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە مەزهەبی جۆراو جۆری تێدایە ئێستا بە داخەوە بە هۆی بارودۆخی عێراقەوە هەندێك تەعسوب هەیە، ئێستا عەرەبی تریش هاتۆتە ئێرە کە لێرە ئەوان لە مەزهەبی جیاوازن، دەکرێت بەو خاڵە رێگە لەوە بگرین، لە کۆتایی خاڵی سێیەمدا هۆیەکی تر ئەو (هۆیەکی تر)ەش لاببرێت، ئەگەر هۆیەکی موحدەدی تر هەیە بە موحدەدی بۆی زیاد بکرێت، ئەگەر نییە هۆیەکی تر مەتاتیە پێویست ناکات تێدا هەبێت، سەبارەت بە برگەی چوارەم بە تەواوی پشتگیری لە ئەم رەئیەی خاتوو بێگەرد دەکەم کە بەم جۆرە سیاغەی کردەوە، بۆیە دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی رەئیەکی تر هەبێت بە تەنها پشتگیری لەو رەئیە دەکەم، کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، پێویست ناکات برادەران هەموویان لە (کاك ئومێد)ەوە تا ئەخیر قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە نابێ مافی خۆپیشاندان لە شەریحەیەکی دیاری کراو یان لە کارمەندانی تەندروستی وەك نموونە، یان مامۆستایان بسەنینەوە، مافی خۆیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی نەخۆشیشە کە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بیپارێزن، ئەوەی بۆ

زیاد بکرێ بە راوێژ لەگەڵ لیژنەی خۆپیشاندەران کۆتایی بەو خۆپیشاندانە بێنێت، واتە چارەسەری گرفتەکە بکرێ و لە هەمان کاتدا بار و زروفی نەخۆش یان خوێندکار لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ئەو قسانەی کە دەمویست بیکەم زۆربەی لە لایان کاک ئومێد و کاك علی حەمە صالح و کاك فرست صۆفی و بەشێکی خوشکە بێگەردەوە کران، بەلاّم دەمویست تەئکید کەمەوە لەسەر ئەوەی مەسەلەی پەکخستن لە هەموو کۆمەلگەیەکی مەدەنیدا لە هەموو ولاّتێکی دیموکراسیدا کۆمەلّێك شوێن هەیە، موئەسەسات هەیە وەکو نەخۆشخانە وەکو پۆلیس، پۆلیسی ئاگر کوژێنەوەکان هیچ مەنتقێك قەبوولی ناکات کە ئەمانە دەست کراوە بن بۆ مەسەلەی مانگرتن و ئەمانە، ئەمە یەك، دووەم: یەك نوقتەی زۆر بەسیتیش هەیە لە ماددەی دووەم برگەی سێیەم وا هاتووە کە ئامرازێکی پەیوەندییە ئەمە کوردی نییە ئەمە نەصی تەرجومەی (واو) عەرەبیەکەی فەتحەیەکی لەسەرە، تکایە بکرێتە (واو)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو هاوڕیانە دەکەم کە زۆر بوون ژمارەیان کە لە خالّی سێیەم (هەر هۆیەکی تر) لابرێت و کەوانەکە دابخرێتەوە، لە برگەی چوارەم من بۆ خۆم پێموایە ئەو برگەیە پێویست نییە، زیادەیە خراوەتە سەری بەو ئیعتیبارەی کە خالّی حوجەکانە، لە ماددەی چوارەم نوێنەرانی خۆپیشاندەران کاتێك داوای ئاگادار کردنەوە دەکەن بۆ خۆپیشاندانەکەیان، بەس سەرنجی هەموو پەرلەمانتارەکان رادەکێشم لێرە لەم یاسایەدا خۆپیشاندان تکایە مانگرتنیش دەگرێتەوە، ئەوان لە ئاگادار کرنەوەکەی خۆیان ئامانجی خۆپیشاندان یان مانگرتنەکەی خۆیان رادەگەینن، هەروەها لە ماددەی هەشت ئاماژە بەوە کراوە ئەوە روونکراوەتەوە لە کاتێك دەکرێ ئەوە حەل بکرێ، کاتێك ئەو خۆپیشاندانە ئەو مانگرتنە لە ئامانجی خۆی لادەدات بلاّوەی پێ دەکرێت، کەواتە پێویست ناکات ئەو خالّە هەبێت، بەلاّم ئەگەر هەبێ سەرەنجی هەر هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆ ئەوە رادەکێشم ئەو برگەیە وەك خۆی بمێنێتەوە مانگرتن لە کوردستان قەدەغە دەکات، چونکە مانگرتن لێرە سەرەنجی برادەران زۆرتر لە خۆپیشاندانی زیادەیە کاتێك مەسەلەن هەموو جارێك کە حوجەکانیان دێننەوە باسی ئەوە دەکەن دەلّێن هێرش کردنە سەر نووسینگەی تیجاری و دامودەزگای دەولّەت و کەرتەکانی تایبەت، بەلاّم مانگرتن لە شوێنێکی دیاری کراوە، مەسەلەن بۆ نموونە کۆمەلّێك مامۆستا لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندێك مان دەگرن، هەندێك مامۆستای زانکۆ لە

بەشێك لە شوعبەیەك لە كۆلیژێك مان دەگرن، خۆپیشاندان لەم یاسایە یەعنی مانگرتنیشە ئەمە وەكو خۆی بڕوات مانگرتن قەدەغە دەكات، چونكە مانگرتن یەعنی پەكخستن هەر لە بنەڕەتەوە، مانگرتن یەعنی پەكخستن، ئەگەر مانگرتنەكە سەعاتێك بێت، یەك سەعات پەكی دەخات، ئەگەر ڕۆژێك بێت ڕۆژێك پەكی دەخات، ئەگەر دوو ڕۆژ بێت دوو ڕۆژ پەكی دەخات، بۆیە من چەند پێشنیارێك دەكەم بۆ ئەوەی دوا جار بگەینە نەتیجەیەك كە هەموو لامان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕین، خاڵی یەكەم ئەوەیە وا باشە تێیدا نەبێ لەبەر ئەوەی یاساكە خۆی موعالەجە كراوە، بەلاّم ئەگەر تێیدا بێ من پشتگیری ئەو هاوڕیانە دەكەم كە پشتگیریان لەم دوو بنەڕەتە كرد، بنەڕەتێكیان ئەوەیە كە یاساكە جێی بكرێتەوە، سیاغە بكرێ نابێ خۆپیشاندان ببێتە هۆی گرتنی ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان شار و شارۆچكە و گوندەكان و هاوینە هەوارەكان، هەروەها سەبارەت بە برای بەڕێزم پەرلەمانتاری بەڕێز كاك ئاری هەرسینیش ئاماژەی بەوە كرد لە دونیاشدا ئەو پرەنسیپە هەیە، دەكرێ خاڵی دوو ئەلفێكی بۆ زیاد بكرێت، یەعنی دوو بڕگە، بكرێت بە (أ، ب)، لە (ب): ئاماژە بە نەخۆشخانەكان بكرێت بە تایبەتی بەشی ورد بینی و شوێنە حەساسەكانی نەخۆشخانەكان كە ئەو دووە ئیستسنا بكرێت لە خۆپیشاندان، باقیەكی ئەگەر ئەو بڕگەیە ئەوها بڕوات مانگرتن لە كوردستان قەدەغە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی كاك ئومێد و برادەرانی تردام لەسەر لابردنی هەر هۆیەكی تر، لە خاڵی دووەمدا لەگەڵ ڕەئی بێگەرد خان دام ببێتە هەر كاتێك ، یەعنی كاتێك كە خۆپیشاندان تا دووایی دەبێت، دواتریش بڕوام وایە ئەو چالاكی و بازرگانی و ئابووری زیادە لابدرێت، چونكە هەتا ئێستا خۆپیشاندانەكان لە كوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە پەكی كاری ئابووری بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم منیش لەگەڵ ئەوەدام هەر هۆیەكی تر لابرێت، لە بڕگەی چوارەمدا من پێموایە هەموو ڕێپێوانێك یان راستەخۆ پەكخستنە، بۆیە ئەو پەكخستنە منیش بە زیادی دەزانم، من پێموایە جیاوازی دەبێ بكرێت لە نێوان خۆپیشاندان و لە نێوان مانگرتندا، مانگرتن فەرمانبەران حەقی خۆیەتی لە ناو دائیرەكەی خۆیدا مان بگرێت خۆپیشاندان بۆ دەرەوە، ئەم واقیعەی ئەمڕۆی ئێمەش وایە لە راستیدا تا شەقامە سەرەكیەكان نەگیری وەك پێویست حكومەت نایەتە دەنگ ئەگەر داواكاریەكە ڕەوا

بێت، بۆیە من لەگەڵ گرتنی شەقامی سەرەکیم، بەلاّم بە مەرجێك کات دیاری بکرێت، کات دیاری بکرێت بۆ نموونە کاتژمێرێك، یان ئەگەر رەوا بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهرسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا ئاخافتنێت د.فرست دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە ماددەی دووەم لە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ئەوەدام هەر هۆیەکی تر لابرێت کاك ئومێد ئەمەی روونکردەوە، زیاتر روونی ناکەمەوە، لە بڕگەی چوارەم هەر لەگەڵ ئەوەم بە تەواوی ئەو بڕگەیە لابرێت، چونکە ئەم بڕگەیە رێگەی گرتووە لە خۆپیشاندانی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە و مافی هاووڵاتیان پێشێل دەکات، پێموایە دیفاع کردنە لە دەسەلاّت بەم شێوەیە کە دەمێنێتەوە، دەسەلاّتێك کە باوەڕی بە دیموکراسی و ئازادی و راست گۆیی بێت لەگەڵ هاووڵاتیانی، پێویست ناکات لە خۆپیشاندان لە پەکخستن بترسێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەم بڕگەیە بە تەواوی لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی (غریب پێنجوێنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم لە ماددەی دووەم مەسەلەی ئاین کە دوو کەس قسەیان لەسەر کرد، کە یەکی رەئی وایە بکرێت بە ئاینزا، یەکێکیش رەئی وایە کە ئاینزا یەك بگرێتەوە لەگەڵ ئاینەکە، من رام وایە ئاین هەر وەکو خۆی بهێڵدرێتەوە، چونکە ئاینزاکان ئەگەر کێشەیان بوو هەر کێشەیەك دوا جار هەر کێشەی ئایینە، لەبەر ئەوە گشتی ترە وەکو خۆی بهێڵدرێتەوە دەستکاری نەکرێت وشەی ئاین، خاڵی چوارەم لە ماددەی دووەم پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی سەرەنجی من لەسەری ئەگەر چی بە نزیکی لەوە وردترە دەزگای خزمەت گوزاری کاتژمێرێکی بۆ زیاد بکرێت، وەکو دوایی دارشتنەکە کە دەیخوێنمەوە، هاتوچۆی گشتیش بۆتە دیاردەیەك لەم وڵاتەی ئێمە هەر چوار کەس کێشەیەکیان هەبێ یەکسەر پەلامار دەدەن شەقامی گشتی دەگرن و دوو تایە دەسووتێنن و هەرایەك دەنێنەوە کە ژیان دەوەستێت تەقریبەن، ئەمە بەراستی کارەساتە لەگەڵ بۆچوونەکەی (کاك رابوون)م، کەواتە ئاوای لێبکرێت،

نـابێ خۆپیـشاندان ببێتـه مایـەی پەکخـستنی دامودەزگـای خزمـەت گـوزاری بـۆ زیـاتر لـه کاتـژمێرێك و هاتوچـۆی گـشتی نێـوان شـار و شارۆچـکه و گونـدەکان و سـەیرانگاکان و چـالاکی بازرگـانی و ئـابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەهراب فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەیا من گەیشت، پشتەڤانیا کاك ئومێد حەمە علی و مامۆستا غریب دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنه زکری فەرموو.

**بەڕێز امنه زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ قانون بۆ پەروەردەی تـاك و کۆمەڵگەیـه، هەوڵـدان و خـەباتا مـه هـەمی بـۆ هەنـدێ دچیـتن بـۆ ئاشـتیا کۆمەلأیەتی و پەروەردەیەکا نا توندو تیـژی، قـانون دڤـێتن تـاکی بـەرەڤ ئاخـافتن و نییـەت و کـارێکی بـاش ئاراسته بکەن، نه بۆ هەندێ بچیتن کو نەریتەکا نەخۆش، یـان تەلیحـەکی پـێ بـدەتن کـو بـەرەڤ ئاراسـتەیا رفتارەکا سلبی بباتن، سەرەڕای پشتەڤانی کرنا هاڤکاری من د.فرست بۆ ئەو یاسا یا رێك و بانا ئەز ئاماژەیا دەدەمه هەندەك یاسایا سزادانێ کو ئەگەر ئەم سەحکەینێ ماددەی (٣٤٢) برگەیا دوو ماددەی (٣٤٣) بەحسێ هەندێ دکەتن کو ئەگەر هەر کەسەك ببیته ئەگەرێ سۆتنا هەر جۆرە دائیرەیەکا رەسمی یان شوبهه رەسمی یان موئەسەسەیەکا گشتی عقوبەی ئیعدام و سجنا موئەبـەدە ئەگـەر ببیتـه سـەبەبا کوشـتنا کەسـەکی، یـان ئەگـەر مـاددەی (٣٥٤) هـەتا مـاددەی (٣٥٩) ئـەڤ هـەمی ماددەیـان تایبـەتن ب سـزادانه ڤـی کەسـی ئـەوی پەلاماردانێ سەر سەلامەتیا نەقل و ئامرازێن مواصلاتا گشتی دکەت، مـاددەی (٣٦١) هـەتا مـاددەی (٣٦٣) یـا تایبەته ب سزادانه هەر کەسەکێ پەلامارێ دەداته سەر وەسیلەیەت ئیتصالا سلکی و لا سلکی، ماددەی (٣٦٦) هەتا ماددەی (٣٦٧) سەر پەلاماردانا ماڤێ کاری کەسێکی تر یان ژی پـەلاماردانا ئالەتـەکی تایبـەت بـه کـارێ، ماددەی (٣٦٨) هەتا ماددەی (٣٦٩) سەر ئەو زیانێت تەندروستیا گشتی دگەهینیت، مـاددەی (٤٧٧) و مـاددەی (٤٨١) یا تایبەته ب سزادانا ئەو کەسێت کو تاوانا ناڤ برن و کار کەفتنێت دگریته بەر کو مـەعنا وی نابیـت ببیته ئەگەرێ کار کەفتنا خزمەت گوزاریا گشتی یـان هـەر کـارەکی کـو مەسلەحەتا خـودان بەرژەوەنـدییێت عام بیتن، یان ببیتـه ئەگەرێ هەنـدێ کـو ژیانـا خـەڵکی تەندروسـتی و ئاسایـشا خـەڵکی بخەیتـه خەتـەری، تەنانەت ئەگەر ببیته ئەگەرێ سۆتن یان نـاڤ برنـا دارەکـێ یـان ژی رووخانـا دیـوارەکێ ئەڤـه هـەمی یاسـایا سزادانا عیراقیدا بەحس کریه، ماددەی (٤٨٧) یەکەم و دووەم هـەر کەسـەك ببیتـه ئەگـەرێ ئیزدیحامـا رێکـا گشتی به بێ زەرورەت یان بێ وەرگرتنا ئیزنـا سـولتەیا تایبـەت هـەتا دومـاهیکێ رێکـا گـشتی یـان عـەردەکی

دەست نیشان کری بۆ مەنفەعەتا عام بگریتن ئەڤە دێتە سزادان، ماددەی (٥٠٠) شەشەم یا تایبەتە ب سەرپێچیێن روو بە رووبوونا ئەملاك و ئەموالێت گشتی، ئەڤە هەمی ئەڤ برگەو ماددەیا کو تایبەتن ب تەجربین کرنا فیعلەکێ یان ئیباحە کرنا ئەڤە ڤی واتای دگەهینیتن سزادان یان ڕێگە پێدان نابیت هەروایە ئاسانی هەروەسا سەر پەرلەمانی دەربازبیتن، ئەز پشتگیریا هەمی وان ماددەیان دکەم، ماددەی دووەم کو ڤی شێوازی هاتینە داڕشتن، چونکە بۆ نموونە ئەز بەحسەکی نموونەیەکی بۆ هەوە دینم گەلەك هەڤالاْ بەحس کر کو چالاکییەت بازرگانی و ئابووری پێتڤیە سەر رابیتن، خولاچوویی لیژنەیا پەروەردە مە سەرەدانەك بۆ دەڤەرا سۆران کر، چۆمان یان بێژین ڕێکا هاملتۆن کێشەیەك ما بەینا دوو کەسان دروست بوو بو یەکیش وان هاتە کوشتن بۆ ماوەی پێنج رۆژدا ڕێکا هاملتۆن هاتە گرتن کو ڕێکا سەرەکییە یا بازرگانییە، باشە کێ مەسئولە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشێت کو هاتنو چوونێ سنوور بۆ ڤی رەخی دکەت، خەلکی نەخۆش پێدا نەدەهات، یەعنی ئەڤە گلەییا خەلکەکی بوو کو لە ڕێگا لەمە پەرلەمانتارا گرت، خەلکی نەخۆش بە پێیان ماوەی چەند سەعاتان ڕێك دهاتن هەتا کو خۆ دەرباز ڤی رەخی دیبکەن، دەرباز ببن، مەوزوعێ چ ئەو کەسێ ئەو مرۆڤ کوشتی خەلکی دگۆتێ دڤێتن تەسلیمی مە بکەن، یەعنی داواکارییێت نا مەعقول، بۆ سەبەبا هەندێ گرفت کو سنووری دەربازێ ڤێرە دەبیت بووە سەبەبا گرانیا بازاڕی، تشتێت ئەو صادیراتێت کو ل ئێرانی هاتن خراپ دەبوون، یەعنی ئەڤە هەمی تەئسیرێ سەر بازاڕی و سەلامەتیا خەلکی و هاتن و چوونا خەلکی دامودەزگای حکومی دکەتن، ژبەر هەندێ ئەز ئەڤێ ماددەیێ پشتگیری دکەم وەکی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سعید مەصیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید (سعید مەصیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك ئومێد حەمە علی و کاك علی و بێگەرد خان دەکەم سەبارەت بە لابردنی (هەر هۆیەکی تر)، (هەر هۆیەکی تر) لابرێت، لەبەر ئەوەی یاسایەکەی زیاتر بەر تەسك کردۆتەوە لەو خاڵە، ماددەی دووەم برگەی چوارەم کە دەڵێت نابێ خۆپیشاندان پشتگیری قسەکەی بێگەرد خان دەکەم، بەڵام کە دەڵێ ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی و بازرگانی و ئابووری، بەدەر لە فەرمانبەران و کرێکارنی ئەو دامودەزگایانەی گرفتیان هەیە ماندەگرن یان خۆپیشاندان دەکەن، یەعنی ئێستا لە هەر دائیرەیەك کە ماندەگرێ جگەلە نەخۆشخانەکان کە خەڵکی نەخۆش پێویستە زوو چارەسەر بکرێتن، پێویستە هەر فەرمانبەرێك هەر کرێکارێك ئەگەر ئەوەی لێ قۆرخ بکرێت نەتوانێ مانبگرێ بۆ ماوەیەك، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دیار بکرێتن، ئەی چۆن بۆ علاجی چارەسەر و کێشەکانی کەسی مەعنی ئاوڕی لێ ناداتەوە، بۆیە من پێم باشە بەدەر بێت لە

فەرمانبەر و کرێکارانی ئەو دامودەزگایانەی گرفتیان هەیە لە دائیرەکەی خۆ مان دەگرێ یان خۆپیشاندان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرمو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بەندی سێیەم کە دەڵێ نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك بێت، بە ڕەئی من بە نیسبەت ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان هەر ئەو کێشانەی کە دروست دەبن زیاتر وەکو بڵێی پشتگیریە لەبۆ کەم و کوڕیەکانی خزمەت گوزاری داوای هاووڵاتییان هەر بابەتێکی تر، بەڵام دەبینین زۆر جار هەیە بە ئامانجێکی سیاسی دەیانەوێت لە پشت پەردەوە خۆپیشاندان بکەن، بۆیە بە ڕەئی من بەو شێوەیە بابەتەکە دابڕێژرێ نابێت خۆپیشاندان بە هۆی ئامانجی سیاسی هاندانی گرووپێك یان ئایین یان ڕەگەزپەرستی بکەنە ئامانجی خۆپیشاندان بەو تەسمیە، بە ڕەئی من ئامانجی سیاسی کێیە، چونکە ئەتۆ خۆپیشاندان ڕەوایە، بەڵام جار هەیە بە حوکمی ئەوەی پێکهاتەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە شێوەی هەڵبژاردن و دەنگدانە شەرعیەتی لەلایەن گەلەوە وەرگرتووە، بەڵام زۆر جار هەیە دەبینی بەعزێك ئەجیندا هەیە وا دەکات فەوزایەك لە کوردستان دروست بکاتن، ئامانجێك دیاری دەکات و خەڵکێك هان دەدات، بەڵام لە پشت پەردەکە ئامانجێکی سیاسییە، بۆیە ئەوە بە ڕەئی من زۆر زەروریە، بابەتی تر بەندی چوارەم کە دەڵێ نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری و هاتوچۆی گشتی، بە ڕەئی من لێرەدا زۆر جار دەبینین خۆپیشاندان دەکرێتن دوو بابەت هەیە کە هەڤاڵان باسییان نەکرد، یەکێکیان ڕاستە دەزگاکانی خزمەت گوزارییە، ڕێگا و بانە، مەسەلەن دائیرەکانە زۆر جار، بەڵام بە گشتی ژیانی هاووڵاتییان زیاتر وەکو بڵێی بەهێز ترە بۆ ئەوەی مەسلەن لە بازاڕ یان لە بەعزێك جێگەی گشتی یان دوکانداره یان هەر بابەتێکی تر ژیانی هاووڵاتییان تێك دەدات، لە لایەکی تریش مەسائیلی ژینگە مەسەلەن بۆ نموونە زۆر جار هەیە خۆپیشاندان کراوە لە پێش پەرلەمان کراوە ئەو دار وئەو تەرتیباتە و ئەو دیکۆراتەی کە چاندرایە دەبینی هاتووە لۆ ئامانجێکی خۆی کە کرێکارە مووچەکەی تەواو نییە، یان کێشەی هەیە یان بابەتی هەیە پڕ دەداتە دار و هەرچی ئاسەواری ئەو شەقامەیە تێك و پێك دەداتن، ئەوە بە ڕەئی من زۆر گرنگە کە دابڕێژرێت بەو تەصمیمەی نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار کردنی دامودەزگای خزمەت گوزاری هاتوچۆی گشتی و ژیانی هاووڵاتییان و ژینگە و چالاکی بازرگانی و ئابووری هەتا دوایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بە کورتی لەگەڵ ئەو رەئیەم کە باس کرا کە ئاین نەمێنێت، لەبەر ئەوە لە کوردستاندا هیچ دیاردەیەك لەو بابەتە نەبووە هەتا وەکو ئێستا خۆپیشاندانێك نەکراوە کە بۆنی ئەو مەوزوعەی لێ بێت، لەبەر ئەوە هەر باسی لێ نەکرێ باشە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بەراستی پێموایە کە ئێمە دانیشتووین ئەم یاسایە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانە، بەس بە نەزەری من ئەم یاسایە وردە وردە بەرەو ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ئەسڵەن ناوی لێ بنرێت یاسای نەهێشتنی خۆپیشاندان، دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوە دوێنێ ئێمە لە (٩٠٪)ی خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستاندا خۆپیشاندانی لە ناکاوە، ئەوە لە (٩٠٪)ی خۆپیشاندانەکانت نەهێشت، دەمێنێتەوە لە (١٠٪)ی، لە (١٠٪)ی بەو بڕگەیەی کە تەسبیت کرا شیاوی یاسایی هەرچی لە تەمەنی (١٧) ساڵە مافی ئەوەی پێ نادەی کە بتوانێ خۆپیشاندان رێکبخات یان ببێتە نوێنەری خەڵکی خۆی ئەوەش رۆیی، ئینجا ئەمەش دەڵێت نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامودەزگا و خزمەت گوزاری و هاتوچۆ و هەتاکو ئاخیری، من ئەوە دەڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە بەراستی تەجروبەیەکی زۆر تاڵ و نارەحەتمان هەیە لە کوردستان لەگەڵ خۆپیشاندانندا، هیوادارم کاتێك کە باسی دەسەڵات دەکرێ ئێستا هەموومان لە دەسەڵاتداین هیچ کەس بە حەساسیەتەوە وەری نەگرێت بەراستی، چونکە ئێمە هەموومان لە دەسەڵاتداین ئۆپۆزسیۆن نەماوە، بەڵام ئەم پەرلەمانە دەبێ دەوری ئۆپۆزسیۆن هەر ببینێت، لەبەر ئەوە تکا دەکەم کە باسی دەسەڵات دەکەین کەس حەساسیەت نەیگرێت، تەعامولێکی نا رەحەت و زۆر خراپ کراوە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا، هەر خۆپیشاندەران کاتێك خۆپیشاندانیان کردووە یەکسەر تۆمەتیان پێدا بەخشراوەتەوە ئەمانە دەستیان لە پشتە، ئەمانە ئاوان و ئاوان، وەڵامی خەڵك نادرێتەوە دەبێ ئێمە لەوە بکۆڵینەوە بزانین خەڵك بۆ وای لێهاتووە کە دەچێت شەقام دەگرێت.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا گیان موناقەشەکەمان لەسەر ماددەی دووەمی راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتەکانە.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگەی چوارەمە نەمێنێت، لەبەر ئەوە خەڵك ناچارە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم خەڵك شەقام بگرێت، بەڵام خەڵك ناچارە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەڵامی داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادییەکان نەدراوەتەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، جا کە خەڵك وەڵامی نەدرێتەوە ناچار دەبێ بڕوات شەقام بگرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من زۆر جار کە خۆپیشاندەران کە خۆپیشاندانیان کردووە چووینە لەگەڵیان دابووین، جەنابت لەگەڵمان دابووی کاتێك کە رۆیشتین بۆ سەیدسادق و خەڵك شەقامەکانی گرتبوو، پرسیارمان لە خەڵك دەکرد دەمان وت بۆ ئێرە بەجێ ناهێڵن،

دەیان وت کاکە ئێمە (٢٠) دانە ساڵە داوا لەم دەسەڵاتە دەکەین نایەن بەسەر دەمانەوە، بۆیە ناچار بووین شەقام بگرین، ڕۆیشتینە بازیان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا شەقامیان گرتبوو، وتمان کاکە شەقام مەگرن باش نییە وتیان کاکە ئێمە ئێستاش کە دەکۆکین تەپ و تۆزی ئەم هەموو مەعمەلانە دێتە دەرەوە لە قورگماندا، بۆیە شەقام دەگرین، ئێمە لەگەڵ شەقام گرتن نین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەین کە دەسەلاّت بە خۆیدا بچێتەوە لە ئاستی داخوازیەکاندا بێت، خەڵك ناچار نەکات شەقام بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا گیان موناقەشەکەمان لەسەر ماددەی (٢) ڕاپۆرتی هاوبەشی.....

**بەڕێز د. هەورامان حمە شریف (هەورامان گەچینەیی)**

ماددەی (٢) من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگەی (٤) نەمێنێ ، لەبەر ئەوە خەڵك ناچارە ، من لەگەڵ ئەوە نیم خەڵك جادە بگرێ بەلاّم خەڵك ناچارە ، چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێ وەلاّمی داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادیەکان نەدراوەتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێ ، جا خەڵك وەلاّمی نەدرێتەوە ناچار ئەبێ بڕوا جادە بگرێ ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من زۆر جار کە خۆپیشاندەران خۆپیشاندانیان کردووە چووینە لەگەڵیاندا بووینە ، جەنابت لەگەڵماندابووی کاتێك کە ڕۆیشتین بۆ سەیدسادق و خەڵك جادەکانی گرتبوو پرسیارمان لە خەڵك ئەکرد ئەمان وت بۆ ئێرە بە جێناهێڵن ، ئەیانوت کاکە ئێمە بیست دانە ساڵە داوا لەم دەسەلاّتە ئەکەین نایە بە دەممانەوە ، بۆیە ناچار بووین جادەبگرین ، ڕۆشتینە بازیان لە گەڵ خۆپیشاندەران جادەیان گرتبوو گوتمان کاکە جادەمەگرن باش نییە ، وتیان کاکە ئێستاش کە ئێمە ئەکۆکین تەپوتۆزی ئەو هەموو مەعمەلانە دێتە دەرەوە لە قورگمانا ، بۆیە جادە دەگرین ، ئێمە لەگەڵ جادە گرتن ، نین بەلاّم لەگڵ ئەوەین دەسەلاّت بەخۆیدا بچێتەوە لەئاستی داخوازیەکاندا بێ خەڵك ناچار نەکا جادە بگرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس ، دوو نوقتە نیزامی هەیە کاك خەڵەف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە قەناعەتێکمان لا دروست بووە ، دروست بوونی ئەم پەرلەمان و ئەم خولە تازە بۆ ئەوە بووە ئەو قەناعەتە وای لێکردین ئێمە ئەمانەوێ کاربکەین لەم پەرلەمانەدا ، ئەگەر قسەکان تەنها بۆ مزایەداتە ، ئێمەش ڕوونکردنەوەمان هەیە و قسەمان هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە نەکوژین ، ناوم نەهێناوە ئەوە شم نەوتووە ، مەبەستم دانیشتنەکەیە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکا کاك خەڵەف ئەو ڕای خۆی وتووە ، تۆ نابێ قسەی لەسەر بکەی ، باشە دەست خۆش ، کاك ئاری تۆش نوقتە نیزامیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی ئێمـە نوقتـە نیزامیـە ، خـۆی دوو شـێوە قـسەکردن هەیـە لـەناو هـۆڵی پەرلەمانـدا ، یـەکێکیان ئەوکاتەیە کە لە دوای خوێندنەوەی هەر ڕاپۆرتێك ناو دەنووسرێ بۆ دەربڕینی ڕەئی لەسەر ئەو نوقتەیەو هیچی ترنا ، یـەکێکی تـریش هەیـە ئەگـەر لـە حاڵەتێکدا شتێکی نائاسایی لـە دەرەوەی ئـەم پـەیڕەوە لـەم هۆڵەدا ڕوویدات ، کەسێك بۆی هەیە ئەم حەرەکەیە بکات بڵێ ئەمە نوقتەی نیزامیەو ئـەوە ببڕێـت ، بـەڵام بەڕاستی پێویستە جەنابتان زیاتر وشیاربن لەوەی کە ئێرە نەبێتە مینبـەری خیتابـاتی سیاسـی و خوتبـەو ئەمانە ، چونکە ئەوە قبوڵناکرێت ، ئێمە ناچار ئەبین نوقتەی نیزامی بدەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، وەستاندمان ، باسمان لەوە کرد پێویست دەکا لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشـەکە قـسەبکەین ، فـەرموو کاك شامۆ.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نەعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزی من بۆ بۆچوونا هەردووك مامۆستا دکتـۆر شـوان و مامۆسـتا فخرالـدین ، بـەس ئـەز نـە لگـەل هەندێمە پەیڤە ئاینێش ڤێ ماددەیا دەرکەڤە .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شامۆ ئەوە ڕەئییە نوقتەی نیزامی نیە ، سوپاس ، بەڕێز وەحیدە یاقۆ فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەت من دووبارە هاتنە گۆتن ژ لای گەلەك برادەران ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە پەری فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لە لایەن برادەرانـەوە گەیـشتن ، تـەنیا تێبینیـەکم هەیـە لـە داڕشـتنی نووسـراوەکان ڕەچاوکردنی لایەنی داڕشتنی ڕستەکان بن ، چونکە لە کۆنفڕاسەکانی زمان یەکەم نووسراوەکان کـە زۆرتـرین ڕەخنـەیان لێدەگیرێ لەسەر ئاستی حکومەت و وەزارەت و پەرلەمانن تکاتان لێدەکەین ، سوپاس,

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك تەحسین دۆڵەمەڕی فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر خۆپیشاندانێك کە دەکرێتن دیارە دەربڕینی ئامانجی خۆیەتی ، لە بڕگەی (٤) بڕادەران یان بڕیاریانداوە دژی بن هەندێکیان یاخود تەواو لێی تێنەگەیشتوون ، دەڵێ نابێ خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگای خزمەتگوزاری ، واتە ئەو دام و دەزگایانەی کە مەعنینە بە کاری ڕۆژانەی هاوولاتیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری هاوولاتیان ئەمە لایەکی مەسئەلەکەیە ، ئەوەی ئێمە هەوڵدەدەین ئەوەیە ئازادی تا ئەو شوێنەی مرۆڤ ئازادە کە ئازادی خەڵکی تر پێشێل نەکاتن ، تۆ کاتێك ڕێگاوبان ئەگری کاری تیجارەت پەك ئەخەی ، کاری خزمەتگوزاری ڕۆژانەی دەوائیری دیکە مەعنیە بە خەڵك پەکبخەیت ، ئەمانە هەمووی تەئسیر لە ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیان دەکا ، کە غەدرێکە لێیان دەکەی ، ئەوەی تریان لە ماددەی (٤) بڕگەی (٢) کات و شوێنی خۆپیشاندان دیاریکراوە هیچ گرفتێك لەوە نایەتە پێش ، هەتا من لەگەڵ ئەوە نیم دەڵێتن هەرکاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکەوتن کە بووە مایەی پەکەوتن کەڵکی نامێنێ ، تۆ هەوڵدەدەی کە شتی خراپە نەکرێتن ، دام و دەزگای حکومەت ئازاری پێنەگاتن ، هاولاتیان ئازاریان پێنەگاتن ، ڕێگاوبانەکان نەگیرێن ، کە گیران تەسەور دەکەم ئەویشیان جێگای باسە کەواتە من پێم باشە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك سەرکەوت سەرحەد.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی دووەم بڕگەی سێهەم پشتگیری لە ڕای هاوڕێیانم دەکەم بە گشتی ، پێویست دەکا لە ئاین یان مەزهەب مەزهەبی بۆ زیاد بکرێت ، لەبەر هەر هۆیەکی تر لابدرێ ئەو لەو بڕگەیە ، بەنسبەت بڕگەی (٤) بۆ ماددەی (٢) پشتیوانی لە ڕای بێگەردخان دەکەم بە تەواوی ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، فەرموو خاتوو شیرین حوسنی.

**بەڕێز د. شرين حسنى رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئێستا هەندەك خۆپیشاندان کارتێکردنێ گەلەك خراپ لەسەر مومتەلەکێ تایبەتی ژ هاتێنە کرن تایبەت خەڵکێ تەبعەن ، ئەوان خەڵکێ ژ داوا تەعویزێ ژ حکومەتێ کرینە ، ژ لایە امنە خانێ باسی مومتەلەکاتێ گشتیە هاتیە کرن ، بەلام کارتێکرن لەسەر مومتەلەکاتێ تایبەت ژ هاتینە کرن ، پێموایە ئەگەر ئەم خاڵە لە بڕگەی (٤) ئیزافە بکرێتن نابێتە زۆر کرن لەسەر مومتەلەکاتێ یان ژ کەل و پەلێن

گشتی ئو تایبەتی بکرێت ، لە هەندێك خۆپیشاندان ژ مەنەسەیەك یان تەختەیەك بۆ خەتیبێك یان بۆ گوتەبێژێك دادەنرێتن ، ئەو گوتەبێژە پەیڤێك دروست دەكاتن ، پەیڤێك پێشكەش دەكاتن ئیحتیمالە ئەو پەیڤە پەیڤی خۆی شەخسی بێتن ، دەربرینیَ ژ خۆپیشاندانیَ نەكاتن پێم باشە ئەگەر ئەو خالێش ئیزافە بكرێتن نابێتن تەختەیەك بۆ گوتەبێژ دابنرێتن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك برزۆ مەجید فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكان كرا لەسەر برگەی (٣) و (٤) ماددەی (٢) ، بەلاَم ئەوەی تایبەتە بە دەستەواژە لەبەر هۆیەكی تر خۆشحالاَنە هەستم كرد پێدەچیَ زۆربەی ڕاكان لەسەر ئەوە بیَ لابریَ ، بەلاَم من لە لایەنێكی تری سیلبی ئەم خالَەیان قسەدەكەم ، ئەگەر دەسەلاَت لەم هەرێمە یان لە هەر هەرێمێكی تر لەگەلَ خۆپیشاندانیش بێت چونكە لەبیرمان نەچێت خۆپیشاندان دیوێكی دیموكراتی و جوانی هەموو هەرێمێك پیشان دەدات ئەگەر لەگەلَیش بیَ ، بەلاَم لێرە ئەو مەتاتە زۆرەی لەبەر هەر هۆیەكی تر لەوانەیە دەرفەت بدا بە سیاسەتی پێكهاتەیەك یاخود تەنانەت بە میزاجی كەسێكیشدا بە نموونە مودیری ناحیەیەك یان قایمە قامێك لە قەزایەك ئەو دەسەلاَتە خراپ بەكاردێنیَ لەبەر هەر هۆیەكی دروستكراوی خۆی دەلَیَ نەم هێشت خۆپیشاندان بكریَ ، ئەگەر محافز یان وەزیری داخیلیەش سیاسەتە دروستەكەی حكومەتی ئەم هەرێمە جێبەجیَ بكەن و بلَیَ كاكە تۆ دەستت زۆر گوشیوە ئەویش دیسان بیانووی دەهێنێتەوە دەلَیَ ئاخر لە ناحیەكەی من ، لە قەزایەكەی من داب ونەریتی كۆمەلاَیەتی وایە ، یاخود دوژمنداری عەشایری هەیە ، یاخود فلاَن حزب لەگەلَ فلاَن حزب كێشەی هەیە دەتوانیَ بە ئاسانی بیانوو بدۆزێتەوە ، بۆیە منیش لەگەلَ لابردنیمە لەبەر هەر هۆیەكی تر ، سەبارەت بە پەكخستن ئەوەی بینومانە زیاتر ڕێگا و بان و ئەوانەیە دەشیَ حكومەت مولزەم بكریَ لەكاتی گرتنی ڕێگاوبانەكان ، ڕێگای كاتی یان لادانی كاتی دروست بكریَ ئەو كاتە كێشەكە حەل دەبیَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لە ماددەی دووەم برگەی سێهەم ، ئەو برگەیە حەزدەكەم زیاد بكریَ لەجیاتی ئەوەی كە برادەران باسیان كرد یان (هەر هۆیەكی) تر لابرێت ئەوە ئیزافە بكرێتە سەری یان سووكایەتی كردن بەدابو نەریتێك زۆر جار وایە ، مەسەلەن لە كاتی موزاهەرەكە مەسەلەن تەعەدا لە عادات و تەقالیدی

خەڵكانێك دەكرێتن ، بەنسبەت برگەی (٤) وە دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاكی و بازرگانی و ئابووری ئەوەشی بخرێتە سەر پێم باشە بوارەكانی پەروەردەو فێركردن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆر شێركۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) برگەی (٣) پشتگیری لە ڕای كاك ئومێد و كاك علی و كاك برزۆ دەكەم بۆ لابردنی (هەر هۆیەكی تر) ، لە برگەی (٤) پشتیوانی لە ڕای كاك عادل و مامۆستا مەڕوان و خوشكە بێگەرد دەكەم سەبارەت بەوەی كە بەو دەقەی كە بێگەرد تەرحی كرد ، لە برگەی (٥) كە ئەڵێت نابێ هاووڵاتیان و كەسەكان كە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندانیان هەیە (هاووڵاتیان و كەسەكان) بكەین بە (ئەو كەسانەی) چونكە هاووڵاتیان خۆیان كەسن لە ئەسڵدا ، بۆیە دووبارە كردنەوەی هاوڵاتیان دیارە (ئەو كەسەكان) مەبەستی ئەوانەن كە هاونیشتمانی نین واتە بڵێین ئەوانەی كەسانی تری غەیری هاوڵاتیان ، بۆیە بۆ ئەوەی هەردووكیان یەك بخەینەوە بیكەین بە (نابێ ئەو كەسانەی كە بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایانەی مافی خۆپیشاندانیان هەیە بەزۆر ناچار بكرێن) هتد... ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بە مادده (٢) برگە (٣٠) خۆزی كو نافێ ڕێكخستنا خۆپیشاندانا لسەر نافێ ڤێ یاسایێ نەبا ، بەلكو پتر ڕێكخستنا ناڤ جەوهەرێ یاسایێ دا هەبا ، سەبارەت برگە (٣٠) نابت مەبەست لە خۆپیشاندانا هاندانا گروپەكی دژی گروپەكی دیتر نەبتن ، ڤێرێ ئەڤ جوملە هەیە ئەو نینە یا هاتیە خۆ تەقید كرنێ یان خاسكردنێ بەهۆی ئاین ، ڕەگەز ، نەتەوە ، باشە پرسیار ل ڤێرێ ئەڤەیە ئەگەر هاتو (هەر هۆیەكی تر) هاتە لادانێ سبەی هاندەرێكێ یانەیەكا وەرزشی ڤیان دژی یانا دیترێ خۆپیشاندانێكێ بكەن جائیزە؟ كەواتە دەرگا دێ بۆ وە ڤتن خۆپیشاندانێكێ دژی وانە بكەن یان نا ، یان ڕێكخراوەكی موجتەمەعی مەدەنی ئەندامێ خۆیەت هەین ڤیان خۆپیشاندانێكی دژی ڕێكخراوەكا دیتر منافەسە خۆیان بكەن ، واتە جائیزە ئەڤە ژی ، دیساوە دڤە گێرم سەر هەندێ كو هەمی هەڤالا یەعنی پێشنیارا هەندێكا مەزهەب بێتە داهێنانێ كەواتە (هەرهۆیەكی تر) موعالەجە هەمی تشتا كری یەعنی كو مورەشەحی ڤێرێ عیلاجە حالەتەكی كیری كو هێشتا ڕووی نەدابی لەئەمش تنێش جانبەكی بەبەرێخۆ نەداینێ ، یەعنی ئەم تەنزیما حالە تێكی بكەین پاشی فەوزایێ ، یەعنی نەكو پەرلەمان فەزا بكەڤتە ناو حالەتەكی دی ، سەبارەت برگە (٤) هەر دیسان ل هەمان ماددەیێ بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ عەهدێ دەولییێ گرێدایە مافێ مەدەنی و

سیاسیڤە دیسان ڤە جارنامە جیهانی مافێ مرۆڤیت دیساڤە دستووری عیراقێ مادده (٣٨) برگا (٣٠) هەمی ئاماژە بهەندێ دەن دڤێتن خۆپیشاندانیا سلمی بتن کەواتە ئەگەر شارع هاتنە گرتنێ ئەگەری پەکخستنا دام و دەزگاو کاری خزمەتگوزاری چ سلمیەتەك ناڤ خۆپیشاندانێدا هەیە ، یەعنی تێناگەم دگەلێ هەندێ دا یاسایا مەغریبی ، ئوردنی ، کوێتی ، مصری ، فەلەستینی هەمی ئیشارەتێ بهەندێ ددەن و ماددەیەکا سەریحی داهێناندێ ئەگەر هەڤالاً ببیت ژ دێت نوکە ئامازێ بوان مادده ددەن کو نابێتن ببتن ئەگەرێ پەکخستنا دام و دەزگا و ڕێگای گشتی ، یەعنی بۆچی دێیە کوردستانێ لازمە ئەڤە تێدا نەبتن یەعنی تێناگەهیێین بۆچیە! دیساوە وەسیقەحقوقێ حکومەتی ئەمریکی هەر دیساڤەوە ئاماژە بهەندێ دایە کو نەبتنێ چێنابتن ڕێگا گشتیێ بێن گرتنێ یان دام و دەزگایێ خزمەتگوزاری بێن پەکخستنێ ، بەلکو چێنابێ شیعاراتێ مەمنوع ژ کوردستانێ چ یاسا نینە ڤە هەندێك شیعاراتێ مەمنوعکەن ، نابتن چ شیعاراتە مەمنوعێ ژ بێتن گۆتنێ ناڤ خۆپیشاندانا وەکو شیعاراتە هیتلەر و نازی یان بۆ نموونە ئەگەر عیراقێ دابوایە بەعسی یان دژی ئەخلاقێ عام یان دژی مەسەلەن دینی و تەعلیماتا بوا ، یا من دڤیا بێژم هەر ئەڤەبی ، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ تنێ یەك ئیزافا دی بۆ برگە (٤) بۆ مادده (٢) کو نابت خۆپیشاندان ببن مایەیی پەکخستنێ دام و دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری ، دڤیا سەلامەو سحە ئاماژە هاتیبا کرنێ و کو جزئەکی گەلەکی گرنگە نابێت خۆپیشاندانێ ببت لەگەلێ هەلکرنا ئاگراو ، تێکدانا ژینگەهێ کوردستانێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز مامۆستا حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی لاچوونی (هەر هۆیەك) پشتگیری کاك ئومێد و هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە ئەوەیان باسکرد زۆر تەفاسیلی نادەمێ ، بۆ برگەی (٤) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە خۆپیشاندان پێموایە مافی ڕەوای هەموو ئینسانێکە ، مافێکی سەرەتاییە وە زۆر لە برادەران باس لەوە دەکەن ئێرە ئەوروپا نییە ، من پێموایە لە ئەوروپا ئەسلەن لە ئەوروپا خۆپیشاندان دەکرێت ، ڕێگا دەگیرێت ، سەیارە دەسووتێ ، مەحەتەی ڤیتار ڕادەوەستێ کورە فرۆکەخانە ، یەعنی بە هەفتە هەندێك شوێن ڕادەوەستێن ، خێرە لە ولاتێك کە ولاتێکی موئەسەساتە ولاتێك کە مافەکانیان مافی ئینسان لە نزیك لوتکە دایە ، بەلام لە ولاتی ئێمەدا کە ئاواینە ئێمە ڕێ لە خۆپیشاندان بگرین ، بۆیە من بەش بە حالی خۆم پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە هەر نەمێنێ لەبەر ئەوەی خەلك خۆپیشاندان دەکا ، ڕەنگە زۆرجار خۆپیشاندان ببێتە هۆی دامرکاندنەوەی هەندێك غەریزەو هەندێك شت ، جاری وا هەیە خۆپیشاندان کە ڕێی لێدەگری بە جۆرێکی دیکە لە شوێنێکی دیکە سەرهەلێ دەدات کە ئەمە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدادێنی ، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم برگەیە نەمێنێ و وەکو زۆربەی برادەران پێشنیاریان کرد ، ئەگەر نا (اضعف الايمان)

ئەگەر ئەو برگەیە هەرماو دەنگی بۆدرا پێشنیار دەکەم ئەوەی بێگەردخان ئەم دەستەواژەی بێگەردخان بەکاریهێنا ، بەلاّم لە ئاخیریدا لەگەلّی نیم کە دەلّێ (بەراویژ لەگەلّ رێکخەری خۆپیشاندانەکان خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبێ) من دەلّێم چارەسەری بۆ بدۆزنەوە نەك خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبێ ، چونکە رەنگە نەیانەوێ کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە بێنن بە راوێژ لەگەلّ ئەمان چارەسەر بۆ ئەم گرفتە دروستکەن کە دێتە پێشەوە ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك ئایدن فەرموو.

**بەرێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی رەئی کاك ئومێد و کاك علی وە کاك فرسەت سۆفی ئەکەم ، هەروەها تەئیدی رەئی کاك ماجدیش دەکەم ، دەربارەی برگەی (٤) ئیزافەك هەیە کە پێشتر ئەو خۆپیشاندانانەی کە کراوە هەندێك لەو خۆپیشاندانانە کە بوویتە سەبەبەك وە هۆیەك بوویتە زەرەرو زیانێکی زۆری بە پارت و لایەنە سیاسیی و کۆمەلّگەی مەدەنیش داوە ، ئێمە لێرە لەو برگەی (٤) ئەوە بکرێ کە خۆپیشاندان نەبێتە زەرەوی زیانی بۆ کۆمەلّگای مەدەنی و حزبە سیاسییەکان ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەرێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەرێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەهەموو ئەو بۆ چوونانەدەکەم کە (هەر هۆیەکی تر) لابرێت واتە تا رەگەز و موفتەسیرە ، ئەو برگەی (٤) بۆ ماددەی (٢) ئەوەی کە نابێ خۆپیشاندان ببێتە پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگاکانی خزمەتگوزاری زۆر قسەی لەسەر کرا ، لەبنەماوە خۆپیشاندان بۆ ئەوەیە کە شوێنێك پەك ئەخەی بۆ ئەوەی وەلاّمت بدەنەوە ، ئێ باشە ئەگەر ئەمانە هیچی نەبێ وە لایەنی دەسەلاّتداریش وەلاّمی نەبێ ، ئەی چی بکا؟ خۆ ئەبێ بیرێك لەوە بکرێتەوە ، بۆیە من لە راستیدا لەگەلّ ئەوەدام ئەوەی تیادا نەبێ ، ئەگەر تیاشیدا بوو ئەو دەقەی کە کاك رابوون خوێندیەوە وە کاك عمر عینایەتیش دلّنیام دوایی دەقێکی تر دەخوێنێتەوە من پشتگیری لەو دوو دەقە دەکەم ، لەبەر ئەوەی لە نزیکمەوەیە بۆیە ئەزانم ، لە راستیدا یەك شت زۆر باس دەکرێت و ئەوانە بابلێن هەمیشە تۆ بەرامبەرە کە ئەبینی ئێ باشە ئەی ئەگەر خۆپیشاندەر کوژرا ، ئەگەر ئەشکەنجەدرا ، ئەگەر رفێندرا ، ئەگەر تاوانی درایە پالّ ، یەعنی ئەی ئەمە بۆ نموونە بەرامبەرەکەی چی بێت؟.....

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە لە ماددەکانی ترەوە باسکراوە.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

بەڵێ باش ، ببوورە ، بۆیە لە ڕاستیدا بمبوورە هیوادارم وەکو دیسان ئەمە منیش وەکو جۆرێك لە نەسیحەت نەکەوێتەوە ، ئومێدەکەم وازبێنین لە وەعزدان و نەسیحەتکردن و ئەوانە ، ئیتر ئەمە لە ڕاستیدا ئەمانەوێت هەمووومان بەیەکەوە هەرێمەکە بخەینە سەر پێی خۆی ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش ، بەڕێز دکتۆر محمد علی فەرموو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ یاسایێت وەختێ خۆدا ساڵی٢٠١٠ وەختێ هاتی بۆ خۆپیشاندانێ بوو ڕێکخستنا خۆپیشاندانێ پترین خۆپیشاندان سەر هاتنە کرن ، پترین خۆپیشاندان هاڤدژ لگەڵ یاساییا سەر هاتنە کرن ، ئەوجا ئەز هێڤیدارم هەمی ببینە ئەگەرەك بۆ هەندێك کو ئەڤ یاسایە فعلەن بۆ ڕێکخستنا خۆپیشاندانا بیتن ، برەنگێك کو ئەم بشێین گەلەك ئازادیانە و مەدەنیانە سەرەداریە لەگەڵ بکەین ، ئەز لەگەڵ ڕەئیا وان هەوالآمە کە (هەر هۆیەکی تر) نەمینێتن ، دیتنا من (هەر هۆیەکی تر) شی ناوێ بێتە نڤیسین (هەر هۆیەکێ) ببێتە ئەگەرێ توند و تیژیێ ، هەرچەندە ئەڤە ماددە دیدا هاتی کو دەبێتن یا ئاشتیا نەبی بۆ نموونە ماددە یەکێ سێیەم ئاشتیانە بێژیتن ، لێ دیتنا من (هەر هۆیەکی تر) ڤێرەیا مەتاتیە هەروەك هەڤالآ دی ژ ئیشارەت پێدایی ، پەیڤێن دی هەڤالآن ئەو تشتێندی یەوێت مە جیاو باس بکەم لێ هاتنە باسکرن ، لێ من دڤێتن سەر بابەتێ پەکخستنا کارکرنا دام و دەزگەهان ژی ئاخافتنەکی بکەم ، دیتنە من تایبەت خۆپیشادان ئەسڵێ خۆدا ، فەلسەفە خۆدا بۆهەندێ کو خەڵك بهێن دەربڕینا ژ خۆبکەن و مافەکێ سروشتی وانە کو ڕەئی جارنامەی جیهانە ، مافێ مرۆڤان یاسا و ڕێسایان ڤێ ولاتی ژی ڕێگە دەداتە هەر تاکەکی کو خۆپیشاندانێ بکاتن ، ئەگەر هاتو خۆپیشاندان دەمێکێ ژ دەماندا بۆ ئەگەرێ پەکخستنا دام و دەزگەهێ ژی یان هاتوچوەکێ هەرچەندە موقارەنا خو دگەل ئەوروپا یان هەر ولآتێکی دی ناکەین ، لێ ئەو ژی ئالیەکێ ڕەوایە خۆپیشاندەریە بۆ هەندێ کو دەنگێ خۆ بگەهینیت دەربڕینی ژ خۆ بکەت ، ئەگەر تو بوێریکێ دەلیڤ نەدایە خەڵکی کو ئازادانە دەربڕینی ژ خۆ بکەن ، وان تشتێت کو سینگێ خۆ دەربێخن ڕێگێن دییە خراپ تر دهەڤن بەهارە عەرەبی ژ نموونەیەکە دیبوو کو بەرچاڤێت مە هەبوو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر ڕەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی (٣) پشتگیری هەمووو ئەوانە دەکەم کە داوایان کرد (هەر هۆیەکی تر) لا ببرێت ، چونکە ئەمە دەسەلآت دەدا بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی هەرچییەکی پێ خۆش بێت ئیزافەی بکات لە

راستیدا له کاتی جێبەجێکردنی ئەم قانونە ، لەسەر ئەوەی کە برگەی (٤) لە راستیدا من لەگەڵ پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگای گشتی و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی ، ئابووری نیم بەلاّم لەگەڵ ئەوشدا ئەم برگەیە ئەگەر ببێ بە قانون بەدڵنیاییەوە تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێ ، چونکە وەکو هەموو ئەو برادەرانەی ئیشارەتیان پێدا مەتاتیە ، مەسەلەن ئەتۆ باس لە هاتوچۆی گشتی ئەکەی خۆپیشاندان لە سەنتەری شارەکان ئەگەر بکرێ مومکین نییە لە یەکێ لە شەقامەکان نەکرێ هەر شەقامێك لەو شەقامانە هاتوچۆی گشتی پێدا تێپەڕ دەبێ ، کەواتە قەدەغەیە خۆپیشاندانی لێ بکرێ ، کەواتە خۆپیشاندەران لەکوێ خۆپیشاندان بکەن؟ بۆیە پێویستی بە دارشتنەوەیە یان چالاکی بازرگانی لە راستیدا چالاکی بازرگانی راستە ئەوەی امنە خان ئیشارەی پێدا لەوانەیە لە مەرزە سنووریەکان زۆر جار ئاستەنگ بۆ چالاکی بازرگانی و ئابووری دروست بووبێ ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ دارێژەیەکی باشت بۆ هاتوچۆ گشتیەکە دارێشتەوە ئەو کات ئەمەشیان دەگرێتەوە ، بە نموونە لەوانەیە سبەی چونکە ئەگەر تا چالاکی بازرگانی و ئابووری بەشێوەیەکی سەرتاسەری خوا نە خواستە پەکی کەوت کەواتە ئەمە شۆڕشە ، خۆپیشاندان نییە ، ئەمە لەلایەك لە لایەکە دیکەوە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی نەبوو یا مەسەلەن بۆی هەیە رۆژنامە نووسێك یا راگەیاندنێك هەواڵێك بلاّوکاتەوە سبەی لە یەکێك لە راگەیاندنەکان بوترێت بە نموونە ئەمە سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی لە ترسی ئەوەکانیان لە دڵەڕاوکێدان ئەو کاتە پاساو بۆ پێشگرتن بە خۆپیشاندان ، بۆیە من پێم باشە ئەمە دارشتنەکی دیکەی بۆ بکەینەوە سیاغەی قانونی بۆ بکرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڤێت ئەز بێژم یاسا بۆ سنووردار کرنا دەسەلاّتا دەوڵەت و حکومەتیە ، نەك بەر تەسکرنا ئازادیا خەلکێ راستە لگەڵ ژ هەندێك یاسا بۆ رێکخستنا ژیانا خەلکیە بەس یاسایەکی رەق و هیشك نەشێت ژیانا خەلکی تەنزیم بکات ، بو هەندێ کو ژیانا خەلکی بێت تەنزیم کرن پێویستە داخوازیە خەلکی پێش چاڤ بێنە وەرگرتن رێکخراوا کۆمەلگەها مەدەنی ، سەندیکا بێن ئەکتیف کرن گوهێ خەلکی بهێتە گرتن ، ئەگەر خۆپیشاندەر بشێن بگەهێن جێیێ پەیوەندیدار داخاز و پەیاما خۆ بگەهیننە وان ئەگەر نەهێتە جێبەجێکرنیش بەس راستی بۆ وان بێتە روونکرن ئەزێت وێ باوەرێدام سەدێ پێنجی خۆپیشاندانی کوردستانێ دێتە کێمکرن ، ئێکێك لە ئیشکالیات مەزن خۆپیشاندانا ئەڤەیە گەلەك جارا کو پێشوەخت هەوڵدەدەن کو بگەهن جێهەتا پەیوەندیدار ، نەشێن ئو ج روونکرن ژ نینە ، ئیدی ئەڤەیە دبت سەبەب و خۆپیشاندان بێن کرن و گەلەك جارا ژ توند و تیژی ژ لێ بکەڤت ، بۆ هەندێ ژ کو یاسا دروستی بەرژەوەندیا خەلکی دا بیو بۆ تەنزیم کرنا ژیانێ بت پێویستە خەلك بێتە بەژداری کرن د دارشتنە

یاساێیدا ، ڕاسته ئەندام پەرلەمان نوێنەرێ خەلکیه بەس بۆ هەندێ ئەڤ یاسا تێروتەسەلێ بێ گفتوگۆکرن یاسایەکێ ڕاست و دروست و بەرژەوەندیا گشتیا دەرکەفت ، پێویسته ڕێگەها ڕاگەیاندنێ ڕێگا ڕێکخراوه کۆمەلگەها مەدەنی به ڕێگا سەندیکا ئەڤ یاسایه چەند هەیڤ پێش وەخت بێت گفتوگۆ کرن خەلك بەشداربت داکو یاسایەکێ دروستبت ، ئەز لەگەلێ ڕەئیا پرانیا هەلامه (هەر هۆیەکی تر) بێت لادان یسایێ ج ولاتێکی پێشکەفتیدا ڤان ڕۆژادا شازده ولاتێن پێشکەفتی منێت خواندین (هەر هۆیەکی تر) و هەتا هەتا نوقته نوقته من تێدا نەدیتینه ، پێویسته ئەم ولاتێت پێشکەفتی ولاتێت دیموکراسی ولاتێت کو مافی مرۆڤ تێدا پاراسته بۆ خۆ بکەین نموونه و لۆگۆ ، نەك هەندێك وەلاتێن پاشکەفت کو مافێ مرۆڤی تێدا پێشێلکرن ، ئەڤ خالا دیژێك نابت خۆپیشاندان ببت مایەی پەکخستنی کارکردن و تا دوایی ، ڤێرێ ژك ئەز پشتگیریا ڕەئیا هەڤالا دکەم ئەڤه دبت سەبەبێ بەر تەسك کردنا ئازادیا خەلکیێ ڕێگرتن له خۆپیشاندانا ، ئەم دشێین ڤێ ماددەی (٨) فەقەره (٢)دا پێشنیارامن ئەڤەیه لیژنا یاسایی مادده (٨) فەقەره (٢)دا هاتی ئەگەر پۆلیسی چالاکی مەدەنی و دەزگاێن دیا پۆلیس نەشیان زەحمەتیان له بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەراندا بینی ئیتر دەتوانن هۆکاری مۆرکی مەدەنی بەکاربێنن تەبعەن ئەڤه ژ بێ نوقته و هتد ، چونکه ئەڤه ژکێ مەتانیەتا تێدا ئەز دیسا پێشنیارا خۆ دووباره دکەم ئەو یاساێن کو ژیانا ڕاستەوخۆی خەلکی گرێدایش ئەڤرۆ پێوەتر جدی کاربێکرن چەند هەیڤا پێشوەخت دناڤ خەلکیدا گفتوگۆ بێته کرن ، بۆ نموونه له ئەوروپا بۆ قەدەغەکرنا جگاره له جهێن گشتی پێنج سالێن ڕەبەق د ڕاگەیاندنێ داو هەمی کۆڕو کۆمەلێ و ڕیکلامەکا گەلەك مەزن هات بەحس و گفتوگۆ کرن ئێدی وەختێ بی بڕیارو یاسا گەلەك ئاسان لناڤ خەلکی هاته وەرگرتن ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس ، بەڕێز کاك فایەق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره هەموارکردنی یاسای خۆپیشاندان خۆی یاسایەکه ڕەهەندێکی مەدەنی و ئازادیخوازانەی هەیه ، بۆیه تا چەند لەو یاسایەدا گرانەوە و فەراهەمکردنی ئازادیەکانی هاولوآتیان جێگیر بکرێ سیمای مەدەنیانه و ئازادیخوازانەی ئێمه پیشاندەدات ، من هەستدەکەم لێره که گفتوگۆی بڕگەو ماددەکان دەکرێت له بیر و ڕای جیاوازدا ، ڕێك وا هەستدەکەم بەشێك خۆپیشاندەرین ، بەشەکەیترمان له دەسەلاتداین و لەسەر کورسین بەردەمان لێگرتووه بۆ لابردنی لەسەر کورسی دەسەلات ، ئێمه ئەوڕۆ حکومەتێکی بنکه فراوانمان هەیەو هەمووومان بەشدارین له دەسەلاتدا ئەکسەریەتمان.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك فایەق قسه لەسەر ماددەی (٢) دەکەین.**

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ پەیوەندی بە ماددەی (٢) هەیە ، دیارە ماددەی (٢) بڕگەی (٣) لەگەڵ (هەر هۆیەکی تر) نیم ، بڕگەی (٤) خودی خۆپیشاندان بۆ دروستکردنی فشارە بۆ جێبەجێکردنی داخوازی و مافەکانی هاوولاتیان ، بۆیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ماددەی (٤)دا نیم کە ئەمە فیعلەن قەید و بەندکردنی خۆپیشاندان وە قەدەغەکردنی خۆپیشاندانە ، دەستکردنەوەی بەرپرسانە لە پێشێلکردنی ماف و داواکاریەکانی خەڵك ، بۆیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ماددەی (٤)دا نیم ئەگەر ماددەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە ، خۆپیشاندان تەنها دەبێتە سەیران لە گەشتێك و هیچی تر ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عبدالله.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت من داوای ئیزافەی دوو بڕگەی دی دەکەم لە ماددەی دوو، یەکەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەمامك یان ئەقنیعە بۆ پۆشینی دەم و چاو لە ناو خۆپیشاندەران چونکە ئەوە ئێستا بوویتە دیاردە لە ناو شەرقل ئەوسەت خەریکە بێتە کوردستانیش ئەو تەزاهوراتە، بڕگەیەکی تریش قەدەغەکردنی بەکارهێنانی شوێنی ئاینی بۆ مەرامی سیاسی وەهەروەها نابێت ئەو شوێنە بۆ خرفە بوون و چۆنە خۆپێشاندەران بێتە بەکارهێنان لە نەصەکەی عەرەبی ئەوها هاتووە (يمنع ارتداء الأقنعة لأخفاء الوجه من قبل المتظاهرين وكذلك يمنع حضر الأجتماع لأغراض سياسية في أماكن العبادة كما يمنع تنظيم المواكب منها واليها) سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی یەکی بەشی دووەمت پەیوەندی بەم پرۆژە یاسایە نییە، ئەوە لە یاسای حزبە سیاسییەکان ڕێکخراوە، بەڵام ئەوی تر دەتوانرێ وتوێژی لە سەر بکرێ، فەرموو د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم هەر هۆیەکی تر لا ببرێت، ماددەی دووەم بڕگەی چوارەم پشتیوانی لە راکەی بەڕێز بێگەرد خان دەکەم ڕێك بخرێتەوە، هەر لە ماددەی سێیەمدا پشتیوانی کاك خلف دەکەم مەزهەبی بۆ زیاد بکرێ، چونکە بەشێکی گەورەی کێشە لە عێراق بە گشتی مەزهەبە، بڕگەی چوارەم بە هەمان شێوە چالاکی بازرگانی ئابووری پێش و پاش بخرێ لە هەموو کاتێکدا ئابووری لە پێش بازرگانی دادەنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فیروز خان،

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە من یا ئیمزا ل سەر راپۆرتی موافەقم من چ خیلاف ل سەر نینە، بەس ل ناڤ کومبوونە لیژنە هاوبەشێ ژ من ئەڤ پێشنیار هەبوو لێرەش دووبارەکەمەڤە ل مادده دوویێ بڕگەی چوارەم پێشنیار د کەم وەك نابێت خۆپیشاندان بێتە مایەی پەکخستنی هەتا دوایی هەر ئیزافە د کەم کە خۆپیشاندان نەبێتە ڕێگری خەڵك و بەکارهێنانی مافی خەڵك لە ڕێگە گشتییەکان و ژینگەی کوردستان، چونکە من مافی خۆپیشاندانم هەیە، بەڵام مافی بڕینی رزقی خەڵکم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لەو هاوڕێیانەم کۆکن لە سەر ئەوەی کە هەر هۆیەکی تر لا ببرێ بە بڕوای من بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئەسڵیەکە، چونکە هەر هۆیەکی تر لە دەقە ئەسڵیەکە نییە، ئەگەر سەیر بکەین بەو شێوەیە نووسراوە، نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك یان گرووپێکی دیاریکراو بێت بەهۆی ئاین یان نەتەوە یان رەگەز یان نەژاد ئەمە حەلی ئەوە دەکات هەر هۆیەکی تر منیش لەگەڵیدا نیم بەڕاستی، بڕگەی چوارەم کە بۆ ماددەی دووەم زیادکراوە بەڕاستی من بە پێویستی نازانم ئەگەر لیژنەی یاسایی زۆر سوورن لە سەر ئەوەی بڕگەیەکی لەو شێوەیە هەبێ لە یاساکە دەبێت پێناسەیەکی وا بکرێت کە بەهیچ شێوەیەك نەبێتە هۆی دانانی کۆت و بەند بۆ هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران، چونکە لێمان تێك نەچێت خۆپیشاندان مافێکی دەستوریی هەموو خەڵکی کوردستانە و یەك شتی تر کە باسی ڕێگاوبان دەکرێ هاوڕێیان یەعنی ئێمە خۆمان هەمووومان دەزانین هەموو خۆپیشاندانێك لە سەر ڕێگاوبانەکان دەکرێت ئینجا گەر ئێمە بچین لە سەر شۆستەکان خۆپیشاندان بکەین کەواتە ئەوە مەڕاسیمی پێشوازی دەکەین، خۆپیشاندان ناکەین، لەبەر ئەوە دەکرێت لە شارە گەورەکاندا یاخود لە سەنتەری شارە گەورەکان زۆر ئاساییە ڕێگاوبان دەگیرێت، بەڵام لە پێناسەکە ئەگەر داڕێژرایەوە ڕێگای نێوان شارە گەورەکان ڕێگا نەگیرێ لەو حاڵەتە شتێکی ئیعتیادییە، بەڵام لە ناو شارە گەورەکاندا بەداخەوە دەڵێم واشی لێهاتووە لەلایەن دەسەڵاتی خۆمانەوە زۆرجار خۆپیشاندانەکان ڕێگە نەگیرێت یاخود دەوام پەك نەخرێت لایەنی جێبەجێکار نایێ بەدەم خۆپیشاندانەکەوە، بەدەم مانگرتنەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان،

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتە گوتن ژ لایێ بەڕێز (مەڕوان و فرسەت صۆفی) دووبارە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان،

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم کە دەڵێین ئاین بمێنێتەوە وەهەروەها (هەر هۆیەکی تر) لا ببرێ لە بڕگەی چوارەم ماددەی دووەم هاوڕام لەگەڵ خاتوو بێگەرد داڕشتنەوەکە بەو شێوەیە بێت کە بەڕێزیان تەرحی کرد، بەڵام پێم باشە و پێشنیار دەکەم ئەگەر وشەی ژینگەشی بۆ زیاد بکرێ وەهەروەها ئەرکی پاککردنەوەی شوێنەکە لە کاتی خۆپیشاندان بخرێتە سەر رێکخەری خۆپیشاندانەکە لەبەر ئەوەی زۆرجار ژینگە پیس دەکرێ بەڕاستی خۆپیشاندان ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ ئێمە دەبێ هەموومان بەتەنگ پاك و تەمیزی ژینگەوە بێین ئەوە پەیوەستە بە ژیانی هەمووومانەوە، لە بڕگەی پێنجەم ماددەی دووەم پیم باشە منداڵ زیاد بکری، لە خۆپیشانداندا زۆر جار ئێمە دەبینین منداڵ بەشداری پێدەکرێ، و زۆرجار بەداخەوە بەداخەوە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە خۆپیشاندان و زۆربەی جار منداڵەکان دەبنە قوربانی لەو خۆپیشاندانە لەبەر ئەوەی داواکارم کە منداڵ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بەشداری پێ نەکرێ بە هیچ شێوەیەك لە خۆپیشاندان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم شتێکە لە مابەینی نوقتەی نیزام و نە نوقتەی نیزامە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر با نوقتەی نیزامی بێ؟ فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم هەڤالێت مە خڕی وسا بەحسێ وێ پڕۆژێ یاسایە د کەن کە ئەنەما چارچوڤێ کۆمەلگەهی کوردەواری ژ بیر کری ئەم کۆمەلگەهی کوردەواریدا د ژین کۆمەلگەهەکە نە مە پێ جێ بیت رێکخەرێت مەیێ ێت خۆپیشاندان، گوتم لە ما بەینی هەردووکیان دایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک شوان،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدامە کە ماددەی دوو هەروەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی هەر هۆیەکی تر لەوانە کۆمەڵێك شت دەگرێتەوە، ئەگەر دەکرێ بەناوێکی تر بێت، بەڵام کۆمەڵێك شت هەیە لێرە جێی بێتەوە، چەند هەڤاڵێك لێرە باسیان کرد ئەگەر تەنها ئەو ناوهێنانی ئاین یان نەتەوە یان ڕەگەز یان نەژاد بنووسرێت ئەوانی تر لێرانە ناکرێ جێیان بۆ بمێنێتەوە، بۆیە من پشتگیری دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە و، ئەوەی تریش چونکە کە باس دەکەم پێم باشە بمێنێتەوە لەبەر ئەوەیە دەڵێ نەبێتە هاندانی هەر گروپێك دژی گروپێکی تر ئەوانەش بە دژەکە دێتن، بۆیە من پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی دیاری نەکراوە کە هاندانێك بێتن تەنها بۆ دژایەتیکردنی ئەوانەیە کە تەئسیر لە سەر وەزعی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمان دەکاتن، ئەوەی تریش دەربارەی بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەم ئەم یاسایە پێم باشە لە دواپید نابێت خۆپیشاندان ئەوەش ئیزافە بکرێ بەردەوامی هەبێت کاتێك ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردنی دام و دەزگا خزمەتگوزاری و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەمووتان دەزانن بەڕاستی خۆپیشاندان ئامانجی ئەوەیە کە لایەنێك هەیە سزادراوە لایەنێکیش هەیە زوڵمی کردووە، ئیتر ئایا ئەو لایەنەی کە زوڵمی کردووە دام و دەزگاکانی حکومەتە یان دام و دەزگای کۆمپانیاکەیە، ناکرێت مرۆڤی خۆپیشاندەر بچێت داوای وەرگرتنەوەی ئەو زوڵمەی لێکراوە بۆ ئەوەی زوڵمەکەی لە سەر لا بکەوێ لە کەسێکی تری بکاتەوە لەبەر ئەوە من مەتنێکم داڕشتووە بۆ بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی دووەم هیوادارم بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرن و دەربارەی بڕگەی سێیەمیش لە ماددەی دووەم من پێم وایە ئاوا بنووسرێت باشترە نابێت ئامانج لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیاریکراو بێت بە هۆی ئاین، ئاینزا یان نەتەوە ئەوانە لا ببرێ، تەبعەن (و) لە کوردیدا نییە، بە فاریزە جێبەجێ بکرێ ئەو برادەرانە جارێکی دیکە دایڕێژن، بەنیسبەت بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم کە باس لەوە دەکات نابێت خۆپیشاندەر ببێتە مایەی پەکخستنی کارکردن لە دام و دەزگاکانی حکومەت منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە مانای ئەوەیە خۆپیشاندان نەکرێ، لەبەر ئەوە باشترە ئەمە چارەسەرێکی مام ناوەند بکرێ لە بەینی داخوازی خۆپیشاندان و لە بەینی دەسەڵاتیشدا و خەڵکیش ناکرێت کە نەخۆش بۆ نەخۆشخانە دەچێت پەکی بخەیت و نەهێڵی بچێتە نەخۆشخانە، نەخۆشەکە بمرێ یان تووشی کارەساتێك

ببێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك خەڵك هەندێك داوایان هەیە لە کۆمەڵێك خەڵکی تر یان لە دەسەڵات، پێم باشە بەو شێوەیە بکرێ ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا سەرنجی بدەن نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی کار لە یەکە هەستیارەکانی نەخۆشخانەکان وەك چاودێری ورد و فریاکەوتن و پۆلیسی فریاکەوتن، ئەمە زۆر گرنگە ئەگەر بەم شێوەیە بنووسرێتەوە، دووەم نابێت خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی هاتوچۆی نێوان شار و شارۆچکە و گوندەکان و هاوینە هاوارەکان لە کاتی پەکخستنی هاتوچۆ لە ناو شار و شارۆچکەکاندا بە هۆی خۆپیشاندانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێویستە پۆلیس رێگای بەدیل بۆ هاتوچۆکەران دیاری بکا، سێیەم: نابێت خۆپیشاندان لەو رێرەوەی بۆی دیاریکراوە ئاراستەکەی بگۆڕێت، چوارەم: نابێت خۆپیشاندان زیان بە ماڵ و مەڵکی گشتی و تایبەت بگەیێنێ، ببوورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری بەڕێز د. عبدالله دەکەم کە وتی قەدەغەکردنی دەمامك لەلایەن خۆپیشاندەران و لەلایەن پۆلیسیشەوە ئەوکاتە پۆلیسیش، چونکە ئێمە بینیمان لە سەید سادق پۆلیس دەمامکی لە چاو بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە نووسیوتە بینێرە بۆ لیژنەی یاسایی داوای دەکەن، فەرموو نجیبە خان،

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیارەکانم گوتراوە پشتگیری لەو رایە دەکەم کە (هۆیەکی تر) لا ببرێ، و پشتگیری لەو رایەش دەکەم کە (ئاین) لا ببرێ، ئەگەر (ئاینزا) دابنرێ ئاساییە، ئەگەر نەشبێت ئەوا (ئاین) لا ببرێ، و پشتگیری لەو دارشتنانەی کاك عمر عینایەت دەکەم کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە ئەو برگەیە و ئەو تێبینیانەی کە امنە خان باسی کرد لە سەر برگە قانونییەکان ئەگەر بەو شێوەیە ئەم یاسایە دژی کۆمەڵێ برگەی ترە لە یاسایەکی تر کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان چۆن بەڕاستی یەعنی ئەم یاسایە دانراوە یاسای خۆپیشاندان چۆن لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆیە ئەگەر ئەو دژایەتییەی هەبێ پێویست بە پێداچوونەوەی دەکا، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی کاروان،

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رەئیەکی جیاوازم هەیە لە هەر هەمووی، گلەییەکیشم هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئاخیرین وەکو داوای لێبوردن دەکەم کە ئەو قسەیە دەکەم لە ناو پاص ئاخیر کەس دائەبەزین وای لێهاتووە هیوادارم چاك بکرێ ئەو سرەیە، من پێم باشە هەردوو برگەکە لیژنەی یاسایی د. ڤالا و ئەوان هەتا بکرێ موختەسەر بێ، یاسا هەتا موختەسەر بێ تەنفیزکردنی باشتر دەبێ، پێم باشە هەردوو برگە ببێتە یەك بەم شێوازە دوو دێڕ و

نیوە خۆپیشاندان نەبێتە مایەی تێکدان، چونکە لێرە دەڵێ نەبێتە مایەی پەکخستن بۆ نموونە وەزارەتی تەربیە ئەگەر موەزەفەکانی مان نەگرن دائیرەکە پەکی نەکەوێ خەڵك بەدەمیانەوە نایێ، لەبەر ئەوە پەکخستن لە ئەوروپا، لە ئەمریکا، لە وڵاتانی تر موتەبەعە، حاڵاتێکی زۆر تەبیعیە و تەندروستییە، بەڵام تێکدانەکە گرنگترە، من دەڵێم بەم شێوەیە بێ خۆپیشاندان نەبێتە مایەی تێکدانی دام و دەزگاکان و پەکخستنی هاتوچۆی گشتی، هاتوچۆی گشتییەکە دەکرێ ببێتە هاتوچۆی دەرەوە و هاندانی گرووپێك دژی گرووپێکی دیاریکراو هەردوکی تێکەڵاو دەبێ ئەوە وەکو ئیقتیراح، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شێخ شامۆ

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا من د ڤێ ئەز بێژم پشتەڤانیە لە ڤان هەڤالا د کەم پەیڤە ئاینێ بڕگە سێ مادده دوو بمینێ، چونکە ئەم پێکهاتێت ئاینی و نەتەوە کەوردستانێ مە پێویستی پێ هەیە ب سەرێ مە ژی هاتییە، بەلکی دووجارا خۆپیشاندان جێ بوونە ل دەڤەرا مە نە بەس کراسەکی ئاینی وەرگرتینە، بەڵکو ئەدرێسەکی جیهادیشی وەرگرتینە ژ بەر ئەڤە بلا ئاین بمینێ پتر پێکڤە ژیانێ خورت د کە ئەڤ پەیڤە ل ناڤ قانونێتدا، ل بڕگە سێ ژی ئەخیر نەبێتە ئەگەرێ شۆتاندنە ماڵ و مومتەلەکاتی خەلکی تەسەوڕا من بێتە ئیزافە کرن باشترە، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە، فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیوەی نیسابە ئێستا، سوپاسیە هاڤالا خرە د کەم کو بەحس کرن راستی هەمی ژ خەم خۆری خۆیە، بەلێ بەرا پتر هەڤالێت مە ئەڤ خالا من د ڤێت گوتن یەعنی تێکڕای دەنگی هەڤالا سەر وێ چەندێ راوەستان ئەمە ل کۆمەلگەیەکی شەرقل ئەوسەتێ دەژین، کۆمەڵەیەکی کوردەواری دەژین، ئەگەر خۆپیشاندان هاتە کرن خۆ ل هەندێ ناگرێ ژ بەر هەندێ ژی کو حکومەت بلا ئەو خۆ تەنزیم بکا، پۆلیسێ خۆ تەنزیم بکا، رێك و رێنمایێ خۆ تەنزیم بکات، خۆپیشاندانە بێلن زمانێ دانوساندنێ باشترین زمانە بۆ موعالەجە کرنا وێ چەندێ، ژ بەر هەندێ ژ بۆ مومتەلەکاتێ دەوڵەتێ، بۆ شارع گرتنێ، ئەسڵێ موزاهەرێ ئەوە تۆ شارعێ بگری یەعنی ئێستا بووە لە کوردستان لەو فەترەی چوو بووە موزاهەرایەك لە کۆڵانێك دەرکەوتییە؟ لە شارعە و نیازیش دیارە کە شارع بێتە گرتن، خەڵك باس بکات، ببێتە سەبەبی ئەوە کە ئەوە مەسئوولە یان ئەو حکومەتە بێتە د گەل ئەواندا، بۆیە پشتگیری ئەوانە دەکەم کە ئەوانەی گوتیان وەکی بێژن موزاهەرە دەستی لێکراوە بێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا سەرۆكی لیژنەكان یان لیژنە تایبەتمەندەكان هەریەكە و یەك كەسیان زۆر بە كورتی ڕوونكردنەوە بدەن لە سەر ئەو ماددەیە بۆ ئەوەی دوایی بیخەینە، دوا موداخەلە، فەرموو كاك عباس،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆپیشاندان دیاردەیەكی سروشتی كۆمەڵگەی مەدەنییە كە هەموو دەستورێك ئیجازەی پێداوە و ئامانجیش لە هەموو خۆپیشاندانێك لە كۆمەڵگەیەك نیشانەی دیموكراسیەتی كۆمەڵگەیە، هەروەها نیشانەی مەدەنیەتەیە، كەواتە كەواتە لازم و مەلزومی یەكترن دەبێ بە باشترین شێوە دەربڕین، كەواتە خۆپیشاندەر ئەم یاسا بۆ ئەوەیە بە باشترین شێوە پەیامەكەی بگەیێنێ بە دەسەڵات بە دەزگای جێبەجێكردن ئەو مافەی هەست دەكات لیێ خوراوە یان لێی بێبەشكراوە یان هەر هۆیەكی تر، هەر بۆیە ئەم یاسایە هاندەدات كە خۆپیشاندەران بە باشترین شێوە داوا ڕەواكانی خۆیان بگەیێنن بە دەسەڵات بۆ جێبەجێكردنی، كەواتە خۆپیشاندەریش موكەلەف دەبێ بە باشترین شێوە لە كۆمەڵگایەكی مەدەنی ڕەچاوی ئەوە بكات، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بەڕێز د. فرسەت باسی كرد ڕیگاوبان و شوێنەكانی خزمەتگوزاری ناكەم، بەڵام بە پێویستم زانی بۆ ئەوەی خۆپیشاندەرانی هەرێمی كوردستان جوانترین شێوە لە خۆیان پیشان بدەن دوو بڕگە هەرچەندە بە پچڕ پچڕ باسی كرا، دوو بڕگە زیاد بكرێ بۆ ئەوەی لە دونیادا بڵێین ئێمە كۆمەڵگایەكی شارستانین، یەك ئەمڕۆكە ژینگە و منداڵ باسی هەرە سەرەكی كۆمەڵگای نەتەوەن نابێت خۆپیشاندەر، دەبێت ژینگە بپارێزێت بەهەر سیغەیەك بێ، دوو: بۆ ڕەچاوكردنی مافی منداڵان نابێ خۆپیشاندەران منداڵ بەكار بێنن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان، نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دەنگدان ڕابگری تا ئەوكاتەی سەرۆكی فراكسیۆنەكان دێنەوە هۆڵی پەرلەمان تكایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكی فراكسیۆنەكان خۆیان دەبێ لێرە بن، فەرموو منیرە خان،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكی فراكسیۆنەكان پێم وابێ چوونەتە دەرەوە بۆ كۆبوونەوە بۆ ئیتیفاقكردنی كۆتایی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با ڕوونكردنەوە ی لیژنەكان بدرێ ئەو كاتە، فەرموو كاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەمە لە ژێر گوشارێکی زۆرە و لە ژێر نەشارەزاییەکی زۆرە و لە ژێر ناچارییەکی زۆرە نووسراوە، چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیا ڕێگا نادریت جادە بگری و ڕێگا بگری،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فەرهاد ئەمە رایە، تۆ رای خۆت لە کاتی خۆیدا نەگوت، ئێستا پێویست ناکات رای خۆت بڵێی، فەرموو کاک ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئێمە لە مەکتەبی ئیبتیدائی دانەنیشتووین تا چاوەڕێ بکەین مامۆستا جارێکی تر بگەڕێتەوە پۆل و، ئسوڵی خۆی هەیە ئەمەش پەیڕەوی ناوەخۆیە، جەنابت مولزەمی بەمە، نەك بەوەی فلان سەرۆکی فراکسیۆنی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بڕیارەکان دەنگدان و دەنگ نەدان لە سەر ماددەکان هەمووی بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سەرۆك فراکسیۆنەکانەوە نییە، لێرە ئێمە وەکو لیژنە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە ئیتیفاقی لە سەر دەکرێ دەبێتە جێی رەزامەندی ئەندامان بۆ پاراستن و پارێزگاریکردنی هەم لە مەسڵەحەتی گشتی لەلایەك و هەم مەسڵەحەتی ئەو کەسانەی کە مافی خۆپیشاندانیان هەیە لە لایەکی تر کە گەیشتینە بڕیارێك ئەوەیان دەنگی لە سەر دەدرێ، بۆیە ئەو بابەتە بەو شێوەیە پێویستە روونبکرێتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە بڕگەی سێیەمەوە هەیە دیارە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بوون کە هەر هۆیەکی تر لا برێتن، ئێمە وەکو داڕشتن لە لیژنەی یاسایی هەر هۆیکی ترمان داناوە بۆ ئەوەی لێرانە قەزا دەستکراوە بێت کاتێك لە ئەسڵی یاساکەدا خۆی دووبارە هەر گرووپێك دژی گرووپێکی تر ئەگەر مولاحەزە بکەن لە ناو قەوسدا هاتۆتەوە هەر بۆ ئەوە بووە کاتێك کە خۆپیشاندان کە (سوء النیة)ی دەبێ گرووپێك دژی گرووپێکی تر هان دەدات جگە لەو خاڵانەی کە تەحدید کراوە لە ناویدا قەزا دەست واڵا بێتن لە تەکیفکردنی لێرە تەفسیرکردن تەنها بۆ سوڵتەی قەزائیە ئەو کاتەش خۆتان دەزانن سوڵتەیەکی موستەقیلە و پێی دەوترێ (الحارس الطبیعي لحمایة حقوق الأنسان) حارسێکە بۆ حمایەتکردنی حقوقی ئینسان، بەڵام ئێمە وەکو لیژنە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن (هەر هۆیکی تر) لا ببرێ، دوا جار بڕیارەکە بۆ بەڕێزیان دەگەڕێتەوە دەتوانی بیدەیە دەنگدان و

ئەمە هەڵبگیرێ، لە سەر برگەی چوارەم دیارە بەشێك لە ئەندام پەرلەمانان لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێ، بەشێکی تریشیان لەگەڵ ئەوە بوون نەمێنێ بەشی زۆریشیان لەگەڵ ئەوەن داڕشتنەوەیەك بۆ ماددەکە بکرێ، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لێرانە موتەفقین لە سەر ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراو داڕشتنەوەی بۆ ئەم برگەیە بکەینەوە لە ماددەی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسای خۆپیشاندانە ئێمە پێمان وایە تەنها ئێستا دیویێکی خۆپیشاندان دەبینین ڕەنگە برگەی چوار کە قسەی زۆر لە سەرە سبەینێ دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان خۆیان لە سەر مافەکانیان داوای خۆپیشاندان بکەن وەکو ئەو خۆپیشادانانەی لە دونیای دەرەوەی پێشکەوتوو هەیە، لە سەر مافەکانیانە، لە سەر بڕیارێکی کە پەیوەستە بە ژیانیانەوە، بۆیە ڕەنگە دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان خۆیان مانبگرن، ڕەنگە هێڵەکانی هاتوچۆ خۆیان مانبگرن، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ئەمە دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی مەتاتی نەبێ کە ڕێ بگرێ لە خۆپیشاندان ئەگەر نا ئێمەش بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەوە نین ڕێگای سەرەکی و خزمەتگوزاری و ئەوانە بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی موتەبەعە بەشێوەیەکی ستاندارد بە سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانی ماف دەدرێ نەك بسەندرێ ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر باوە بۆ سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کە دەوتری ماف ئەسەندرێ، نادرێ، بۆیە ئەرکی یاسا و پەرلەمان و دەسەڵاتی گشتییە مافەکان ڕێك بخا و فەراهەمی بکا واتە لە بنەمادا تۆ مافەکان مەیسەر بکەیت ئینجا دەچیتە ناو تەفاصیل، بۆیە من مولاحەزەکەم ئەوەیە کاتێك ئێمە شتێکی زیاد دەخەینە ناو ڕاپۆرتەکە دوایی سەر ئێشەمان بۆ دروست دەکا، چونکە ئەم دوو فەقەرەیەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەی دەکەین لە ئەسڵی پڕۆژەکەدا نەبووە، بۆیە ئێستا هاتووە ئێمە موتەفیق بووین و دەنگیشماندا لە سەر پڕۆژەکە، تەعامولی لەگەڵ دەکەین، ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ هۆیەکانی تر نین، ئەوەکەی تریش کە برگەی چوارەمە یەعنی ئەو دەستەواژانە لە سلبی مافە گشتییەکانن کە نابێ ڕێگای هاتوچۆ بگیرێ، نابێ چالاکی بازرگانی و ئابووری ئەوانە پەك بخرێ، لە ماددە (٢٤)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا لە بابی ماف و ئازادییەکان لە نەسی سەریح هاتووە ئەم مەسەلەیە و لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا بەشێك لە هەڤاڵان ئاماژەیان بە یاسا گشتییەکان کرد کە ساڵی ٢٠١٢ لە

ماددەی (٣) و لە ماددەی (١٢) و چەند بڕگەیەکی تردا بە نەسی سەریح باسی ئەوەکراوە و لە خودی ئەم یاسایەشدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ماددەی (٨)م نابێت ئەو خۆپیشاندانە لە ئامانجی خۆی لا بدات، ئەو ئامانجانەی کە تۆ تیایدا دیاری دەکەی چۆن لە رێگای ئاگادارکردنەوە کات و شوێن و ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان دەست نیشان دەکەین، بەڵام مادام زیاد لە (٣) هاوکاری بەرێ پێشنیاری کردووە ئەم بڕگەیە هەبێ و بەجۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە وە ئێمە وەکو لیژنە رێز لە رای زۆرینە دەگرین هەر رایەك درا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوەخۆ ئەنجومەنە خۆجەییەکان،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ هەموومان مەعلومە کە کەم و کورتیەکانی تەشریع بە (٣) هۆکار چارەسەر دەکرێ، یەکێکیان وردبوونە لە دارشتندا دووەم: بەشداریکردنی نوێنەرانی خەڵکە لە دارشتنەکەدا ئێستا زۆربەی هەڤاڵانمان لە ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بوو کە بڕگەی سێیەم (هەر هۆیەکی تر)ی تێدا لا ببرێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە (هەر هۆیەکی تر) لە بڕگەی سێیەمدا نەمێنێ و کە دوای ئەوەی دەخرێتە دەنگدانەوە و لە بڕگەی چوارەمدا زۆر لە هەڤالان پێیان باش بوو کە دارشتنەوەی بۆ بکرێ، ئێمەش پێیمان باشە کە دارشتنەوەیەك بۆ بڕگەی چوارەم بکرێت و دەرفەتێك بە هەر چوار لیژنەمان بدرێت و بۆ ئەوەی دارشتنەکی باشتری بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە هەبوو دەیخەینە دەنگدانەوە، لە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم، فەرموو

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم، ئاین و مەزهەب زیاتر لە (٣) پەرلەمانتار ئەوەیان پێشنیار کرد

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر باسی نەکرد،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی نەکرد، بەڵام دەیخەینە دەنگەوە، نووسیمانە هەموومان تۆمار کردووە، فەرموو د. ڤاڵا،

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەی لیژنەی یاسایی ئەوەیە كە ئاین كاتێك لێرە بە موتڵەقی هاتووە كە دەڵێین ئاین، ئاینزاش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر مەزهەب، ئاینزا لە جێی دانێن بەهیچ شێوەیەك ئاین ناگرێتەوە و كۆمەڵگای ئێمە زیاتر لە ئاینێك تێدا دەژێتن، بۆیە ئاین پێویستە لە ڕووی یاساییەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە بۆ فەراهەمكردنی مافی هەموو ئەو ئاین و ئاینزایانەی كە لێرە دەژین موستەڵەحی ئاین ئاینزای لەگەڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك یروانت نوقتە نیزامە؟

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدا د كەم چونكە موجتەمەعە مە زۆربەی ئایینا تێدایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەشێكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان كردووە كە لە بڕگەی سێیەم ماددەی دووەم (هۆیەكی تر) لا ببرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە (هۆیەكی تر) لا ببرێ با دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٤) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٦) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، هۆیەكی تر لا دەبرێ، هەندێك داوای ئەوەیان كرد (ئاین) لا ببرێ، هەندێكیش داوایان كرد بمێنێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە (ئاین) لا ببرێ؟(٦) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٧٧) كەس لەگەڵ ئەوەیە كە بمینێتەوە، كەواتە دەمینێتەوە، ڕایەك هەبوو كە زیاد لە (٣) ڕا هەبوو كە ئاینزای بۆ ئیزافە بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئاینزای بۆ زیاد بكرێ با دەست بەرزكاتەوە؟ (١٧) كەس لەگەڵ ئەوەیە كە ئاینزا زیاد بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوە نییە كە ئاینزا ئیزافە بكرێ؟ (٥٦) كەس لەگەڵ ئەوەیە كە ئاینزای تێدا نەبێ، كەوتە پەسەند كرا، وەكو خۆی دەمینێتەوە، زیاد لە (٣) ڕا هەبوو كە لە ڕووی داڕشتنەوە ڕێك بخرێتەوە فاریزە و واوەكان لا ببرێ، ئەوە لیژنەی یاسایی كە سیاغەی دەكاتەوە دەتوانێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ پێویستی بە دەنگدان نییە، چونكە ئەوە پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە، ئێستا بیخوێنەوە تكایە ئەوەی كە دەنگی لە سەر درا، ئیزافە كرا، لا برا، بۆ ئەوەی جارێكی تر بیخەینە دەنگەوە، فەرموو د. ڤالآ.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێك دژی گرووپێكی دیاریكراو بێت بەهۆی ئاین، نەتەوە، ڕەگەز یان نەژاد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە؟ (٧٨) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٢) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەندكرا، بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم بەشێكی زۆر لە راكان لەگەڵ ئەوە بوون كە رێك بخرێتەوە، بۆیە داواتان لێ دەكەین لیژنە هاوبەشەكان سیاغەیەكی تازە بۆ ئەو ماددەیە رێك بخەنەوە بەپێی ئەوە پێشنیارانەی كە هاتۆتە بەردەستان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، لە پێشدا ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە هەندێكی لەگەڵ ئەوە بوو كە هەر نەمێنێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی چوارەم نەمێنێ؟ (١٨) كەس لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو بڕگەیە نەمێنێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو بڕگەیە بمێنێ؟ ئێستا بمێنێ دوایی تەعدیلات دەكەین، (٦٠) كەس لەگەڵ ئەوەن كە بڕگەكە بمێنێ، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت روونت نەكردەوە ئایا نەمێنێتن تەعدیلی لەگەڵ بكرێ، یەكەم جار وتت بمێنێ یان نەمێنێ، هیوادارم پێشتر روونكردنەوەی باشت دابا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەندێك لەگەڵ ئەوەبوون كە هەر نەمێنێ، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێ باشە، دووەم جار كە وتت كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ نەت وت تەعدیل بكرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وتم بمێنێ بەتەعدیلەوە، فەرموو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا، باست نەكرد ببوورە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەرێ چەند كەس لەگەڵ ئەوەیە كە من وتم بمێنێ بەتەعدیلەوە، ئەتوانی دوایی بگەڕێیتەوە بۆ پرۆتۆكۆلیش بزانی چیمان وتووە،راكانی تر پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە، هەندێكی داوای ئەوە دەكەن پەكخستنی كاركردن لە دام و دەزگاكان لا ببرێ، هەندێك داوای ئەوەیان كرد كە هاتوچۆی گشتی بكرێ بە هاتوچۆی شەقامەكانی نێوان شارەكان، رایەكی تر هەبوو كە كۆتایی هێنان بە خۆپیشاندان لە كاتی پەكخستنی خزمەتگوزارییەكان و هاتوچۆی گشتی و چالاكی بازرگانی و ئابووری بە راوێژ لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان هەندێك لەگەڵ ئەوەبوون كە بەس تەنها تەندروستی و پۆلیس لە زمنی ئەو چالاكیانە بێ كە

کێشەی بۆ دروست بوو نەهێڵرێ، کاك عمر عینایەت پێشنیاری هەبوو ناردوویەتی بۆ لیژنەی یاسایی حاجی کاروان بە هەمان شێوە، فەرمووو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی گفتوگۆ کردن لیژنەی هاوبەش ئەو رایانەیان نوسیووە کە ئایا لە (٣) پەرلەمانتار پێشنیاریان کرد، پێویستە ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەو تەرحانە بدەن بە جەنابتان کە دەیخەنە دەنگدان یاخود نایخەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوان مەشغولی سیاغەکردنن، مەزهەب، ئاینزا یەعنی مەزهەب، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئاینزا زیاد بکرێت؟ (١٧) کەس لەگەڵ ئەوەیە ئاینزا ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە ئاینزا ئیزافە بکرێت؟ (٥٦) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئاینزای تێدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. زیاتر لە سێ رەئی هەبوو، بۆ ئەوەی لە رووی داڕشتنەوە رێك بخرێتەوە، فاریزەو واوەکان لاببرێت، لیژنەی یاسایی کە صیاغەی دەکاتەوە دەتوانێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت، پێویستی بە دەنگدان نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، ئێستا بیخوێننەوە، تکایە لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە ئەوەی کە دەنگی لەسەر درا، ئەوەی ئیزافە کراوە لابرا بۆ ئەوەی جارێکی تر بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێکی دیاریکراو بێت بەهۆی (ئاین، نەتەوە، رەگەز یان نەژاد).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە، ئەو بڕگەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٢) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسند کرا، بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، بەشێکی زۆر لە رەئیەکان لەگەڵ ئەوە بوون کە رێك بخرێتەوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین لیژنە هاوبەشەکان صیاغەیەکی تازە بۆ ئەو ماددەیە رێك بخەنەوە، بەپێی ئەو پێشنیارانەی هاتۆتە بەردەستتان، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لە پێشدا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە هەندێك لەگەڵ ئەوە بوو کە هەر نەمێنێت، واتا بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم هەر نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم نەمێنێت؟ (١٨) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە بمێنێت؟ ئێستا بمێنێت دوایی تەعدیلات دەکرێت، با دەنگدانەکە تەواو بێت، ئینجا، ناتوانی لە کاتی دەنگدان قسە بکەیت بەهار خان، لەکاتی دەنگداندا قسە ناکرێت، تکات لێ دەکەم بێ دەنگ بە، لە کاتی دەنگداندا قسە ناکرێت، دەنگەکان دەژمێردرێ بە یارمەتی خۆت با دەنگەکان بژمێردرێت و تەواو ببێت، ئەو کاتە دەرفەتت دەدەم،

دەستتان دامەنێن با بژمێردرێت، ئێوە دەست دانێن، ئێوە دەست دانێن، ئەم دوو موقاتەعە با دەست دانـەنێن، (٦٠) کەس لەگەڵ ئەوەن کە بڕگەکە بمێنێت، بەهار خان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو ئێستا.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، من نوقتەی نیزامیم نەما.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت روونت نەکردەوە، ئایا نەمێنێت تەعدیلی لەگەڵ بکرێتن، یەکەم جار وتت بمێنێت یان نەمێنێت، هیوادارم پێشتر روون کردنەوەی باشت دابا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك لەگەڵ ئەوە بوون کە هەر نەمێنێت.......

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە تۆ دووەم جار وتت کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت، نەتوت تەعدیل بکرێت، دەبوایە بتگوتبا تەعدیل بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوتم بمێنێت، بەلاَم بە تەعدیلەوە.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، باست نەکرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە، من گوتم بمێنێت بە تەعدیلەوە؟ باشە دەستتان خۆش بێت، دەتوانیت دوایی بگەڕێیتەوە بۆ سەر پرۆتۆکۆڵ بزانی چیمان گوتووە؟

ئەوەی تر، رەئیەکانی تر پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، هەندێکیان داوای ئەوە دەکەن، تکایە بێ دەنگی، داوای ئەوەیان کرد کە پەکخستنی کار کردن لە دامودەزگاکان لابرێت، هەندێك داوای ئەوەیان کرد کە هاتوچۆی گشتی بکرێت بە هاتوچۆی شەقامەکانی نێوان شارەکان، رەئیەکی تر هەبوو کە کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندان لە کاتی پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان و هاتوچۆی گشتی و چالاکی بازرگانی و ئابووری بە راوێژ لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان، هەندێك لەگەڵ ئەوە بوون کە بەس تەنها تەندروستی و پۆلیس لە زیمنی ئەو چالاکیانە بێت، ئەگەر کێشەی بۆ دروست بوو نەهێڵدرێت.

کاك عومەر عینایەت پێشنیاری هەبوو ناردی بۆ لیژنەی یاسایی، حاجی کاروان بە هەمان شێوە، فەرموو گەشە خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی گفتوگۆ کردن لیژنەی هاوبەش ئەو ڕەئیانەیان نووسیوە، کە ئایا لە سێ پەرلەمانتار پێشنیاریان کردووە، پێویستە ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەو تەرحانە بکات، کە جەنابتان دەیخەینە دەنگدان، یاخود نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوان مەشغولی صیاغە کردنن، تەواو، کاك ئومێد خۆشناو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو تێکستانەی کە باس کراو ئەو دەقەی کە بێگەرد خان خوێندیەوە، ڕەئی زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمانی لەسەر پشتگیری هەبوو، بۆیە هەر ڕەئیەکی تر ئیزافە بکرێت، من تەسەور ناکەم ئەوە بێتن، چونکە پشتگیری ئەندامانی پەرلەمانی بە دەست هێناوەو ئەو تێکستەی کە خوێندیەوە، دەکرێت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەگەر ڕەئی تر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر لە ڕەئیەك هەبوو بۆ سیاغە کردن، ئەوەی بێگەرد خان پێموا بێت نزیکەی (١٠) کەس لەگەڵی بووە، ڕەئیەکانی تریش هەر یەکەو ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ بووە، ئەوە ئێستا لیژنەکان خەریکی صیاغە کردنەوەن، بە دڵنیاییەوە سوود لەو ڕەئیانە وەردەگرن کە بۆ سیاغە کردنەوەی پێشکەش کران.

بەڕێزان، بۆ ماوەی (١٠) دەقیقە دانیشتنەکە هەڵدەگرین، تا لیژنە پەیوەندیدارەکان صیاغەیەك ئامادە دەکەن، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردن، لەسەر ماددەی دووەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەم یاسای خۆپیشاندان، پێم وابێت لیژنەکانی پەیوەندیدار گەیشتوونەتە سیاغەیەکی هاوبەش، بۆ برگەی چوارەم با ئێستا بیخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وتوێژێکی زۆر بۆ دارشتنەوەی برگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، گەیشتینە ئەم سیغەیەی خوارەوە، کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامو دەزگا خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، وەك تەندروستی، فریاکەوتن، ڕێگا گشتییەکان و چالاکی بازرگانی و ئابووری، خۆپیشاندان کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ جارێکی تر بیخوێنەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك خۆپیشاندان ببێتە مایەی پەکخستنی دامو دەزگا خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، وەك تەندروستی، فریاکەوتن، ڕێگا گشتییەکان و چالاکی بازرگانی و ئابووری، خۆپیشاندان کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ نوقتەی نیزامی نییە، تکایە بێ دەنگی کاك علی، ٤٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٢٧ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە ئەو دەقە پەسەند کرا، تکایە بێ دەنگی، مامۆستا هەورامان پێویست ناکات قسە بکەی، چونکە ئەم پرسانە لەناو پەرلەمان بە دەنگدان یەك لایی دەکرێتەوە، جەنابتان قسەی خۆتان کرد، هەموو ڕایە جیاوازەکان لەناو پەرلەماندا وتووێژی لەسەر کرا، دوایی بە دەنگدان یەك لایی دەکرێتەوە خۆ ناتوانین بەردەوام بین لە وتووێژکردن، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە ٣ کەس دەنگمان بۆ ئەوەدا، کە ئەمە دابڕێژرێتەوە، بەلام نەك بەو سیغەیە، بەو سیغەیەی کە بێگەرد خان یەکەمجار ئیشارەتی کرد، کە باس لەوە کرا ئەگەر بێتو ڕێگای سەرەکی بگیرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، تازە تەسویتی لەسەر كرا، دكتۆر شێركۆ ناتواندرێت قسەی لەسەر بكرێت، كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوافوق لەسەر ئەو بابەتە كرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێكستەی كە هەبوو سەرۆكی فراكسیۆنێك پێشنیاری كرد فراكسیۆنەكەی دەنگی نەدا، بۆیە لە دوێنێشدا ئەو حاڵاتانە ببوو، لە ئیعلام قسە دەربارەی دەكرێتن، كاتێك ئێمە فراكسیۆنەكان ڕێكەوتن لەسەر بابەتێك دەكەین با ئیلتیزامی پێوە بكەین، دەنگ بەوە كەسب نابیتن دوو كەس لە ئیعلام پێچەوانەی ئەو بابەتە قسە بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو قسەی لەسەر ناكرێت، ئیتر هیچ قسەیەك لەسەر ئەو بڕگەیە ناكرێت، چونكە خرایە دەنگدانەوە دەنگی لەسەر درا، لەسەر بڕگەی پێنجەم پێم وابێت هەندێك تێبینی هەبوو، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەر هەموو شتێك من لەگەڵ ئەوەم فراكسیۆنەكان پەیوەندییەكی باشیان هەبێ و ئیحترامی بگرن، من و كاك فرست صۆفی و كاك مەلا مەروان ئەو دوو پەرلەمانتارە بەڕێزە فۆرمولەیەكمان كرد بوو، من پێم باش بوو كاك فرستیش پێی باش بوو، كاك مەلاش پێی باش بوو، حاڵەتێكی تەبیعیشە ڕەئی جیاوازیش هەبوو، پیشانی بێگەرد خانیشمان دا ئەویش پێ باش بوو، باشە بێگەرد خان دەڵێ من پێم باش نەبوو، ئەم فۆرمولەیەم بۆ كاك جعفر خوێندەوە، كاك جعفر وتی من بۆ خۆم پێم باشە پێش ئەوەی بچینە دەنگدانەكەوە، بۆئەوەی ئەو دەنگە دەنگە دروست نەبێ، ئیتیفاقی لەسەر بكەی من پێم خۆشە ئەو یاسایە، ئەو بەندە لەجیاتی ئەوەی ٤٠ دەنگ بهێنێ، ٨٠ دەنگ بێنی، برادەران وتیان ئەوە دێین بۆلای كاك جعفر، لەلای كاك جعفر چاوەڕێی ئەوان بووم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەنگی لەسەر درا كۆتایی پێهات، تكایە بێ دەنگی، دەنگی لەسەر درا پێویست بە ڕوونكردنەوە ناكات، ئێستا ڕێكەوتن كرا بێ و یان نەكرابێ ئەوا تەسویتی لەسەر كراو كۆتایی پێهات، ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ قسە بكە، ئەگەر نا دەی فەرموو.

**بەڕێز امنە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك رابوون باسی هەندێ دكا، كو هەندێك گۆتیە مە بێتە نیك كاك جعفری، سەر مەنەسێ، دەقێ وێ بەندێ هاتە خوندن، ئیتیفاق كری، جەنابێ وی لەگەڵ دەقێ وی ئامادە بوویە، یەعنی ئیتیفاقەكە سیاسی

بەینی هەمی فراکسیۆنە هاتە کرن، یەعنی بهێنتە خوارێ خیلافا وێ بوو، رایا گشتی و پەرلەمانتارا بێژی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تەواو فەرمووو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، دەقی ئەوە نەبوو کە من پێشنیارم کرد، لەپێناوی ئەوەی کە تەوافوقی هەموومانی لەسەر بێ، هەموومان کۆدەنگ بین لەسەرئەوەی کە دەقێك بخرێت بەردەمی پەرلەمانتاران، کە هەموومان دەنگی پێ بدەین، بە حزوری کاك رابوونیش لەوێ ئێمە ئیتفاقمان لەسەر ئەو نەسە کرد، ئێمە لە نەسەکەی خۆمان پاشگەز بووینەوە، بەڵام خێر ئێستا دەنگی پێنادەن، با وای لێ نەیەت شتەکان بچێتە ئەو قالبەیەوە کەسێك بەسەر کەسێکی تردا موزایەدە بکات، یەعنی ئیقتراحی خۆیان بوو، دەنگیشیان پێ نەداوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من لەگەڵ کاك رابوون من لەوێ بووم، دکتۆر فرسەتیش لەوێ بوو، پێشنیارەکە لەسەر ئەوە نەبوو، یەعنی وشەکانی ئێستا بەکارهێنانی مەتاتیە، لەوێ باس لەوەی کرا چالاکیە ئابوورییە سەرەکییەکان، لەوەی دڵنیابین ئیهتمام بدەین بە کۆمپانیا بیانییەکان، یان کۆمپانیا ناوخۆییەکان، قسە لەسەر ئەوە کرا، رێگای نێوان شارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان تەواو گفتوگۆی لەسەر کرا، کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیتفاق لەگەڵ فراکسۆنەکانیش کراوە، بەڵام ماددەی پەیڕەو زۆر بەهێزترە لە ئیتیفاقی فراکسیۆنەکان، ئەوەی بێگەرد خان و ئەوەی کاك عمری حاجی عینایەت و حاجی کاروانیش باسی کرد، زیاد لە ٣ پەرلەمانتار پێشنیاری کرد، دەبووایە بخرێـە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسمان کرد زیاد لە پەرلەمانتارێك داوای ئیعادەی سیاغەی ئەو دەقەی کرد بوو، هەموو دەقەکان هاتبوونە لای لیژنە هاوبەشەکە، لای ئەم چوار لیژنەیەی کە لەسەر مەنەسەن، ئەوان ئیتفاقیان لەسەر

نەسێك كردووە خستوویانەتە دەنگدانەوە، ئێستا ئەو بڕگەیە لە ماددەی دوو بەوشێوەیە دەنگی لەسەر دراو پەسەند کرا، بڕگەی پێنجەم هیچ تێبینیەکی لەسەر هەبوو؟ تەواو نوقتەی نیزامی نەما، لیژنەی یاسایی بڕگەی پێنجەم هیچ تێبینیەکی لەسەر هەبوو؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم تەنها یەك تێبینی لەسەر هەبوو، کە گوایە مەسەلەی کەسەکان من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە لێرە مەبەستمان لە کەسەکان کەسی ئاسایی و کەسی مەعنەویشە، چونکە کەسی مەعنەویش وەکو شەریکات و، وەکو جەمعیات ئەوانەش مافی خۆپیشاندانیان هەیە، بۆیە کەلیمەی کەسەکانمان بەکارهێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس، پێم وابێت هاووڵاتیش هەر کەسە، یەعنی ئەو تێبینیە دروست بوو، هاووڵاتیش هەر کەسە کەسی مەعنەویە کەسی ئاساییە، یەعنی هیچ پێویست ناکات هاووڵاتی بنووسرێت و کەسەکانیش بنووسرێت، ئەو تێبینیەم بە ڕەوا بینی کە باسکرا، بەڵێ دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە لێرانە بە موتلەقی هاتووە، موستەلەحی کەسەکان بگەڕێنەوە بۆ ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم، کە دەڵێین هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و کەسە مەعنەویەکان کە بەپێی یاسا مۆڵەت پێدراون، یەعنی لێران ئەمە تەقیدی کەسەکانمان کردووە، ئەو تەقیدە دەڕواتن تەقیدی ئەو موتڵەقەی دەکاتن کە لەو ماددەیەدا هاتووە، بۆیە پێویستی نەدەکرد لەو ماددەیە تەقیدەکە بکەی، لە ماددەی پێنج کردوومانە، هاووڵاتی جیایە ئەوانەی نیشتەجێن و بە یاسایی مۆڵەتی نیشتەجێ کردنیان پێدراوە لە هەرێم ئەوانە جیان، ئینجا کەسە مەعنەویەکانیش کە ئیجازەیان هەیە مۆڵەتیان پێدراوە ئەوانیش جیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا ماددەی دوو بڕگەی پێنجەم بەوشێوەیەی کە هاتووە بێخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالافرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم بۆ ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، نابێت هاووڵاتیان و کەسەکان کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مافی خۆپیشاندانیان هەیە، بەزۆر ناچار بکرێن بەشداربن یان بەشدار نەبن لە خۆپیشاندان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە بەوشێوەیە؟ ٧٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە کە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کاك فائق نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی دوو بڕگەی چوار ئەمە یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندانەو من نامەوێ درێژە بەوە بدەم، چونکە لە سایەی ئەم یاسایەدا دەبێت چاوەڕێی شەهید کردنی دەیان سورکێو و گەرمیان و ڕۆژانی تر بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر وتوویژ کردن لەسەر ماددەی سێیەم لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرۆژە یاسای خۆپیشاندان، بیخوێننەوە دەقەکەی، بۆئەوەی وتوویژی لەسەر بکەین ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەمشێوەیە هەموار دەکرێت و، بڕگەی سێیەم و چوارەم لادەبردرێت و، بڕگەی پێنجەم دەبێت بە بڕگەی سێیەم بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە،

یەکەم: ١- وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی هەرێم بوو.

٢- سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو.

دووەم: هەتا ئاگاداری نامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت نابێت خۆپیشاندان بکرێت.

سێیەم: دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەکان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی بەپێی نەریتی خۆجێی باو بەدەردەکرێت لە ئاگادارکردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە، ئێستا ناو دەنووسین بۆ وتوویژ کردن لەسەر ئەم ماددەیە، ئەم بلۆکە (حاجی کاروان- کاك عادل عزیز- گەزاڵ خان- مامۆستا عبدالرحمن- د. شێرکۆ جودت- د. شێرکۆ حمە امین- کاك عمر عینایەت- مامۆستا حەسەن- کاك بێستون- کاك فائق- دکتۆرە جوان- سهراب میکائیل- کاك برزۆ مجید- بەهار خان).

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم دوو کەرتە ئەوەندە ناوەم نووسیوە، ئەگەر ناوێکم نەنووسی بوو با ئیزافەی بکەین، ئەو بەڕێزانە ( زانا عبدالرحمن- گەشە دارا- فەرهاد سەنگاوی- قادر وەتمان- محمد علی- ڤیان عباس- بشار مشیر- بێگەرد خان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد حمه علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکانی خۆم بۆ ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەمی، وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەمان ئەو تێبینیەم هەیە، کە سەرباری ئەو پاساوو ڕوونکردنەوانەی دوێنێ لیژنەی یاسایی باسیان کردووە، گوایە وەزیر بەرپرسیاری یەکەمەو دەبێ بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرێ و، لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیشیدا پاساوی ئەوەیان هێنایەوە کە گوایە کەسانی کە بریکاری یاخود ئەوانەی کە لەوێ کاردەکەن دەتوانن ئەو ئیشکالانە چارەسەر بکەن، لە نەبوونی وەزیردا دروست دەبێ، هەر لە دووەمدا ئەم پاساوو ڕوونکردنەوانەی ئەوان هەڵدەوەشێتەوە، چونکە دەڵێت هەتا ئاگاداری نامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر واتە بە خودی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت، نابێت خۆپیشاندان بکرێت، یەعنی ئەوا ئەو پاساوانەی دوێنێ ڕەت دەکاتەوە، ڕێگر دەبێت لە حاڵەتی نەبوونی وەزیر یان لەو حاڵەتەی کە خودی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەڵێت ئاگاداری نامەم بە دەست نەگەیشتووە، یەعنی تۆ پێویستە وا ڕێکی بخەی کە هیچ بەرپرسێکی ئیداری یان وەزیر توانای خۆدزینەوەی لە وەرگرتنی ئاگاداری نامەکە نەبێ، بۆیە دەکرێت بە هەندێ شێواز چارەسەری ئەو مەوزوعە بکەین، دەکرێت ئەوە زیاد بکرێت کە پێشکەش کردنی ئاگاداری نامە لەو ماوە دیار کراوەی کە لە یاساکە هاتووە، ئەگەر وەزیر وەڵامی نەدایەوە ئەوا ئاگاداری نامەکە بە گەیشتوو حیساب دەکرێت، ئەگەر وانەبێ ئێمە هەر چاوەڕێی خۆپیشاندەران یان ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن، چاوەڕێی وەڵامی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بن دەتوانن وەڵام نەدەنەوە، بۆیە دەکرێ ئەوە زیاد بکرێ، ئەگەر لە ماوەی ٢٤ سەعات ئەوە دەچێتە موناقەشە یان ٤٨ سەعاتە، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی وەڵامی ئاگاداری نامەکەی نەدایەوە ئەوە ئاگاداری نامەکە بە گەیشتوو هەژمار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ کە هەموو بڕگەکانی تایبەتە بە ئاگادار کردنەوەو ڕێگا پێدان بە خۆپیشاندان، من پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، کە ئەویش تایبەتە بە خۆپیشاندانی لەناکاو، لەوێدا بکرێتە بڕگەیەکی ئیزافە و، پێناسە بکرێت دواتر دەقی پێناسەکە دەخوێنمەوە، لەبەرئەوەی خۆپیشاندانی لەناکاو واقعێکەو هەیە، ناکرێت ئێمە لەناو ئەم یاسایە جێی نەکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە لەسەر ماددەی سێیەم دەکەین بەهار خان، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئاگاداری قسەکانی پێشووم نەبووی، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی یاسایی بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، کە ئەم ماددەیە پەیوەستە بە رێکخستن و ئاگادارکردنەوە، من پێم باشە ئەو بڕگە قانونییە زیاد بکرێت، بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێت بە بڕگەیەك کە دواتر پێناسەی خۆپیشاندانی لەناکاو دەخوێنمەوە، بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو واقعێکەو هەیە، هەروەها وەکو دوێنێ کە لیژنەی قانونی باسیان کرد، خۆپیشاندانی لەناکاو نە مەنع دەکرێ نە ڕێگای پێ دەدرێت، لە پێناسەکاندا جێگای نەکرایەوە، لەبەرئەوەی جۆرێك لە ڕێگا پێدانی پێ دەدەی، بەلاّم مادام مەنعیش ناکرێ، دەبێ لێرە ماددەیەکی قانونی هەبێ، بۆئەوەی ئەم یاسایە ئەو کەموکورتیەی تێدانەبێ، کە خۆپیشاندانی لەناکاو واقعێکەو هەیە، هەروەها بە موبەریری ئەوەی کە کاتێ خۆپیشاندانی لەناکاو ڕوودەدات سزای خۆپیشاندەران نەدرێت، پێناسەکە من دەقی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە بە پێشنیار ناردوویانە بۆ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و، لیژنەی یاسایش وەکو بنەمایەك ئەوەی بەکارهێناوە، خۆپیشاندانی لەناکاو ئەو خۆپیشاندانەیە کتوپڕو بە پەلەیەو ڕێکخستنی پێش وەختی بۆ نەکراوە، دەرفەتی ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس لە پاراستنی خۆپیشاندانی بۆ نەرەخساوەو ڕێکخەرەکانی دیار نین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خەڵکی کوردستان ئومێدێکی زۆر بە پەرلەمانی کوردستان دەکات، بتوانین لێرە ئەم مەسەلەی دیموکراسی زیاتر گەشەی پێ بدرێت، هەم یاساکان باشتر ڕێك بخرێن، بەلاّم ڕاستیەکەی لە مەسەلەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە بابەتی گرینگەو، پەیوەندی بە مافی هاوولاّتیانەوە هەیە، ئەوەی تێبینی کراوە بەڕاستی ناڕوونی هەیە، زاراوەی لاستیکی و ماددەی زۆر و درێژکراوەتەوە، ئەمە وای کردووە ئەم یاسایە زۆر ناڕوونی دروست بکات، من ئومێدم دەکرد ئەو لیژنانە کە ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنین، بەس زیاتر ئەم بابەتەیان تەل تەلە بکردایە، بۆئەوەی ئەم گفتوگۆیانە لەناو ئەو هەموو زاراوە لاستیکی و هەندێ وشەی غامز و ئەوانە، کە بەڕاستی ڕوون بوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەم جۆرە گفتوگیانە دروست نەبووایە، لە ماددەی سێیەم، بڕگەی سێیەم پێم وایە بڕگەیەکی زۆر زیادە، مادام ئێمە تەعریفی خۆپیشاندانمان کردووە، خۆپیشاندان چییە وەکو چالاکیەکی مەدەنی، ڕوونمان کردووەتەوە، لەبەرئەوە

هەرچی بکەوێتە چواردەورەی ئەم پێناسەیە خۆپیشاندان نییە، مادام خۆپیشاندان نییە بۆ لەناو ئەم یاسایە ئەم برگەیە زیاد کراوە؟ مەسەلەی دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆرەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان لە بۆنەی نیشتمانی، ئەمانە ئەگەر نەریت بن خۆپیشاندان نەبن لەکوێی ئەم یاسایەیە؟ ئەگەر مەسەلەی پاراستن یان ئاگادارکردنەوەی خۆپیشاندان بۆ لایەنی ئەمنی ئەوەیە کە خەڵك کە بە کۆمەڵ دەچێتە دەرەوە بۆ خۆپیشاندان، لایەنی ئەمنی بیپارێزێ، پێم وایە بە کۆمەڵ چوونە دەرەوەیەو کۆبوونەوەی خەڵك لە شوێنێك هەر پێویستە لایەنی ئەمنی بۆ سەلامەتی ئەوان ئاگادار بکرێتەوە، لەبەرئەوە من پێم وایە ناروونی هەیە لە کۆی یاساکەو، ئومێد دەکەم ئەو برگەیە یان لابرێت یان ئەمەش بخرێتە چوارچێوەی پێناسەکەوە، کە مادام خەڵك کۆدەبنەوە ئەوە پێویستیان بە پاراستن هەیە، بە ئەمنیەت هەیە، یەعنی پێویستە لایەنی ئەمنی ئاگادار بکرێتەوە کە بۆنەکە دینی بێ، نیشتمانی بێ، چونکە خۆپیشاندان هەر نارەزایەتی نییە، زۆرجار پشتیوانییە، زۆرجار خۆشی دەربرینە، زۆرجار پابەند بوونە بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی، لەبەرئەوە یان ئەمە بخەنە چوارچێوەی خۆپێشاندان یان هەر باسی مەکەن وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی بڕواو نازانم ئەو شتە زۆر زیادەیە بە بۆچوونی من.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز محمد علی فەرموو.

**بەرێز د. محمد علی یاسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ، سێیەم من ئیزافەك هەیە ئەگەر پێ باش بێ و، دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ بۆ گۆرەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، و ئاینی بەپێی نەریتی خۆجێی باو بەدەر دەکرێت لە ئاگادارکردنەوە، ئیزافەمە ڤێرایە هەروەها گردبوونەوەکان بۆ مەبەستی کەمپینی هەڵبژاردن بەدەردەکرێن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەرێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری وتەکانی بەهار خان دەکەم، بۆ ئەو خۆپیشاندانی لەناکاو، بەس بۆ برگەی یەکەم و دووەم لەجیاتی هەر وەزیر بێت وا باشە یا وەزیر و وەزارەت، یان وەزارەت ئاگادار دەکرێتەوە، نەك تەنها وەزیر، لەجیاتی سەرۆکی یەکەی کارگێری سەرۆکایەتی یەکەی کارگێری بێت باشترە، بۆئەوەی بەدیلی ئەو سەرۆکیەك بێ، بۆ دووەم هەتا بکرێت ئەو ماددەیە نەمێنێت، چونکە زیادەو لەو برگەیەو، پشتگیری قسەکانی کاك زاناش دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من هەر دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم، کە دوێنێ لیژنەی یاسایی دایان، بەڵێ کاك حاجی کاروان و کاك ئومێدیش ئێستا مۆڵەت نەماوە بەپێی ئەم یاسایە، کە تۆ ئاگاداری نامەکە پێشکەش دەکەی وەزیر لەوێ بێ یان لەوێ نەبێ، هەر کەسێك لەوێ بێ ئەوا لەجێگای وەزیرە، ئاگاداری نامەکەت بە گەیشتوو حیسابە، ئەو دەتوانێت وەڵامت بداتەوە بەوەی کە شوێنەکەی بگۆڕی یان نا، لەبەرئەوە مۆڵەت نییە، ئاگادارییە، وەکو جاران نەماوە کە پێویست بە مۆڵەت هەبێ، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، لە ڕاستیدا دوای ٤٨ سەعات ئەگەر وەڵامیش نەدرێتەوە داواکارییەکە، ئەو داواکارییە بە قبوڵ کراو هەژمار دەکرێت، واتە لە ماددەی چوارەم ئەمە برای بەڕێزم کاك ئومێد حمە علی و برادەرانی تر دەتوانن بچنەوە سەری لە ماددەی چوارەمدا، بزەبت دەوتریت دوای ٤٨ سەعات ئەگەر وەڵام نەدرایەوە داواکارییەکە بە قبوڵ کراو هەژمار دەکرێت، بە نەسێکی سەریح هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتیڤانیە لە هاڤ کارێ خۆ دکەم کاك محمد سەبارەت بە بڕگەی سێیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە دار فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێ دووەم ماددەی سێیەم بە بڕوای من ئەو خاڵە هەر نەمێنێ، لەگەڵ ڕەئی بەهار خانم، تەعریفی خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێت لەوێ، هەروەها لە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ڕەئی دکتۆر محمدم کە جگە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییە ئاینیەکان ئەوەش زیاد بکرێت، کە لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا لەکاتێك کە خەڵك بە کۆمەڵ دەڕژێتە سەرجادەو شەقامەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم کە دەڵێت وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکان لەسەر ئاستی هەرێم بوون، تەعریفی ئەوەچییە لەسەر ئاستی هەرێم؟ ئایا مەبەست پایتەختە؟ ئەمە دەزانین لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی ناحیەکان دەگرێتەوە و قەزایەکان دەگرێتەوە و پارێزگاکان دەگرێتەوە، بەلاَم لەسەر ئاستی هەرێم ئەمن پێم باشە بنووسرێت پایتەخت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمه صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دەمێکە دەمویست قسە بکەم، بەلاَم وەکو خۆتان وتتان بەش بەش کرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ئێستا هەموو قسەکانی خۆت بکە، دوایی کە وتووێژ تەواو بوو دەست بەرز نەکەیتەوەو نوقتەی نیزامی بگری.

**بەڕێز فەرهاد حمه صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە بەسەرچاو، من بۆ بەرژەوەندی خەڵك قسە دەکەم، با ئیلتیباس دروست نەبێ، لەڕاستیدا من نەمزانیوە کوردستان کەوتوەتە نیوان فەرنساو بەریتانیاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد لەسەر ماددەی سێ قسە دەکەین.

**بەڕێز فەرهاد حمه صالح ( سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ نەت وت قسەکانی خۆت هەمووی بکە، حکومەتێك کە تۆ داوای مۆڵەتی لێ نەکەیت، حەقت نییە داواکاری پارێزگاریشی لێ بکەی، ئێمە لەم ولاَتە دواکەوتووە، لەم میللەتە قوڕ بەسەر و ماندووە، لەم هەموو داگیرکەرو دەوروپشتەی ئێمە، ئەم یاسایە ئەمە لە ئەوروپاش قبوڵ ناکرێت،.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد لەسەر ماددەی سێ قسە دەکەین.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەی سێ قسە دەکەم، تۆ نەتوت قسەکانی خۆت هەمووی بکە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی سێ.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەی سێ، حکومەتێك کە تۆ داوای مۆڵەتی لێ نەکەی حەقت نییە داوای پارێزگاریشی لێ بکەی، ئێمە لەو وڵاتە دواکەوتووە، لەو میللەتە قوربەسەر و ماندووە، لەو هەموو داگیرکەرەی دەوروپشتی ئێمە، ئەم یاسایە لە ئەوروپاش قبوڵ ناکرێ، من تەجروبەم زۆرە، لەوێ بووم، سجنیش کراوم، خۆپیشاندانیشم کردووە، ئیجازەشم وەرگرتووە، ئەگەر تۆ ئیجازە وەرناگریت و مۆڵەت وەرناگری، لیژنەت بۆچی یە نوێنەری خۆپیشاندەران بێ؟ ئەگەر تۆ داوای سەلامەتی لە حکومەت دەکەی، چۆن تۆ بپارێزێ؟ چۆن پۆلیس بۆ تۆ بنێرێ؟ ئەگەر تۆ دەتەوێ لەم وڵاتە خۆپیشاندان بکەی و خەڵك فێری خۆپیشاندان و دیموکراسی بکەی، پێویستت بە دەوڵەتە، دەوڵەتیش پێویستی بە پۆلیسە، پۆلیسیش پێویستی بەوە دەبێ هەموو وردەکارییەکانی تۆ بزانێ کاتێ خۆپیشاندان دەکەی، من پێم سەیرە باسی شیاوی یاساییان کرد، دەیانوت نابێ هەبێ، زۆر باشە، کۆمەڵێ جاسوس و موجریم دەنێرین بچن بڵێن ئێمە خۆپیشاندان دەکەین، ئاخر چۆن دەبێ شتی وا؟ لەبەر ئەوە ئەصڵەن لە شوێنە پێشکەوتووەکانی دنیا دەبێ نوێنەرەکانی خۆپیشاندەران ناسراو بن، لە پۆلیس ناویان هەبێ، (NGO)ن یان حیزبن، ئەو کاتە ئیجازە بە نوێنەری خۆپیشاندان دەدرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی سێ، ماددەی سێ کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ماددەی سێ، دەبێ بە مۆڵەت بێ لەبەر خاتری خەڵك، لەبەر ئاسایشی وڵاتەکە، لەبەر گیانی خۆپیشاندەران، ئاگادارینامە یەعنی چی؟ تۆ دەتوانی لە ڕۆژی جومعە ئاگادارینامەیەك بخەیتە ناو پۆستەکەی وەزیرەوە بچی بۆ خۆپیشاندان، بڵێی ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد ڕەنگە یاساکەت بە باشی نەخوێندبێتەوە، ڕۆژانی پشوو بەرچاو دەگیرێ بۆ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ خوێندوومەتەوە، ئەوەتا لەبەر دەستمە، بەڵام ئەوە لە بەرژەوەندی ئەم میللەتە نییە، دەنگیشی پێ نادەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆزان، فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزا من، ئەز حەز دکەم لیژنا یاسایی کو ڕوونکردنەوەك لەسەر ڤی چەندی بدات، نەخاس برگا ئەم بژین دووەمدا، ئەگەر هاتو خۆپیشاندان هاتە کرنێ، ئەڤ خۆپیشاندانیت موفاجیئ بیت، یەعنی لە ناکاو، لەو حالەتەدا چ یاسایەك بیتن؟ چ برگەیەك بێتن؟ ئەز پشتەڤانیا بەهار خانی دکەم کو برگەیەکا تایبەت بە خۆپیشاندانی موفاجیئ بینیتە دانان، چونکە ئەگەر نا، دەبی حالەتی خەڵکی مە هانا بخاتە بەر هەندێ کو ئەڤە دوخەکی پەیدا ئەز خاسەتەن یەعنی نوکە ڤان حالاتا د بینین کو هەندێك قەیرانێ هەن باری ئابووری نە باشە، ل بەر هەندێ دێ موئازەرە بکەن، خۆپیشاندانی موفاجیئ، بەڵام حەز دکەین کو برگەیەکی تایبەت بێتە دانان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کەژاڵ خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم وەکو خۆی بی، بڕگەی دووەم و سێیەم نەمێنێ، لابرێت، هەردوو بڕگەکە، پشتگیری ڕاکەی بەهار خان دەکەم، کە پێناسەی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان زۆری کرا، من ئەوەی کە مەبەستمە بیکەم، بڕگەی دووهەم نووسراوە هەتا ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت، نابێ خۆپیشاندان بکرێ، دەکرێت ئەو ئاگادارینامەیە کە بە نووسراوە، پێویستە بە ڕای من بکرێت بە ئاگادارینامەکە ئەگەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، یان پەیوەندی کردن بێت، ئاسایی بێت، شەرت نییە بە نووسراو بێت، ئەوە خاڵێك، دوو/ من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك د. محمدم، زۆرجار لە کەمپینی هەڵبژاردنەکان دا بە هەمان شێوە گردبوونەوە

دروست دەکرێت، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، زائیدەن، من دوێنێش تەئکیدم لەوە کردەوە ئەم پرۆژە یاسایە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە خۆ نەگرێ، جێی نەکرێتەوە، لە ڕاستی دا کەلێنێك دەبێ تیایا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. ڤالا ڕوونکردنەوەت هەیە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدات و کۆتایی پێ دێ، بە پێی پەیڕەو نابێ بچینەوە سەری، یەکەمیان/ مەسەلەی تەعریف کردنی خۆپیشاندانی لە ناکاوە، ئەوە دوێنێ دەنگی لەسەر درا، بە هیچ شێوەیەك نابێ پەرلەمان بگەڕێتەوە سەری بە پێی پەیڕەو، خاڵی دووەم/ مەسەلەی وەزیر و وەزارەتە، ئەوەشیان دوێنێ یەکلایی کرایەوە و دەنگی لەسەر درا، نابێ بچینەوە سەری، بۆیە نابێ پێشنیار بکرێ لەلایەن پەرلەمانتاران، خاڵی چوارەم ئەوەی پەیوەستە بە کەمپینی هەڵبژاردن، ئەو بابەتانە دەچنە ناو نیتاقی ئیجتیماعاتی خاص، ئیجتیماعاتی خاص هەمووی لە ئاگادار کردنەوە و مۆڵەت بە دەردەکرێن، بۆیە پێویست ناکات بە تەفصیل هەموو ئەوانەی دەچنە ناو بابی ئیجتیماعاتی خاص، لەو یاسایەدا نابێ ناویان بهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز امنە ذکري.

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ مە هاتنە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کرا، سوپاس.

**بەڕێزد. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك تحسین دۆڵەمەڕی.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، وەڵلا قسەکانی منیش کرا، تەنها یەك تەعدیلم هەیە، ئەگەر ئیجازەم بدەن، یەکەمیان ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی هەرێم بوو، ئینجا وەزیر ئاگادار بکرێ، نەك پێش و پاشێك دەبێ هەبێ،

ئەوەی دووەمیشیان بە هەمان شێوە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێری بوو، سەرۆکی ئەوەی لێ ئاگادار دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێرکۆ جودت.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە هەموار بکرێ، یەکەم/ ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی سەرتاسەری هەرێم دا بوو، لەو کاتەدا وەزیر ئاگادار دەکرێت، ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕییەکان دا ئەنجام درا، لەو کاتەدا بەرپرسەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێت، بیرم نایەتەوە دوێنێ لە کۆبوونەوەکە باسمان لەوە کردبێ کە باس لە وەزیر و باس لە یەکەی کارگێڕی نەکرێ، یا تەنانەت دەنگمان لەسەر ئەوە دابێ کە خۆپیشاندانی لە ناکاو جارێکی تر باسی لێوە نەکرێت، بۆیە من تەئکید لە ڕەئی بەهار خان دەکەمەوە، لەوەی کە بڕگەی دووەم بۆ ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە زیاد بکرێ، خۆپیشاندانی لە ناکاو ئەو خۆپیشاندانەبوو کە پێناسەکەی بەهار خان کردی، بڕگەیەکی تریشی بۆ ئیزافە بکرێ، کە بڕگەی سێهەم بۆ ماددەی سێهەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە زیاد بکرێ (لە کاتی خۆپیشاندانی لە ناکاودا پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ڕێوشوێنی مەدەنیانە لە بەرامبەر خۆپیشاندەران دا بگرێتە بەر ودەزگاکانی پۆلیس ئەرکی پاراستنی موڵك و سامانی گشتی و تایبەتی بگرنە ئەستۆ، ئەم خۆپیشاندانی لە ناکاوە بەڕێزان، زۆرجار حاڵەت ڕوویداوە، یەعنی لە کۆلێژەکان، لە بەشە ناوخۆییەکان کارەسات ڕوویداوە، زانیویانە کە سەعاتێکی تر، دوو سەعاتی تر کارەساتێکی گەورە ڕوو دەدا، پەیوەندیان کردووە بە لایەنە بەرپرسەکانەوە، نەهاتوون بە دەمیانەوە، ناچار هاتوونەتە سەر شەقامەکان، خۆ ناوەستن هەتاوەکو بەرپرسەکە مۆڵەتیان پێ دەدا پاش ٤٨ سەعات و پاش ئەوەندە سەعات، لەبەر ئەوە خۆپیشاندانی لە ناکاو زەروورەتە، جا هیوادارم بەڕاستی ئەم دەنگدانەی ئێستای ئێمە پشتگیری لە خۆپیشاندانی لە ناکاو دەکەین، زیاتر لە سێ پەرلەمانتار تەئکیدمان لەسەر کردەوە، بە هەڵەی جاری پێشوودا نەڕۆین کە ئێمە تەئکیدمان لەسەر جۆرێك دەق کردەوە، بەڵام دواتر لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە دەقێکی تر خرایە دەنگدان، دواتر موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆمان کرد، بەوەی کە ئەو دەقەی زیاتر لە ٣ پەرلەمانتار دەنگی لەسەر دا، بۆ ئەوەی کە دەنگدانی لەسەر بکرێ، ئەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوایە تەصویتی لەسەر بکرایە، نەکرا، دەرەنجام بە بڕوای من کەم و کورتییەکی گەورە لە یاساکەدا هاتە دی، ئێمەش موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پەرلەمانەمان پێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. شێرکۆ ئەو مەسەلەی کە زیاتر لە سێ کەس بابەتێك باس بکا و دوایی بخرێتە تەصویتەوە، بە شێوەیەکی عورفی هاتووە، زیاتر بۆ چەند بۆچوونێك هاتبوو بۆ تەعدیل کردنی، بۆیە لیژنە

پەیوەندیدارەکانمان ڕاسپارد کە صیاغەیەکی هەموو ئەو پێشنیارە جیا جیایانە بکەنەوە، خستمە دەنگەوە، سەبارەت بەوە ئەو تێبینییەی لیژنەی یاسایی، ڕاستە، ئێمە دوێنێ تەصویتمان لەسەر ئەوە کرد کە ئایا خۆپیشاندانی لە ناکاو پێناسە بکرێ یان نا؟، ڕەت کرایەوەوە کە پێناسە بکرێ لە ماددەی یەکەم، بەڵام ئەوەی کە جەنابت باست کرد، ئەوە دەتواندرێ قسەی لەسەر بکرێ، کە لێرە وەکو چۆن لە برگەی سێیەم دا دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ، بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان موعالەجە کراوە، بەو شێوەیەش ئەوە ڕێی تێدەچێ، دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لێرەدا خۆپیشاندانی لە ناکاویش موعالەجە بکرێ، بەڵام وەکو پێناسە کردن لە ماددەی یەك دا ڕەفز کرا پێناسەی بخرێتە ناو پرۆژە یاساکەوە، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، برگەی یەکەم، خاڵی یەك و دوو هەر لە سەرەتاوە دەتوانی تەنها بڵێی بە نووسراوێك ئاگادار بکرێت، ئەو کاتە دەتوانی برگەی دووەمیش هەر لابەری، لەگەڵ ئەوەی کاك د. شوانم بە نیسبەت برگەی سێیەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدام کە جێی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێتەوە، دەمەوێ یەك قسەی زۆر کورتیش بکەم کە پەیوەندی بەمۆڵەتەوە هەیە هەڵبەتە، بەڕاستی با دیسان وای لێ نەیێتەوە، بەرەیەك زۆر خەمخۆری ئەو وڵاتە دەرکەوێ، بەرەیەکی تر بە دژی ئەم وڵاتە دەرکەوێ، یەك ئامارم پێ بڵێن کە ئەو خۆپیشاندانانەی داوای مۆڵەتیان کردووە، کە بچووکترین ترسیان هەبووبێ لێی، مۆڵەتیان نەدا پێی، هەر لە زۆر شوێن دا، با ناوی هیچ شوێنێ نەڵێم، بە ئەنواع و ئەشکالی جیاواز کە مۆڵەتیان داوا کردووە، ڕەتیان کردۆتەوە، ئێمە بۆ خۆمان لە سلێمانی بووین بۆ نموونە، لە دوای ٦٢ ڕۆژ ئەگەر وەڵامیان نەدایەوە، ئەخیر ڕۆژ ئێمە لە ناو پاص دا بووین، گرتینیان، دوایی ئەو هێزەی کە منی گرتبوو......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ پەیامەکەت گەیشت، بەڕێز کاك قادر وەتمان.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم لە چوارچێوەی بابەت ناتوانین دەرچین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی مۆڵەت بوو، ئاگادار کردنەوە لە چوارچێوەی ماددەی (٣)دایە، وەکو چۆن کاك فەرهاد باسی کرد.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەر حاڵ، من پێموایە لە ڕاپۆرتەکەدا برگەی چوارەمی یاساکە لابراوە، کە تەنها برگەیەك بوو کە ماف تانەی دەدا بەوانەی کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن، لەوانەیە لە ئێستادا وەڵامی لیژنەی یاسایی

ئەوە بێ کە مادام مۆڵەت نەما، تانەش نەما، بەڵام لە ڕاستی دا حەق بوو داڕشتنەوەی تیا بکرێ، چونکە بە پێی ماددەی (٥)ی ئەم پرۆژە یاسایەی بۆ هەموار لەبەر دەستمان دایە، لەڕاستی دا نزیکە لە مۆڵەتەوە، چونکە دەڵێن نابێ خۆپیشاندان پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی بێ، هەمووومان پارێزەری بەرژەوەندی گشتی و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانی تێڕوانین هەبێ، یەعنی جیاوازی تێڕوانین هەبێ، بۆ بەرژەوەندی گشتی لەوانەیە هەمووومان کۆك بین، تا ڕاددەیەکی کەم جیاوازی هەبێ، ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی لە ڕاستی دا بە هۆی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی، تەنانەت ئایدۆلۆجی و ئەوانە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دوایی لە ماددەکانی تر وتووێژی لەسەر دەکەین کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید وایە، بەڵام هەر مۆڵەت دەگرێتەوە، نزیکە لە مۆڵەتەوە، چوتکە تۆ کە کاتت پێ دیاری کردن، ماوەی کۆتایی هاتنت پێ دیاری کرا، شوێنت پێ دیاری کرا، لە هەمان کات دا شوێنت پێ گۆڕدرا، دەتوانم بڵێم ڕاستە مۆڵەت نییە بە مانای مۆڵەت، هەر تەنها لایەنی پەیوەندیدار ناڵێ مۆڵەتت پێ دەدەم، یان پێت نادەم، ئەم وشەیە بەکار ناهێنێ، ئەگەر نا زۆر نزیکە لە مۆڵەتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان، دەبوایە ئەم ماددەیان بە شێوەیەکی تر ڕێکخستبایە، ئەم بڕگەیە، لەبەر ئەوە مەجالی ئەوەش هەیە، مادام ئێمە ئەوەمان گۆڕیوە، لیژنەمان گۆڕیوە بۆ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، دەبوایە ئێمە داڕشتنێکی ترمان بۆ ئەوە کردبا، مەجالی هەمواریش هەیە، بۆ ئەوەی لایەنی کەم ئەوانەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران دەکەن ماف ئەوەیان هەبێ لەو حاڵەتانەی کە پێویستە سکاڵای خۆیان پێشکەشی دادگای تایبەتمەند، یان دادگای تێهەڵچوون بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێموایە بڕگەی دووەم دەتوانین لابەرین، ئەگەر وشەی بە نووسراوێك بخەینە پێش، بەم شێوەیە بیخوێنینەوە (نووسراوێك) وەزیر یان بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر خۆپیشاندان لەسەر ئاستی هەرێم بوو، یان وەکو ئەوەی جەنابی کاك تحسین گوتی ئەگەرەکە بخرێتە پێش خۆپیشاندانەکە ئەوەش هەر جائیزە، دووەم بە نووسراوێك سەرۆکی یەکەی ئیداری یان بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی

ئیداری بوو، ئەوە پێویستە لەو کاتە برگەی دووەم پێویست ناکا، ئەوە پشتگیری قسەکانی بەڕێز بەهار خان و د. شێرکۆ دەکەم، لەسەر مەسەلەی خۆپیشاندانی لە ناکاو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک خلف.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆربەی قسەکانم کرا، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئاگادارینامە و مۆڵەتەوە هەیە، ئێمە لەسەرەتا وتمان بەو ئاراستە قسە دەکەین، کە کارەکانی پەرلەمان زۆر بە باشی لە خزمەتی خەڵك بەڕێوە بچێ، بەڵام ئەگەر بچینەوە بۆ تەئریخ و کۆمەڵە شتێ هەڵبدەینەوە، بەو ئاقارە ناڕوا، بۆیە ئازادیش تا ئەو ڕاددەیە، خۆپیشاندان تا ئەو ڕاددەیە کە ئازادی بەرامبەر نەخاتە مەترسییەوە، یەعنی خۆپیشاندەر دەبێ حیساب بۆ خەڵکێکی کاسب و ناو بازاڕ و ئەوانەش بکرێ، بۆ خۆمان نموونەی ١٧ی شوباتمان لەبەر دەستە، کە زەرەری زۆرمان لەو مەجالە کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ماددەی (٣) دەکەین کاک خلف.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە ماددەی سێ لە خاڵی دووەم کە باسی ئاگادارینامە دەکات، قسەکەم لەسەر ئەوەیە، لەبەر ئەوە گرنگە هەموومان ئیلتیزام بەو بابەتە بکەین، خۆشبەختانە مۆڵەت کراوە بە ئاگادارینامە، ئاگادارینامە لە ماوەی ٤٨ سەعات دا وەڵام نەدرێتەوە بەوە حیسابە کە خۆپیشاندەران مافی خۆیانە خۆپیشاندان بکەن، پێویست ناکات موزایەداتی سیاسی، تەئریخ بێنینەوە بەرچاو، کە تەئریخێکی ئەوە نەبووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە واز لە نوقتەی نیزامی و نوقتەی نیزامی دژ بێنن، فەرموو مامۆستا حسن.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک بێستوون فائق.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من نەك جارێك، دوو، سێ جار، پێشنیازەکانم نەك جارێك، دوو، سێ جار، بە دوو، سێ شێوە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. جوان، با قسەکانی بکات د. شێرکۆ، بە یارمەتیت، با قسەکانی بکات، بێدەنگی، تکایە بێدەنگی، تکایە بێدەنگی، تکایە بێدەنگی، د. جوان فەرموو قسەکانت بکە.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی سێیەم، فەقەرەی یەکەم، ژمارە یەك/ وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر وەزیر نەبێ لە قانون (وزیر أو من ینوب عنه)، یەعنی ئەوەی جێگای وەزیریش دەگری صەلاحییەتی هەیە، وەزیر ئەگەر صەلاحییەتی بداتێ، بتوانی ئەو شتەی بکات، باشە، عەینەن لەگەڵ حاجی کاروانم رەقەم (٢) سەرۆکایەتی بێ، ئەگەر هەتا سەرۆکی لیژنەکەی وەحدەکەی ئیداری نەبێ (من ینوب عنه) بتوانێ صەلاحییەتی هەبێ، خاڵی دووەم، فەقەرەی دووەم، برگەی دووەم، هەتا ئاگادارنامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێ نابێت خۆپیشاندان بکرێت، یەعنی ئەوە برێك حیددەی تێدایە، سەترەکە، دێرەکە حیددەی تێدایە، ئەگەر موافەقە نەکرێ (کأنه) مۆڵەتی نادەیە خۆپیشاندان، بە نووسراو نەبێ، ئاگادار بێ بەسە، یەعنی بەس ئاگاداری بکرێ، بەسە، چونکە نووسراوێکیش تکایە لەو قالبەی دەربێین، ئێستا ئێمە لە جیهانی (paperless) دەژین، یەعنی (عالم بدون أوراق)، ئێستا ئینتەرنێت هەیە، وەسائیلی زۆر متەتەور هەیە، (کتابنا و کتابکم) بۆ خۆمان هەمووی دەزانین، ئیجرائاتی ڕۆتینی چەند قاتیلە لە ناو دەوائیر، خۆپیشاندانیش سیفەتێکی تێدایە خێرا و پەلەیە، دەبێ نووسراوەکە هەڵبگیرێ، بە وەسائیلی موتەتەور ئاگاداری بکرێ، زۆر سوپاس، سوئالێکم لە جەنابیشتان هەبوو، کاك سالار وتی لە ماددەی چوارەم ئەگەر هاتو ئاگادارییەکە گەیشت بە قبوڵ حیساب دەبێ بۆ ماوەی ٢٤ سەعات، من ماددەی چوارەمم هەموو خوێندنەوە ئەو فەقەرەیەم نەدیت، ئیحتیماڵە من هەڵە بم، لەلای ئێمە نییە، لە ئەصڵەکە؟ باشە کاکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەهراب میکائیل محمد فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجا یاسای خۆپیشاندانێ، چەند ئامانجن، یەکێکیان ڕێکخستن و پاراستنە، ئەز دبینم ئەگەر ب شێوەیا بەرێوە بچێ، نە ڕێکخستن تێدا دەبی، نە پاراستن تێدا دەبی، خۆپیشاندانا لە ناکاو، یان موفاجیئ، زەرورەیەکە کە جیهەتی دبی ببینی، بەرە بەینەکی تەلەفۆنەکی بۆمە هات، شیلادزێ، ئەڤە چەندین ڕۆژە کەهرەب نینە، ڤێ گەرما شەش، حەفت سەعات قەتع دەبی، چونکە کارەبای شیلادزی دەنە باڵندا، د شیلادزێ زەرییە دات، هەندێ گەنج کۆ بوون چوونە سەر وێستگەها کارەبا شیلادزێ، ڤ حالەت وەختی شت ڤی ڕوویدا، لایەنی بەرپرس دچین بەرامبەری دانا، بەر هەندێ ئەڤ پشتەڤانیا بەهار خانیمە، هەروەسا

پشتەڤانیا دکتۆرەییێ، یان دڤێ من تێبینی سەر هەیە، دەرچوونێ خەلکی کۆمەلێ بۆ گۆرەپانا، جاددە، جهێن گشتی ل بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و جەژناوان، ل ڤێرێ ئاگاداری تێدا نینە، رۆخسەتا هەی تەبیعی یە، هەمی دگەل هەندێینە، بەس غەریب ئەوەیە، وەختی ئیمتیازەك هەبی، شەقام بێتە گرتن، رێ بێتە گرتن، بۆ وانە ماف هەبی، بەس ئەو کەسێن داخازی هەی، یەکێتی هەی، ئاریشە هەی، ڤێ دگهەینە حیکمەتێ، ئەوانە ماف نەبی شەقامەکی بچکیش بگرن، یان جێیەکی گشتی بگرن، بۆ هەندەکا هەیە، گەلە جار ئەمە حیزبەکا یا دیتی بازارەك هەمیا گرتی، شەقامیش ژی گرتی، پێت ڤیا ئەوەش بێتە رێکخستن، چۆن ئەوە ڤێتە رێکخستن، تێبینیا من ئەڤەیە بۆ چۆنێن خەلکی کۆمەلێ گۆرەپانا بێتە رێکخستن، کو چۆن شەقام نەهێنە گرتن، خالا دوماهێ حەز دکەم پێتڤیا ل ڤێرێ ئەم مافێ وان کەسا بپارێزین ئەوێ ژی واش ١٨ سالی کەمتر، بۆ نموونە، ڤوتابخانەی بنەرەت هەمی، حەتاکە یازدەی ئامادەیی، ئەوانە ماف نینە خۆپیشاندانا بکەن، چونکە ژ ١٨ سالی کێمترن....

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ماددەی سێ دەکەین کاك سەهراب.

**کاك سەهراب میکائیل محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ ئەژی بەحسی ماددەی سێ دکەم، ئەم لڤێرێ زێدە کەین فەقەرەکی، برگەکی زێدە کەین، بلێین کەسەدا مەحروم نەبن، بۆ نموونە/ مە هەندەکی هەین نوێنەرایەتیا هەرێمێ دکەن، وەرزشێ، ئەشبالن، هەروەسا ناشیئن، چیدی مافێ ئەوانە بپارێزی، ماف نەبیت چۆن داخازا خۆ پێشکەش بکەن، یان خۆپیشاندانەکی بکەن، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك برزۆ مجید.

**بەرێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر رۆشنایی ئەو روونکردنەوەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دای، دواتریش بەرێز د. ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی دای، من سەبارەت بە ئاگادارینامەکە بۆ وەزیر یان بۆ رەئیسی وەحدەی ئیداری دەلێم/ لە حالەتێك دا ئەگەر ئەم وەزیرە یان ئەم رەئیسی وەحدەی ئیدارییە بە بیانووی نەخۆشی، یان سەفەری کورت، یان مەشغەلەتی زۆر دەسەلاتەکەی تەحویل نەکردبوو بۆ وەکیلەکەی، لەو حالەتەدا حەللەکە چی دەبێ؟ چونکە ئەگەر بویستێ ئەوە بە ئاسانی بەکار دێ، ئەگەر نیەتی ئەم رەئیسی وەحدەیە، ئەم مەسئولە خەراپ بێ، سەبارەت بە خۆپیشاندانی لە ناکاویش کە زۆر زۆر قسەی لەسەر کرا، من پێموایە چۆن حەقی تەنزیم دراوە، کە ئەوە ئەو قسەشمان کردووە، حەقی تەنزیم نادرێ بە خۆپیشاندانی لە ناکاو، لە هەمان کات دا حەقی ئیجرائاتیش نادرێ بە حکومەت، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی پەرش و بلاوی بکاتەوە، بۆیە

دەكرێ لەو بۆنە نیشتمانییەكاندا دا تۆزێ جێ بكرێتەوە، پشتگیری د. محمد علی و دواتر كاك عادل عزیز و كاك عبدالرحمن پشتگیریان كرد بۆ ئەوەی كەمپینی ئینتیخاباتیش جێگای بكرێتەوە، یەك حاڵەتی تر دەڵێم لەبەر ئەوەی ئەم مەوزووعە جەدەلی زۆری خواست، ئەو دەسەڵاتی ئەو جارە دروست بووە لە هەرێمی كوردستان، كابینەی هەشتەم هەموو حیزبەكانی تێدایە، دەسەڵاتێك دەبێ هەموو چین و توێژەكانی تێدایە، بۆیە هەموو پێكهاتە سیاسییەكان ئەگەر خۆپیشاندان بكرێ دەبێ وا حیساب بكەن بەرامبەر هەموویان دەكرێ، بۆیە دەبێ مافی خۆپیشاندەرانیش بپارێزرێ، دەسەڵاتی بەهێز ئەوەیە بهێڵێ خۆپیشاندان بكات، لە توانای دابێ زەبتی خۆپیشاندانانەكان بكات، داواكاری خۆپیشاندەران جێبەجێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ڕابوون معروف.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم/ یەكەم، خاڵی یەكەم، ئەگەر پێچەوانە نەبێت بە بەندی پێناسەكان، من پێم باشە لە جیاتی وەزیر وەزارەت بێ، خاڵی دووەم/ پێچەوانەش نابێتەوە لەگەڵ پێناسەكە، من لەگەڵ ڕەئی هاوڕێیانم حاجی كاروان، ئومێد حەمە علی، د. جوان و كۆمەڵێك پەرلەمانتاری تری بەڕێزیش ڕەئیان دا، من لەگەڵ ئەوەم سەرۆكایەتی یەكەی كارگێڕی، سەرۆك بكرێتە سەرۆكایەتی، بۆ خاڵی ئەخیریش لەگەڵ ڕەئی هاوڕێیانم د. محمد علی، برزۆ مجید، هەروەها سەرۆكی پەرلەمانیش ئاماژەی بەو بابەتە دەكرد، ئەگەر خاڵێكیان لەوێ جێی بكرێتەوە، بابەتی كۆبوونەوەیە بۆ هەڵبژاردنە گشتییەكان، ئەوەی تریش كە جێی بكرێتەوە بابەتی خۆپیشاندانی لە ناكاوە، لەو حاڵەدا ئەگەر جێی بكرێتەوە شتێكی باش دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غریب مصطفی حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ دەكەم كە حكومەت پارێزەری مافی گشتی یە، وەكو د. ڤالا باسی كرد، ترس لە خۆپیشاندان، ڕێكخستنی خۆپیشاندان بە یاسا، بۆ ئەوەیە كە پشێوی دروست نەبێ، مافی گشتی پێشێل نەكرێ، بەڵام حكومەت بە هۆی ئەوەی كە دەیەوێ مافی گشتی پێشێل نەكرێ، دەبێ مافی هاوڵاتیش پێشێل نەكرێ كە كاتێك گرفتی بۆ دروست دەبێ، بۆیە بەڕای من لە ماددەی سێ دا بڕگەی یەكەم بەسە كە دوو خاڵی لەخۆ گرتووە، ئیتر بڕگەی دووەم جۆرە كۆت و پەیوەندێكە دروست دەكرێ كە ئاگادارینامەكە بەو جۆرە پێشكەش بكرێ بەلایەنی پەیوەندیدار، بۆ نموونە كاتێ لە خەستەخانەیەك دا هاووڵاتی دەچێتە

خەستەخانەکە، دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی دکتۆر، شەڕی لەگەڵ دەکات، دەکرێ ئەم هەواڵە بگەیەنرێتە وەزارەتی پەیوەندیدار تا موافەقەت دەکرێت؟ بێگومان ئەوە درانسییەتی، یان وەکو ئەو نموونەی د. شێرکۆ هێنایەوە، کەسێك کە مافی ئەخورێت ئەبێ ئەو حەقەی بدەینێ کە هاوار بکات، یەعنی خوا ئەو حەقەی داوە بە ئینسان لەسەر مافی هەڵفڕێ، ئەو ئایەتەی کە خوا دەفەرمێ (أیحب الله الجهر بالسوء من القول إلا من ظلم) ئیشارەیەکی ڕاستەوخۆیە بە مافی خۆپیشاندانی ئینسان، کە بۆی هەیە دەنگ بەرز بکاتەوە، بۆیە هەیە قسەی خراپیشی لە دەم دەرچێ، خوا ئەو حەقەی دابێ بە ئینسان، بەڕاستی دەبێ ئێمە ئەو حەقەی بدەینێ کە خوا خالقی ئێمەیە، کەواتە پشتیوانی لە ڕای ئەوانە دەکەم کە دەڵێن ماددەی دووەم لابرێ، پشتیوانی لە ڕای د. شێرکۆ و بەهار خان و عمر عینایەت دەکەم، کە دەڵێن خۆپیشاندانی لە ناکاو زۆر پێویستە بخرێتە ناو یاساکەوە، ڕام وایە کە بڕگەی سێیەمیش لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم وەزیر بکرێتە وەزارەت، پشتیوانی لە قسەی کاك رابون دەکەم، هەروەها ماددەی دووەم سەرۆکایەتی پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئومێد حەمە علی دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم/ خۆپیشاندانی لە ناکاو، ناکرێ تۆ لە هەرێمی کوردستان ٩٠٪ی خۆپیشاندانی لە ناکاوە کە ناکرێ جێگەی نەبێتەوە لەم یاسایە گەورە و گرانەی کە ڕەهەندی نیشتمانی لەسەرە، بۆیە زۆر گرنگە لە ماددەی دووەم جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قارەمان.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی یەکەم، منیش لەگەڵ ڕەئیەکەی د. جوانم، کە وەزیر یان ئەو کەسەی کە وەزیر تەخویلی دەکات، بە هەمان شێوە بۆ یەکەی کارگێڕییەکەش، سەبارەت بە ماددەی دووەم، لەگەڵ ڕەئیەکەی بەهار خانم، پێموایە دەکرێ جێی بکەینەوە لە بڕگەی دوو دا، هەتا ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێت، نابێ خۆپیشاندان بکرێ، ئەم نوقتەیە بکەین بە فاریزە، جگە لە خۆپیشاندانی لە ناکاو، خاڵی سێیەم/ لەگەڵ ڕەئی کاك محمد علی و ئەو برادەرانەم کاك برزۆ و کاك عبدالرحمن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وتوویژەکان تەواو بوو، بە کورتی، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی پەیوەست بوو بە داواکاری لەسەر مەسەلەی وەزیر و وەزارەت، گوتمان ئێمە لەسەر وەزیر دوێنێ دەنگدانی لەسەر کراوە، موستەڵەحی وەزارەت بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بگەڕێینەوە سەری، ئەوەی پەیوەندی بەوە بوو لە پاڵ وەزیر (من ینوب عنە)، واتا وەکیل وەزیر، ئەوە یاسایە، قاعیدەی عامی موجەرەد دادەنێ، ناچێتە ناو تەفصیلات و جوزئیات، خۆشی تەحصیل حاصلە، کاتێك کە وەزیر لەوێ نەبوو، جێگرەکەی، ئەوەی کە وەکالەتی دەکات، ئەویان دەبێتە وەزیر، بە کارەکانی وەزیر هەڵدەستێ، پێویستی بەو تەحدید کردنە نیە، ئەوەی کە پەیوەستە بە خۆپیشاندانی لە ناکاو، خۆپیشاندانی لە ناکاو دوێنێ دەنگی لەسەر دراوە، وەکو ئەو یاسایە یاسای تەنزیم کردنی خۆپیشاندانە، بە هیچ شێوەیەك ئەو جۆرە خۆپیشاندانە هیچ تەنزیمێك نایگرێتەوە، بۆیە جێگای لەو یاسایەدا نابێتەوە، ئەگەر پاساوی ئەوەش دێننەوە کە گوایە جێگای لە برگەی سێیەم دا دەبێتەوە، ئەوەی لە برگەی سێیەم دا هاتووە دەرچوونی خەڵکە، خۆپیشاندان نییە، سەیری صیاغەکەی بکەن، دەرچوونی خەڵکە بە کۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەکان، دەرچوونی خەڵك لە بۆنە گشتی و ئاینییەکان، گردبوونەوەیان لە شوێنێکی دیاریکراو، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ مەسەلەی خۆپیشاندان، بۆیە موستەڵەحی خۆپیشاندان لە ناو برگەی سێیەمیش دا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ جێگای بکرێتەوە، لە ڕووی یاساییەوە جێگای ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان خۆپیشاندانە، دەرچوونی خەڵکیش بە کۆمەڵ بۆ شوێنەکان بە مەبەستی تەحقیق کردنی ئەو ئەعرافانەی کە هەیە، ئەوەیان مەوزووعێکی ترە، ئەوەی کە پەیوەندی بە برگەی دووەمەوە هەبوو، ئایا هەر ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش نەکرێ، کاتێك کە ئاگادارینامەکەت تۆ بە نووسراو پێشکەش کرد، ئینجا ئەو کاتە دەتوانی ئەوەی ئاگادارینامەکەی بە دەست گەیشتووە بەرپرسی بکەی لەو مەسئولیاتەی کە دەکەوێتە ئەستۆی، کە مۆڵەت نەماوە، نابێ بڵێین ئاگادارینامەش بە نووسراو پێشکەش نەکرێ، خۆ ئەگەر مۆڵەت نەبێ، ئەگەر ئاگادارینامەش بە نووسراو پێشکەش بە جیهەتی مەعنی نەکرێ، خۆی لە خۆیدا خۆپیشاندانەکە هیچ تەنزیمێکی تێدا نەمێنێ و دەبێتە خۆپیشاندانی لە ناکاو، ئەوەی کە باس کرا، مەسەلەی تانە گرتنەکە بوو، کە حەقی ئیجازە لە تەرەفی بەرامبەر دەسێنییەوە، تەحصیل حاصلە، ئەو حەقە بۆ خۆت هاتووە، کە ئەو حەقە هی خۆتە، ٤٨ سەعات کە تێپەڕی، تۆ مافی خۆپیشاندانت هەیە، کە ٤٨ سەعات تێپەڕی بە بێ ئەوەی وەزیر ئیعتیراز بگرێ لەسەر کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە، تۆ مافی خۆپیشاندانت هەیە ئەنجامی بدەی، (إذن) کە مافی خۆپیشاندانت هەبوو تانەی چی دەگری؟ کە ئەو مافی نییە ڕەفزی خۆپیشاندانەکەی تۆ بکاتەوە، سوپاس سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر وشەی خۆپیشاندان، ڕاسنیەکەی ئەگەر لیژنەی یاسایی وا تێ گەیشتبن خۆپیشاندان بەس ناڕەزایەتیە، ئەوە تێ گەیشتنێکی زۆر خراپە، خۆپیشاندان دەکرێ ناڕەزایەتی بێ و دەکرێ پشتیوانی بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای خۆتت وت لەسەر ئەمە، کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە نیسبەت وەزیر و وەزارەتەکان وەکو د.ڤالا ئاماژەی پێی کرد ئەوە دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کراوە بە زۆرینەی دەنگ، دووەمیش مەسەلەی ئاگاداری نامە بە نووسراو، خۆی نووسرا ڕێك دەخرێتەوە لەوانەیە پێویست بێ واژووی نوێنەرانی لەسەر بێ لەبەرئەوەی ناکرێ بە نامەیەك یان بە (sms) یێك وەزیر ئاگادار بکرێتەوە، بە نیسبەت بڕگەی ٣ کە هەندێ لە هەڤالان باسیان کردووە کەمپینی هەڵبژاردن بخرێتە ناو ئەو ماددەیە، بە تەسەوری ئێمە شتێکی سروشتیە ئەگەر کەمپینی هەڵبژاردن لەناو ئەو بڕگەیەدا جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی لەسەر ئەسڵی ماددەکە ڕوونکردنەوە بدەم، لەڕاستی دا پێم خۆشە بچمەوە سەر یەك بنەما ئەویش بۆچی ئێمە ئەم هەموارەمان پێشکەش کرد؟، ئەم هەموارە لە خولی پێشودا بە هەمان نەس پێشکەش کراوە، دوای ئەوەی یاسای خۆپیشاندان دەرکرا و ناڕەزایەتیەکی گەورە دژ بە یاسایەکە دەرچوونرا کە مەسەلەی ئاگادارینامە و مەسەلەی مۆڵەت و مەسەلەی پۆلیس و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، تەنانەت خۆپیشاندانی لەناکاو کۆمەڵێ بڕگەی تریش ئەو کاتە جێگەی جەدەل بوون و تەفاهوممان نەکرد ئێمە وەکو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، ئەوکات بلۆکی دەسەڵات و بلۆکی ئۆپۆزسیۆن جیا بوون، ئێستا هەموولایەك لە حوکمڕانی دان، ئەم یاسایە ناکرێ بە دوو ئاراستە ماددەکان درێژەی پێ بدرێ، بۆیە دوای پەسەند کردنی ئەم ماددەیە من پێم باشە لە گفتوگۆ کردن ڕابوەستین تێگەیشتنێکی تەواو هاوبەشم لەسەر کۆتایی هێنانی بە یاسایەکەیە، دۆخێك هەیە لە دەرەوەی ئەم هۆڵە و لە ئاستی کوردستان دا قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی و ئەوانەیە، بۆیە ئەم گفتوگۆیەی ئێمە نەبێتە دافع

بۆ نارەزایەتییەکی زیاتر، هاوشێوەی ئەوەی خولی پێشوو دەرکرا، هەرچەندە ئێستا ئەم یاسایە وابڕوا و پەسەند بکرێ، ئێمە گۆڕانکاری جەوهەری و هینمان تێدا کردووە، بە تایبەتی چەسپاندنی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە جیاتی ئاسایش و پێشمەرگە و زیرەڤانی، ماددەی ۳ وەکو خۆی بڕگەی یەکەم بمێنێتەوە، بەڵام تەقدیم وتەئخیر بکرێ و پاش وپێش بکرێ، واتە لە جیاتی ئەوەی بوترێ وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەك لەسەر ئاستی هەرێم بوو، بوترێ ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی هەرێم بوو وەزیر ئاگادار دەکرێتەوە، ئەمە بزەبت تەرجەمەی عەرەبییەکەیە، دەکرێ عەرەبییەکەی بە شێوەیەکی تر بێ، بەڵام کوردیەکە وا گونجاوترە، پاش وپێش بکرێ، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ئاگاداردەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕی بوو، واتە ئەمەش جارێکی تر پێویستی بە پێشخستن و دواخستن هەیە، من پێشنیار دەکەم دووەم کە بەم نەسە هاتووە، ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرد نابێ خۆپیشاندان بکرێ، ئەمە لەبەرئەوەی لە زمنی ئەم ماددەیە نییە، لە ماددەی پێشتووتر لەسەر ماددەکان قسەمان کرد، پێشنیار دەکەم بەم جۆرە بێ، ئاگادارینامەکە بە نووسراو پێشکەش بە یەکەی کارگێڕی دەکرێت، واتە نابێ، ئەو نەسە تەوکیدی تێدایە، هیوادارم ڕەئی عامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بێ ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە دابڕێژینەوە، بەشی سێیەم بە پێی نەرێنی خۆجێی باو ئەمە تەفسیر و تەئویلی زۆر جیاوازی بۆ دەکرێت، پێموایە قانونەکە شیاو نییە بمێنێ، لەبەرئەوە ئەمە ڕەئی ئێمەیە و دوای پەسەند کردنی ئەم ئاگادارینامەیە کە لە جەوهەری واتە ڕوحی یاسایەکەیە لە جیاتی مۆڵەت، دوای ئەم ماددەیە بەندە وەکو سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پێشنیار دەکەم لە گفتوگۆ کردنی یاسایەکە ڕابوەستین تاوەکو ئیجماع لەسەر تەواوی ماددەکانی داهاتووی دروست دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هیچ کێشەیەك لە ئاگادار کردنەوەی وەزیر دا دروست نابێ، لەبەرئەوە پێموایە ئەو چوار ساڵە تێ ئەپەڕێ و ئاگاداری نامەیەك لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپیشاندان ڕەنگە بوونی نەبێ، ئەوەی کە هەیە زۆرترینی لەسەر سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکانە لە قەزا و ناحیە و شارەکاندا کە تا پارێزگار دێت، بڕگەی ۲ لەگەڵ ڕەئی کاك سالارم کە (نابێ)کانمان یەك خستووە و کە نابێ ئەم خۆپیشاندانەش بکرێ، لە بڕگەی ۲ بخرێتە ئەو شوێنەی کە (نابێ)کانی تەحدید کردووە، لەبڕگەی ۳ دەرچوونی خەڵك بە کۆمەڵ پێموایە ئێمە تەنها بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینیەکانمان تێ کردووە، ڕۆژە جیهانیەکانیشی تێ بکەین ئەوە کە لە هەرێمی کوردستان زۆرە، بۆ نموونە ڕۆژی ئافرەتان، ڕۆژی کرێکاران، ئەوە هەمووی بۆنەی جیهانین، دەکرێ ئەوەش بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك بە یەك ئەو پێشنیارانەی کە کرابوون، دەخوێندرێتەوە و دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی نووسیوتانە؟ بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن بڕگەی یەکەم ناکرێ دەستکاری بکرێ، چونکە دوێنێ دەنگ لەسەر ماددەی یەکەم دراوە، ماددەی یەکەم وەزیر و سەرۆکی یەکەی کارگێڕی تیایە، لە ماددەی یەکەمی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە وەزیری تیایە، سەرۆکی یەکەی کارگێڕیش لە دەقی ئەسڵی یاسایەکە هەیە، بۆیە ناخرێتە دەنگدانەوە، وتوویژ لەسەر ئەو یاسایە کراوە و ئەو ماددەیە کراوە وتەواو بووە، ماددەی دووەم پێشنیار هەبوو کەلابرێ یان ڕێك بخرێتەوە، ئێستا لەو مشاوەرەی کە کردمان دەتوانرێ بڕگەی ٢ لە ماددەی ٣ لە بڕگەی ١ لە ماددەی ٤ جێ بکرێتەوە، بۆیە دەکرێ ئەو پێشنیارە ئێستا بیخەینە دەنگەوە کە لێرە بڕگەی ٢ لە ماددەی ٣ لابرێ، دوایی لە بڕگەی ١ لە ماددەی ٤ جێی بکرێتەوە، د.ڤالا ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی لە بڕگەی ٢ دا هاتووە، لەبڕگەی ٢ ماددەی ٣ ، لە ماددەی ٤ بڕگەی ١ بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، پێویستە لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم بە ٤٨ کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە لەڕێگەی ئاگاداری نامەیەکی نووسراو کە بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش دەکرێ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار دەکەنەوە، بەمەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخرێتە ئەوێ و موعالەجە دەبێ، نوقتە نیزامی کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاد لە سێ کەس وتیان ئەو خاڵە لابرێ، بەڵام لە جێگەی.......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ باسی ئەوە دەکەین، دوایی خۆپیشاندانی لەناکاو دەخەینە دەنگەوە ئەوەش مەسەلەیەکی ترە، دوایی باسی دەکەین، بەڵێ بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بە دەنگدان لیژنە کرا بە نوێنەر، لەمە لیژنە هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوەش دوایی لە موناقەشە کردنی ماددەی ٤ دا ئەوەش ڕاست دەکەینەوە، ڕاستە منیش تێبینی ئەوەم کرد، ئەوە دەبێ بکرێ بە نوێنەری خۆپیشاندان، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە بڕگەی ٢ لە

ماددەی ٣ لابرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٢ لە ماددەی ٣ لێرە لابرێ؟، تەسویتە، بڕگەی ٢ لە ماددەی ٣ لابرێ لەگەڵ بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٤ دەمج دەکرێ، ٧٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، کاک ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی ١ خاڵی ٢ زیاتر لە پێشنیار هەبوو کە سەرۆك بکرێتە سەرۆکایەتی، نەتخستە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی ١ لە دەقە ئەسڵی یاسایەکە، لە ڕاپۆرتی هاوبەش، باشە ئاخر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە دەقی ئەسڵی یاسایەکە ماددەی یەکەم هاتووە کە دوێنێ ماددەی یەکەم موناقەشە کرا، ئێستا ماددەیەك موناقەشە کرا ناگەڕێینەوە سەری، پێشنیاری تر ئەوە بوو کە چوارچێوەی بڕگەی ٣ خۆپیشاندانی لەناکاویش جێی بکرێتەوە، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك کە دەنگی لەسەر درابێ، ناکرێ جارێکی تر بیخەیە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو پێناسە دوێنێ ڕەد کرایەوە، کە لەماددەی یەکەم جێی بکرێتەوە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا موتەبەعە لە یەکەمەوە بیخەیتە دەنگدان، نەك لە دووەمەوە بۆ سێیەم و لە سێیەمەوە بۆ یەکەم، واتە ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر خۆپیشاندانەکە لە ئاستی هەرێم بوو بخرێتە دەنگدانەوە و ئینجا بڕگەی دووەم و ئینجا بڕگەکانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسمان کرد ئەو بڕگەیە، لەبەرئەوەی دوێنێ لە پێناسەکەدا وا جێی کراوەتەوە، بۆیە ئەو داواکاریانەی بۆ گۆڕانکاری تیایدا هات بوون ناتوانرێ لەبەرچاو بگیردرێ، لەبەرئەوەی وەزیر پێناسە کراوە، سەرۆکی یەکەی کارگێڕیش لە ماددەی ١ پێناسە کراوە، لەبەر ئەوە مادام دەقی ئەسڵی یاسایەکەشمان پەسەند کردووە، دەقی ئەسڵی ڕاپۆرتەکەشمان پەسەند کردووە، ئەو بڕگەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاك ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی چەند جارێك ئاماژەیان بۆ کرد، لەبەرئەوەی ئەم یاسایە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، ناکرێ وشەی خۆپیشاندان دووبارە لەو بەندەیە بە مەعنایەکی تر پێناسە بکرێتەوە، بەڵام دەکرێ مەفهومی خۆپیشاندانی لەناکاو بە مەعنایەکی تر.... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە ڕایە، دوایی موناقەشەی دەكەین، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی یاسایەكە مۆڵەتە، لێرە داواكراوە ئاگادار بكرێتەوە وەزیر، نەك مۆڵەت ببەخشێ، دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، تا نەخرێتە دەنگدانەوە ئیقراری لەسەر نەكراوە، بۆیە داوادەكەم بیخەیتە دەنگدانەوە، بەڵام ئێمە دوێنێ ئەسڵی ڕاپۆرتەكەمان خستە دەنگدانەوەو كردمان بە بنەمای وتوویژ كردنی ئەمڕۆمان، بۆیە هەر گۆڕانكارییەكی تیا بكرێ ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە كە گۆڕانكاری تیا بكرێ، بەڵام دەیشیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی یەكەم لە ماددەی ٣ وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ ٦٩ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ ٥ كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا، بۆ سیاغەش هەندێ پێشنیار هەبوو، بۆیە ئیعادە سیاغە كردنەوەی وەزیر پێش بخرێ یان ئەوەی تر پێش بخرێ ئەوە لیژنەی یاسایی دەتوانن سیاغەی بكەنەوە جارێكی تر، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بڕگەی ١ تێپەڕی و دەنگی لەسەر درا قسەم لەسەری نییە، بەڵام ئێمە سێ كەس داوامان كردبوو، گوتمان ئەگەر خۆپیشاندانەكە لەسەر ئاستی یەكەی كارگێڕی بوو بە نووسراوێك سەرۆكی كارگێڕی یان نوسینگەكەی ئاگادار بكرێتەوە، یەعنی ئەوە نەخرایە دەنگدانەوە نازانم، ببوورە وشەی نووسراوەكەم باس كرد لە هەردوو بڕگەكە كە باسمان كرد، كەیەكەم تێپەڕی تازە قسەیەكمان نییە، ئەگەر خۆپیشاندانەكە ئەوەی كاك سالار باسی كرد جەنابی كاك تحسین باسی كرد، ئەگەر خۆپیشاندانەكە لەسەر ئاستی یەكەی كارگێڕی بوو بە نووسراوێك سەرۆكی یەكەی كارگێڕی ئاگادار دەكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر نووسراوەكە ئەڕواتە ماددەی ٤ پێویست ناكات ئەمە هەموو جارێك دووبارە بكرێتەوە، بڕگەی دووەمیشمان لابرد، ئێستا سەبارەت بە بڕگەی ٣ پێشنیارێك هەبوو هاوشێوەی دەرچوونی خەڵك بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەكان لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینیەكان بە پێی نەریتی خۆجێی باو بەدەردەكرێ لە ئاگاداركردنەوە، پێشنیارێك هەبوو كە بۆنە جیهانیەكانیشی تێ بكرێ، بەڵێ كەمپینی هەڵبژاردنیش پێشنیار كرا، با د.ڤالا ڕوونكردنەوە بدا لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەمان دا، ئەوەی پێویستە بە كەمپینی هەڵبژاردن داخلی اجتماعاتی خاس دەبێ، كە بوو بە گردبوونەوەی تایبەتی ئەو جۆرە گردبوونەوانە كە بۆ كۆمەڵە خەڵكێكی دیاری كراو دەكرێ بۆ ناخب و بۆ

مورەشەحێكی دیاری كراو دەكرێ نە پێویستی بە ئاگادار كردنەوە هەیە و نە جیهاتی ئەمنیش مولزەم دەكرێت بە دابین كردنی ئەمە، ئەوە لە بابەتی ئیجتماعاتی خاس دایە پێویست بەوە ناكات بیهێنینە ناو دەرچوونی خەڵك، چونكە لێرە دەرچوونی خەڵكیش بە كۆمەڵ جیاوازە لەگەڵ كەمپینی ئینتخابات، كە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك جێگای لەو بڕگەیە بكەینەوە، چونكە لەڕووی موستەڵەحەوە جیاوازیان هەیە، كەمپین بۆ ئینتخابات بابەتێكە دەرچوونی خەڵك بە كۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقامەكان بە موناسەبەی بۆنە ئایینی و نیشتمانییەكان بابەتێكی ترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەرحێكم دابوو كاك حاجی كاروان و كاك مەلا غەریب، ئەوە سێ كەسین، یەعنی دەبووایە ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە بەڕاستی زۆر ناڕوونە و شتی زۆر لەخۆ دەگرێت، بڕگەی ٣ لاببرێ سێ كەس داوامان كرد لاببرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە ئەوە تەرح كرا، كاك محمود فەرمووو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانی لەناكاو لە چوارچێوەی دەرچوونی خەڵكە، بۆ دەبێ لێرە جێگەی نەكرێتەوە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باسی خۆپیشاندانی لە ناكاویش دەكەین، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە كە ئەو پێشنیارە هەبوو كە ئەسڵەن بڕگەی ٣ لاببرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ لاببرێ؟ ٧ كەس لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ لاببرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی ٣ بمێنێتەوە؟ ٥٩ كەس لەگەڵ ئەوە بوو كە بڕگەی ٣ بمێنێتەوە، كەواتە دەمێنێتەوە بڕگەی ٣، داوا كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كە خۆپیشاندانی لەناكاویش بەدەر بكرێ لە ئاگادار كردنەوە، ئەگەر ڕوونكردنەوەیەكتان هەیە لیژنەی یاسایی بیدەن، بەڵام ژمارەی یاسایی داوای ئەوەی كردووە كە بەدەر بكرێ لە ئاگاداركردنەوە، خۆپیشاندانی لەناكاو بەدەر بكرێ لە ئاگادار كردنەوە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چۆن ئێمە وتمان مەسەلەی وەزیر و وەزارەت كۆتایی پێ هاتووە و دەنگی بۆ دراوە، مەوزوعی خۆپیشاندانی لەناكاویش بەهەمان شێوە ئەو یاسایە ناوی ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، نە لە تەعاریف دەتوانین جێگای

بکەینەوە و نە لەو ماددەیەی کە پەیوەندی بە دەرچوونی خەڵکەوە دەبێ دەتوانرێ جێگای بکرێتەوە، لەڕووی یاساییەوە ناتوانرێ ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە دابڕێژرێتەوە لەناو ئەو یاسایەدا بە هیچ شێوەیەك، ئەوە لەڕووی یاساییەوە، لەڕووی ئیجرائیشەوە بە پێی پەیڕەو کە هەموومان پابەندین پێی لە پەرلەمان، ئەمە دوێنێ دەنگی لەسەر دراوە کە ئەو خۆپیشاندانانە باس نەکرێت و تەعریف نەکرێت و پەیوەندی نییە بەو یاسایەوە کاتێك کە جێگەی کرایەوە فەحوای یاساکە بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن پێش ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ( هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی د.ڤالا ڕاستە، بەڵام بۆ خۆی زۆر دووبارەی دەکاتەوە، ئەڵێ ئەمە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، بەڕێزم لە کوردستانا ٩٠٪ ی خۆپیشاندانەکان لە ناکاوە، یاسایەك دابنێ بۆ ڕێکخستنی ئەم لە ناکاویە هەبێ یان نەبێ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان د.ڤالا دەڵێ دوێنێ موناقەشەمان کردووە لە ماددەی یەکەم دا جێی نەکراوەتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە تەعریف دابوو ئێستا ئێمە دەمانەوێ و داوا دەکەین و کە چەند پەرلەمانتار داوایان کرد کە لەم برگەیە جێگەی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێك بخرێت، چونکە یاساکە پێی دەڵێن ڕێکخستن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی دەڵێ ئێمە دوێنێ تەسویتمان کردووە لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو نەبێ، کاتێك کە ئەوە نەبووە تەسویتی دوێنێ لەسەر پێناسەی خۆپیشاندانی لەناکاو دراوە، نەك لەسەر ئەوەی کە ئەسڵەن موستەڵەحی خۆپیشاندانی لەناکاو جارێکی تر باسی نەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانی لەناکاو وجودی نەبووە تا پێناسەی هەبێ و نیقاشی لەسەر بکرێ، داوا کراوە هەبێ یان نەبێ، ئینجا دەنگی لەسەر دراوە، تکا دەکەم ڕێز لەو دەنگانە بگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لیژنەی یاسایی ڕەئی وایە کە نابێ جارێکی دیکە باسی ئەو وشەیە بکرێ و ژمارەی یاسایی ئەندامانیش باسیان کردووە، من پێشنیاز دەکەم لە ماددەی ٤ لە بڕگەی یەکەم کە کاتی دانا ٤٨ کاتژمێر ئەو ٤٨ کاتژمێرە کەم بکرێتەوە یان لابرێ، ئۆتۆماتیکی ئەوە جێگەی خۆپیشاندانی لەناکاویش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابون فەرموو.

**بەڕێز رابون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی لیژنەی یاسایی زۆر بە ئیعتبار وەردەگرم من، ڕێزی لێ دەگرم، بۆیە دەبێ هەوڵ بدەن سیاغەیەك بدۆزنەوە، من پێشنیارم کرد و وتم وشەی خۆپیشاندنی لەناکاو زاهیرەکە ناوێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، د.ڤالآ لە مناسەبەیەك دا تەجەموعی سلمی پێشنیار کرد، بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسایی دەتوانن سیاغەیەکی تر و ناوێکی تری بۆ بدۆزنەوە ڕەنگە حەلێکی باش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم بابەتە ئەشکالێکی قانونی تیایە، بۆ موشاوەرەیەکی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، ئێمە دوایی کۆدەبینەوە لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان و بۆ وتوێژکردنی زیاتریش لەسەر کۆی بڕگە و ماددەکانی ڕاپۆرتەکە، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينکی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٥)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٩، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٩دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠و، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین، داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قارد عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

ناوی ئەندامی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٧ مۆڵەت پێدراون، یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ادریس علی اسلام/ مۆڵەت.

٢- تەلار لطیف محمد/ مۆڵەت.

٣- دڵشاد شعبان عبدالغفار/ مۆڵەت.

٤- سهراب میکائیل محمدامین/ مۆڵەت.

٥- مولود مراد محی الدین/ مۆڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کورتەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قارد عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤) لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوو و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣- ئاڵوگۆڕ کردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بۆ خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار.

٤- خوێندنەوەی یەکەمی (١) پرۆژە بڕیارو (٩) پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٥- سوێند خواردنی یاسایی پەرلەمانتاری بەڕێز (عباس فتاح صالح).

٦- پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاری بەڕێز (مولود مراد محی الدین) لە ئەندامیەتی پەرلەمان.

٧- گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە قەیرانی بەنزین و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەكەین بە خاڵی یەكەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان دەكەین كە بێنە سەر مەنصە بۆ دەست پێ كردن بە خاڵی یەكەم، كاك عومەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم بدەیت برایانی بەڕێزم لە پەرلەمان هی بڕگەی چوار لە بەشی دووەم لە ماددەی (٥٤) ڕێگە دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بیرۆكەیەكی هەبێت كاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك بێت لەناو حكومەتدا بە هەند وەربگیرێت، ئەگەر ڕێگەم پێ بدرێت ئەو لاپەڕەیە بخوێنمەوە ڕاپۆرتێكە دەربارەی بیرۆكەیە هەر پەیوەندی بە ژیانی خەڵكی كوردستانەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، با تەوەری یەكەمی دانیشتنەكەمان گفتوگۆ بكەین، دوای ئەوە دەرفەت بە جەنابت دەدەین بیرۆكەكە بخوێنیتەوە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەترسم، چونكە تەوەری یەكەم زۆر بخایەنێت و تەواو نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەوەی جەنابت دەخەینە بەرنامەی كار.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ، تكایە سەرۆكایەتی لیژنەكان بێنە سەر مەنصە بۆ دەست پێ كردن بە گفتوگۆ كردن لەسەر تەوەری یەكەمی بەرنامەی كار.

ئێستا دەست دەكەین بە وتوێژەكەمان، لە دانیشتنی پێشوو لە ماددەی سێیەم بڕگەی سێیەم وەستاین، موناقەشەیەك هەبوو لەسەر جێ گرتنەوەی خۆپیشاندانی لەناكاو لە پڕۆژە یاساكە، هەندێك داواكاری ڕوون كردنەوەمان هەبوو سەبارەت بەو بڕگەیە كە لە دانیشتنی پێشوو دەنگمان لەسەریدا، لەسەر بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەم، ببوورن لەسەر بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم، داوای ڕوون كردنەوە كراوە ڕێگا

سەرەكییەكان، ئەو ڕێگا گشتییەكان كە دەنگی لەسەر دراوە، داواكارم لە لیژنەی یاسایی روون كردنەوەی پێویست لەسەر ئەو بابەتە بدات بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زاراوەی ڕێگا گشتییەكان، كە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، مەبەستمان لە ڕێگا گشتیەكان ڕێگا سەرەكییەكانی نێوان شارو شاروچكەكانە، واتا مەبەستمان لە شەقامەكانی ناو شارەكان نییە، چونكە هەر خۆشی لە رووی زمانەوانییەوە ڕێگا جیاوازی هەیە لەگەڵ شەقامدا، كە دەڵێی ڕێگا بەپێی یاسای ڕێگا گشتییەكان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێگای گشتی بریتییە لەو ڕێگایانەی كە دەكەوێتە دەرەوەی شار، واتا ڕێگاكانی نێوان شارو شارۆچكەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە بڕگەی سێیەم ماددەی سێیەم، بۆ ئەوەی زوو بە زوو وتووێژەكان تەواو بكەین لەسەر ئەو بڕگەیەو بیخەینە دەنگدانەوە، لە هەر فراكسیۆنێك یەك كەس، جا سەرۆكی فراكسیۆن بێت یان هەر كەسێك لەسەر ئەو بڕگەیە ئەگەر قسەیەكی هەیە بیكات، بۆ ئەوەی دوای ئەوە دەنگدانی لەسەر بدەین، پێشنیارێك هەبوو لە بڕگەی سێیەم لە دانیشتنی پێشوو كە خۆپیشاندانی لەناكاویش لە ناو بڕگەی سێیەمدا، یان وەكو بڕگەیەكی سەربەخۆ لە ماددەی سێیەم دەست نیشان بكرێت، بۆیە دەرفەتێكی كەم دەدەین بە فراكسیۆنەكان بۆ وتووێژ، چونكە پێشتر وتووێژی لەسەر كراوە، بۆ ئەوەی پێش دەنگدان سوورەیەكی وازیحتر هەبێت، دوایی لیژنە پەیوەندیدارەكان قسەی خۆیان لەسەر بكەن تا دەنگی لەسەر بدەین، بەڕێز مامۆستا رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشبینی ئەوەمان دەكرد كە نوێنەرایەتی فراكسیۆنەكان، یان لیژنەی یاسایی هەوڵ بدەن بگەنە ئیجماعێك كۆ بكەنەوە، یان تەنسیق بكەن كە لەسەر فۆرمیلەیەك ڕێك بكەون، ئەگەر ڕێك نەكەوتن فرستەمان بدەنێ بۆ ئەوەی لە فراكسیۆنەكان فۆرمیلەیەك حازر بێت، چونكە ئێستا لای فراكسیۆنەكانە لای خۆمان نییە، لەلای لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان دانیشتنەكەمان هەڵگرت، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێك كەوتن، لەو كاتەوە تا ئێستا زۆر كات تێ پەڕیوە، بۆیە هیواخوازین شێوەیەك لە تەوافوق دروست ببێت لەو پرسە، كێ قسەی هەیە لەسەری؟ لە هەر فراكسیۆن یەك كەس، كاك تحسین نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٢) نابێت بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆ كردنی ئەو بابەتانەی یەكلایی كراوەتەوە، ئەم بابەتە یەكلایی كراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك تحسین ناگەڕێینەوە بۆ ماددەی یەك لە راپۆرتەكە، بەڵێ، راست دەكەیت ئەوە موناقەشە كراوە، لێرە پێشنیارەكە ئەوەیە كە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بوو لەم ماددەیە جێی خۆپیشاندانی لەناكاو بكرێتەوە، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆبوونا پێشووی بڕیار هاتە دانێ ب رەزامەندیا ئەندام پەرلەمانێ كو راپۆرتا لیژنا یاسایی ئو ل راپۆرتا موشتەرەك ببت ئەساسێ گەنگەشێ، جا ڤێرێدا ئەڤ ناو كەوانا ناوڤ راپۆرتا لیژنا یاسایێ دا نینە، یەعنی چ حەقەك دێنە سەر ئیزافە كرن، ژ لایەكی دیڤە بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ، خۆپیشاندان حەقەكی موتڵەق نینە، حەقەكی تەبیعی رێكخستیا لا یاسایێ تایبەت، ژ بەر هەندێ هیچ مەجالەك نینە ئەڤ موستەلەحێ ناكاو بێتە زێدە كرن ناو ڤێ یاسایێدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسە دەكەین، یان من نوقتەی نیزامیم نییە، قسە دەكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز د.فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر چوار لیژنە كۆبوونەوەمان كرد، لەوێ ئەو تەوقیعانەی ئێستاش لای ئێمە هەیە لەو راپۆرتە واژوومان كرد، بۆ ئەوەی بەو پاساوەی كە مادام خۆپیشاندان لە مۆڵەت پێدانەوە دەبێتە ئاگادار كردنەوە، هیچ پاساوێك بۆ مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناكاو نامێنێتەوە، چونكە دەرگا دەكرێتەوە بۆ ئەوەی هەر كەسێك لە هەر كاتێك بیەوێت، یان دەیانەوێت خۆپیشاندان بكەن هیچ كەسێك ناتوانێت رێگایان لێ بگرێت، جارێ پێش هەموو شتێك ئێستا ئەم رێككەوتنە چی لێ هات؟ دوایێ ئێمە كاتێك كۆبوونەوەی هاوبەش دەكەین و، راپۆرتی هاوبەش ئامادە دەكرێت، مانای وایە مانایەك بۆ ئەوە نامێنێتەوە، ئەمە یەك.

خاڵی دووەمیان/ ئێمە کە باسی خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەین بە موتڵەقی ئەو کاتە هیچ مانایەك بۆ ئەحکامەکانی پێشووتر بۆ خۆپیشاندانی سلمی کە ئێمە مەبەستمان لە خۆپیشاندانە، خۆپیشاندانێکی سلمییە نامێنێتەوە، چونکە تۆ ئەگەر دەرفەت بدەیت بە ئەوانەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن بە دڵنیایی لەوانەیە لە ماوەی ساڵێکدا کەس پەنا نەباتە بەر ئەحکامەکانی تر بۆ ئاگادار کردنەوەو کات و شوێنی دیاری کردن و ئەوانە، ئەمە خاڵی دووەم.

خاڵی سێیەم/ ئەوەیە کە ئێمە چەند پلەیەکمان هەیە، با بڵێین چەند ئەحکامێکمان هەیە بۆ هەر یەك لە حاڵەتەکانی عونف، یان ئەوەی سلمی، لە کۆبوونەوەی داخراو، لە کۆبوونەوەی تایبەت، لە خۆپیشاندان، دواتر دەچێتە قالبێکی تر کە دەچێتە ناو مەسائیلی عونفی شەغەب، کە تەوەتوراتە، اضطراباتە، ئیقتیتالی داخلییە، حروبی ئەهلیە، نیزاع داخلیە، هەر یەکە لەوانە قانونێك تەنزیمی دەکات، بۆ نموونە کاتێك کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتە، یان کۆبوونەوەیەکی داخراوە، یان کۆبوونەوەیەکی کراوەیە، ئەمە حاڵەتێکی ترە بە هیچ شێوەیەك پێویست بە تەنزیمی قانونیەوە نییە، ئەمە مەسەلەیەکی بیداهیە، کە دێیە سەر خۆپیشاندان یەکسەر یەکسانە بە سلمی، واتا خۆپیشاندانەکە لێرە ئەحکامی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو قانونەیە، ئەگەر بڕۆی بۆ ڕێگە گرتن و ئاگر کردنەوەو ئەمانە یەکسەر دەچینە بابی تەوەتورات و ئەمانە قانونی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە عقوبات هاتووە قەتع و قەتل ئەوانە لەسەری، بەسەرتر بکەویت یەکسەر قانونی دەولی ئینسانی، قانون دەولی حقوقی ئینسان بۆ مەسائیلی تر تەتبیق دەبێت، بۆیە ئەگەر بێتو ئێمە بێین ئەم مەسائیلانە لەناو یەك قانوندا تێکەڵاو بکەین، ئەو قازییە تووشی تەتبیقی قانون بکات، تووشی سەر لێ شێوانی دەکەین، نازانی ئەمە حوکم تەتبیق بکات، چونکە ئێمە دێین باسی شتێك دەکەین کە لە حاڵەتی ئەزمە ڕوودەدات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەم قانونە بۆ حاڵەتی ئەزمە نانووسین، ئێمە بۆ حاڵەتێکی ئاسایی دەنووسین، کە هەرێمی کوردستان ئازادی را دەربڕینی هەیە، ئازادی خۆپیشاندانی هەیە، ئەگەر بێین بڵێین ئێستا ئەزمەی بەنزین هەیەو ئەزمەی مووچەیەو خەڵك بێزارە دێتە دەرەوە، ئەوە لە ولاتانی دونیا ئەوە پێی دەگوترێت حاڵەتی تەوارئ بە قانونی موحەدەدی فەترە تەنزیم دەکرێت، ئەگەر بڕیارە ئێستا خەڵکمان پێ کۆنترۆڵ نابێت، وەرن قانونێکی موحەدەدی فەترە دادەنێین بۆ ماوەی دوو مانگ کە ولات لە ئەزمە دایە، پێمان ناکرێت ئەحکامەکانی قانونی خۆپیشاندان تەتبیق بکەین، بەلام بێین ئیستیسنا لەناو قانونێك دروست بکەین.

بە تەسەوری من ئێمە لێرە شتێك دەکەین، ئیلحایەك دەدەینە دەرەوە کە دائیمەن هەرێمی کوردستان بە ئەزمات تێپەڕ دەبێت، پێمان کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە بە تێڕوانینی من وێڕای ئەوەی زۆر زۆر لەگەڵ ئازادی را دەربڕین داین لەو شوێنەدا کە ئازادی لێیە، با کەسیشمان موزایەدە لەسەر کەسدا نەکەین، بەلام ئەوەی کە گرنگە ئێمە دەبێت ئەو قانونەی کە پێی دەگوترێت قانونی خۆپیشاندان بە ئەحکام و نەصەکانی قانونی خۆپیشاندان تەنزیمی بکەین، شتێکی تری لەگەڵدا تێکەڵاو نەکەین کە نامۆ بێت بەڕاستی،

لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوە لەبەر دەستمانە، ئەگەر هەر برادەرێك دەیەوێت زیاتر لە چوار یاسای خۆپیشاندانی ولأتانم لەبەر دەست دایە بەبێ تەرەدود ئەوە فەرموون سەیری بکەن یاسای خۆپیشاندانی ئێستا ئێمە لەبەردەستماندایە لە هەموویان کراوەترە، لە هەموویان ئازادیترە، لەهەمووشیان نەرمترە، ئەوانەش کە لەبەردەستی من دان یاسای خۆپیشاندانی ولأتانی دیموکراتن، ولأتانی پێشکەوتوون، بۆیە تێروانینی من یەعنی کردنەوەی جێگای خۆپیشاندانێك بەناوی لەناکاو نە لە رووی عورفی قانونی موقارن شتێك هەیە بەو ناوە، نە ئێمەش سوودمەند دەبین لەوەی کە شەرعیەتی بدەینە شتێك کە لە داهاتوو لە وانەیە موشکیلە بۆ دەزگاکانی حکومەتی ئێمە دروست بکات و دیسان تەئکید دەکەینەوە حکومەتی هەموومانە، مەسئولیەتی ئەمنی و پاراستنی ئیستیقراری ئەمنی هەموومانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سراج نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك تحسين باسی کرد بزەبت من هاوڕام لەگەڵی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر مورەبەعی یەکەم، کە گەیشتینە سەر مورەبەعی یەکەم، کەواتە هیچمان نەکرد....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامان دایەوە.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم خاڵ/ کە دەمەوێت باسی بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر هەر هەوڵێك هەبێت، بۆ ئەوەی کەوا بمانەوێت کەلێنێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانی لەناکاو جێی بکەینەوە، گومان لەوە دانییە کە ئەوە تەعاروز دەبێت لەگەڵ ماددەی سێیەم و ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەی لەبەردەستتاندایە، چونکە ئەم جۆرە خۆپیشاندانە نە وەزیر علیمی دەبێت، نە یەکەی ئیداری علیمی دەبێت، هەروەها نە کات و شوێنیشی دیاری دەکرێت، نە ئامانج و هەدەفەکەشی دیاری کراوە، چەندین نصوصی قانونیشمان هەیە کە رەد دەکاتەوە دەڵێت (لايجوز اعمال نصين متعارضين في أن واحد)، ناکرێت ئێمە دوو برگە دابنێین، یان دوو ماددەمان هەبێت لە یاسایەك هەردووکیان دژی یەکترو پێچەوانەی یەکتر بن، کەواتە هەر لە سەرەتای هەموارەکە ئێمە دەکەوینە هەڵەیەکی یاسایی، چونکە چەندین ئیشکال و موعەویقاتی لێ دەکەوێتەوە، کە بە زۆر زەحمەت خۆمان لێ خەلاص دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەی پێشوودا پێشنیارێكی زۆر هەبوو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لەسەر خۆپیشاندانی لەناكاو، كە ئەمە دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بكرێت و بە ئیعتیبار وەربگیرێت، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە راپۆرتەكە، ئەوەی كە تەحەفوزی زۆری لەسەر نووسراوە، هەندێكی ئیمزای نەكردووە لەسەر خۆپیشاندانی لەناكاوە بەشێكی زۆری، بەو ئیعتیبارەی كە خۆپیشاندانی لەناكاو نە مەنع دەكرێت، نە تەنزیم دەكرێت، ئێمە لە پێناسەكاندا جێمان نەكردەوە بەو ئیعتیبارەی كە تەنزیمی نەكەین، فیعلەن تەنزیم نەكراوە، بەڵام بەو ئیعتیبارەی كە نابێت مەنع بێت، دەبێت خۆپیشاندانی لەناكاو لە یاسایەكدا جێی هەبێت، كە واقیعێكە لە هەرێمی كوردستانە، ئێمە یاسا بۆ واقیع دادەڕێژین بەپێی واقیعی خۆمان دایئەڕێژین، واقیعێكە ناكرێت نكۆڵی لێ بكرێت، هەروەها كێشەو قەیرانەكان هێندە زۆرن لە هەرێمی كوردستاندا، ئێمە ئێستا دەبینین كە رۆژانە خۆپیشاندانی لەناكاو ئەنجام دەدرێت، لەم وڵاتەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم خۆپیشاندانە لەناكاوانە دەكرێت؟ ئەی ئێمە لە یاسادا جێمان نەكردۆتەوە، یاسایەكیش لە هەمان كاتدا دەربكەین، ئەوە بەڕاستی عەیبداری دەبێت بۆ پەرلەمانی كوردستان كە نەتوانێت جێی شتێك بكاتەوە كە واقیعی خۆیەتی، هەروەها بە ناوی خۆپیشاندانی لە ناكاو ئەگەر جێی نەكرێتەوە، دواتر پێموایە بەو ئیعتیبارەی كە زۆر روودەدات، دەتوانم بڵێم قەمع روو دەدات، ئەو سزا دانەی كە لێرە دانراوە رۆژانە بەسەر هاووڵاتیاندا تەتبیق دەكرێت.

بۆیە ئیعتیبار بۆ ئەو پێشنیارە زۆرانە بكرێت، كە پەرلەمانتاران كردوویانە، بۆیە ئەگەر لە ماددەی (٣ و ٤)دا كە هەر دووكیان باس لە ئاگادار كردنەوەو رێكخستن و تەنزیم كردن و ئەو بابەتە دەكەن، ئەگەر لە ماددەی (٣)شدا نەبێت، لە ماددەی (٤)دا هەر دەبێت جێی بۆ بكرێتەوە، گرنگە لەم یاسایە تێ نەپەڕێت بەسەرماندا، كە خۆپیشاندانی لەناكاوی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر شێركۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

راستە ئێمە دەنگماندا‌وە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان بكرێت بە بنەما، بەڵام خۆ مافمان هەیە وەكو پەرلەمانتار دەستكاری ئەم نووسراوە بكەین، ئەم راپۆرتە هاوبەشە بكەین.

خاڵێكی تر، ئەوەیە لەو پرۆژە یاسایانەی كە پێشكەش كراون بۆ هەمواری یاسای خۆپیشاندان، باسی خۆپیشاندانی لەناكاوی تیایە، ئەی چۆن لیژنە هاوبەشەكان مافیان بەخۆیان داوە كە لەناو راپۆرتە هاوبەشەكەدا نەینووسن.

دووەم/ بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم کە نەچینەوە سەری، بەڵام زۆرترین قسەی لەسەر کراوە لەدوای هەموارەوە، خۆ لە هیچ یەکێك لەو پرۆژە پێشکەش کراوانە نەبووەو، کەچی ئەو لیژنە هاوبەشانە مافیان بەخۆیان داوە بۆیان زیاد کردووە، کەواتە وەك چۆن لیژنە هاوبەشەکان مافیان بەخۆیان داوە کە شتێك لە ئەسڵی پرۆژەکانی پێشکەش کراو و هەمواردا هەیە داینەنێن، شتێك کە نییە ئیزافەی بکەن، کەواتە ئێمەش مافمان هەیە قسە بکەین و پێشنیازی تازە بکەین و دەستکاری ئەم راپۆرتە هاوبەشە بکەین، بۆیە من پشتیوانی لەو رەئیانە دەکەم کە باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەگەڵ گفتوگۆ کردنین، نەك لەگەڵ قسە کردن، چونکە دائیمەن گفتوگۆ نەتیجەی هەیە، لەسەر مەسەلەی یاسای خۆپیشاندانی لەناکاو ئێمە لە پرۆژە یاساکەمان هەبوو و ئیحتیرامەن بۆ تەوافوقی فراکسیۆنەکان کە ئەم راپۆرتەیان ئامادە کرد، ئێمە ئیحتیرامی رەئی فراکسیۆنەکان و تەوافوقەکانمان گرت، رازی بووین بەم راپۆرتە کە هات موناقەشەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەداخەوە ئەم راپۆرتە لە کاتێکدا ئامادەکار بەشێکی زۆر پەرلەمانتاراندا گەورە بوو.

ئێستاش بۆچوونی ئێمە لەسەر مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاوە، ئەگەر فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بگەنە صیغەیەك لە تەوافوق کردن، ئێمە جارێکی تر ئیحتیرامی ئەو تەوافوقە دەگرین، بەڵام زۆر جار تەوافوق دەکرێت دەرچوون لە تەوافوق و هەبوونی رەئیەکی تر وای کردووە بەڕاستی دانوستاندنەکان نەتیجەو دەنگدانیان نەبێت، بۆیە گرنگە لەنێو پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەندامەکانی ئەو فراکسیۆنانەی کە سەرۆکەکەیان دەچێتە تەوافوق پابەندی ئەو دانوستاندن و تەوافوقانە بن، بەتایبەتی ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە، پەیوەندی بە مافی ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بۆ دەربڕینی رای خۆیان.

رای ئێمە ئەوەیە کە ئەمە پەلەی تیا نەکرێت، یەعنی جۆرێك لە دانوستاندنی بۆ دروست بکرێت، بەڕاستی بە داخەوە دوای دانیشتنەکان جۆرێك لە موزایەدەی سیاسی، یان جۆرێك لە تاوانبار کردن لە میدیا دروست دەکرێت، کە ئەمە بڕوام وایە فراکسیۆنەکان زیاتر لە یەك دوور دەخاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەندامان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان بە بەرپرسیاریەتی کاری پەرلەمانی لەبەردەم میدیا قسە بکەن، چونکە زۆر جار بریندار کردنی فراکسیۆنێك و بارز کردنی فراکسیۆنێکی تر وا دەکات ئێمە یەعنی رەئیمان پێچەوانەی یەکتری بێت، یان زیاتر لە یەکتریمان دوور بخاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەمە پەلەی تیا نەکرێت و ئەم پرسە جۆرێك لە دانوستانی تێدا هەبێت، چونکە ئەم راپۆرتە نووسراوە بەڕاستی، دەبوایە ئەم لیژنانە بە وردتر لەسەر ئەم راپۆرتە بوەستانایەو پەلەی تیا نەکرابایەو باشتر بنووسرا بوایە، تاکو تووشی

ئەم هەموو گفتوگۆیەمان نەکات، رەئی ئێمە ئەوەیە ئەگەر تەوافوق و دانوستان هەبێت، ئێمە پشتیوانی هەر جۆرە دانوستانێك دەکەین لەسەر ئەم پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی خاتوو شوکریە فەرموو.

**بەڕێز شوکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئێمە دەتوانین تەوافوقێ دروست بکەین لەنێوان هەردوو ئارائدا، ئەوانەی کە دەڵێن نەبێت و ئەوانەی کە دەڵێن هەبێت، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەرێمی کوردستاندا واقیعێك هەیە خۆپیشاندانی لەناکاو هەر دەبێت، ئیتر کە هەر دەبێت کەواتە ئێمە دەتوانین تەوافوقێك دروست بکەین بەو شێوازە، لە کاتێکدا کە ئەزمەیەك هەیە خۆپیشاندانی لەناکاو رێگای پێ بدرێت لە کاتی بوونی ئەزمە، بەڵام لە کاتێکدا کە ئەزمە نییە، بۆ نموونە خەڵکانێك هەن گلەییان لە شتێك هەیە، ئەم شتە بەردەوامە، چەند ساڵێك بەردەوام بووە، ئەمە ناکرێت ئەم کەسانە هیچ پاساوێکیان نییە بڵێن والله خۆپیشاندانی لەناکاومان هەبوو، بەڵام بۆ نموونە خەڵکانێك زۆر بێزار دەبن لە کاتی بوونی ئەزمەیەکدا، ئەو ئەزمەیە زۆر ماندی و هیلاك و شەکەتیان دەکات، ئیتر بتەوێت و نەتەوێت ئەوان هەر خۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن، بۆیە من پێموایە ئێمە بە برگەیەك رێگا بدەین بە خۆپیشاندانی لەناکاو، بەڵام ئەو مەرجەی بۆ دابنرێت لەکاتی بوونی ئەزمەیەك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تورکمان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خۆپیشاندانی لەناکاو، لەڕاستیدا ئێمە کە پرۆژەیەکی هاوبەشمان ئامادە کردووە لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان و چەندەها رۆژی خایەند بۆ ئەو رۆژە، ئێستا ئێمە دێین دەڵێین برگەیەك، یاخود جێگەیەك بکەینەوە بۆ خۆپیشاندانی لەناکاو، واتا لێرەدا هیچ مانایەکی قیمەی قانونی ئەو پرۆژە یاسایە نامێنێت، چونکە ئەگەر هاتو ئێمە رێگەماندا بە خۆپیشاندانی لەناکاودا چ پێویست دەکات ئێمە ئاگادار بکرێینەوە، ئێمە ئاگاداری وەزیر بکەینەوە، یاخود پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بێت، یاخود ئەو پۆلیسە بێت، کە ئەمن و ئاسایشی ئەو هاووڵاتیانە دەپارێزێت، بۆیە خۆپیشاندانی لەناکاو یەك/ فەوزای دروست دەکات.

دوو/ ئەو خۆپیشاندانانە، ئەو لیژنەیەی کە ئەو خۆپیشاندانە لەناکاوانە ئەنجام دەدات، کێ بەرپرسی ئەوەیە؟ ئەگەر ئەو خۆپیشاندانە دروست بوو و ئەو خۆپیشاندانانە ئەنجام درا بۆ رێگایەك دەڕۆن، باشە

کێ بەرپرس دەبێت لە ژیانی هاووڵاتیانی ئەو خۆپیشاندانە کە هاوبەشیان کردووە لەو خۆپیشاندانەدا؟ کێ بەر پرسیار دەبێت لە ئەمن و ئاسایشیان؟ لێرەدا ئێمە ئیجرائات لە کێ وەردەگرین؟ ئێمە پرسیار ئاراستەی چ لایەنێك دەکەین؟ بۆیە من داوا دەکەم کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بڕیارمانداو بە کۆدەنگی هەموومان واژوومان لەسەر راپۆرتەکە کردووە بەتایبەتی خۆپیشاندانی لەناکاو فەحوای قانونی نامێنێتن، بۆ دروست بوونی فەوزاو بەگوێرەی موخالەفەی نیزام عام و ئادابی عامە، دەبێت ئێمە رەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکەین، نەك بەرژەوەندی تایبەت، ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو دانرێت، پێموایە ئەوە بە هیچ شێوەیەك دانەنرێت، ئەو پرۆژە یاسایە ئیبتاڵ بکرێت و پووچەڵ بکرێتەوە، هەر کەسێك دەتوانێت خۆپیشاندان بکات بەبێ رەزامەندی و وەرگرتنی ئاگادار کردنەوەی هیچ لایەنێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەلآدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى(د.شوان قەلآدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئاراستەیەی کە ئێستا گیراوەتە بەر، وا پێ دەچێت خۆپیشاندانی ئاسایی هەر نەبێت، وا پێ دەچێت، جا لەبەر ئەوە ئەوەی کە هەیەو واقیعە لە کوردستاندا یاسا پەیڕەوی ناوخۆ قانون بە واقیع دەردێت بۆ کۆمەڵگا دادەنرێت، لە ٩٠٪ی خۆپیشاندانەکان لەناکاون، پێویست ناکات ئێمە هێندە لە هاووڵاتیانی کوردستانیش بترسین، هاووڵاتی کوردستان هەستی نیشتمانی هەیە، هەست کردن بە مەسئوولیەتی هەیە، ئەو روحیەتی عیدوانیەی نییە تا ئێمە هێندە لێمان بوو بێتە کابووسێك خۆپیشاندانی لەناکاو نەتوانین لەو شوێنەدا جێی بۆ بکەینەوە، کە جێمان نەکردەوە، ئەو یاسایە هەر هەموار نەکرێتەوە باشە، چونکە ئاساییەکە وا پێ دەچێت، یەعنی ئەوەی کە ئاراستەی دەکەن دەبنین شێوازی بەکارهێنانی حکومەت و ئەوانە دوور کەوتبێتەوە لەناکاوەکە ماوە، کە مافێکی سروشتی هاووڵاتیانە لە هەرێمی کوردستان، هەر رێگریەك لێی بکرێت وەکو ئەوە وایە ئەو یاسایە هەموار نەکرێتەوە باشترە، با وەکو نرخی بەنزینەکەی لێ نەیەت، لێرەدا خۆپیشاندانی لەناکاو پێویستە بخرێتە ناو یاساکەو جێی بۆ بکرێتەوە، کە جێی نەکرایەوە واتا تۆ بە گژ لە ٩٠٪ی خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە رۆژانە بە چاوی خۆمان دەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەبو کاروان، لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەس، چونکە ئەمە پێشتر وتووێژی لەسەر کراوە.

**بەڕێز عبدالله فارس( ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەحەقیقەت لەنێوان پرۆژە یاسایەك داین دەنگی لەسەر درا، لەلایەکی ترەوە واقیعێك هەیە لەکوردستان زۆرجار ئەم خۆپیشاندانە لەناکاوە دەکرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو رایەدام ئەتواندرێت

سیغەیەكی هاوبەش بدۆزرێتەوە، وە فراكسیۆنەكان بواریان بدرێتێ كۆببنەوە بۆ ئەوەی سیغەیەك بدۆزنەوە، كە ڕەنگە ئەو سیغەیە هەرچی بێت ناوەكەی كە لای من هەبێت بتواندرێت موعالەجە بكرێت، ئەگینا ئێمە زۆر زۆر موناقەشە ئەكەین و ناگەینە نەتیجە، ئەوەندەی كە موناقەشە ئەكەین با بوار بدرێتە سەرۆكی فراكسیۆنەكان بۆ گەیشتن بە نەتیجەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەداخەوە ئێمە نەگەشتووینەتە نەتیجە، چوار ڕۆژ لەمەوپێش داوام لێكردن كە ئیتیفاق بكەن، كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە یاسا بۆ هاووڵاتیانی كوردستان دەر ئەچێت، تەسەورم وایە ئێمەش هاووڵاتیانی خۆمان خۆش ئەوێت، باوەڕمان بە ئازادی و بنەماكانی ئازادی هەیە، بە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بە بۆچوونی من باشترین چارەسەر ئەوەیە كە ناوی نەهێندرێت لەم یاسایەدا، لەبەر چی؟، لەبەر ئەو هۆكارانەی كە لەگەڵ مەبدەئی قانون و لەگەڵ ئەوانەی كە باس كران، خۆپیشاندان كاتی بۆ دیاری كراوە، لەماوەی دیاری كراو ئەگەر جواب نەدرێتەوە تۆماتیكیەن مەجرای خۆی ئەگرێت، لەلایەكی تریشەوە خۆپیشاندانی لەناكاو ئەو خۆپیشاندانەی كە لەكاتی كتوپڕدا ڕوو ئەدات، پێناسەكەی ئەوەیە، بە بۆچوونی من نەبێت، كە ڕووشی دا وەزارەتی پەیوەندیدار بە تەعلیماتی خۆی بەڕێنمایی ئامادە سازی بۆ كردووە، لەئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك ئامادەسازی ئەكات، خۆی ئامادە ئەكات بۆ ئەو خۆپیشاندانە كە لەهەر ناوچەیەك ڕوو ئەدات، ئەگەر لەیاساكەدا نەبێت ڕەنگە گونجاو تر بێت، وە خۆپیشاندانیش هەر هەیە، هی لەناكاو من پێم وایە لەیاساكەدا ناوی نەیەت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ئێستا ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەكان وەر ئەگرین، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی تیبینیمان هەیە، یەكەم: لەڕووی شكلەوەیە، ئێمە ئەو بابەتەمان دایە دەنگدان و دەنگی نەهێنا، كە خۆپیشاندانی لەناكاو پێناسە بكرێت یان نەكرێت؟، كە پێناسەت نەكرد ناتوانیت لەشوێنێكی تر جێگای بكەیتەوە، چونكە یاساكە خۆی ناوی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، ڕێكخستنەكەش لەبابی ئاگاداركردنەوەكە دەست پێ ئەكات، ئەگەر تۆ نەزانیت خۆپیشاندانی لەناكاو چییە، ئایا چۆن لەئاگاداركردنەوەكە بەدەری ئەكەیت؟، ئەوەیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ نە ئەبوایە بگەڕێندرێینەوە سەری، خاڵی دووەم: ئەو ڕاپۆرتە كە ئامادە كراوە، دیارە پێشتر كۆبوونەوە لەنێوان

سەرۆكی فراكسیۆنەكان كرابوو، سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئیتیفاقیان كردبوو، كە خۆپیشاندانی لەناكاو لەناو هەردوو پرۆژەی هەمواردا هەیە، بەلام بە ئیتیفاقی ئەوان لەسەر ئەوە رێك كەوتن كە خۆپیشاندانی لەناكاو لەناو راپۆرتەكەدا نەبێت، دوای كۆبوونەوەی سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئینجا كۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش دەستی پێكرد، بەرێزەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لەكۆبوونەوەكەشدا دووبارە زۆر ئەندامان كە لەوێ بوون، لەسەر ئەوە رێك كەوتین كە خۆپیشاندانی لەناكاو موستەحیلە لەگەڵ ناوی یاساكە، لەگەڵ ناوەرۆكی یاساكە ناگونجێت، ئەگەر بێت و ئێمە جیگای خۆپیشاندانی لەناكاو بكەینەوە ئەی چۆن تەنزیمی رێكخستنی خۆپیشاندان دەكەین، یان زەرووڕەتی رێكخستنەكە لەكوێدا ئەبێت.

لەلایەكی تر بەرێز سەرۆكی پەرلەمان كاتێك كە خۆپیشاندانی لەناكاو دەكرێت تۆ ئاگاداركردنەوە دەر ئەكەیت ئەویان ئەبیت بە ئەصڵ، ئاگاداركردنەوەكە دەبێت بە ئیستسنا، چونكە هاندەر چییە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەر بچێت ئاگاداركردنەوە پێشكەش بكات بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ئاگاداری بكاتەوە؟، ئەگەر تۆ خۆت لەناو یاساكە رێگات پێدا كە لەناكاو خۆی پیشاندان بكات، لەگەڵ ئەوەی كە یاساكە ناوی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندانە، ئەصڵ ئەوەیە كە مۆڵەت بوو بە ئاگاداركردنەوە، ئاگاداری جیهاتی مەعنی بكرێت بۆ پارێزگاری كردنی گیان و سەروەت و سامانی هاووڵاتیان لەلایەك خۆپیشاندەران لەلایەكیش هاووڵاتیانی تر كە لەكۆمەڵگادا بوونیان هەیە.

بۆیە رای ئێمە ئەوەیە كە خۆپیشاندانی لەناكاو، لەگەڵ ناوەرۆك و لەگەڵ فەحوای یاساكەدا نایەتەوە لەرووی عیلمیەوە، ناتواندرێت صیاغەیەكی وای بۆ بدۆزرێتەوە كە بەشێوەیەكی ئەوتۆ تەنزیم بكرێت، كە لەرووی یاساییەوە رەخنەی لێ نەگیرێت، پێم وایە دەكەوینە هەڵەیەكی یاساییەوە، كە ئەم جۆرە خۆپیشاندانە تا ئێستا تەنزیم نەكراوە، زیاتر لەمانگێكە من وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی داوام لەو ئەندامانە كردووە كە داوای رێكخستنی خۆپیشاندانی لەناكاو دەكەن كە تەنها یاسای یەك وڵاتم بۆ بدۆزنەوە كە تەنزیمی یاسای خۆپیشاندانی لەناكاوی كردبێت، تا ئەم كاتەی من قسەی تێدا ئەكەم، یەك ئەندام یاسایەكی بەنەص بۆ نەهێناوین بڵێت ئەوە نەصی فلانە وڵاتەو تەنزیمی كردووە، تا ئێمەش موتەبەعی بكەین و خۆپیشاندانی لەناكاو لەهەموو وڵاتێك بوونی هەیە، خۆپیشاندانی لە ناكاو بوو لەوڵاتێكی وەكو مصر دووجار نزامی حوكمی لەو وڵاتە گۆڕی، یاساكەشیان تەنزیمی نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دكتۆرە بەهار فەرمووو.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە قسە كردن لەسەر خۆپیشاندانی لەناكاو كۆتایی هاتووە، من پێم وایە ئەوەی كە كۆتایی پێهاتووەو هەر واشە، ئەوە بووە كە ئایا خۆپیشاندانی لەناكاو لەماددەی یەكەمدا كە پێناسەی زاراوەكان ئەكات پێناسەی بۆ بكرێت یان نا؟ بەڵێ دەنگ لەسەر ئەوە دراوە كە پێناسەی بۆ نەكرێت، من خۆم

یەکێکم لەوانەی کە دەنگم بۆ داوە، چونکە پێناسەکردن کە هەمیشە لەماددەی یەکەم وەکو عورفێکی موتەبەعە لە سیاغە ک ردنی یاسادا دەکرێت، بۆ ئەوەیە کە موستەڵەحێك تۆ زیاتر لەجارێك بەکاری ئەهێنیت لەناو مەتنی یاسادەدا، بەدوور و درێژ خۆی بەکاری نەهێنیت بۆ نموونە ئەڵێی وەزیر، وەزیری ناخوی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە لەماددەی یەکەم ئەمە فەنێکی تەشریعیە، کاتێك کە تۆ ئەڵێی وەزیر: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیتر تۆ ئەم جوملە درێژە بەکار ناهێنیتەوە لەناو یاساکەدا، تەنها وشەی وەزیر بەکار ئەهێنیت، ئەبێ بزانرێت کە مەبەست لەوەیە، بەڵام خۆپیشاندانی لەناکاو ئێمە لەیاساکەدا لەچەند جارێك زیاتر بەکاری ناهێنین تا پێویستیمان بە پێناسە هەبێت، ئێمە لە برگەیەکدا ئەمانەوێت جێگای بکەینەوە، چونکە چەند جارێك بەکاری ئەهێنین، بۆیە پێویستی بە پێناسە کردن نەبوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە نەتواندرێت جارێکی تر باس بکرێتەوە، چونکە پێناسەکردن جیاوازە لە باس کردنەوەی، جگە لەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ڕاستە کە لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە تێیدا نییە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر سێ کەس لەئەندامانی پەرلەمان داوای شتێك بکەن دەخرێتە دەنگدانەوە، مافی خۆیانە کە داوای حەزف یان ئیزافەی هەر شتێك بکەن، سەبارەت بەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو لەیاساکەدا جێگای نەکرێتەوە شتێکی یاسایی نییە.

من پێم وایە هەر واشە بۆ ئەوەی قانونێکی سەرکەوتوو بێت تۆ قانون بۆ خەڵك دائەنێیت، بۆ ئەوەی خەڵك قانونەکەی تۆ قبوڵ بکات کە بۆی دائەنێیت، پێویستە مواکەبەی خەڵك بکات، خۆپیشاندانی لەناکاو واقیعێکە هەیە، لەناو خەڵکدا هەیە، بۆیە پێویستە یاساکەی ئێمە مواکەبەی ئەو واقیعە بکات، وە تەنزیم کردنی باشترە لەتەنزیم نەکردنی، تەنزیم کردنەکەش لەوانەیە لە مەسڵەحەتی لایەنی پەیوەندیدار بێت، وەك لە مەسڵەحەتی خۆپیشاندەران، چونکە تۆ کاتێك خۆپیشاندەران دەخەیتە بەر باری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کەواتە حوکمەکانی تری یاساکەی بەسەردا جێبەجێ ئەکەیت، بەپێی یاسا، تەنها لە ئاگادارکردنەوە بەدەری ئەخەیت، بۆیە کاتێك کە موشەڕیع یاسا دائەنێت پێویستە ئاگای لە واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت، ڕاستە ئێمە نموونەی جوانی یاسای دەرەوە ئەهێنینەوە لەوانەیە قازانجی لێ ببینین بەڵام ئەبێت واقیعی وڵاتەکەی خۆشمان لەبەرچاو بگرین، ئەگەر ئێمە واقیعێك بهێنین بەیاسا فەرزی بکەین، کە خۆی لە ئەصڵدا نییە، دڵنیا بن کە ئەو یاسایەی واقیعێك فەرز ئەکات لەناو کۆمەڵگای خۆیدا نییە، یاسایەکی سەرکەوتوو نابێت هەربەدوای خۆیدا داواکاری تەعدیل ئەهێنێت و ئیستقرار ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە بەفیعلی ڕەهەندێکی یاسایی هەیە، یەکێکە لەو یاسایانەی کە ئەم خولە دەری بکات ئەبێت بەیاسا سەرەتاییەکان، بۆچوونی لیژی ئێمە ئەوەیە ئەم یاسایە کۆکەرەوەی فراکسیۆنەکان و کۆکەرەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بێت، لەگەڵ ئەوەدانین بە زۆرینەو کەمینە یەکلا بکرێتەوە، مادام زۆر قسەتان لەسەرمەسەلەی کۆبوونەوەی فراکسیۆن کرد، لەدەرەوەش لەجیاتی سەرۆکی لیژنەکان، لەجیاتی بایەخدان بە ئەهەمێتی لیژنەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاپۆرتەکان ئیعتیماد لەسەر فراکسیۆنەکانە ئەوانیش نەگەیشتوونەتە نەتیجە، لەناو هۆڵی پەرلەمانیش جارێکی تر باس کرا کە لەپەیڕەودا شتی وا نییە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەسنگی فراوانەوە ئەم بۆچوونە وەربگرە، ئەم بابەتە ئەبیت لەڕێگای لیژنە مەعنیەکانەوە یەکلا بکرێتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە، لەگەڵ فراکسیۆنەکان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەڵام لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی و لیژنەی ناوخۆو لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیان نەبووە، بەڕەئی ڕەسیمی بەئیمە نەگەشتووە، لەبەر ئەوە من ناچمە تەفاصیلی ئەو بابەتەوە، ئێمە ئەو بابەتەمان ئامادە کرد، یەعنی ئەگەر قسەکانی سەرەتای ماددەی یەکەمی خۆم دووبارە بکەمەوە، تێ ئەگەن ناچینەوە سەری، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە پێویست ئەکات باشتر دیراسە بکرێت، باشتر بۆچوونەکان یەکلا بکرێتەوە، بەدیدی ئێمە ڕۆحی یاساکە مەسەلەی ئاگادارکردنەوە بوو، بگۆڕدرێت بە ئاگادارکردنەوە، وە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕۆڵی سەرەکی خۆی تێدا ببینێت، بەڵام هەندێ برگە ئیزافە کراوە لەناو ڕاپۆرتەکەدا مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاوی ئیسرار کردووە لەناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە ترس لە تەقیدی یاساکە ئەم بابەتی خۆپیشاندانی لەناکاوەی هێنایە پێشەوە، ئەگەر برای بەڕێزم مامۆستا مەروان پشتیوانیم بکات پێکەوە لە لیژنە هاوبەشەکە وتمان لەبەرامبەر ئەوەی ئاگادارکردنەوە بچەسپێت خۆپیشاندانی لەناکاو لائەبەین، وتی مالت ئاوا بیت و دوعای خێر ئەکەین، ئەو مەسەلەیە بریمانەوە، کە ڕاپۆرتی کۆتایی هات ئەوەی لەلیژنە هاوبەشەکە لەسەری ڕێك کەوتبین ئیزافاتی لەسەر ئەکات، بۆیە هەندێ بابەت لەسەرەتاوە سەری هەڵدایەوە، بۆیە من لێرەوە پێشنیار ئەکەم بچینەوە ئەو سەرەتایە، بەتایبەتیش لەسەر برگەی خۆپیشاندانی لەناکاو، ڕێککەوتنێکی هاوبەشە، صیغەیەکی نوێ هەبێت، مادام یاسا بۆ ئەوە بێت، مواکەبەی واقیع بکات، لە ئەساسدا یاسا بۆ ئەوە بووە واقیع بگۆڕدرێت، نەك ئەوەی واقیعە یاساکە بەو ئاراستەیە بێت، هەموو یاسایەك لەژیان بۆ ڕێکخستنە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵێك واقیعە لەم ژیانە، لەبەر ئەوە مادام ئێستا بەم بارودۆخەوە، بەم میکانیزمەی کە جارێکی تر جەلسە ڕێك خراوەتەوە، من پێم وایە ناگەینە نەتیجە، بۆیە داواکارم ئەم گفتوگۆیە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی لیژنە مەعنیەکان ئەگەنە ڕێك کەوتنێکی هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە دانیشتنی پێشوو کە هەڵمانگرت داوامان لە ئێوە کرد، لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد، بە تەحدید داوامان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد لە ٢٠١٤/٧/١، داوامان کرد کە کۆببنەوەو حەل بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە، چەند جار بەنووسراویش داوامان لێکردن کە کۆبوونەوە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر پرۆژە یاسای خۆپیشاندان ڕاپۆرتی هاوبەش دروست بکەن، دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا کۆبوونەوەکەتان کرد ئینجا دوایی بەداخەوە کە کۆبوونەوەتان کرد بە ڕەئی هاوبەش لێی دەرنەچوون، دینە ئێرەو لیژنەکان بۆچوونی جیاوازتان هەیە لە قسەکردن، هەر لەدانیشتنی پێشوو، لەدانیشتنی ٧/١ لەسەر برگەی ٤ لەماددەی دووەم، چارەکێك دەرفەتمان پێدان، تا لیژنە مەعنیەکان پێکەوە گفتوگۆ بکەن، ئێمە لەهۆڵداماینەوە، دەستەی سەرۆکایەتی لەهۆڵدا مایەوە، سەرۆکایەتی بەشێك لە لیژنەکان ڕۆشتن بەجێیان هێشتین ئیسراحەتیان کرد، لەبری ئەوەی لێرە خەریکی تەوافوق کردن بن لەسەر ئەوەی بگەنە شتێکی هاوبەش لەسەر ئەوماددەیە، دوایش بینیمان کە خرایە دەنگدانەوە بەزۆرینە ئەوە تێپەڕێندرا، لەبەر ئەوەی بەشێك لەسەرۆکایەتی لیژنەکان لێرە نەمانەوە، هۆڵی پەرلەمانیان بەجێ هێشت، بۆیە ئێمە دریغیمان نەکردووە لەوەی کە داوا لەئێوە بکەین، کە لیژنەکانی پەرلەمان بگەنە ڕایەکی هاوبەش، بەڵام دیارە ئێوە خۆتان ناگەنە کۆتا، ئێمەش لێرە لەهۆڵی پەرلەمان جگە لەلیژنەکان فراکسیۆنەکانیش هەن، ئەندامی پەرلەمانیش هەن، تەنها تەندامانی لیژنەکان نین، ئەوەتا دوای قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری فراکسیۆنە جیاوازەکان، ڕای لیژنەی پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانیش وەر دەگرین، پەروا خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە، بەڕاستی ئەم یاسایە پەیوەستە بەهەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەڵام ئێمە زانیمان لە دانیشتنەکانی پێشوودا بەداخەوە کاك سالار ئیشارەتی بەزۆرێك لەو شتانە یا، کە من ویستم قسەی لەسەر بکەم، وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە خرایە ڕوو و دواتریش کۆمەڵێك گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، زۆرێك لە ئەندامانی لیژنە تەحەفوزیان هەبوو، بۆیە ئیمزایان نەکردبوو، بەڵام لەبەر ڕێزگرتنی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان کە دەنگیان بۆدا، ڕاپۆرتەکە ڕۆیی، ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام سەبارەت بە یەکێك لەو کێشانەی کە دروست بوو، ڕاستە مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو لە پێناسەکەیدا لەماددەی یەکەمدا پشتگوێ خرا، بەڵام دواتر ئەکرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر لەسێ کەس زیاتر لە ئەندامانی پەرلەمان داواکاری بکەن کە زیادە یان هەر گۆڕانکارییەکی تر بکرێت بۆیان هەیە و دەخرێتە دەنگدانەوەو بۆی هەیە دەنگ بهێنێت، سەبارەت بە زیاد کردنی برگەی ٤ لەماددەی دووەم، لەڕاستیدا ئەوە یەکێك بوو لەهۆکارەکانی کە دیسانەوە داواکاری ئەکرێت بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندانی لەناکاو بخرێتەوە ناو ئەم پرۆژە یاسایە، چونکە ئەوەندە برگەیەکی قورسە، ئەوەندە قەید بەندی تێدایە کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت خۆپیشاندان بکرێت، مەگەر لە یاریگایەکدا دوای

ئەوەی کە یاری تێدا نەبێت بەداخەوە ئەوە مافی خەڵك نابێت، سەبارەت بە لیژنە هاوبەشەکان، بەڵێ لیژنە هاوبەشەکان کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە بۆ ئەوەی تەوافوق بکرێت پێم وایە هیچکام لە لیژنەکان بانگ نەکراون بۆ ئەوە، زیاتر وەکو سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان، لەگەڵ ڕێزمدا، بەڵام نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی ئەوتۆ کە لە ئاستی پێویستدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێم وابێ ئێستاش هێشتا تەوافوق نیە لەسەر ئەم بابەتە، دەرفەتێك دەدەینەوە بەتەوافوق، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ماددەیە، باشە، ببوورن لیژنەی ناوخۆش ماوە، فەرموون.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوەیە بەسەرپەرشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنە مەعنیەکان و لێپرسراوی فراکسیۆنەکان بکرێت، بۆ ئەو تەوافوقەو هەر ئەمڕۆ ئەوە یەکلایی بکەینەوە، چونکە بەڕاستی موناقەشەکە زۆری خایاند، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کاتێك کە ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەین لەلیژنە پەیوەندیدارەکان، ئیتیفاق دەکەین لەسەر ڕەئیەك من نازانم کە دێینەوە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکان، من ڕێزم هەیە بۆ هەندێ بەڕێز کە لەناو کۆبوونەوە بوونە بۆچوونەکانیان جیاوازە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە ئێستا دەیڵێن و ئەوەی لەناو کۆبوونەوە هاوبەشەکە دەیڵێن، هەر وەك کاك سالار وتی من ڕێزم هەیە بۆ سەیدا مەروان، کە ئێمە ڕێك کەوتین لەسەر ئەوەی کە مۆڵەت بکرێتە ئاگاداری نامە، زۆربەمان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین، بەڵام ئەوە بوو کە لەناکاوەکە نەخرێتە ناو ئەم یاسایە، کاتێك بەڕێزان خۆپیشاندانی لەناکاو بەدەر بکرێت لە ئاگاداری نامە من نازانم ئەم یاسایە چ مانایەکی بۆ ئەمێنێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، کە ئێمە دەبێت پارێزەرو بەرگری کەری بەهێز بین بۆ ئەوەی کە دەستەبەری مافی خەڵك بکەین، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئێمە پارێزەرو داکۆکی کەری بەهێزیش بین دژی پێشێلکردنی مافی خەڵکی تر، کاتێك کە خۆپیشاندانی لەناکاو دەکرێت ئێمە ڕەئیمان هەیە بۆ ئازادی هەر تاکێك لەهەرێمی کوردستان، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دەبێت پارێزەرو داکۆکی کەری بەهێز بین دژی پێشێلکردنی مافی خەڵکی تر و هاونیشتیمانیانی کوردستان، بەتەسەوری من کاتێ کە خۆپیشاندانی لەناکاو جێگای بۆ دەکرێتەوە بەدەر بکرێت لەئاگاداری نامە، ئەم یاسایە تەجمید دەکرێت وتەعتیل دەکرێت و ئێمە دەبێت ناوی ئەم

یاسایەش بگۆڕین کە دەڵێت یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەتەسەوری من ئێمە قەید و کەلەپچەیەك بۆ ئەم یاسایە دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەکو باسم کرد وابزانم تەوافوق ناڕوونە لەناو لیژنەکاندا، بۆیە پێویست ئەکات وتوو وێژێکی زیارت بکەن، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەزموونی ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشەی چوار لیژنەکە هەڵگری ئیشکالیەتە، دواجاریش یەکلایی کردنەویە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هاوبەشەکە بەزۆرینەو کەمینە تێ دەپەڕێندرێت، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە زۆرینە ڕەئیان جیاوازبووە وە کەمینە نەیخواردووە، بۆیە من نامەوێت بێمەوە سەر موزایەدەی ئەوە لەلیژنەکان کێ لەگەڵ ئەم فەقەرە بوو کەئێستا لەناو پەرلەمان دەنگێ دژیەتی، با ئەوە نەبێتە موزایەدە کردن لەسەر یەکتری، کە ئەگەر من لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو بم یەعنی من مەدەنی نیم و لەگەڵ خۆپیشاندان نیم، ئەگەر لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو نەبم یەعنی من دەسەڵاتم و بۆ سەرکوتکردنی هەموو بیرێکی ئازاد و ناڕازی ئامادەم، بەڕاستی ئەم دیدە ئەبێت تێپەڕێنین.

من یەك سەراحەت بڵێم سەرۆکی پەرلەمان کاتی خۆی کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن جەختمان لەدانانی خۆپیشاندانی لەناکاو کردەوە لەبەر ئەو قەیدو بەندانەی مۆڵەت بوو، با وازح بین لەگەڵ یەکتریدا، ئێستا کە قەید و بەندی مۆڵەت نامێنێت دەبێت بەئاگاداری کردنەوە، ترسمان لەوە نییە ڕێ لەهەموو خۆپیشاندانێك بگیرێت، ناشکرێ لەژێر ناوی نارەزایەتی، هەندێك فیئەی بچووکە، کە هێشتا موحتەوای یاسایەکە تەواو نەبووە، یەك مادده تەواو بووە، نارەزایەتییەك وا لێ بکەن کە پەرلەمان ڕابگرن، دەبێ جورئەتمان هەبێ بڵێین، مادام خۆپیشاندان لە ناکاو بێ، بە مۆڵەت بێ یان بێ مۆڵەت بێ، تاوان نییە، کەواتە خۆپیشاندانی لە ناکاو کە ڕوودەدات، واقعێکە و بەڵێ هەیە، مامەڵە لەگەڵیا دەبینین دەکرێت و قەمعیش نەکراوە، هیچ خۆپیشاندانێکی لەناکاو قەمع نەکراوە، بەڵام دەبێ بزانین مادام خۆپیشاندان تاوان نییە، ئەوەندە ترسمان نەبێ لەوەی کە تەعریفی هەموو جۆرە خۆپیشاندانەکان بێنین.

من دەڵێم ڕاستە خۆپیشاندانی لەناکاو زۆرێك داکۆکی لێ دەکەین هەبێ، من لەگەڵیام هەبێ، تەعریف بکرێ، بەڵام بەتەعریف کردنی تووشی ئەو ئەشکالیەتە قانونیە دەبینەوە کە ئایا ئیتر ئاگاداری نامە ڕەواجی دەمێنێ؟ من بەیانی خۆپیشاندان دەکەم بۆ ئەوەی ئاگاداری نامە نەنووسم دێم لەسەر تەعریفی لەناکاو پەنجا برادەر کۆدەبێینەوەو لەم فەرعە دەڵێین لەناکاوە، کێ دەڵێ لەناکاو نییە، والله لەناکاوە، ئاومان نیە، کارەبا مان نییە، ئەو کاتە ئاگاداری نامەش بوونی نامێنێ و ئەوکاتە پێموایە دەست لە یاسایەکە نەدەین، یان هەر یاسای خۆپیشاندان لابەرین، بڵێین هەرچی ڕوویدا لە ناکاوە، ئەمە ئەشکالیەتی قانونییە، تۆ کە تەعریفی دەکەی مامەڵە لەگەڵی چۆن ڕێك دەخەی، وەرە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانی لەناکاو ڕێك

بخه بۆم؟، چۆن ڕێکی بخەین؟ بەنزینخانەی فلان سەد سەیارەی لێیە و بەنزین نەما و بوو بە خۆپیشاندان، وەرە بە یاسایەکە بڵێ ئەگەر خۆپیشاندانی لەناکاو ڕوویدا چۆن هێزی ئەمنی بیپارێزێ، پۆلیسی چالاکی مەدەنی چۆن بگاتە ئەوێ، چۆن مامەڵە بکات؟، ئێ خۆ ئەمە یاسایە بەیانیش ڕەدەکان و ڕەخنەکان لەسەری، دیسان وا دەکات و بێینەوە و هەمواری بکەین.

بۆیەش وا قسە دەکەم کەس موزایەدە بەسەر کەس نەکات، کێ دەسەڵات بووەو کێ خۆپیشاندەر بووە کێ کاتی خۆی خۆپیشاندانی کردووە، کاتی خۆی نەیکردووە؟، من وەکو سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ قسە دەکەم، وەکو خۆپیشاندەر قسە ناکەم ڕەئی لیژنەکەش دەڵێم و تەنها خودی خۆم لێرە ناڵێم کە بۆ ئەوەی کە دوایی چوومە دەرەوە لێی دەربچم و بڵێم ئەو یاسا خراپە من لەگەڵی نیم، زۆر سوپاس، بۆیە دواجار ڕەئیەکەم ئەوەیە، یەك کاتژمێر مۆڵەتی تر بدرێت بە جۆرێك لە تەوافوق ئەگەر نا با بەردەوام بین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

فیرۆز خان فەرموو لە لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز فیروز طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە چار لیژنا کۆبوونەوە لەسەر کری، مە واژوو کری ئەڤ ڕاپۆرتا هاوبەش، زۆرینەی ئەندام پەرلەمان واژوو کری، پێتڤیا ڕێز لێ بێتە کرن وان واژووان، ل یەکەم بڕگەی ٧ مە دەنگێ لسەر دای، لڤێ هۆلێ دا کە نەمینیت خۆپیشاندانا لە ناکاو، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ نیە خۆپیشاندانا لناکاو، چونکە بۆ هەموو خۆپیشاندانەك ئامادەکاری تێتە کرن، مە هەمیا دڤێتن تەنزیم کرنا قانونێ بیتن، ل پەرلەمانێ بێت تەنزیم کرنا قانونێ، نە فەوزا، نوکە دبینین ئەڤ خۆپیشاندانە لناکاو فەوزا دێت دروست بیتن، من پێم باشە نەمینیتن، جارەکا دی سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا مەران فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، والله من پێم خۆشە ئەو چەند ڕوونکردنەوەیە بدەم، یەکەم، مەسەلەی خۆپیشاندان کە دەکرێت بەرامبەر بە هەموو لایەك دەڵێم، چونکە هەموومان لە دەسەڵاتین، بۆ ئەوەی کە نەبێتە دووبەرە، بەرەیەکمان وەکو بەرەی دیفاع کردن، بەرەیەکیش حکومەت بین و ببێتە ئەو دووبەرەکیە، ئەوە یەکیان، دوو/ ئێمە بەڕاستی من وەکو خۆم کە بەشدارم لە لیژنەی ناوخۆ وەکو مەروان گەلاڵی بەشدارم ئەندامی پەرلەمان، وەکو سەرۆکی فراکسیۆن لەو لیژنەیە نیم، لە ڕەئیەکەی خۆشم پەشیمان نەبوومەتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ برایانم کاك سالار و کاك نازم کبیر، کە ئیشارەتیان بەوەدا، من ڕەئی خۆم هەتا دوایین دانیشتن کە د.ڤالا شایەدی بدات دیفاعم لەو خاڵەی کردووە، قەناعەتم هەبووە هەبێ،

بەڵام لەپێناو دوو خاڵی تر دەستبەرداری ئەو خاڵە بووم، یەکیان/ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کە تەحەفوزیشم نووسیوە، دووەم/ مەسەلەی ئاگادار کردنەوەکە، ئەو دوو خاڵە وتم کاکە ئەگەر تێشی دانەبێت کێشە نابێت، ئەگەر ئەو دوو خاڵە جێگیر بکرێت، ئەوجا دوو جار ئەوە دووبارە کراوە کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئیتفاقمان کردبێت، من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە هیچ ئیتفاقێك دانەبووم کەلەسەر ئەو خاڵە کرابێت، لیژنەکان، بەڵێ ئیتفاق کراوە و ئیمزاشم کردووە پێشی پابەندم وەدەنگیشی بۆ دەدەم کە تێیدا نەبێ، بە قەناعەتیشەوە، چونکە قەناعەتم وایە ئەو ئاگادار کردنەوەیە، ئەو پۆلیسی چالاکی مەدەنی شوێنی دەگرێتەوە، دوو/ مەسەلەی خۆپیشاندانی لەناکاو ئەگەر ٧١ قانون و بڕیاریشی بۆدەربکەی نە مەنع دەکرێ، کە کەس ناتوانێ مەنعی بکات، تەنزیمیش ناکرێ، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك............. .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد نوقتەی نیزامی هەیە، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت خۆت فەرمووت لەهەر فراکسیۆنێك یەك کەس، ئەگەر قەرارە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بۆتەوە، ئەوە لەوانەیە زۆر خەڵکی تریش قسەی هەبێ، ئەگەر حەسمیش دەکرێت با بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئیتفاق نییە، بۆیە ناچارین لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەسی تر قسە بکات، بەڵکو بگەینە ئیتفاق، ئەگەر نا ناچارین بۆ ماوەی نیو سەعات جەلسە هەڵبگرین، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هەموو شتێك پشتیوانی لە هەموو قسەکانی کاك سۆران عمر دەکەم کە بەڕاستی زۆر واقعیانە و زۆر جدی قسەی دەربارەی هەموو ئەو پرسە کرد کە ئەوە بەشێکە لە ناخی زۆربەمان و لێی دەڕوانین، دوو/ ئەو قۆناغە نوێیە قۆناغی پێش ٢١/ایلول/٢٠١٣ یە، واتە خۆپیشاندان هی گرووپێك نییە بەدیاری کراوی، هی گرووپێك نییە بە دیاری کراویش کە دژی بێت، خۆپیشاندان مافێکی سەرەتایی هەر هاووڵاتیەکە

لەهەر سیستەمێك و لەهەر وڵاتێك و لەهەر هەرێمێك بژین، كە ناتوانی ڕێگەی لێ بگری و قەید و شەرتی بۆ دابنێی، تەنها بە یاسا ڕێكی دەخەی وەكو ئەو یاسایەی كە ئەمڕۆ و چەند ڕۆژێكە ئێمە قسە لەبارەی خۆپیشاندانەوە دەكەین.

دوو/ ئێمە تا ئێستا قسەمان دەربارەی ڕای لایەنی پەیوەندیدار نەكردووە، ئایا بڕیارمان هەیە ئێمە پەرلەمان و حكومەت ببینە دوو دەزگا و پێكهاتەی ئەو وڵاتە و دژ بە یەك و ڕەئی یەكتر وەرنەگرین؟ ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەكان، ڕای وەزارەتی پەیوەندیداریان وەرگرتووە؟ نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری پۆلیس هاتووە؟، زۆر بەڕاشكاوی بە پەرلەمانی كوردستانی گوتووە ئەگەر خۆپیشاندانی لەناكاو بكرێ ئێمە مەسئول نابین و حیمایەتیمان پێ ناكرێ، واتە هاووڵاتی گرنگترە یان چوونە ژێرباری چەند كەسێك و گرووپێك كە بیەوێ قسەیەك فەرز بكات كە پێی دەگوترێ خۆپیشاندانی لەناكاو.

سێ/ خۆپیشاندانی لەناكاو لە هەموو دنیادا دەكرێت، نەهێزێك و نە سیستەمێك هەیە كە بتوانێ ڕێ لە خۆپیشاندانی لەناكاو بگرێت كە بابەتێكی مەعنی دیاری كراو بێت، نە دەشتوانی بە یاسا ڕێكیبخەی، واتە حاڵەتێكە لە هەموو وڵاتە پێشكەوتووەكان هەیە، لە هەموو وڵاتە دواكەوتووەكانیش هەیە، خۆپیشاندانی لەناكاو دەكرێ، بەڵام ناتوانرێ بە یاسا ڕێك بخرێ، ئێمە دەپرسین لە شوێنێكی وەكو هەولێر نوێنەرایەتی و كونسوڵخانەكانی لێیە، بارەگای UN ی لێیە، كێ دەتوانێ ئێستا بچێتە بەردەم بارەگای UN بە ٥٠٠ كەسەوە، نەك بە ٥٠ كەسەوە بچێ بە بێ مۆڵەت، بە بێ ئاگادار كردنەوە، بە بێ مەوعید بڵێ هاتوومە و گوێم لێ بگرن، ئامادە نییە گوێت لێ بگرێت، دە فەرموو كامە كونسوڵخانەی كام وڵات هەیە پێی موعجیبین و كە ڕوحی دیموكراتییە لە سەر كورەی ئەرزی با بچین لەبەردەم ئەو كونسوڵخانەیە ٢٠٠٠ كەس كۆبكەینەوە، ئەگەر یەك موەزەف لەو كونوسوڵخانەیە ئامادە بوو بێت گوێ لە خۆپیشاندەران بگریت، خێرە لە هەرێمی كوردستان، لەوانە دیموكراسی ترین؟ نەخێر وەكو د.فرستیش باسی كرد، فەرموو با بێین یاسای خۆپیشاندانی وڵاتانی دیكەش سەیر بكەین، ئەو یاسایەی كە ئێستا لە بەردەستمان دایە دەكرێ شانازی پێوە بكەین.

بۆیە دیسانەوە دەڵێم ئێمە ئەو زەمەنەمان بەڕێ كرد و ئەو زەمەنە كۆتایی پێ هات، خۆپیشاندان هی گرووپێكی دیاری كراو نییە، سوڵتە و حكومەتیش هی گرووپێكی دیاری كراو نییە، نیشتمانێكە هەموومان تێیدا بەشدارین، هەموومان تێیدا مەسئولین و هەموومان تێیدا خۆپیشاندانیش دەكەین و حیمایەی خۆپیشاندەرانیش دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

پێم وابێ لەناو هۆڵدا بەم شێوەیە ناگەینە نەتیجە، نیو سەعات جەلسەكە هەڵدەگرین، سەرۆكایەتی لیژنەكان لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان بێنە دەستەی سەرۆكایەتی بۆ ئەوەی قسەیەكی لێ بكەین و بگەینە ئەنجام، ئەگەر نەگەیشتینە دەرئەنجام ئەوا لەناو هۆڵ یەكلایی دەكەینەوە، سوپاس بۆ ماوەی نیو سەعات جەلسە هەڵدەگرین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٩، بەردەوامین لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، لەسەر ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە ماددەی ٣ لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای خۆپیشاندان، چەند تەرحێك هەن، تەرحەکان ئەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی یەکلایی کەرەوە بێت، تەرحی یەکەم ئەوەیە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا لە پڕۆژە هاوبەشەکەدا هاتووە، و دوایی ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە خۆپیشاندانی لە ناکاو و خۆپیشاندانەکانی تر، لە بڕگەی چوارەم ماددەی چوارەم بە سیغەیەك، بە داڕشتنێکی یاسایی جێی بکرێتەوە، تەبعەن تەرحێکیش هەیە کە خۆپیشاندانی لەناکاو لێرە موناقەشە بکرێ و بچەسپێنرێ لە ماددەی سێیەم لە دوای بڕگەی سێیەم، و بڕگەی چوارەمیش خۆپیشاندانی لە ناکاو جێگەی بکرێتەوە، بەڵام لە پێشدا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو ئەوەیە کە ئێستا لە پڕۆژە هاوەبەشەکەدا هەیە، لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە تەسبیت ببێ، و ببێتە بەندێکی یاسایی، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەسویت کرا، نوقتەی نیزامی نییە لە کاتی تەسویت، ٧٧ کەس لەگەڵیەتی، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسند کرا، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرابوو بەوەی خۆپیشاندانی لە ناکاو جێی بکرێتەوە لە یاساکە، بۆچوونێك هەیە، کە لەلایەن ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران سیاغە کراوە، لە گفتوگۆی لیژنە پەیوەند بە خۆپیشاندان، و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان موناقەشە کرا، ئەو تەرحەش بەو شێوەیە کە ئەو بابەتە لە ماددەی چوار، بڕگەی چوار، و لە ماددەی پێنج بڕگەی دووەم موعالەجە بکرێ، و خۆپیشاندان لەو شوێنانە بکرێ بە سیغەیەکی موتلەق، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە خۆپیشاندانێك بگرێتەوە، و لەوێ موعالەجە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە ئێستا لە ماددەی سێیەم هیچ بڕگەیەکی تر ئیزافە نەکەین، و ڕاپۆرتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، و خۆپیشاندانی لە ناکاو لە شوێنێکی تر موعالەجە بکەین، لە ماددەی چوارەم و ماددەی پێنجەم، کێ لەگەڵیەتی؟ موعالەجەکە بەم شێوەیە، لە ماددەی چوار لە بڕگەی چوار ( هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك ئەبێ ئاشتیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ)، لە ماددەی پێنجەمیش بڕگەی دووەم (ئەبێ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن، و لەکاتی پێویست دا دەزگای پۆلیس هاوکاریان بن، موعالەجەکە بەو شێوەیە، کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ماددەی سێیەم بەو شێوەیە ئیتر موعالەجە بکرێ لە بڕگەکانی تری یاساکە؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ١ کەس لەگەڵی نییە،

کەواتە پەسند کرا، ئەچینە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی چوارەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خۆپیشاندان، نوقتەی نیزامییە کاك سهراب؟ فەرموو

**بەڕێز سهراب میکائیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕیاردەرێت لیژنە ل سەر مەنەسێت حازر نینە، مە ئاخافتنێ هەی یان نا؟ مە مافێت مرۆڤین، چونکە مە ٥ دەقە دەستێت بلند بوو، نوقتە نیزام بوو، مەجالی تێدا نەکر

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی چوار لیژنە پەیوەندیدارە بەو پرۆژە یاسایە، بۆیە تەنیا سەرۆك و جێگری سەرۆك لیژنەکان لێرە لەم مەنەسەن، جەنابت وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆت هەیە ڕاو بۆچوونی خۆت دەبڕی، و وەکو ئەندامی لیژنەش کە پێویست بوو ئەتوانی وەکو ئەندامی لیژنەش ڕای خۆت دەربڕی، ڕێم بە ٢ ئەندام پەرلەمانی لە فراکسیۆنەکەی ئێوەدا قسە بکەن کاك سهراب، لیژنەی یاسایی تکایە ماددەی چوارەم بخوێننەوە

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پێویستە نوێنەری خۆپێشاندەران لایەنی کەم بە ٤٨ کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە ئاگادارینامەیەك بە نووسراو پێشکەشی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بکەن، بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ

٢- پێویستە ئاگاداری نامەکە ئەم زانیاریانە لەخۆ بگرێ:

أ کات و شوێنی خۆپیشاندان

ب- ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان

ج- ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان

خ_ ماوەی خۆپیشاندان

هـ_ ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی سێیەم و چوارەمی ماددەکە؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

برگەی سێیەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ، بە مەرجێ لە ڕێگەی نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری لیژنەی

ڕێکخەری خۆپیشاندان بکاتەوە لە ماوەیەکدا کە لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندان کەمتر نەبێ

چوارەم: پێویستە خۆپیشاندان ئاشیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری

گۆڕانی بەسەردا هات بەپێی ئەوەی دەنگی لەسەر درا، بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

پێوستە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان ئاشتیانە بێ و دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراوبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا، هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك ئاشتیانە بێ، دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە جارێ، فەرموو کاك خلف

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی دەنگمان پێدا لە ڕابردوو، ئەوە بوو کە ماددەی سێیەم بە کاملی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئیزافە نەکرێ، لەبەر ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە گۆڕانکارییە لە بڕگەی چوارەم و ماددەی چوارەم ڕوویدا، لەبەر ئەوەی دەنگمان بەوە نەدا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با، با، ڕوونم کردەوە، وتمان بەوە چارەسەر ئەکرێ خۆپیشاندانی لە ناکاو کە بڕگەی چوارەم لە ماددەی چوارەم، و بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم گۆڕانکاری تێدا بکرێ، هەموار بکرێتەوە وەکو ئەوەی بەو شێوەیە هاتووە، فەرموو بێگەرد خان

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیغەکە بەو شێوەیە بوو (پێویستە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان ئاشتیانە بێ و دووربێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ، بەڵام ماددەی پێنجەم بڕگەی دووەمی (ئەبێ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزێ کە ڕوودەدات، و لەکاتی پێویست دەزگای پۆلیس هاوکاری بکات

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەم خوێندەوە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان ئەوەم خوێندەوە، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو ڕەئیەی ئێستا خوێندرایەوە لەلایەن بەڕێزتان و لیژنەی یاسایی، واتە ئەندامان بۆیان هەیە ئەمە موناقەشە بکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بۆتان هەیە موناقەشەی بکەن، فەرموو مامۆستا هەورامان

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە بەراستی زیاد لە چەندین ئەندام پەرلەمان کە ژمارەیان زۆرە داوای ئەوەمان کرد باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکرێ، ئیتر بۆ ئەوەی وازیح بێ، یەعنی بە شتی موتلەق و کێشمەکێشم و ئەوانە شتەکە هین نەبێ، داوای ئەوە ئەکەین خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو ئەم یاسایە جێی بکرێتەوە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگی هێنا مامۆستا

**بەڕێز د.هەوارمان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

دەنگی هێنا، کەواتە تەوافوقی لەسەر بکرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرینە لەگەڵ ئەوەن بەو شێوەیە، بە سیغەیەکی تەواوفوقی بێ

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

ئێمە بۆیە لە پێش هەر یاسایەك کۆمەڵێك تەعریف ئەکرێ، لەبەر ئەوەی لە ناو یاساکە هەر زاراوەیەك بەکاربێ بۆ مەبەستی ئەوەی پێشووە کە تەعریف کراوە، کاتێ تۆ پێشتر تەعریفی خۆپیشاندانت کردووە، لێرە کە باسی هەر خۆپیشاندانێك ئەکەی ئەو خۆپیشاندانە ئەگرێتەوە کە پێشتر باست کردووە، نەك خۆپیشاندانی لە ناکاو؟ سوپاس، ئەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە دوایی ڕەخنەمان لێ نەگیرێ، چونکە بە سەراحەتەن یاسا ئەبێ وازیح بێ، جامیع بێ، مانیع بێ، شامیل بێ، داوا ئەکەین یاساکە ماددەیەکی تێدابێ باسی خۆپیشاندانی لە ناکاو بکات، چەندین جار دووبارەمان کردەوە، ئەگەر ئەکرێ با بکرێ، ئەگەر ناکرێ با وازیح بێ، ڕوئیەی هەموو کەس وازیح بێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، فەرموو کاك تەحسین نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز تحسین اسماعیل(دۆڵەمەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەماددەی چوارەم بڕگەی دووەم خاڵی پێنج، ئەڵێ ( ناو و واژووی ئەندامانی نوێنەرانی خۆپیشاندان، ئەوەندەی ناوێ، ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەرگای وتووێژ ئەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ قسەی هەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر_سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کەرتی یەکەم (گۆران ئازاد، ڕێواز فائق، سەعید محمد، صالح فەقێ، فەرهاد سەنگاوی، مریم صمد، زانا عبدالرحمن)، کەرتی دووەم (جمال مۆرتکە، حیاة مجید، شیرین حسنی، ڤەمان فیصل، عباس غزالی، فرست صۆفی، مدینە ایوب، مەردان خدر، نجات محمد، هیڤا حاجی) کەرتی سێیەم (ڕابوون مەعروف، ابو بکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، ئێڤار ابراهیم، شکریە اسماعیل، بـرزۆ مجید، بێستون فائق، جوان اسماعیل، سهراب میکائیل، حسن صالح، زوڵفا محمود، عمر عینایەت، سهام عمر، علی حەمە صالح، عادل عزیز، فائق مصطفی، قارەمان قادر، محمود عمر، عمر صالح، کەژال هادی، منیرە عثمان، ڕۆزا محمود) کەرتی چوارەم (مامۆستا غەریب)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست ئەکەین بە گفتوگۆ کردن، فەرموو کاك زانا

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستی من لەسەر کاتەکە قسەم هەیە، پێم وایە ٤٨ سەعات زۆرە، ئەگەر بکرێتە ٢٤ سەعات لەوانەیە مەسەلەی ئەوەی کە زۆر گلەییان لێی هەیە کە مەسەلەی خۆپیشاندانی لە ناکاویش حەل بکات، چونکە ٤٨ سەعات کاتێکی زۆرە ئەگەر لەسەر قەزیەیەکدا تێپەڕ بێ، بۆیە ئەگەر ئەو کاتە کەم بکرێتەوە، لەوانەیە جۆرێك لەو کێشانەی دروست ئەبێ و ئەو گرفتانە خێران، بتوانن لە ماوەی ٢٤ سەعات هاوڕێ بن، ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، لەسەر مەسەلەی پشووی فەرمی پێم وایە زیادە، چونکە یەکەی ئیداری و وەزیر پێویست ناکات ڕەچاوی پشووی فەرمی بکرێ، چونکە کە کێشە دروست بوو پەیوەندی نییە بەوەی دەوام هەیە یان نا؟ لەبەر ئەوە پێم وایە زیادە، و جۆرێك لە ڕێگرییە، لەسەر وەڵام دانەوەکەش ئەگەر کاتەکە بگۆڕێ لە ٢٤ کاتژمێر، چونکە زۆرە کە وەڵام ئەدەنەوە، کەمتر بکرێتەوە، لەسەر بڕگەی چوارەم قسەم زۆرە، من جارێکی تریش لەسەر ئەو یاسایە قسەم کرد کە هەندێ شتی لاستیکی تێدایە، ئەبێ ڕوون بێ، مەسەلەی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، نازانم یەعنی چی؟ یەعنی خەڵك کە دێتە سەر شەقام گرفتی هەیە، پێم وایە ئەوە زیادە، ئەکرێ وەکو بیانوو لە ئایندە بەکاربێت کە ئەم خۆپیشاندانە ئاشتیانە نییە، یەعنی ئاشتیانە چۆن

تەعریف ئەکرێ؟ چۆن ڕوون ئەکرێتەوە بۆ خەڵك، چی ئاشتییە؟ چی ئاشتی نییە؟ خەڵك دێتە سەر جادە نارەزایی هەیە، هاوار ئەکات، ئەمانە ناچێتە زمنی شتێك ناوی ئاشتی بێ، لەبەر ئەوەی پێویستە وای لێ بکرێ (پێویستە خۆپیشاندان دووربێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری)، پێویست ناکات بڵێی ئاشتیانە بێ، کە وتمان دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری، یەعنی توندوتیژی تیانەبێ، مەسەلەی جیاکاری تێدا نەبێ، لەبەر ئەوە ئەو وشە مەتاتییە، لەوانەیە تەفسیری جیای بۆ بکرێ، یان بگۆڕدرێ و بکرێ بە مەسەلەیەکی تر، یان هەر لابرێ، پێم وایە زیادە، (پێویستە خۆپیشاندان دوور بێ لە کاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراو بێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام بە نیسبەت بەندی یەکەم، ڕای من بۆ ئاستی پارێزگا پێویستە ٤٨ سەعات، بەڵام ئەگەر قەزاکان بێ با ماوەکەی کەمتر بکرێتەوە، دەزگای پۆلیس، یان فەرمانگەی چالاکییە مەدەنییەکان ئەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، ئەو تێبینییەم هەبوو لێرە، لە بەندی دووەم ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندان، بەڕای من بکرێتە (ئامانج لە خۆپیشاندان)، چونکە مەبەستەکە دیارە، ڕوون کرایەوە لە ڕاپۆرتەکە، یان مەبەستی خۆپیشاندان، یان ئامانج لە خۆپیشاندان، بەو شێوەیە، خاڵی پێنجەمی هەمان بەند، ناو و واژووی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشاندان، ناو و واژوو، ئەوەی ئیمزا ئەکات عادەتەن ناوی خۆشی ئەنووسی، کەواتە شێوازەکەی بەڕای من بنووسرێ (واژووی ئەندامانی ڕێکخەر) یان بە سیغەیەکی تر، ئەوە لیژنەی یاسایی ئەتوانن، ئەوەی تریش لەگەڵ ئەوەم شێوازی خۆپیشاندان دائیمەن داواکارییە، شێوازی نارەزاییە، کەواتە شێوازی ئاشتیانە بۆ پشتگیری کردنە، یەعنی حکومەت هاوکاری ئەکات، یان لە وڵاتێك سەرکەوتنێك بەدەست دێ، ئەوە شتێکی ترە، ئەو بابەتانە ئەگەر بە سیغەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر داوای لێبووردن ئەکەین کە سێ پەرلەمانتار پێشتر ناویان نووسیوە، لە یادم کرد، ئێستا ناوی ئەوان ئەخوێنینەوە، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێش ئەوەی هیچ شتێك بڵێم پێم وابێ یەکێ لە خەلەلەکان کە ڕووبەڕوومان ئەبێتەوە ئەوەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان شتێك هاتووە لە کاتی خوێندنەوەی دووەمی هەر پرۆژە یاسایەك دەنگی لەسەر ئەدرێ، بۆیە ئەکرێ کاتێك لیژنەیەکتان دیاری کرد بۆ تەعدیل کردنی ئەو پەیڕەوی ناوخۆی

پەرلەمانـە، کـار بـۆ ئـەوە بکـرێ لـە خوێندنـەوەی دووەم دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدرێ بڕگـە و ماددەکـان بـێ، ئەکرێ لە دوای خوێندنەوەی دووەم ڕاو بۆچوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بـۆ نموونـە بابـەتێکی لەم شێوەیە لە خەڵکانی پسپۆر وەرگیرێ، قسەی ئەوانیش بە هەنـد وەرگـیرێ، لەسـەر بابەتـەکان، پـشتگیری قسەکەی کـاك زانـا ئەکـەم، دیـارە ٤٨ کاتـژمێر زۆرە، چـونکە زۆرجـار خۆپیـشاندان دوای ٤٨ کاتـژمێر هـیچ کاریگەری نامێنێ ئەگەر بکرێ، و لە خاڵی ئەخیر (بە مەرجێ ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ)، ئەکرێ بکرێ (ئەگەر لە ماوەی دیاری کراودا وەڵام نەبوو، ئەوە ئاگاداری نامەکە پەسـند بکـرێ، یـان هـەژمار بکـرێ بە کارکردن)، لە بڕگەی دووەم (پێویستە ئاگاداری نامە ئەو زانیاریانە لە خۆ بگرێ (یەکەم، کات و شوێنی خۆپیـشاندان) ئـەم کاتـە ئەگـەر بکـرێ بـە کـاتی دەسـت پێکردنـی خۆپیـشاندان و شـوێنی خۆپیـشاندان، و خۆپیشاندەر بۆخۆی شوێن دیاری بکات، نـەك فـەرز بکـرێ لەسـەری و بۆشـی دیـاری بکـرێ، خـاڵی دووەم و سێیەم هیچ، خاڵی چوارەم، ماوەی خۆپیشاندان، پـێم وابـێ مـاوەی خۆپیـشاندان کـاتی بـۆ تەحدیـد نـەکرێ، خاڵێك دابنرێ بۆ ئەوەی وەڵام نەدرێتەوە، تا وەڵامی پێویـستی خۆپیـشاندەر ئەگـەر لـە قـەزا بـوو قائیمقـام وەڵام بداتـەوە، ئەگـەر لـە پارێزگایـە، پارێزگـار جـواب بداتـەوە، تـا وەڵامێکـی ئیقناعکـەری خۆپیـشاندەر نەدرێتەوە، خۆپیشاندان کاتی بۆ تەحدید نەکرێ، لە بڕگەی سێیەم، (وەزیـر یـان سـەرۆکی یەکـەی ئیـداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەنـدی گشتی بـۆی هەیـە کـات و شـوێنی خۆپیـشاندان بگـۆڕێ)، (بیگۆڕێت بە مەرجێ ڕەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندانی لەسەر بێت)، ئەوەی بۆ زیاد بکـرێ، لـە بڕگـەیی چوارەم، ( پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك دوور بێ لـە کـاری توندتیـژی و جیاکـاری)، ئەگـەر ئەمەی بۆ زیاد کرا، (هەروەها ئەو گردبوونەوانەی کـە ڕێکخستنی پێشوەختەیان بـۆ نـەکراوە، وە دەرفـەتی ئاگادار کردنەوەیان بۆ نەڕەخساوە، لەبەر هەنووکەیی و کتوپڕی بابەتی خۆپیشاندانەکە) یەعنی لە ئاگـادار کردنـەوە دەربـچێ، بـە مـەرجێ حوکمـەکانی ئـەم یاسایەی تێدا ڕەچاو بکـرێ)، چـونکە لێمـان تێکنەچـێ، پەرلـەمانتارانی بـەڕێز، ئێمـە لـە هەرێمێکـداین، یاسـا دائەڕێـژین بـۆ خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان، و لـە هەرێمێکیش داین هەندێ خۆپیشاندان بۆتە ئەمری واقیع، ناتوانین خۆمانی لێ بەدەر بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی چـوارەم بڕگـەی یەکـەم بـۆ چارەسـەری ئـەوەی لـە موناقەشـەکانی پێشوو باسمـان کـرد، ئـەوەی کـە کەسـیش وەکـو تاکـە کـەس بـۆی هەیـە خۆپیـشاندان بکـات، ئـەکرێ وای لـێبێ (کەسـێك یـان نوێنـەری خۆپیشاندان لایەنی کەم) تەبعەن لەگەڵ ئـەو ڕایـەی کـاك زانـا و هاوڕێیـانی تـرم کـە کـەم بکرێتـەوە بـۆ ٢٤ سـەعات، ( ٢٤ کاتـژمێر بـەر لـە ئەنجامـدانی خۆپیـشاندان لـە ڕێگـەی ئاگاداری نامەیـەك بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێشکەش ئەکرێ، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار ئەکرێتەوە، بە مەرجێ ڕۆژانی پشووی فـەرمی

ڕەچاو بکرێ)، ئەمەی بۆ زیاد بکرێ، ( ئەگەر لەو ماوەیەدا وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی وەڵامی نەدایەوە، ئاگاداری نامەکە بە گەیشتوو هەژمار ئەکرێ)، ڕەنگە هاوڕێیەك بڵێ ئەوە لە ئەسڵی یاساکە لە ماددەی چوارەم چارەسەر کراوە، بەڵام ئەبێ دیسانەوە گۆڕانکاری بەسەر بێ، چونکە لە ئەسڵی یاساکە ئەڵێ (داواکاری)، بۆیە داواکاریەکە لەوێ بۆ مۆڵەت هاتووە، جگە لەوەش ٤٨ سەعات پێشنیاری ئەوە ئەکەم ببێتە ٢٤ سەعات، کەواتە لە ئەسڵی یاساکەش ئەبێ ئەوە گۆڕانکاری بەسەر بێ، دووەم، (پێویستە ئاگاداری نامە ئەم زانیاریانە لەخۆ بگرێ)، لە خاڵی یەکەم کاتی دەست پێکردن لەگەڵ ڕاکەی (مامۆستا عبدالرحمن) م، لەبەر ئەوەی هۆکار ئەوەیە، لە دوایی دا باسی ئەو کاتی خۆپیشاندانە ئەکەم، کاتەکە پێشنیار ئەکەم لابرێ، ئەگەر بیهێڵینەوە ڕەنگە دوایی وا لێکبدرێتەوە ئەوە مەبەستی سەرەتا و کۆتایی خۆپیشاندانەکەیە کە دیاری بکرێ، بۆیە ئەبێ ئەو کاتەش تەحدید بکەین، کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندان، دووەم، ئیشکال نییە، سێیەم، (ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان)، وا ئەزانم ئەم خاڵە پەرلەمانتارنی بەڕێز ئەوەش ئیشکالی تێدایە، کە ڕێگایەکی دیاری کراو دیاری ئەکەی بۆ خۆپیشاندان ڕەنگە بە هۆکارێك لە دەرەوەی خۆپیشاندەران ئەو ڕێگەیە گیرابێ، چاکسازی ئەکرێ، ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل، یان هەر ڕووداوێکی تر، تەبعەن ئێمەش یاسا دائەنێین نامانەوێ لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە خۆپیشاندەران مەحکوم بکەین، بەڵام لادان لەو ڕێگەیەی کە تۆ لە ئاگاداری نامە دیاری ئەکەی دواتر ئەبێتە هۆی مەحکوم بوونی خۆپیشاندان، بۆیە زۆر گرنگە بە وردی سەرنج بدەین، ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە گرنگ نییە، چونکە شوێنی خۆپیشاندامان دیاری کردووە، ڕەنگە ڕێگەیەکی دیاری کراومان نەبێ، شوێنیك دیاری ئەکەین، لە ڕێگەی جیاوازەوە، لە کۆڵانی جیاوازەوە خەڵك کۆئەبێتەوە بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بکات، بۆیە ڕێگەی ڕۆیشتنی خۆپیشاندان ئیشکالێکی گەورە دروست ئەکات، ڕەنگە دوایی ببێتە هۆی مەحکوم بوونی خۆپیشاندان، چوارەم، ماوەی خۆپیشاندان، تەبعەن ماوەکە وەکو لە سەرتا ڕوونم کردەوە، ئەمەش کێشەیە، لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، ئێمە ئەمانەوێ سەرباری ئەوەی پارێزگاری لە خەمە گشتیەکانی کۆمەڵگاو بەرژەوەندی گشتی ئەکەین، بەڵام خەلەلی گشتیش بەشێکی گەورەی ئەوەیە کە داواکاری هاووڵاتیان لە هەر ئاستێك بوو، دەربارەی هەر کێشە و داواکارییەك بوو، جێی خۆی بگرێ، و گوێی لێ بگیرێ، بۆیە کە ئەڵێی ئەو خۆپیشاندانە ٢ سەعات یان هەر سەعاتێك ئەبێ هۆکاری ئەوەی دامودەزگای پەیوەندیدار گوێی لێ نەگرێ، ئەو سەعاتە چاوەڕێ بکەن تا ئەوە تەواو ئەبێ ئیشکال دروست ئەکات، بۆیە ئەگەر لاشی نابەن با پەیوەست بکرێ بەوەی کاتێ ماوەی خۆپیشاندان لەو ماوەیە کۆتایی بێ کاتێك لایەنی پەیوەندیدار وەڵامێکی بەڵگەدار بە داواکاری خۆپیشاندەران ئەداتەوە، ڕەنگە وەڵام دانەوەکە جێ بەجێ کردنی هەموو داواکاریەکان نەبێ، بەشێکی بێ، بەڵام ڕەتکردنەوەی هەندێ لە داواکاریەکان بە بەڵگەوە بێ، برگەی سێیەم، (وەزیر یان سەرۆکی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ)، با سەرنجی خۆم بدەم، بە پاساوی دروست و شیاو لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، هەمووومان ئەزانین یاساییەکان، یان ئەوانەی یاسایی نین، وازیحە لە ڕووی زمانەوانییەوە، زۆر زۆر

مەتاتییە، پاساو چییە؟ بەرژەوەندی گشتی چییە؟ بۆیە ئەبێ تۆ ڕێگەیەك دابنێی، ئەبێ تۆ باس لە شوێنی خۆپیشاندان ئەکەی، کەواتە بەم شێوەیە پێشنیار ئەکەم، (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەتوانێ شوێن)، سەرنج لەسەر ئەوەی کاتیشی لێ لابدەی، ڕەنگە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی لە گۆڕانی کاتەکەدا خۆپیشاندانەکە بخاتە شەو، دوایی چی ئەکەی؟ مافی ئەوەی هەیە بیگۆڕێ، ئەڵێ شەو بێ، ناکرێ، ئەمە ئیشکالە، لەبەر ئەوە با وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەو شێوەیە، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەتوانێ شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ، ئەگەر ئەو شوێنە لەلایەن گروپێکی تر ئاگاداری نامەی بۆ پێشکەش کرابوو، واتە گروپێکی تر ئاگاداری نامەیەکیان پێشکەش کردبوو ئەو شوێنەیان گرت، لەو کاتە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بتوانێ گۆڕانکاری لەو شوێنە بکات، و سەرنجی دوایی ئەوە، ٢٤ سەعات دیاری کراوە، پێشنیار ئەکەم ئەم ٢٤ سەعاتەش لابرێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی پێویستی بە ٢٤ سەعات نییە، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە بزانێ ئایا ئاگاداری نامەی تری پێگەیشتووە؟ کە ئێمە دیاریمان کردووە ئاگاداری نامە ئەگاتە سەرۆکی یەکەی ئیداری یان وەزیر، کەواتە بێگومان لە هۆش خۆی نەچووە، ئەبێ بزانێ لەو لەحزەیە، ئاگاداری نامەی تری پێ گەیشتووە یان نا؟ کە پێی گەیشتبوو، گۆڕانکاریەکە ئەکات، کە پێی نەگەیشتبوو، وەڵامەکە ئەداتەوە، کەواتە پێویست ناکات ئێمە ئەو هەموو کاتە بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بدەین، لە چوارەم، لەگەڵ قسەی کاك زانام، ئەوەش کەمێ ئیشکال ئامێزە، کە ئەڵێین توندوتیژی نەبێ، یەعنی خۆپیشاندانی نا توندوتیژی باس ئەکەین، کەواتە ئەمە لە ناو خۆی ئاشیتانەشی هەڵگرتووە، کە ئەڵێی ناتوندوتیژی، هەموو ئەو ڕەهەندانەی تری لەخۆی گرتووە کە یەکێ لە ڕەهەندەکانی ئاشتیانەیە، بۆیە لەوێ ڕەنگە پێویست نەکات وشەی ئاشتی بەکار بێت، کە ئەڵێین بەدەر بێ لە توندوتیژی، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامانی بەڕێز ئەو سیاغانەی کە لیژنە پەیوەندیدارەکان و لایەنەکان و فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەری ڕێککەوتن، ئەوەی پەیوەندی بە برگەی سێیەمی ماددەی چوارەمەوە هەیە، (شوێنی خۆپیشاندان ئەبێ بە ڕەزامەندی یان بە هەماهەنگی نوێنەری خۆپیشاندان بێ)، ئەمە ئیزافە کراوە، بۆیە ئەندامان بەرچاویان ڕوون بێ کە ئەم برگەیە دەستەواژەیەکی تێدا ئیزافە کراوە لە مەهامەکەی ئەگۆڕێ، تکایە ئاگادار بن، لە کاتی موناقەشەش ئەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ڕاستە ئەوە موناقەشە کراوە، ئەو برگەیە پێشنیار کراوە بەو شێوەی لێ بێ، خاتوو پەری صالح فەرموو

**بەڕێز پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەشێكی قسەكانم كاك زانا و كاك ئومێد و كاك عبدالرحمن كردییان، بەڵام ئەگەر ماوەم بدەن ڕوون كردنەوەم هەیە، پرسیارێك لە بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بكەم، بە دڵێكی فراوانەوە لێم وەرگرن، لەبەر ئەوەی ٢٣ ساڵە كوردستان ئازادە و حكومەتی خۆمان هەیە، هەتا ئێستا یەك چین و توێژ لە ٥٠٪ لە ئیش و كاری خۆیان ڕازی نین، گەنج هەلی كاری نییە، كێشەی خانووبەرەی هەیە، فشارێكی زۆری لەسەرە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەری ماددەی چوار.......

**بەڕێز پەری صالح:**

بەس ئەوەندەم لێ وەرگرن، هانا بۆ ماددە هۆشبەرەكان ببات یان خۆپیشاندان، ئێمەش وەكو دایك و باوك وەریان بگرین، دەستیان بەسەردا بێنین، هەتا ئێستاش دەرئەنجامی هیچ خۆپیشاندانێك وا نەبووە كە بە دڵی خۆپیشاندەران بێ، وەریان بگرینەوە، دەستیان بەسەردا بێنین، ڕێیان بۆ خۆش بكەین، هەلی كاریان بۆ بدۆزینەوە، نەك وەكو ئەو شیعرەی ئەڵێ (القاه في اليم مكتوفا، فقال له اياك اياك انت بتلبا)، یەعنی گەنج و لاو لای ئێمە، هەمووی بەو شێوەی بەسەرهاتییە، دوێنێ خوێندكارێك پەیوەندی پێمەوە كردووە، دوو ساڵە تەخەروجی كردووە، ئێستا نان بۆ جیرانەكانیان ئەكات، پەیوەندی ئەكەن ئەڵێن خۆپیشاندان نەكەین، ئەدی چبكەین؟ سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم یاسایە خۆی بۆ ڕێكخستنی خۆپیشاندانە، موناقەشەی ئەوە ئەكەین چۆن خۆپیشاندان ڕێكبخرێ.......

**بەڕێز پەری صالح:**

ئاخر هەموو پرسیارەكان بۆ ئەوەیە نەكرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غەریب

**بەڕێز غەریب مصطفى(پێنجوینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئێمە سیاغەی یاسای خۆپیشاندان بۆ واقیعی كوردستان ئەكەین، ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ لە كوردستان دەیان كێشەی جۆراو جۆری وەكو مووچە و كارەبا و بەنزین و تا ئەخیری لەم وڵاتە هەیە، بۆیە پێویستە ئەو یاسایە كە سیاغە ئەكرێ بە تایبەتی ئەم خاڵی چوارە، مۆركی كوردستانی بوونی پێوە بێ، واقیعی كوردستان ڕەنگ بداتەوە، نەك مۆركی یاسایەكی ئەوروپی، وەكو هەندێ لە برادەران ئاماژەیان پێ كرد، مافی هاووڵاتی لەوێ، لە نان و لە ئاو و لە مووچەی و لە شوێنی نیشتەجێ بوونی لە هەموو

ڕوویەکەوە پارێزراوە، ئینجا ئەگەر خۆپیشاندانی لە ناکاویشی کرد، مافی ئەپارێزرێ وەکو مرۆڤ هەڵناکوترێتە سەری، نابرێتە زیندان، فیشەکی پێوە نانرێ، مافی پارێزراوە، بۆیە ئاگادار کردنەوەی حکومەت بە ٤٨ سەعات پێش لە ڕوودانی خۆپیشاندان، ئینجا ئەو پشووە ڕەسمییەی ئاماژەی پێکرا، حیساب بکرێ، ئینجا سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەبێ لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە مەتاتییە، کاك سالار ئاماژەیەکی پێکرد، ئومێد ئەکەم ئەوە بچەسپێ، بەس ئەبوو دکتۆرە ڤالا بیخوێندبایەوە بۆمان، ئەگەر گۆڕانکاری تێدا کرابێ، ئەگەر ئەمانە بچەسپێ بەڕاستی تەوفکردنی خۆپیشاندانە پێش ئەوەی ڕووبدات هەر بە یاساکە تەوق دەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە (٤٨) سەعات پێشتر بێ، بکرێ بە (٢٤) سەعات، و لەگەڵ ئەوە نیم کە وشەی ئاشتیانەی تێدابێ، تەنها وشەی توندو تیژی کیفایەتە کاك زانا و ئەوانی تر ئاماژەیان پێکرد، و لەگەڵ ئەوە نیم کە خاڵی سێ ماددەی چوارەم بمێنێ کە دەڵێ لەبەر بەرژەوەندی گشتی کە ئاماژەم پێکرد مەتاتیە و لە کۆتاییدا داوا دەکەم خۆپیشاندانی لە ناکاو بخرێتە ناو ماددەی چوارەم و بەم جۆرەی لێ بکرێت، پێویستە هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك بە وانەشەوە کە لە ناکاو ڕوودەدەن دوور بێ لە کاری توندو تیژی جیاکاری و پارێزراو بن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچوونی مامۆستا غەریبم هەیە، قسەکانی کردم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو هیڤا،

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە کە برگەی دووەم خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت، وەکو دانانی بارمتەی ڕاهێنان بۆ خۆپیشاندان بۆ ئەوەی کە بەکاربێت بۆ پاککردنەوەی شەقام و قەرەبووی ئەو زەرەرە ماددیانەی کە بە ماڵی خەڵك دەگات لە کاتی خۆپیشاندان، نەك حکومەت تەقەبولی ئەم زەرەرە بکات، وڵاتی (ئەسکەندەنافیا و ئیرلەندا) ئەم یاسایە بەکاردەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو خاتوو مریم،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك، دوو مولاحەزەی ڕێزمانیم هەیە، وەڵلا لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوار لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان لایەنی کەم ئەگەر ئەو لایەنی کەمە بکرێت بە لانی کەم لە ڕووی زمانەوانییەوە تۆزێك خۆشتر دەگوترێت و (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی ئەگەر لە بری لە ئەنجامدانی بەڕێوەچوونی دابنرێت لە بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکە و لە ماددەی دووەم من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بکرێ ئاگادارینامە پێناسەی بۆ بکرێ، نەك ئەو خاڵانە ریزبەندی بۆ بکرێ، ئەگەر نا خاڵی چوار بێتە خاڵی یەکەمەوە کات و شوێن و ماوەی خۆپیشاندانەکە، یەعنی خاڵی چوارەم لە بڕگەی دوو لا ببرێ، ماوەکە بێت لەگەڵ کات و شوێن و ماوەی خۆپیشاندانەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو حیات،

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەمدا ماوەی خۆپیشاندانەکە هەندێك لە بەڕێزان هاوکارەکانم باسیان لەوە کرد منیش جارێکی تر باسی دەکەمەوە لە سەر ماوەی خۆپیشاندانەکە، خۆپیشاندەر تا وەڵامێکی موقنیعکەری پێ نەبی بۆ عیلاج کردنی ئەو کێشەیەی کە خۆپیشاندانی لە سەر دەکات خۆپیشاندەرەکە بەردەوام دەبێ، ئینجا ماوەکە ئەگەر بکرێ هەر لا ببرێ، تێدا نەبێ ماوەکە تەحدید نەبێ ماوەی با بڵێین خۆپیشاندانەکە، لە خاڵی سێیەمدا دەڵێ لە ڕێگەی نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان بکاتەوە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێ، ئەی ئەگەر لەم ماوەیە نەتوانرا وەڵام بدرێتەوە چی؟ خاڵی چوارەمیش پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێ و دوور بێ لە کاری توندو تیژی و جیاکاری ئەگەر بکرێت ئەو یەك دێڕەی بۆ ئیزافە بکرێ بەهیچ جۆرێك چەك بەکار نەهێنرێ، وەك لە خۆپیشاندانەکانی پێشتردا بینیمان کە چەندەها کەس بوونە قوربانی بەهۆی تەقەکردن، ئەگەر تەقەی تێدا نەکرێ و چەك بەکارنەهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو منیرە،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کاك ئومێد و مامۆستا عبدالرحمن کردیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شوان قەڵادزەیی،

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ تەواوی قسەکانی کاك زانا دام، ئەو (٤٨)سەعاتە بکرێ بە (٢٤) سەعات، ئەوەش کە نووسراوە لیژنە، لیژنە بۆ خۆی لابراوە، بکرێ بە نوێنەری خۆپیشاندەران، پشوو پێویست ناکات، چونکە لەوانەیە پێداویستیەك هەبێت کە وا بێ داواکاری خوێندکاران بێ یان هەر چین و توێژێکی تر بێ لە ڕۆژی پشوودا بێتە پێشەوە، بڕگەی دووەم لە ئاگادارییەکان ئەگەر لە یەکەمدا کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە، چونکە دەڵێ کات ڕۆژەکە خۆی هەمووی کاتە لە بەیانیەوە تا ئێوارە کاتەکە دیاری بکرێ ئامانجەکەش ئەوە دیارە، ڕێگای ڕۆشتنی خۆپیشاندانەکە ناکرێت لایەنی حکومەت یان دەسەڵات دیاری بکات، چونکە خۆپیشاندەر لە کوێ فشاری زیاتر دەخاتە سەر لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی تەسلیمی داواکاریەکانی بێ ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێ، ئەوە پێم وایە گرفتێك بێ لەبەرامبەر خۆپیشاندەر، ماوەی خۆپیشاندانەکەش ئەو ماوەیە ناکرێ دیاری بکرێ، دەکرێ بەم شێوەیە بێ ماوەی خۆپیشاندانەکە بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی لایەنی بەرامبەر بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران دەدات، ئێستا کێشەکە ئەوەیە سەدان خۆپیشاندان ڕوو دەدات، بەڵام هیچ وەڵامێکی نادرێتەوە هەموو بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە، بڕگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی نییە، مەسەلەن شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێ تەنها ئەوەی کاك سالار باسی کرد بە ئیتیفاق لەگەڵ خۆپیشاندان، دووەم لە کاتێکدا ئەو شوێنە خۆپیشاندانی تری لێ بکرێ، بڕگەی چوارەم بەخۆی هەمووی زیادە، کە دەڵێ خۆپیشاندان ئاشتیانەیە لە پێناسەکەدا هاتووە ماددەی یەکەم لەوێ ئاماژەی پێکردووە کە هەموو خۆپیشاندانەکان هەر چۆنێك بێت ئاشتیانەیە کە دەڵێ دوور بێ لە توندو تیژی و جیاکاری، لە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم باسکراوە، نابی مەبەستی خۆپیشاندان هاندانی گروپێك بێ دژی گروپێکی تر بەناوی ئاین یان بە ناوی شتێکی تر، بەڵام بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشە، چونکە تا ئێستا لەو ماددانەی کە ئێمە هەموارمان کردووە هیچی مافی خۆپیشاندەران تێدا نەپارێزراوە بە نووسراو بۆ نموونە بنووسرێت پێویستە ڕێکخەران و خۆپیشاندەران لە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن نەگیرێن و ئازار نەدرێن و هەڕەشەیان لێ نەکرێ، ئینجا مەسەلەی لە ناکاو، ئەگەر لە ناکاو، لێرە بێتە دەرەوە وەکو ئەوە وایە ئەو فراکسیۆنانە لە ژووری تاریکدا ئەوەیان کۆتایی پێ هێنابێت، چونکە بەڕاستی خۆپیشاندانە ئاساییەکەش و ئەوەی تریش خۆ خەڵك ئاماژە پێ دەکات چوار ساڵی ئارام و پێنج ساڵی ئارام، ئەوە ئاساییەکە هەر نەما، لە ناکاوەکەش هەر نەما، کەواتە هەمووی (الفاتحە)ی لە سەر بخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حسن،

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ رای ئەو برادەرانەم بەتایبەتی كاك ئومێد و ئەوانی تر (٤٨) سەعاتەكە زۆرە، بكرێ بە (١٢) سەعات، چونكە بەڕاستی (٤٨) سەعات ئەگەر بتەوێ رۆژانی یەكشەمە و دووشەمەش شتێك دێتە پێش دەبێ دووشەمە خۆپیشاندان بكەی، بۆت نییە یەكشەمە خۆپیشاندان بكەی.دەبێ ماوەی (٧٢) سەعات و زۆرتریش پێشتریش مۆڵەت وەربگری، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام (٤٨) سەعاتەكە بكرێ بە (٢٤) سەعات ئەگەر كەمتریش بێ باشتر، ماوەی خۆپیشاندانەكە لەگەڵ د. شوان دام لا ببرێ، نەمێنێ بەڕاستی، چونكە خۆپیشاندان جاری وا هەیە ئامانجەكەت ناگرێتەوە، وەڵام بە داخوازیەكانت دەگرێتەوە چۆن دەتوانی بڵێی خۆپیشاندان ماوەكەیان بۆ دیاری بكرێ، خاڵی سێیەم هەر لە ماددەی چوارەم مەبەست چییە بە پاساوی دروست؟ ئەمە كاك ئومێد باسی كرد من نایەمەوە سەری بەڕاستی ئەمە زۆر مەتاتیە پاساوی دروست، قسەكانی ترم هەمووی كراون پشتگیری لە هەموو ئەو رایانە دەكەم كە پێش من گەیاندوویانە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو نجات،

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگا دوویێ خاڵا چارێ سەبارەت بە ماوەی خۆپیشاندانەكە، ئەز پێشنیار د كەم كو ماوە بێتە دەست نیشان كرن مەرجی گونجاو بێ لەگەڵ واقعێ كوردستانێ، چونكە دەست نیشان كرنا ماوە زۆربەی وڵاتێ پێشكەفتی ژی تێدا دەست نیشان كرن بۆ نموونە هەندێ وڵات چوار سەعات، هەندێ وڵات شەش سەعات ئەگەر ماوە هاتە دەست نیشان كرن ئەڤە ئۆتۆماتیكی لەو ماوەدا لایەنی پەیوەندیدار ژی دێ ل دیف گازیا خۆپیشاندەران دیت و د بێتە سەبەبی زووترین دەم ژی خۆپیشاندان دی ماهی دێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەمی ماددەی چوارەم پشتیوانی رەئی برادەرانم دەكەم  كە لیژنە بكرێ بە نوێنەر، سەبارەت بڕگەی دووەم لە راستیدا بەلای منەوە واریدە، گرفت نییە، كات و شوێن و ئامانج و مەبەستی خۆپیشاندانەكە دیاری بكرێ، چونكە ئەمە لە ئاگاداری نامەكەدا نوێنەرانی خۆپیشاندان كات و شوێنەكە دیاری دەكەن و ئامانج و مەبەستەكەش دیاری دەكەن، بەڵام منیش هاوڕام ماوەی خۆپیشاندانەكە پێشنیار دەكەم لا ببرێ لەبەر ئەوە مادام ئێمە بە قانون پابەندی خۆپیشاندەران دەكەین كە دەبێ ئامانجیان و مەبەستیان دیاریكراو بێ و رەواش بێ ئەمانیش ماڤی خۆیانە كە ئەو ئامانجە و ئەو مەبەستەی كە

خۆپیشاندانەکەیان لە پێناویدا کردووە بیپێکن، خۆ ئەگەر لایەنێ جێبەجێ کار لەو ماوەیەی کە دیاری دەکرێ، تێدەپەڕێ و جەوابی خۆپیشاندەرانی نەدایەوە ئەو کاتە هیچ قانونێك نییە، و هیچ بڕگەیەك نییە کە سزای لایەنی جێبەجێکار بدات، لەوەی کە راستە بەپێی ماددەی پێنج بڕگەی سێیەم هەیە کە دەبێ لە دوای خوێندنەوەی داوای خۆپیشاندەران لایەنی جێبەجێ کار یان لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ داواکەیان وەربگرن و لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران کۆبێتەوە، هەوڵ بدات چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکرا راستە پێشێلی قانونە، بەڵام ئەی کێ سزای دەدا؟ هیچ دەقێکی قانونی نییە بۆ سزادانی، بۆ ماوەی خۆپیشاندانەکە پێویستە لا ببرێ، و سەبارەت بە ئەوەی پێنجەم ناو و واژۆی ئەندامانی رێکخەری خۆپیشاندانەکە من پێشنیار دەکەم ناونیشانی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە دابنرێ، و سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ئەم بڕگەیە لە راستیدا هاوڕام زۆر مەتاتییە، چونکە بەرژەوەندی گشتی و پاساوی شیاو و نەشیاو ئەمە جەدەلی تێدەکەوێت، چ پاساوێك شیاوە، کام پاساو لۆجیکییە ئەمە بە لا تۆ لۆجیکییە، بە لای من لەوانەیە لۆجیکی نەبێ، مەنتقی نەبێ، بۆیە ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە جەدەلی تێدەکەوێ، بۆیە من پێم وایە ئەگەر ئەم بڕگەیە بمێنێ دەبێ لە کۆتاییەکەیدا ئەمە زیاد بکرێ کە بە مەرجێك پاساوەکە بە لای نوێنەری خۆپیشاندەرانەوە لۆجیکی بێ، یەعنی بۆ ئەوەی کە رێگە بگری کات و شوێنەکە بگۆڕی، چونکە گۆڕینی کاتەکە و شوێنی خۆپیشاندانەکە لە راستیدا کات خۆ هەر سەعات و هین ناگرێتەوە، زۆر شت دەگرێتەوە لەوانەیە مانگێك بە سەر ئەو وادەیە تێپەڕ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەردان،

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر بڕگە سێ تەئیدا وێ رەئی د کەم کو پاساوی درو ست و شیاو زۆر زۆر مەتاتییە، ئەز پێشنیار د کەم ئەو پاساو بێتە دیار کرن، مەسەلەن ئەگەر مەترسیەکا ئەمنی هەبوو وەزیر یان سەرۆکی یەکا ئیداری دزانێ وەختدا یان ئەو ژی مەترسیەکا ئەمنیا هەی یان جهی کە هاتیا تەحدید کرن بۆ خۆپیشاندانێ بۆ خرڤەبوونەکا دی دهێتە ب کار ئینان بۆ هندێ کو جهی وێ بگۆڕێ یان ئەگەر هێزی ئەمنی پێتڤی بەردەست نەبوو ب وەختا خۆپیشاندانی بپارێزن، یەعنی ئەڤ پاساوە بهێنە تەحدید کرن نەك ڤێ مەتاتی بمێنێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو کەژاڵ،

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار بڕگەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدام کە (٤٨)ەکە زۆرە، و ئەو بڕگەیەش بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێ بە زیادی دەزانم، لە بڕگەی سێیەمدا وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ تەنها بۆ یەك جار، بەمەرجێك لە ڕێگای نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری نوێنەرانی خۆپیشاندان بکاتەوە، پێویستیش بە ماوەکە ناکا، چونکە ئەگەر بڕیار بێ (٤٨) سەعاتەکە زۆر بێ ئەو ماوەیەش زۆرە، لە بڕگەی چوارەم پێم باشە ئاوای لێ بکرێ هەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاو یان موڵەت پێدراو دەبێت ئاشتیانە و پارێزراو بێت، پێویست ناکات باس لە کاری توندوتیژی بکرێ، چونکە تۆ کاتێك کە باسی ئاشتی دەکەی پێویست ناکات پیچەوانەکەشی باس بکرێت، هەر وای لێ بکرێ هەر خۆپیشاندانێکی لە ناکاو یان موڵەت پێدراو دەبێت ئاشتیانە و پارێزراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە خوارەوە دەست پێ بکەم منیش هاوڕام مادام توندوتیژی هەیە ئاشتیانە نەشبێ هیچ کێشە نییە، لەگەڵ کاك زانا و ئەوانی تر پاڵپشتی ئەم تێڕوانینە دەکەم کە هەماهەنگی لە بڕگەی سێیەم زیاد بکرێ، بەڵام سەبارەت بە لابردنی ڕۆژانی پشوو ئەوە لە قانونی مورافەعات و لە قانونی تریش ئەم مەسەلەیە لە نیزامی عامە، یەعنی خۆپیشاندان خۆ لە کاتی نائاسایی ناکرێ، یەعنی خۆپیشاندان لە کاتی ئاسایش دەکرێ، و ئەسڵ وایە لە کاتی ئاسایی بکرێ، بۆیە زەرووره لە هەموو قەوانینەکان مەسەلەی پشووی فەرمی دەبێ ڕەچاو بکرێ، و لە نیزامی عامیشە و لە هەموو قانونەکانی تریش کاری لە سەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صالح فقێ،

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە بڕگەی دووەمدا ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە پێویستە کۆتاییەکەی دیاری بکرێ، دوو شێوە خۆپیشاندان هەیە ڕەنگە بەشێکی ئەوە بێت کە لە جێگایەکدا بە سابتی دەبێ، بەڵام هەندێك جار خۆپیشاندان بە ڕێگایەکی ئاراستەکراودا دەڕوات، پێویستە لێرە لەو داواکارییە شوێنی کۆتایی خۆپیشاندانەکەشی تێدا دەست نیشان بکرێ، سەبارەت بە خاڵی چوارەم ئەگەر ئاشتیانە لا ببرێ هێمنانە با جێگای ئاشتیانە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عباس غزالی،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار لە بڕگەی یەکەمدا ئێمە دەمانەوێ هەر خۆپیشاندانێك بێتن، و ئامادەکاری بکرێ، رەنگە لەگەڵ (٤٨) سەعات بم، چونکە لایەنی پەیوەندار خۆی ئامادە بکات، چونکە ئەرکی پاراستنی خۆپیشاندانیشی لە سەرە لەوانەیە لەوکاتەدا پۆلیسی چالاکی مەدەنی بەو شێوەی بەردەست نەبێ پاساوێك دێنێتەوە لەگەڵ رەئی د. فرستی دام کە رۆژانی پشوو کە ناوی پشووە خۆپیشاندەرانیشمان لە پشتی دابن، چونکە ماوەکەی ئەوەیە، بۆ دیاریکردنی کات لەگەڵ ئەوەدام کات دیاری بکرێ، چونکە هێزی پاراستنی ئەو خۆپیشاندەرانەدا مەحدوودە، و لەوانەیە ئەگەر شتیش درێژ بوو بە لاڕێ ببرێ و شتی تریشی بچێتە ناو و ئامانجی تر بپێکی، و لە بڕگەی چوارەمدا بۆ ئەوەی ئارام بێ پێشنیار دەکەم هەروەکو ئەو رۆژەش وتم خۆپیشاندان نیشانەی شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەکە، و پێشنیاریش دەکەم کە پێویستە خۆپیشاندەران رەچاوی ژینگە پارێزی و منداڵ بۆ مەرامی خۆپیشاندان بەکار نەهێنن بۆ ئەوەی یاسایەکی شارستانی لە کۆمەڵگایەکی نێو نەتەوەیی و بە معیاری پاراستنی میساقی مافی مرۆڤیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو جوان،

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم دوێنێ وەعدەکم وەرگرت کە ئافرەت ئەوەل جار قسە بکات، بەڵام ئەمڕۆ ئافرەت نیسبەی موشارەکەی باش بوو، حەقت دا بە ئافرەتان، بەڕاستی باس لە دیموکراتییەت دەکرێ باس لە مافی مرۆڤ دەکرێ، من بەخۆم واقیعێکم دیت زاهیرەیەکم بینی، خۆم لە ناوی بووم لە ٢٠١٣دا مەجموعەك کەمئەندام لە پێش دەرگای پشتەوەی پەرلەمان خۆپیشاندانێکی لە ناکاویان کرد ئەوانەش بەڕاستی تەڵەبیان زۆر زۆر رەوا بوو، داخوازییان زۆر رەوا بوو مووچەیان زۆر کەمە لە مابەینی (١٠٠ تا ٢٠٠) هەزارە دەیانویست چاکیبکەنەوە، تەبعەن ئەو وەختی قەیرانی داراییش نەبوو، دوو مانگ، سێ مانگ جارێك مووچەشیان وەردەگرت، ئەو ئیعانەی حکومی وەردەگرن، سەعات سێی شەوێ کە برادەران لەگەڵم بوون کە کاك برزۆ بوو، کاك علی حەمە صالح بوو، خوشکە ئێڤار بوو، دوو سێیەکی تریش بوون سەردانی ئەوانەمان کرد، سەعات چواری سبەینێ بە سەیارەی رەش، بە دەمامکەی رەش ئەوانە هەڵگیران فڕێ درانە پشت سەیتەرەی یەك، دوو: کارمەندی حکومی من ئەو دیاردەیەم دیتیە لەگەڵیشم قەومایە خاسەتەن ئەگەر کارمەندەکە حکومی بێ، بەڕاستی حکومەت بزانێ خۆپیشاندانە یەکسەر چاوسۆرکردنەوەو تەهدید دەست پێدەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کێندەرمان دێشی دەزانین واقیعەکەمان کووە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەعزێکمان

پێداگرین خۆپیشاندانی لە ناکاو لە ناو ئەو یاسایە هەبێ، هەتا ئەزیەتی نەخوا هاوولاتی، هەتا بیل فیعل دیموکراتیکە فیعل و کار بێ، بەس قسە نەبێ، شیعار نەبێ، بەنیسبەت موقتەرەحەکان ماددەی چوارەم هاوڕامە لەگەڵ کاك ئومێد و کاك زانا و برادەران کە باسیان کرد (٤٨) سەعاتەکە ببێ بە (٢٤) سەعات، و کات و شوێنی خۆپیشاندان بەس دووبارە ناکەمەوە لە سەری ناڕۆم، چونکە موبەریرەکان کاك ئومێد و کاك زانا و برادەران باسیان کرد، کاتی دەست پێکردن، و رێگایەکە نەمێنێ رێگای رۆشتنی خۆپیشاندەران، و ماوەکە ئێمە تەحدید نەکەین، چونکە تۆ نازانی خۆپیشاندان کەی دەست پێدەکات؟ بەڵام کەی تەواو دەبێ تا ئامانج وەڵامیان نەدرێتەوە ناتوانی ئەوەی بکەی، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری پاساوی دروست و شیاو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئەمە زۆر زۆر مەتاتییە، ئەوە بەعەکسەوە رێگرە لە پێش خۆپیشاندان ئەوە نەمێنێ، و کاتەکەش بسڕێتەوە نەمێنێ بە مەرجێك کاك ئومێد باسی کرد ئەگەر گرۆپێك دەست نیشانی نەکردووە کەسێك دەتوانێ، وەزیر یان سەرۆك بیگۆڕێتەوە ئەو چوارە کە پێشنیارەکە مەجموعەك ئەندام پەرلەمان، و جەنابت خوێندتەوە من لەگەڵدامە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقەت یەعنی د ڤێتن ئەم ئەندامێت پەرلەمانی تایبەتی سەر ڤی ماددەی ئب وی چاڤی نە سەحکەنێ یان ژی نەکەنە ڤالبێکی بازاڕیدا ئێك بێژی (٤٨) سەعات کێمە، ئێك بێژی زێدە بکا و ئێك بێژی بلا (٧٢) سەعات بێ، ئت د ڤیابا پتر دیراسا ڤی مەوزووعی هاتبا کرنێ یان ژی رەئیا جهەتێت مەعنی ژی هاتبا وەرگرتنێ سەر هەندێ کا غایا ژی چییە دەینا د (٤٨) سەعات، چونکە رەبتەکا گەلەك موباشیر برگا ئێکێ ئەگەر بەرێ خۆ بدەنێ ژ ماددە چارێ برگا سێ رەبتەکە گەلەك ب ئێك و دوو هەی، بۆ نموونە ئەگەر ماوە هاتە کێمکرنێ بۆ (٢٤) سەعاتا خۆشحالێ ڤە کو موستەلەحیکی تر سەر برگا سێ هات زێدە کرن کو د بێ رەزامەندی هەردوو لایە بێتن، ئەو ژی د بێت ماوە (٢٤) سەعاتدا ئاگاداریا لیژنا خۆپیشاندانا بکەتن، دی جەوە دێتە تەنزیم کرن یەعنی ئەڤە، مەفرووزە مودەتێك بەردەستێ لایەنێت پەیوەندیدار بتن یان ژی دەسەڵات بتن، بۆ هەندێ بشێتن ئەو جیهەتێ خۆپیشاندان دێ لێت کرنێ بێتن تەئمین کرنێ، خۆ ئەوان پێتڤیت مودەتەکی هەیا (٢٤) سەعات بێتن یان (٤٨) سەعات بێتن، د ڤێت موراعاتا ڤان هەردوو خاڵا بێتە کرنێ و ژ نێین جودا کرنێ، ئەگەر بێنە جودا کرنێ هندێ بێ غەلەتیەکا ڤانونی د جێبێتن، سەبارەت برگا دووێ: د ڤێتن بێت دیارکرنێ کو ئەڤێت هەرچەند بەیانەتەکا پێتە ڤیا ئەڤ ئاگادارینامە هەبن، بەلێ گەلەك نۆرماڵە ژی ئەگەر برگەیەکا دی لێ بێ زێدە کرنێ ئو جیهەتێت مەعنی دی ماوێ خۆپیشاندان تێت کرنێ، بەلێ داخازیا وە گەهیشت، یەعنی کو پێ موتەڵیع بن کو ڤانا مەعاناتا کو ڤانا داخازیەکا هەی ژ لایەنێت پەیوەندیدار ئو ئەڤ لایەنی پەیوەندیدار خۆ د ڤی مودەتێدا خالێ بکەن خودان بێژا چەوا

بەرسفیدەر یان کەنگی مودەی تەنفیز کرن ئەڤە بابەتێکی ترە، سەبارەت برگا چارێ سەر هەمان ماددەی کو پێتەڤیا خۆپیشاندان ئاشتی بێت، ئەڤێ رۆژێ من گوت من نەڤێت دووبارەکەم، بەس قسە هاتە سەر هەندێ ل مادده (٢٠)ی ژ جارِ ناما جیهانیا مافێ مرۆڤ مادده (٢١) ژ عەهدی دەولیی خاص ب حقوقی مەدەنی و سیاسی دەستوری عێراقێ مادده (٣٨)ی یەعنی هەمی بێژن د ڤێتن خۆپیشاندان سلمی بێتن ئەڤ موستەلەحی مەتاتی بێتن یەعنی بۆ چ موشەرعی نێڤ دەوڵەتی ئەڤ موستەلەحی ب کار ئینایا کەسێك رەخنە لێ نەگرتیا نە گوتیا ئەڤە مەتاتییە بو چ ل موشەرعی کوردستانێ د رەخنە گرتنێ بێژێتن ئەڤە موستەلەحێکی مەتاتییە نابێت بێتە ب کار ئینان، بتەنێ من ئێك تێبینی بۆ ژ فەقەرە هەی کو لێ بێت زێدە کرنێ، کو پێویستە خۆپیشاندانا ئاشتی بێت ئو دویر بت هەتا دوماهکێ نابتن تەحریز ژ بتن بۆ ئەنجامدانا جنایەکێ جا ئەڤە جنایە بن یان جونحە بیتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رێواز،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆری لە قسەکانم کرا، بەڵام لە سەر برگەی سێیەم قسەم هەیە کە دەڵێ سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆی هەیە بە پاساوی دروست لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، زۆر قسە لە سەر مەسەلەی مەتاتییەت و ئەوانە ناکەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەم کە دەڵێن فیعلەن دەستەواژەیەکی مەتاتییە دەتوانرێ بە زۆر عاقاردا ببرێ، بەڵام قسە لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەم بڕیارە رەنگە هەندێ جار ببێتە هۆی لە بار بردنی ئامانج لە خۆپیشاندانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە گۆڕینی شوێن و کاتی خۆپیشاندان، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی پەیامی خۆپیشاندەران بەو جۆرەی کە مەبەستیانە، و پلانیان بۆ داناوە نەگات، بە نموونە خۆپیشاندەران ئەیانەوێ لە کاتێکدا کە وەزیری خارجی وڵاتێك، سەرۆکی وڵاتێك، سەرۆك وەزیرانی وڵاتێك هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان پەیامێکیان هەیە دەیانەوێ بگات، و دەشزانن ئەو کەسە کەی دێت، و ئاگاداریشیان داوە بە حکومەت، حکومەت ئەگەر شوێنی خۆپیشاندانەکە یان کاتێ خۆپیشاندانەکە بگۆڕێ ئامانجی خۆپیشاندانەکە لە بار دەبرێ، بۆیە بە تەسەوری من ئەم بڕیارە شتێکی موباحە با بڵێین دەگۆڕێ شتێك لە ئەسڵدا نابێ دەسکاری بکرێ، دەستکاری دەکرێ، بۆیە دەبێ قەرارەکەی تەسبیت بکرێ، واتە دەبێ لە ناو بڕیارەکەدا پشتیوانی ئەو رەئیەی کاك مەردان دەکەم دەبێ لە ناو بڕیارەکەدا سەرۆکی یەکەی کارگێری بڵێ بۆ؟ یەعنی کام بەرژەوەندی گشتی، لەبەر چی؟ تەسبیبی قەرارەکە بکا لەبەر چی کاتەکە، و لەبەرچی شوێنەکە دەگۆڕێ؟ ئەمە یەك، سەبارەت بە وەی کە ئەگەر ئەو سەبەبەی کە دەوترێ یان ئەو هۆکارەی کە دەدرێتە خۆپیشاندەران ئایا مەنتقییە یان مەنتقی نییە؟ بۆ خۆمان هەمووومان ئەو حەقیقەتە دەزانین، کە قسەکردن لە سەر مەنتقیەت و نا مەنتقیەتی سەبەبێکی دیاریکراو یان پاساوێکی دیاریکراو جەدەلێکی زۆری لە سەرە، نەك لە هەرێمی کوردستان ئێمە تا رادەیەکی زۆر هەژارین بە

قسەکردن و جەدەلکردنی عیلمی لە سەر زۆر شت، لە هەموو ولاَتانی دونیا قسەکردن لە سەر هەندێك مەفهوم جەدەلی زۆری لە سەرە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلە دەبێ عیلاج بکرێ، عیلاجەکەشی بەوەیە کە لەبەر ئەوە هیچ زەمانەتێك نییە بۆ خۆپیشاندەران وەختێك خۆپیشاندانەکەیان لە بار دەبرێ، هیچ زەمانەتێك نییە، کاتێك ئامانج لە خۆپیشاندانەکە بە گۆڕینی کات یان شوێن لە بار دەبرێ، بە تەصوری من دەکرێ بەمە عیلاجی حاڵەتەکە بکەین بەتەنها ئەگەر پێشتر ڕێکەوتن لەگەڵ خۆپیشاندەران نەبێ بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێ بەوەی کە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بتوانێ شوێن و کاتی خۆپیشاندان بگۆڕێ، چونکە بۆ نموونە ئەگەر من قائیمقامی شوێنێك بم دەتوانم شوێنی خۆپیشاندەران بە ئاڕاستەیەکدا ببەم کە نەك پەیامەکەیان نەگات، بەڵکو خۆپیشاندانێکی لە ئەسڵدا بە مردوویی لە دایك بوو ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوە تەئکید دەکەمەوە کە مەفرووزە ئەسڵ ئەوەیە تەنها لەیەك حاڵەتدا بۆیان هەبێ ئەم گۆڕانکاریە بکەن ئەویش کاتێك کە ڕێك دەکەون لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد حەمە علی نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێزم کاك ڤەمان وشەی بازاڕی بەکار هێنا، بۆیە تکا دەکەم لە پرۆتۆکول بیسڕنەوە، ئێمە قسەی بازاڕیمان نەکردووە پێشنیاری ئەوەمان کردووە (٤٨) سەعات بکرێ بە (٢٤) سەعات، وەکو تێبینیەکی تریش کە پێشتر،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەحسێ کەسێك نەکریا و بازاڕیش ئینایا نە سەر هەندێ بیا کاك ئومێد یان هەر برادەرێکی تر وە گوتبیتن، بەس رەئیەکە هەی کو مودە بێتە زێدەکرنێ بۆ (٧٢) سەعاتا، رەئیەکا هەی کێمکرنێ بۆ (٢٤) سەعاتا ژ بەر هەندێ من گوتی دا ئەم نەکڤین ڤێ تەناقوزێ، ئینجا سڕینا ئاخافتنی من پرۆتۆکولیدا نابێتن سەر حەزا پەرلەمانتارەکی بێت ئەو سەرۆکا پەرلەمانی سەرکێشیا جەلسێت کرن وا حەقە هەیێ بسڕن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نەبووە لەگەڵ منیەتی، بەڵام وشەی بازاڕی بۆ قسەی پەرلەمانتار لە ناو پەرلەمان پێم وایە ئەگەر بە گونجاوی دەزانن با ئەو جارە هەمووومان بەکاری بهێنین، وەکو تێبینیەکی بچووکیش ئەوەی پێشتر لە بیرم چوو برای بەڕێزم کاك سۆران عمر رایەکی وت بە لیژنەی مافەکانی مرۆڤەوە، و من ئەندامی لیژنەی مافەکانی مرۆڤم، بێگومان هاوڕا نەبووم لەگەڵ رایەکەی کاك سۆران،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك ڤەمان جەنابت دەتوانی رەئی خۆت بڵێی لە پەرلەماندا نابێت تەعقیب بکەی لە سەر رای ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە تکات لێ دەکەم من راستی ئاگاداری ئەوە نەبووم تکات لێ دەکەم لەمەولا ئاگادارت دەکەمەوە کە لە سەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان قسە نەکەی بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان، و بەڕێزیشت هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەوەی کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا رای خۆیان بڵێین، راو رای جیاوازیش لە ناو هۆڵی پەرلەماندا هەیە پێویست دەکات هەمووومان رێزی لێبگرین، فەرمووو کاك تحسین،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم تەصەوڕ دەکەم لێك تێنەگەیشتنێك دروست بوو، مەبەستی لە بازاڕ مەعامەلەکردن بوو، یەعنی ئێمە نەیەین دانوستان بکەین ئەوەندە زیاد بکرێ ئەوەندە کەم بکرێ، بەڵام ئەو نەیتوانی دیفاعی لێبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە لە سەرۆکایەتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کە رامان وەکو لیژنە وەردەگیرێ تەعبیر لە رای لیژنە دەکات، و مافیشمان هەیە رەئی شەخسی خۆمان هەبێ ئێمە زۆرترین تەحەفووزمان کردووە کە رای خۆمان زۆر جار تێکەڵ بە رای لیژنە نەکەین، و ئەوەشی برای بەڕێزم کاك ئومێد وتی من نامەوێ بچمەوە سەر ئەو راپۆرتە کە کاك ئومێد لەوێ نەبووە و بە تەلەفۆن واژووی کردووە، بەتەلەفۆن تەحەفووزی نووسیوە، ئەگەر عوزریشی هەبێ لە وورك شۆپ بووە قسەکردن لە یاسایەکی وەها گرنگ مەفرووزە ئەندامان حزووریان هەبێ، بەداخەوە لیژنەکەی ئێمە سێ ئەندام حزووریان هەبووە لەو راپۆرتە هاوبەشەی کە ئێستا تەحەفووزیان لە بری واژوو کردووە نووسیوە، زۆر ویستم نەیەمە سەر باسی ئەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر بە گرنگی دەزانن قسەی لێ دەکەن (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) شەش ئەندامی لیژنە غائیب بووە لە کاتی ئەو راپۆرتە کە موناقەشەی جدی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە ڕەنگە بەهۆی لێك تێنەگەیشتن لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی شێوە زاری کرمانجی و شێوە زاری سۆرانی، ڕەنگە هەندێك جار لێك تێنەگەیشتن بێتە کایەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ڕەنگە هیچ گرفتێك نەبوویێت جاری وا هەیە لە ناو پەرلەماندا سەرو سەودا دەکرێ، مفاوەزات دەکرێ، دانوستان دەکرێ، ئەوە ئەو کاتە ئەمە بە شتێکی ئاسایی وەردەگیرێ، بۆیە تەجاوزی ئەوە دەکەین، فەرموو شیرین،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا ئێکێ ژ مادده چارێ لەگەڵ ڕەئی گەلێك هەڤالی خۆمە کو (٤٨) سەعات ببن (٢٤) سەعات، بڕگا دووێ بۆ ئاگاداری نامێ خالا چارێ دەمج بکرێ د گەل خالا ئێکێ کات و شوێنی ماوەی خۆپیشاندانەکە، و گرنگە دوو خالی تریش ئیزافە بکرێتن ئێك ژ ڤان داخازی و لۆگۆ و لافیتەیی بەشداربوویی خۆپیشاندان بێتە دیار کرن، و خالەکا دی ژی جهێ ریدشتن و ڕێکێ پەیوەندی کرن و د گەل نوێنەرێ خۆپیشاندان کو هەر ریدانێك وئاریشەیەك هەبێت کو بزیترین دەم بشێن پەیوەندیێ د گەل نوێنەری خۆپیشاندانێ بکەن، و بڕگا سێی دا کو هەماهەنگی جێبێتن ما بەینا بڕگا سێی و یا چارێ بۆ دەمی ژ بوو وەختی ئەو (٢٤) سەعات ببێتە (١٢) سەعات باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سهراب،

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده چارێ: ئێك: ئەزیش د گەك کاك زانا و کاك غەریب و کاك ئومێدم (٤٨) سەعات کێم بێ ببێتە (٢٤) سەعات ڕۆژانی پشوو زێدەیە لوێرێ، هەروەسا پاساوی دروست یا سێیەم د گەل کاك مەردانم بێتە تەحدید کرن و دەست نیشان کرن د گەل کەژاڵ خانێمە ئەڤ نوقتە بێتە زێدە کرن، وەزیر یان سەرۆکا یەکا ئیداری، وەزیر بەس جارێکا هەی دەم و جهێ خۆپیشاندانێ بێتە گۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو نجیبە لطیف.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە لە بڕگەی یەکەم (٤٨) سەعات بکرێتە (٢٤) سەعات، و پێشنیار دەکەم بڕگەی سێیەم هەر لا ببرێت نەمێنێ ئەو بڕگەیە، و بڕگەی چوارەم ئاشتیانە لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خاتوو رۆزا

**بەڕێز رۆزا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد و کاك حسن دەکەم، و لە سەر ماددەی چوارەم بڕگەی چوارەم کە دەڵێ پێویستە هەر خۆپیشاندان ئاشتیانە بێت و بێ توندو تیژی بێ، پرسیارەکەی من ئەوەیە مەبەست لێی کە ئاشتی خوازی بێ و توندو تیژی لە ئەستۆی خۆپیشاندەر بێت یان هێزە ئەمنیەکانیش، و ئەگەر هاتو لەلایەنی هێزە ئەمنیەکانەوە توندوتیژی کراو بووە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە، ئایا جگە لە یاسای سزادان چ سزایەکی تر هەیە؟

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم حاجی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خاتوو زوڵفا،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەك ماددەی چوارەمدا (٤٨) سەعات زۆر زۆرە، پێشنیاز دەکەم کەمتر بێ لە (٢٤) سەعات مودەی ئاگادارکردنەوەکەیان، و هەر لەم خاڵەدا کە دەڵێ وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ئاگادار بکرێتەوە پێویستە ئیشارەت بەوە بکرێت کە بە نەبوونی وەزیر یان یەکەی ئیداری جێگرەوەکەیان لەم رۆژەدا ئاگادار بکرێتەوە، لە خاڵی یەکی بڕگەی دوو کە دەڵێت کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە پێشنیاز دەکەم بکرێتە کاتی دەستپێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە لە خاڵی چوارەمی هەمان بڕگەدا پێویستە ماوەی خۆپیشاندانەکە دیاری نەکرێ، چونکە ئێمە لێرەدا مەجالی سووکایەتیکردن بە خۆپیشاندەران دەکەینەوە، چونکە لەوانەیە بە دیاریکردنی مودەکە بۆ نموونە کە مودەی دوو سەعات دیاری دەکەین لەوانەیە لەو مودەیەدا سەرۆکی یەکەی ئیداریەکە یاخود بەرپرسی ئەم جیهەتەی کە خۆپیشاندانەکەی لەبەردەم کراوە لەوانەیە لەو مودەیەدا هەر نەیەتە دەرەوە، لە دوای ئەمەدا بە تەواو بوونی مودەکە بەپێی ئەم یاسایە کەواتە خۆپیشاندەرەکان مۆڵەتی خۆپیشاندانەکەیان نامێنێ یان ئەوەتا دەیەوێ بڵاوەی پێ بکرێ بەبێ نەتیجە یان ئەوەتا دەبێ بێ یاسایی بکات ودوای ئەوان ئەزیەت بدرێن و بکرێنە سجنەوە، لە بڕگەی سێیەمی ماددەی چوارەمدا کە دەڵێت کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕدرێت پێویستە لەگەڵ ئەوە ئیزافەی ئەوە بکرێت کە بە رەزامەندی لیژنەی رێکخەری خۆپیشاندانەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خاتوو مدینە،

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زیادەکا هەی ئەو جهێن پەیوەندیدار و ب ئاریشێ ڤە یا پێتڤیا داخازێن خۆپیشاندانێ بهێنە جێبەجێکرن ژ لایێ جهێ پەیوەندیدار مودە بۆ بێتە دیار کرن، ژیان و بارودۆخێن لایەنی پەیوەندیدار ڤەن، چونکە بەردەوامی دان خۆپیشاندانێدا جێ بێت هەندەك کاری جاڤەرێ کری بهێتە ئەنجامدان، پێشنیارێکی تر خۆپیشاندان نەهێتە ئەنجامدان ئەگەر ئاریشەیا گرێدان بێت بارودۆخی سروشتی ڤە یان ژی بارودۆخێ ژ دەرەڤەی دەسەلاتە هەرێمێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایات حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتاوە یەکەم ڕۆژ کاتی ئەم یاسایە دەنگی لەسەر درا، ئەم ڕاپورتە لە لایەن هەر چوار لێژنەکەوە کرا بە بنەما بو گفتوگۆ، من سەرنجم لەسەر واژووکان هەبوو کە کراوە، ئەوەی سەرنجم داوە تەنیا لێژنەی یاسایی و ناوخۆ بە تەواوی شەش کەس یەکیان سێ کەس غایب بووە و ئەوی دیکەیان پێنج کەس، یەعنی نیسابی قانونیان تەواو کردووە مافی مروڤ لە پانزە کەس، شەش کەس واژووی نەکردووە یان لە بری واژوو کراوە و لێژنەی کومەڵگای مەدەنی لە پانزە کەس، هەشت کەس واژووی نەکردووە، کەواتە لە چل و سێ کەس کە ئەمە تەوافوقی لەسەر کراوە و (٢٢) ئەندام یان واژووی نەکردووە یان لە بری ئەوان کردوویانە، من داوا دەکەم لێرەدا ئەوە ئەم یاسایە تێپەڕی کردووە ئەڕوات، و لەمەو دوا هیچ ئەندامێك لە بری ئەندامێکی دیکە ئیمزا نەکات ئەمە سەرەتایەکی باش نییە، ئەو یاسایە بەم شێوەیە بەسەر ئێمەدا ڕۆیشت، سەبارەت بە سەرنجەکانم لەم یاسایە برادەران پشتگیریان دەکەم هەندێ لە برادەران لێژنە نەماوە بۆتە نوێنەر، باشترە نوێنەری ڕێکخەری خوپێشاندان پشتگیری لە ئەو بەڕێزانە دەکەم بە تایبەتی یەکەم جار، کاك زانا باسی کردبوو زولفا خانیش باسی کردبوو، (٤٨)ەکە بکرێت بە (٢٤) کاژێر وشەی کاتژمێر لا ببرێت، کاتژمێر یەعنی سەعات و کاژێر یەعنی ماوە، کاژێر لە بری کاتژمێر دابنرێت بەر لە ئەنجامدانی خۆپێشاندانەکە ئەوە لەگەڵی دام برگەی دووەم یەك: کات و شوێنی خوپێشاندانەکە ئەمە بگۆڕێ بە شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەن ئەو کاتە دەتوانین فەقەرەی سێ لا بەرین، من داوائەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەن ئەوکاتە ئەتوانین برگەی سێ لا بەرین یەعنی فەقەرە سێ لا بەرین کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە بکرێتە شوێن و ڕێڕەوی خوپیشاندان، ئامانج و مەبەست هەردووکیان یەك شتە بکرێتە ئامانج ئەوەش پشتگیری کاك جمال مورتکە ئەکەم کە ئامانج و مەبەست هەر یەك شتە، مەسحی ئەوەی لەوکاتە ئەتوانین ڕێگاو ڕویشتنی خۆپیشاندانەکە لا بەرین کانسڵی بکەین، چونکە لێرە لەسەر ئەوە شوێنمان کردەوە، ماوەی خۆپێشاندانەکە

لەبڕگەی چوار ئەوکاتە ئەبێتە سێ، کاتی دەستپێکردن و کوتایی خۆپیشاندانەکە بەمەرجێك ئەگەر مەرجێکی لەگەڵ بێ وەلأمێك هەبێ بۆ خۆپیشاندەران ئەمە ئەبێ ڕێگایێ بکەنەوە برادەرانی یاسایی لەوانەیە خۆپیشاندانەکە بچێتە بەردەرکی وەزارەتێك وەزیر هەر نەیێ بتبینێ، کەواتە تۆ چیت کردوە ئەبێ هیچ نەبێت سکالأی خۆپیشاندەران بگاتە شوێنی مەبەست ئەوە زور گرنگە ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگە بڕگەی سێهەم من پێم خۆشە بەم شێوەیەبێ ئەگەر هاوڕێیان لە لیژنەی یاسایی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەپاساوێکی بڕوا پێکراو بەنوسراوێکی فەرمی پێش ٢٤ کات ژمێر لەوادەی دەستپێکردنی خۆپیشاندان وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەرەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندەران بۆی هەیە ڕێرەوی شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت تەواو ئەوە کوتای هات. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕابون توفیق معروف فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاران داوای ئەوەیانکرد کە ٤٨ کات ژمێرەکە یا بابڵێین بەزمانی کاك عمر ٤٨ کات ژمێرەکە بکرێتە ٢٤, من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم بکرێتە ٢٤، لەبرگەی دوەم لەگەڵ ئەوەم وەکو ئەویش دیسان ژمارەیەکی زۆر ئاماژەیان بۆ کردو پشتیوانی ڕەئیەکەی کاك عمریش ئەکەم بۆ ئەوەی برگەی سێ کانسڵ بکەین و لای بەرین ببێتە کاتو شوێن و کاتی دەستپێك و شوێن و ڕێرەوی خۆپێشاندانەکە، خاڵی دوەم لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عمرو کاك جمال مورتکەم, ئامانج و مەبەست هەریەك شتە بکرێتە ئامانجی خۆپیشاندانەکە، خاڵی سێیەم لا دەچێ، خاڵی چوارەم پێم وایە پێویست ناکا، بەلأم ئەگەر هەر دامان نایەوە بکرێتە ماوەی خۆپیشاندانەکە ئەگەر سروشتی کورت خایەنی هەبوو، چونکە مانگرتن هەیە دیاریکراو نیە نازانی کەی کوتایی پێدێ، خاڵی سێیەم سەرنجی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕادەکێشم لەبەرئەوەی خاڵێکی خیلافی بوو ئتیفاقمان لەسەر کردوە بەپێی ئەو ئتیفاقە کاك سالارو برادەرانیش سەرنجیان بۆ ڕاکێشا، ئێمە وشەی ڕەزامەندی دەخەینە ناو ئەو برگەیەوە لەنێوان یەکەی وەزیر یان بەرپرسی یەکەی کارگێڕی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندان لەو حاڵەتە دەبێت بەچی، کەواتە ئەو دەبێتە وەزیر یا سەرۆکی یەکەی ئیداری بەپاساوی دروستکراویش لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا بەرەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندان کاتو شوێنی خۆپیشاندان بگوڕێت بۆی هەیە، کەواتە ئێمە کەوامان لێکرد لەوێوە بەمەرجێکەوە هەر هەمووی پێویست ناکات، چونکە لەبنەڕەتەوە کە تۆ لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان ئیشەکە دەکەی بەمەرجێك لەڕێگای نوسراوی ڕەسمی ئەوە پێویست ناکات کۆتایبێ، لەخاڵی چوارەمیشا لەگەڵ ئەو بۆچونەم دوای ئەوە کە ئتیفاقمان لەسەرکردووە دیسان برادەران ڕەنگە بەشێکی پەرلەمانتاران ئاگادارنەبن، بەلأم وشەی ئاشتیانە مادەم لەپێناسەکەی هاتووە لەخۆپیشاندان پێناسەکراوە کە ئەوەیەکی

ئاشتیانەیە، ووشەی ئاشتیانە دیسان کۆمەڵێك پەرلەمانتار ئاماژەیان پێکرد پێویست ناکات هەبێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام عمر قادر فەرمووو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا چارێ برگا ئێکێ ئەزدگەل هندێدامە وەکو زۆربەیان گۆتی ببیتە ٢٤ دەمژمێر ڕۆژانێن پشوێن فەرمی ئەڤە هەمی بهێتە لابرن، برگا دوێ ماوەی خوپیشاندانەکە بهێتە لابرن، هەروەسا برگا سییێ پشتەڤانیا کاك ڕابونیت کەم بۆ هندێ کو ب وی ڕەنگی بهێتە سیاغەتکرن، هەر وەسا برگا چارێ پشتەڤانیا کەژاڵ خانێت کەم کۆ ووشا پێویستە هەر خۆپێشاندانێك و گردبوونەوەیەك و مۆڵەت پێدراوبێت یان لەناکاو ئاشتیانەبێت و دووربێت لەکاری توندوتیژی و جیاکاری و پارێزراوبێت و. سۆپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکو حمە امین قادر فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکو حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی چوارەم عەفو ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان هەر ئەم دەستەواژەی لایەنی کەم هەر بۆخۆی زیادەیە، نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندان بە ٤٨ کات ژمێر بەر لەئەنجامدانی خوپیشاندانەکە یەعنی ئەوە هەر لابرێت جوانتریش ئەخوێنرێتەوە، ٤٨ کە لەگەڵیان بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر بەڵام بێگۆمان لەدواتریشا لەبرگەی سێیەما دیسان هەر ٢٤ ڕێکی تر هەیە ئەوکاتە ئەبێت ئەوەش موعالەجەبکرێت یان بکرێت بە(١٢)ە، لەوانەی ماددەی لە برگەی دووەمە منیش لەگەڵ ئەوەم کە کات و شوێن و ڕێڕەوی خوپیشاندانەکە یەعنی ئەوەی کە کاك ڕابون لەئاخیردا وتی، وەلەگەڵ ئەوەشدام کە ماوەی خۆپیشاندانەکە لابرێت وە ئەو دەقەی کە کاك عمر عینایت خوێندیەوە پشتگیری لێ ئەکەم، ئەوەی کە دکتۆرە ڕێواز وتی کە یەعنی بڕوا پێهێنەربێت بۆ لایەنی نوێنەری خۆپیشاندەران ئەوپاساوەی کە لایەنی ئیداری ئەیخاتەڕوو، ئەوی تریش لەبرگەی چوارەمیشە لەگەڵ ئەو ڕایانەم کە باسی ئەوەیانکرد یا لەنێوان ئاشتیانەو توندو تیژیا یەکێکیان بمێنێتەوە و. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد فەرمووو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆرێك لەهاوڕێیان کردیان تەنها ئەمەوێت یەك سەرنج بخەمەڕوو ئەمانەتەن بۆ ئەوکۆبونەوەی کەکرا، کاتێك کە ئەودەقەی کە هاوڕێیان هێناویانە زۆر لەوانەیە هەر خۆپیشاندانێك ئەوهەڕە وتیان جێگەی لەناکاو ئەگرێتەوە لەوانەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە لەوانەیە ئەمانەتەن بۆ هویە یاساییەکەی ئەیلێم، چونکە لەپێشەوە ئێمە وتومانە باسی ئاگادارکردنەوەمان کرادووە، کە ئەڵێی هەر خۆپیشاندانێك تۆ مەبەستی لەوەیە کەلەپێشەوە باسیکردووە هەموو خوپیشاندانێك بە ئاگادارکردنەوە ئەکرێت بۆ ئەوەی تێنەپەڕێت بەسەرمانا بۆیە منیش پشتگیری ئەوڕایانە ئەکەم لەوانەیە کە ئەبێ بەوازحی وشەی کتوپڕی تێدابێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم من پشتیوانی لەهەڤالانم دەکەم لە ٤٨ کات ژمێر ببێتە ٢٤ کات ژمێر، هەروەها لە ماددەی چوارەم پێشنیاردەکەم ئەم بڕگەیە جێ بەجێ یەعنی جێی بکرێتەوە هەموو خۆپیشاندانێك و گردبونەوەیەك و مانگرتنێك بەئاگاداری کردنی لایەنی حکومی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو گردبونەوە کە پەیوەستبن بەماف و ئازادی کەس و گرووپێك لەشوێنێکدا کتوپڕ ئەنجام دەدرێت لەمەرجی ئاگادارکردنەوە ئستیسناء بکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شکریە سمایل مصطفی فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە وشەی لیژنە وەکو برادەران وایان گوت بکرێت بەنوێنەر، هەروەها لایەنی کەم لابدرێت ٤٨ بکرێت بە ٢٤ وە ئەو ٢٤ ڕەی خواریش بکرێت بە ١٢ە، وە هەروەها لە وەزیر یا سەرۆکی یەکەی ئیداری هەروەها ئەوەشی بۆ زیادبکرێت یا جێگرەکەیان، هەروەها بەمەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاوبکرێت لابدرێت، وە پاڵپشتی ئەو رایەی کاك عمر عینایەت دەکەم کە دەڵێ کات و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە ڕێڕەوەکەی بۆ زیادبکرێت، وەهەروها لە خاڵی چوارەم ماوەی خۆپیشاندانەکە لابدرێت، چونکە لەدەست خۆپیشاندەران نیە ڕەنگە وەڵامێکی ڕازیکەریان پێنەدرێ، بۆیە بائەو پێویستە لابدرێت بەبۆچونی من،وەهەروەها ئەو کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێت بەمەرجێك بەڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخەری

خۆپیشاندانەکە، وەهەروەها لە خاڵی چوارەم منیش پاڵپشتی ڕای کەژاڵ خان دەکەم کە دەڵێ پێویستە هەر خۆپیشاندانێکی لەناکاو یان گردبوونەوەیەك ئەو کە وشەی هەروەها لەناکاوەکەش جێگیربکرێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

علی حمە صالح طە فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا وشەی لیژنەکە بکرێت بەنوێنەر منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ٤٨ کات ژمێربێت عەفو ٤٨ بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر *سەبارەت بە کات بکرێتە کاتی دەستپێك و شوێنی خۆپیشاندانەکە، چونکە کاتەکە ئەگەر تەحدید بکرێت ڕەنگە دەرهاویشتەی تری بەدواوەبێت، بەبیانوی کاتەوە وەلام نەدرێتەوە ویستی خۆپیشاندانەکە وابکات درێژبکرێتەوە ئەمە، پێم وایە خاڵی سێیەم ڕێگای ڕویشتنی خۆپیشانانەکە ئەمە ڕەنگە ئەمە زیادبێت، چونکە جاری واهەیە مەسەلەن بۆ نمونە ئەو ڕێگا گیراوە ئێ ئەبێ هەم دیسانەوە بڕواتەوە ئاگاداری نامەیەك بکاتەوە بۆ ٢٤ کات ژمێری دیکەش پێم وایە ئەمە زیادە، *سەبارەت بەماوەی خۆپیشاندانەکە دیسانەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەر لابرێت، ناو واژۆی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشانداکە نەکرێتە نوێنەران بکرێت بەنوێنەر، چونکە ئێمە بیرمان لەوەش بکرێتەوە ئەگەر تاکەکەسی بۆ کەووتت بەنوێنەران لەڕوی زمانەوانیەوە کۆیە و نوێنەر یەك کەسە، خاڵی سێیەم کەبە ڕەئیی من ئەم خاڵە وەکو خاڵی دووەم کۆت و بەندی زۆری تیایە بەپێی ئەگەر ئەم بڕگەی سێیەمە وەرگرێت لەگەڵ بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەم ئەگەر دەسەلات بیەوێت دەتوانێت بەئاسانی ڕێگە لەخۆپیشاندان بگرێت یان ئەڵێت ڕێگەی گشتی گرتووە، یان ئەڵێت خزمەت گوزاری گشتی پەکخستووە، یان شوێنەکەت دەگۆڕێت، یەعنی بۆ نمونە ئێستا خواستێك هەیە داواکاری هەیە بۆ پەرلەمان وەزارەتی ناوخۆ یاخود پۆلیس ڕێگاکەی بگۆڕێت بڵێت بڕۆ لەپارکێکا خۆپیشاندان بکە ئەسڵەن هەر سارد دەبنەوە هەر داخوازیەکانیان وەك خۆی ناگەن بۆیە بەدیدی من ئەم بڕگەیە بەتەواوەتی زیادە وەپێویستە لابرێت، *سەبارەت بەبڕگەی چوارەم کەئەڵێت پێویستە هەر خۆپیشاندانێك یان گردبوونەوەیەك ئاشتیانەکەی لابرێت دووربێت لە کاری تۆندوتیژی لێرە ئەگەر هەدەفەکە ئەمەیە, ئەبێت بەڕوونی ئێستا بوترێت بۆئەوەی ببێت بەماڵ، واتە کەتۆ ئەی پارێزیت گردبۆنەوەیەکی لەناکاو ئەبێ بەڕوونی بڵێین ئێمە کاتێك کەئەی پارێزیت واتە دووحالەت هەیە ئەم گردبوونە لەناکاوە ئەکرێت یان ئەبێت هەموویان بگریت یان ئەبێت بیان پارێزیت، یەعنی حالەتی سێیەم نیە بڵێی کەیفی خۆتانە چی ئەکەن بیکەن، چونکە ئەگەر دووکەسیش شەڕیکات یەعنی خۆپۆلیسی لێ ئاگادارناکەنەوە پۆلیس هەرئەبێ ئەوە بپارێزێت یان جیایان ئەکاتەوەو لێکیان ئەیانکرێت بۆیە ئەمە پێویست بە لیژنەی یاسایی بەڕوونی تەوزیحاتمان پێبدەن لەسەر وشەی هەروەها. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مەڕوان گەلاڵی)نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحیم)، وەکو بەرچاو ڕوونیەك بۆ برایانی پەرلەمانتارو خوشکانم ئێمە لە ماددەی یەکەم لەفەقەرەی بڵێن چوارەم لیژنەکەمان تەسویتی لەسەرکردووە کردومانەتە نوێنەر کەواتە هەر نوێنەرو هەر لیژنەیەك لەو یاسایەدا پێویست ناکاتن دوبارەی بکەینەوە بۆخۆی بڕیاری لەسەر دراوەو تەسبیت بووە و دەستتان خۆشبێت. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قارەمان قادر فتاح فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوارەم خاڵی یەکەم لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە ٤٨ کات ژمێر بکرێت بە ٢٤ کات ژمێر، وەهۆکارەکانیشی لەگەڵ ڕای کاك ئومێدو کاك زانام کە بەتەواوەتی هۆکارەکانیان باسکرد، بڕگەی دووەم خاڵی یەکەمی بکرێت بەکاتی دەستپێك و شوێنی خۆپیشاندانەکان، خاڵی دووەم ئامانج و مەبەست لەخۆپیشاندانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، خاڵی سێیەم و چوارەم لابدرێت، خاڵی پێنجەم ناو واژۆی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە بکرێت بەناو واژۆی نوێنەری ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە هەر لەگەڵ ڕەئیی کاك (علی)م کەباسیکرد لەوانەیە یەك کەس نوێنەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکات، خاڵی سێیەم لەگەڵ ئەو ڕایەم کە بەڕاستی ئەو بەتەواوەتی لابدرێت لەبەر ئەوەی لەبڕگەی چوارەی ماددەی دوو هەموو شوێنێکی خۆپیشاندانەکان قەیت کراوە بەتەواوەتی یەعنی ئەگەر ئەوەش لێرە جێ بەجێ بکرێت هیچ کەسێك ناتوانێت خۆپیشاندان لەناو شارەکان بکرێێت ڕێگاکان قەیت کراوە بەردەمی هەردوکانێکی دو بەسێش بۆ بەشوێنی ئابووری و ئەوانەی قەیت کراوە هەموو داموو دەزگاکانی حکومەتیش قەیت کراوە بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕایەم هیوادارم برادەرانی تریش پشتیوانیمان بکەن، بڕگەی سێیەم لەو ماددەیە لابرێت، بڕگەی چوارەمیش لەگەڵ ڕای ئەو برادەرانەم کە ووشەی ئاشتیانە لابدرێ و ئەگەر بشکرێت لەگەڵ ڕای بەڕێز (کەژاڵ خان) کەوشەی لەناکاو زیادبکرێت بۆی. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز برزۆ مجید عبدالله فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەبڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم بۆ ٤٨ سعاتەکە پشتیوانی هەموو ئەو ڕایانە دەکەم بکرێتە ٢٤ سەعات، وە جملەیەکی ئیزافیشم هەیە هەموو ئەو دامەزراوانەی پۆلیس بەگشتی، بەتایبەتی چالاکییە مەدەنییەکان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون و لەسەر ئەو بنەمایانە تەدریب و ڕاهێنانیان پێکراوە کە بۆ حالەتی(طارئ) ئامادەبن جا چجار حالەتی (طارئ) ٢٤ سعات خۆی زۆرە, بۆیە ئەو دائیرەیە ئەو فەرمانگەیە دەبێ لەو ئاستەدابن لە ٢٤ سەعات بتوانێت خۆی ئامادە بکات, چونکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە * سەبارەت بە ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە زۆر خۆپیشاندان یەعنی لە کۆنترۆلی ڕێکخەرەکانیش نیە یان نوێنەرەکان, بوویە ئەگەر ڕێگاکە لابدرێ پێم وائەبێ سەربەستی زیاتر دەدرێ بەخۆپیشاندانەکان، ماوەی خۆپیشاندانەکە، خۆپیشاندان ماوەی تەحدید ناکرێت لەیەك حالەت ماوەی تەحدید دەکرێت ئەگەر بڵێین دەسەلأت یان لایەنی پەیوەندیدار وەلأمی مووقنیعی خۆپیشاندەرانی دایەوە یا خود زروفێکی ئانی دێتە پێش ئیستمراریەت دەخوازێت بۆ خۆپیشاندانەکە، بۆیە ماوەکەی دیاری نەکراوە لەیەك حالەت ئەگەر بڵێین وەلأمی موقنعیان پێدرا، هاوکارم دکتۆر شێرکۆش باسیکرد لەسەر ٢٤ سەعاتەکە دووبارەبۆتەوە، چونکە لە برگەی سێیەمی ماددەکە دەڵێت لەماوەیەکدا کەلە ٢٤ سعات کەمتر نەبێت ئەگەر بەرەزامەندی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە کات و شوێنەکە گۆردرا، کە چی لەسەر ئەوەش ئێمە خۆمان لەبرگەی یەکەمی ماددەکە داوادەکەن کە ببێتە ٢٤ سعات، یەعنی ئەگەر ئەمەی برگەی سێیەمەکە خۆی جێ بەجێ بکرێت ڕێك لەدواساتەکانی دەستپێکردن یان لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە بڵێت کات و شوێنەکەت دەگۆڕم، بۆیە ئەم تەناقوزێکی زۆر وازح و موباشرە ئەم ٢٤ سعاتەی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم بکرێت بە ١٢ سعات یان کەمتر. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق محمد فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەزۆری کرا پشتگیری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ٤٨ کات ژمێرەکەیان لەبرگەی یەکەم بکرێت بە ٢٤, لەبرگەی دوەمیش خاڵی چوارەم کاك عمرو کاك برزۆ ڕۆنیان کردەوە لەسەر ماوەی خۆپیشاندانێك ئەگەر ماوەیەك دیاری بکرێت ئەوە هیچ دەزگایەکی حکومی وەلأمی هیچ خۆپیشاندانێك ناداتەوە، وەئەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان دەسەلأتی مەعنی کە خۆپیشاندانی بەرامبەر دەکرێت لەو برگەیەدا مولزەم بکرێت پابەند بکرێت بەوەی کە بەجۆرێك لەجۆرەکان وەلأمی خۆپیشاندان بداتەوە ئەوە باشە، وە برگەی سێیەم ئەوەی کە باسی پاساوی دروست دەکات ئەمەش جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەیەکی موحتەریمانە یان ئەم برگەیە لابرێت یان پشتگیری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە داوای تەعدیل کردنیان کرد. زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عادل عزیز شکور فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پێم وایە ئەم یاسایە بڕگە لەگەڵ بڕگەی ماددە لەگەڵ ماددەی تەنازقوێکی وازحی هەیە بەنموونەوە برادەران ئێستا نیو سعاتیان پێدرا کەبچن تەوافق بکەن لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندانێکی کتوپڕ یان ئەوەی کەپێدەڵێن خۆپیشاندانی لەناکاو بخەنە ناو یەکێك لەبڕگەکان, ئێستا لەخاڵی چوارەم گوایە کە ئەڵێت هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك دیارە یەعنی خۆپیشاندانی لەناکاو لەوێ جێکراوەتەوە، ئەگەر لەخاڵی چوارەما خۆپیشاندانی لەناکاو جێکرابێتەوە تەناقوزی لەگەڵ هەرسێ خاڵەکەی تر هەیە, بەبڕوای من یان ئەوە تا دەبێت کات، زەمەن، شوێن هەمووی لابرێت بەڕاستی بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە بەتەواوەتی بەیاسایی بکرێت ئەو تەناقوزاتە نەمێنێت، یان ئەبێت خۆپیشاندانی لەناکاو بەبڕگەی لەبڕگەکان جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە ڕێڕەوی خۆی بکرێت، یەعنی لەسەرەتاوە دەبێت ئەم یاسایە بکەی بەیاسای هەموارکردنی ڕێکخستنی هەر خۆپیشاندانێك، چونکە تۆ ئێستا لێرە کەئەڵێیت پێویستە هەر خۆپیشاندانێك کەواتە هەر خۆپیشاندانێك لەبڕگەی چوارەمە خۆپیشاندانی لەناکاو جێیی کردوتەوە تیایە، ئەگەر جێیی کردتەوە خۆپیشاندانی لەناکاو نە پێویستی بە ماددەی یەکەمە نە پێویستی بە ماددەی بلێین بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەو ماددەی چوارەم هینە بە پێویستی بە بڕگەی سێیەمە, ئەگەر خۆپیشاندانی لە ناکاو لە بەبڕگەی لەبڕگەکان لەشوێنێك لەشوێنەکان جێیی بکرێتەوە یەعنی لەناکاو تەنها بەشە خزمەت گوزاریەکانی هەرێمی کوردستان ئەگرێتەوە لەئاوو کارەبا و جادەو بان بابڵێین, بەنزین ئەم قەیرانانەی کە ئێمە هەیە ئەوە خالێك، خالێکی تر ئەوکاتەش کە ڕوونکردنەوەیەکی بچووك بۆ سەرنجە نەك ڕوونکردنەوە, دیارە هەردوو بەڕێزان دکتۆر فرست و دکتۆرە ڤالا زۆر قانونیترن کە قانونین، بەلأم باسیان لەوەکرد کە گووایە ئەم یاسایانەی کەلەبەر دەستی ئێمەیە هەمووی یاسایی وەلأتە دیموکراسیەکانن یاسایی وەلأتە ئەوروپیەکانن، منیش پێیان ئەڵێم ڕاستە یاسایەك نیە لە ئەوروپا بۆ خۆپیشاندانی لە ناکاو لەبەر ئەوەی جەوێکی وا دروست نەبوو خۆپیشاندانی لەناکاو بکرێت لەوەلأتێکی دیموکراسیە کەهیچ قەیرانێکی ئاو کارەباو جادەو بان و بەنزین نەوت و دارایی و مووچەو سەرە و نازانم چی و چی و چی نەبێ خەڵکەکە خۆ هەر نەبوو هەرلەخۆ خۆپیشاندانی لەناکاو بکات لەڕاستی, لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ واقعی هەرێمی کوردستانا خۆپیشاندانی لەناکاو حالەتێکی زۆر زەرووره وەمن پێم وایە دەبێ بەبڕگەیەك لەبڕگەکان جێیی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە مسداقیەتی خۆی هەبێ ئەگەر جێیی نەکرێتەوە ئەم یاسایە هەمووی تەناقوزە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمود عمر صالح فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕایی من ماددەی چوارەم بڕگەی یەك بەم شێوەیە سیاغەبكرێت نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی كەم بە ٢٤ كات ژمێر بەر لەدەست پێكردنی خۆپیشاندانەكە لەڕێگەی ئاگاداری نامەیەكەوە كە بۆ ئەو مەبەستە پێش كەش دەكرێت، لایەنی بەرپرس، وەزیر، یا سەرۆكی یەكەی كارگێری ئاگادار دەكرێتەوە، لێرەدا مەرجێك دانراوە بۆ ڕۆژانی پشوو ڕۆژە فەرمیەكان مەبەستم هەندێك جار هەیە مەسەلەن پشوو هەیە زیاد لەدوڕۆژ و سێ ڕۆژ, بۆ نمونە سەری ساڵ و نەوروز ڕەنگە هەفتەیەك زیاتریش بێ ئەوە تۆزێك تەناقوزی تیایە، ئەگەر خاڵێكی تر لە وەڵامی پرسیارێكە بۆ خاتۆ مریم خان پرسیاری كرد ئەویش ئەوەیە ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار لەو ماوەیەدا وەڵامی نەبوو پێویستە ئاگاداری نامەكە بەبێ قەیدو شەرت بەگەیشتنی ئەو داواكاریە سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەكە بەموافقەت حساب بكرێت، چونكە هەندێك جار, زۆر جار سەرۆكی وەحدەی ئیداری خۆی دەدزێتەوە لەمە وەكو لەماوەی ڕابردوومان بینیمان هیوادارین ئەم مۆلەتە كەلە ماددەكانی پێشووا گۆڕیمان بە ئاگاداری نامە جێگەی مۆلەت نەگرێتەوە ئاگاداری نامە بە مانایەكی تر، بڕگەی دوو لەخاڵی سێیەم منیش لەگەڵ قسەی كاك قارەمانم لابدرێت بەلاّم ئەگەر لاش نەبرێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی كاك عمر عینایەتم ڕێڕەوی خۆپیشاندانەكە دابنرێت لەجیاتی، خاڵی پێنجەم نوێنەرانی خۆپیشاندان واژۆ بكرێت نەك ناو نوێنەری واژۆی نوێنەرانی خۆپیشاندان ئاوای لێ بكرێت باشە، بڕگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری سنوورەكە بە پاساوی شیاو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە خۆپیشاندان بگۆڕێ بەهەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بەمەرجێك لەڕێگای نووسراوی ڕەسمی نوێنەرانی خۆپیشاندەران ئاگادار بكرێتەوە لەماوەیەك دا كەلە ٢٤ كات ژمێر لە دەستپێكی خۆپیشاندانەكە كەمتر نەبێت، بڕگەی چوارەم وەكو كۆت و بەندێك وایە بەڕای من هەڵ بگیرێت ئەگەر هەڵ ناگیرێت وای لێ بكرێت هەوڵ بدرێت هەر خۆپیشاندان و مان گرتن و گردبوونەوەیەك كە ئەنجام دەدرێت بەدووربێت لەكاری تێك دەرانەو توندوتیژی وە پارێزراوبێت لەلایەن پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكانەوە. زۆر سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله نۆقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەی كە گوێبیستی قسەكان ئەبم لەسەدا ٦٠ قسەكان دووبارەیە, لەیەكەم جەلسەی ئەم پەرلەمانە تاكو ئێستا ماددەی ٥٦ وەكو خۆی جێ بەجێ ناكرێت، یەعنی هیچی تیانیە پەرلەمانتارێك پشتگیری پەرلەمانتارێكی تر بكات یان بڵێت قسەكانم كراوە، بەلاّم یەك بەجێ كەشەرحی ئەكاتەوە ئێمە خەمی

ئەوەمانە بەراستی ئەم چوار ساڵە بەو پێنج یاسایی باش دەرناکرێت تکایە ئەو مادده وەك خۆی جێ بە جێ بکرێت. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر صالح عمر(عمر كۆچەر)فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دڤێت بەس ئەز تشتەكی ڕۆن كەم بۆ ئەندامێت پەرلەمانی ێت بەڕێز كۆ ئەم هەمی گاڤا هەر یاسایەكا تەشریع بیتن دڤی پەرلەمانی دا ئارمانجا سەرەكی تێدا بەرژەوەندیا خەلكی و مواتنیە، ئەم گەلەك جارا، من ئەڤ ملاحزەو تێ بینیە یا لسەر لیژنا یاسایی و برایت یاسایی هەی كەئەنەما بدیتنەكا یاسایی و قانونی یا(بحث)تنێ خودێ برا مەدڤی وەلاتی دا چ كێشە لسەر قانۆنێ نینن قانۆنێت مە ژێت وەلاتێن ئەوروپی گەلەك جوانترن و تازەترن، بەس ئەم هەمی مووتەفقین كێشامە یا سەرەكی لسەر سولتێ و جێ بە جێ كرنا ڤێ یاسایێ یە, و ئەم هەمی دزانین مەوزۆعێ خۆپیشاندانا مافەكێ سەرەكییێ هەر هولاتیەكێ یە، ئەڤ خۆپیشاندانە ئەگەر تۆ بەرێ خۆ بدەیێ ئەڤ یا هاتیە گۆهارتن ژمووڵەتێ بۆ ئاگەهدارییێ بەس هند شەرت و قەید هاتنە تێدا ژ مووڵەتێ خرابتر لێ هات، ڤێجا ب قەناعەتامن ئەز نزانم كا بەرسڤا لیژنا یاسایی بڕۆنی چیە بۆ ڤێ، مە نیف سعات ڕینشتنا خۆ ڕاگرت ژبەرچ دا ئتیفاقەكێ ڕێكەفتنەكێ بكەین تەوافقەكێ بكەین لسەر مەوزۆعێ موزاهەرات لەناكاو موفاجەئە، ڤێ گاڤێ دوو برادەرا خۆیشكا بهار و سەیدایێ هەورامان گۆتی ئەڤ خۆپیشاندانە هەر خۆپیشاندانەك تەعریفا ئێكێ پێناسا ئێكێ وێ دبارێكەت كۆ ئەو بیت یا ئاگەهداركرن ئیزەن مەعناوێ ئەو قەید كر جەواباوان چیە؟ بۆ ڤێ با ئەڤ نیف سعاتە بۆچ مەئەڤ جەلسە ڕاگرت؟ و تشتێ سەرەكی یێ مایی, ئەوێ دیتر ٤٨ بیت چەندبیت ئەڤە جهو فلان ئەم هەمیت هاریكاربین هەمی ئەندام پەرلەمان، و بەرێ خۆ بدەینێ چاوا دێ ئەڤێ خۆپیشاندانێ وەعیەكێ و تێگەهشتنەكێ ناڤ خەلكی بەلاڤ كەین، هەمی جهێ دلێ خۆشییێ یە كۆ خۆپیشاندان دناڤ وەلاتێ مەدا هەندێ هات بنەكرن چەند غەوائین چەند فەوزانە هەمی بۆ داخازا حقوقایە و خزمەتایە و بۆ ڤان تشتایە، وەختێ ئەم هەمی ڤێ دبینن ئەم هەمیت هاریكاربین ڤان شەرت و قەیدا كێم كەین نە سەرا تشتەكێ هۆسا ئەم وەختێ خۆ خرێ پێڤە ب بوورینن. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سعید محمد سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار بڕگەی یەكەم كەدەڵێت لیژنەی ڕێكخەری خۆپیشاندان لایەنی كەم بە ٤٨ كات ژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەڕێگایی ئاگاداری نامەیەكەوە كەبۆ ئەم مەبەستە پێش كەش دەكرێت وەزیر یان

سەرۆكی یەكەی ئیداری ئاگادار دەكەنەوە ئەوە پێویستە بكرێت یان هەر بەرپرسێكی تر كەلە شوێنی ئەم یەكە ئیداریە بێ لەكاتی ئامادە نەبوونی ئەوان یەعنی ئەوەی تێدا زیاد بكرێتن, وە لە ماددەكەش كەئەوە زیاد بكرێت ئەگەر ئاگاداری نوێنەری خۆپیشاندەران نەكرا لەماوەی ٤٨ كات ژمێر خۆپیشاندانەكە ڕێگە پێدراو ئەبێت بەهەمان كات و شوێن و زانیاری ناو ئاگاداری نامەكە، بۆیە لەبەر ئەوەی كە ماددەكە لە خاڵی سێیەم زۆر لە هەڤاڵانی ئەندام پەرلەمان ووتیان هەڵبگیرێ لەو برگەی سێیەمیش كەدەڵێت وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بەپاساوی دروست و شیاو لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە دەڵێت بۆی هەیە یەعنی وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بۆی هەیە، ئەگەر كەسێكی تر دیارنەكرێت كەئەوانە لەو شوێنە نەبن بوویان نیە یەعنی ئەوكاتەش دیسان مەبادیء لەو خاڵە دروست دەبیتن، لە ماددەی چوارەم دەڵێت پێویستە خۆپیشاندانەكە ئاشتیانە و هێمنانە بیت كەلەبرگەی چوارەم باس دەكرێت ئێمە هەر باسی ئاشتیانە و هێمنانە دەكەین بەس ئەگەر بەر پرسی ئیداری یان ئەو خۆپیشاندانەی كەلە پێناو ئامانجێك دەكرێتن بۆ جارێك یان دووجار گوێی لێ نەگیرا ئەو كاتەش هەر بەهێمنانە و ئاشتیانەبێ, بەڕاستی خۆپیشاندان لەپێناو خۆپیشاندان دەكرێ و بەرپرسە ئیداریەكانیش لێ ڕادێن كە بە هێمنانە دێنە وێندەرێ و هیچ ڕەنگدانەوەیەكی نابیتن. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس تەنها كاك گۆران ماوە، گۆران ئازاد كە ئەویش لە هۆڵ نییە، بۆیە داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەكان دەكەین ڕۆن كردنەوەی خۆیان بەناو ڕۆن كردنەوەیەكیان هەیە لە لیژنەی ناوخووە دەست پێدەكەین.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان من دڵنیام كە هەموو بەشدارانی ئەم هۆڵە لەو پەڕی دڵسۆزی و خەم خۆری بۆ گەلەكەیان قسە ئەكەن وە بیر ئەكەنەوە, بەلاّم دوو دەقەم لێ وەرگرن كاتێك كە بیرە نەوتیەكانی كوێت تە قینەوە ڕۆژنامەی تایمز نووسیبووی دەڵێت تۆزۆ خۆلۆ چەوریەكانی نەوتەكە گەیشتە سەر لەندەن لە لەندەن كە باری بارانەكە چەور بوو لەوێ كەباری گەلاّكان چەور بوون گەلاّكان كەوتنە سەر سكەی قیتارەكان سێ دەقە قیتار دواكەوت بە ملیار پاوەند زەرەر بوو، لەبەر ئەوەی ملیۆنێك كرێكار ئەچوون بۆ سەر ئیش، قەراری حەربی عالەمی ڕەنگە بە دوو جەلسەی وادرابێ، نازانم ئەو كات كوشتنە زۆر عەجائیبە لەڕاستیدا من گوێم لە هەڤالاّن گرت هەموو شتەكانیان ووت, بۆیە سێ شت ئەڵێم كە ڕەنگە زۆر تازەیە یەكێكیان پۆلیس بۆ ڕێگە پیشاندان لەگەڵ خۆپیشاندەران ئەڕوا باسی ڕێگا بكات بە (جی پی ئێس)ە كەی باشترین ڕێگا دەدۆزێتەوە دوای تۆ كاروانێكت پێیە خۆپیشاندەران ڕەنگە هەزارمەتر درێژبن ڕەنگە دوو هەزار مەتر درێژبن دە جار ترافیك لایت سوڕو سەوز دەكات پۆلیسەكە مەجبورە لەگەڵ تۆ بێت ڕێگاكەت پیشاندات بۆ ئەوەی كەوا ئۆتۆمبیلی خەڵك ڕابگرێت، ئەی هاوار لە دانیمارك ئیجازەی خۆپیشاندان ٢٤ سەعات و ٤٨ سەعات نییە، من لێرە ئەمە ئەڵێم بۆ یارمەتی دانی خۆپیشاندەران و بۆ ئەوەی ئیشەكانیان زۆ جێ بە جێ

بێت، دوو بۆ سێ سعات پۆلیس ئیجازە دەدات خۆپیشاندەران ڕەنگە ئەوە مۆشکیلەی ناکاوەکەش حەل بکات کە زۆر پەلەیانە بۆ ئەوەی کە کەی بیکەن, دوو بۆ سێ سعاتە خۆپیشاندان کاتێك کە پۆلیس ئیجازە دەدات فەرمووو بڕۆ خۆپیشاندان بکە یان نەیکە, شتێکی تریش پەیدا بووە ئەوە زۆر جیێ خۆش حالیە گازی پێکەنین پەیدا بووە خۆپیشاندەران زۆر توندو تیژیژبن گازی پێکەنینیان لێدەن هەموو بە پێکەنینەوە بلاّوە دەکەن و دەچن بۆ مالّەوە. سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل/لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لە هاورێیان لەسەر بڕگەکانی ماددەی چوار قسەیان کرد وە زۆربەی هاورێیان باسیان لەوە کرد کە ٤٨ سعاتەکە کەم بکرێتەوە بۆ ٢٤ سعات ئێمەش هەر پێمان باشە ئەوە بکرێتە ٢٤ سعات و وە ٢٤ سعاتەی کەش بەو شێوەیە موعالەجە بکرێت و بکرێتە ١٢ سەعات, لەسەر بڕگەی دووەم کە زۆر لە هاورێیان باسی ئەوەیان کرد کە ئاگاداری نامەکە لە خۆ بگرێت کات و شوێن وە ئامانج و مەبەست هەر یەك شتە وە کاك عمر عینایەت پێشنیارێکی باشی کرد لەسەر ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە کە ئیزافە بکرێت ئەوە باشە کەئەوە بکرێت *وە لە سەر بڕگەی سێیەم زۆر قسە لەسەر مەتاتیەتی ئەو خالّە کرا کە پاساوی دروست و شیاو پێمان باشە ئەو پاساوی دروست و شیاوە, چونك بەراستی لەوانەیە یەکەی کارگێریەکان لێپرسراوی یەکەی کارگێریەکان تەفسیرو تەئویلی دیکەی بۆ بکەن ئەوە نەمێنێت و هەر بەو شێوازەی کە لادرا دووای ئەوە بە هەماهەنگی لەگەلّ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکان ئەوە کە بگۆڕدرێت, یەعنی بەو شێوازەی لێ بێت وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری یەکەی ئیداری لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بە هەماهەنگی لەگەلّ نوێنەراندا بگۆرێت بەو شێوازەبێت، ئەوەی چوارەمیش خستمانە دەنگدانەوە نازانم. زۆر سوپاس.

**د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڤالاّ فرید ابراهیم/لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم زیاتر لە سێ کەس پێشنیاری کردووە کە جێگای تاکە کەس بکرێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکەسیش مافی لە خۆپیشاندان بپارێزرێ و وە مافی لە مانگرتن بپارێزرێتن بۆیە ئێمە لێرە بەو شێوەیە ئەو بڕگەیە هەموار دەکەینەوە بۆ ئەوەی جێگای تاکەکەس بکرێتەوە دەلێین پێویستە تاکەکەسی خۆپیشاندەرو نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی کەم بە ٤٨ سەعات واتە ئەو بڕگەیە لێرە بەو شێوەیە دوای هەموار دەکرێتەوە و داوا لە سەر داواکاری ئەندامانی پەرلەمانە ئەوەی پەیوەندی بە ٤٨ سعاتەکەوە هەیە

زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان داوای کردوە کە بکرێت بە ٢٤ سەعات، ئێمە دیارە دانانی ئەو کاتە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە بە ڕاوێژ بووە لەگەڵ جیهەتی پەیوەندیدار جیهەتی پەیوەندیدار کە وەزارەتی ناوخۆیە هاتوە بۆ پەرلەمان داوای ٧٢ سەعاتی کردووە گۆتی ئەگەر ئەوە بکەن بە ٧٢ سەعات ئەوەی دیکەش ببێ بە ٤٨ سەعات ئێمە لێرەن لەبەر ئەوەی ئەو دوو ماوەیە لەیەك بەستراوەتەوە کردومانە بە ٤٨ سەعات بۆ ٢٤ سەعات، ئینجا لێرە پێشنیار کراوە ئەو ٤٨ سعاتە بکرێت بە ٢٤ سعات وە ئەگەر ئەوە دەستکاری بکرێت پێویستە ماوەکەی تریش بکرێت بە ١٢ سەعات، بەلام دەبێت ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگاداربن کە جیهەتی مەعنی داوای کردوە کە لە ٤٨ سەعات کەمتر نەبێت لەگەڵ ٢٤ سەعات، چونکە ئەوان حەدی ئەعلا داوای ٧٢ سەعاتیان کرد ئینجا دوای لە ٧٢ سەعات هاتینە سەر ٤٨ بە ٢٤ سەعات ئەوە ڕۆن کردنەوە لەسەر ئەو بابەتە، ئینجا ڕۆژانی پشووی فەرمی چەند بەڕێزێك ئەندام پەرلەمانێك داوای کرد کە ئەمە هەڵبگیرێتن کاتێك کە ڕۆژانی پشووی فەرمی نابێت هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی ستانداردە و لە قانونەکان واهاتووە ئەوڕۆژانەی پشووی فەرمی ڕۆژی ئیستراحەتی خەڵکە وە بەهیچ شێوەیەك هین ناکرێتن، بەلام لەلایەکی تر کەداوای دەکەن ٤٨ سەعات ببێت بە ٢٤ سەعات ئەگەر بکەوێتە ڕۆژی پشوو کە وەزیر لەوێ نییە وە سەرۆکی یەکەی کارگێریش لە پشودایە ئایا ئەگەر ئاگادارکردنەوەکە لێرە چۆن دەکرێت، کەمت کردۆتەوە کاتەکەت بۆ ٢٤ سەعات لەلایەن ڕۆژی پشووی فەرمیش هەڵدەگرێ، لە لایەکی تر یەعنی خۆی وەزیری یان جیهەتی مەعنی ئایا لەماڵەوە ئاگادار دەکرێتەوە یان لەکاتی بوونی لەدەوامدا ئەوە دەبێتە تووشی تەناقوزێك دەبین دەرچوونی لێی نییە، کە ئەوە دواجار پێویستە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دای بڕێژینەوە بگۆنجێتن لەگەڵ بەشێوەیەك کەکار نەکاتە سەر ئاگادار کردنەوە، ئینجا دێینە سەر ئەوەی کە ئاگاداری نامەکە تێیدابێت، بەڕێزان ئەوەی کە ئاگاداری نامەکە تێیدایە ئەوەندە لە دەسەلات مەترسێن ئەوانە هەمووی خۆی دیاری دەکات لیژنەی نوێنەرانی ڕێکخەری خۆپیشاندەران خۆیان ئەو کات و شوێنە دیاری دەکەن خۆیان ماوەکە دیاری دەکەن پەیوەندی نیە بە جیهەتی مەعنی ماوەکەی بۆ دیاری دەکەن بۆ ئەوەی جیهەتی مەعنی بیان پارێزێت کاتەکەی بۆ دیاری دەکەن بۆ ئەوەی جیهەتی مەعنی خۆی لەبەر پرسیاریەتی نەدزێتەوە بڵێت کاتەکەم بۆ دیاری کردووی پێویستە لەو ماوە دیاری کراوەدا ئەتۆ بم پارێزی یەعنی لێرە کاتێك کە ئەمە باس دەکەین دەڵێین ئاگاداری نامە پێك دێت لەو مەعلوماتانە ئاگاداری نامەکە ئەو مەعلوماتانەی کە دەیدا ڕێکخەری خۆپیشاندەران دەیدەن, جیهەتی بەرامبەر لەگەڵیان بەشدار نییە، کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەت بۆ دیاری دەکەن جیهەتی بەرامبەر پێویستە لەو کات و شوێنەدا تۆ خۆپیشاندەران بپارێزی, ئینجا دواجار دێینە سەر ئەوەی کە چەند کەس دەنگی داوە بۆ ئەوەی دەمج بکرێت و هەندێکیش هەڵبگیرێ, مەبەست لە ئامانجی خۆپیشاندانەکە ئەوە زیاتر لەچەند کەسێك داوای کرد کە مەبەست هەڵبگیرێ و جێگای مەبەستیش دەپێکێ، ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە زیاتر لە سێ کەس داوای کردوە کە ڕێڕەوی خۆپیشاندان لەگەڵ کاتی لەگەڵ یەکەم برگە دەمج بکرێ, بکرێت بە کاتی دەستپێك و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە, ماوەی خۆپیشاندانەکە وەکو گۆتمان لیژنەی ڕێکخەر یاخود

نوێنەرانی خۆپیشاندەران ئەوان ماوەکە دیاری دەکەن وە دیاری کردنی ماوەکە ئەمە لێرەنە بە سەعات نەمان هێناوە کە ستاندەردە لە قانونی هەموو ولاّتان بە سەعات دێتن چەند سەعاتێك ئەتۆ بۆت هەیە خۆپیشاندان بکەی، ئێمە لێرە دەڵێین ماوەی خۆپیشاندانەکە نوێنەر تۆ دیاری بکە چوار سەعاتە پێنج سەعاتە دووڕۆژ دەمێنیەوە سێ ڕۆژ دەمێ نێیەوە تاوەلاّم دەدرێتەوە دەمێنێیەوە ئەوە دەمێنێتەوە لەسەر ئەتو لەناو هینەکەیدا دیاری دەکەی، ماوەی خۆپیشاندان لێرانە بۆ ئەوەمان بەجێ هێشتووە بۆ جیهەتی مەعنی نیە لێرانە، ناو واژۆی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە ئەوەیان تێبینی ئەکەی ئەوتۆی لەسەر نەبوو تەنها ئەندامانی خۆپیشاندەران دەبێت بە نوێنەر، ئینجا لەسەر ماوەی خۆپیشاندانەکە مولاحەزەیەکی تر هەبۆ کە گۆایە ئەگەر بێت و ماوەی خۆپیشاندانەکە دیاری بکرێت وەلاّم نادرێتەوە لە لایەن جیهەتی مەعنی کە دەسەلاّتی جێ بەجێ کردنە، بەڕێزان ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی یاساکە ماددەی پێنجەم هەیە، ماددەی پێنجەم برگەی سێیەمی هەیە لەبرگەی سێیەمی دا دەڵێت دەبێ لایەنی پەیوەندیدار داوای خۆپیشاندەران دوای خۆێندنەوەی وەربگرێت پاشان لەگەڵ لیژنەکەدا کۆببێتەوە واتا لەگەڵ نوێنەران بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراوی گونجاودا، واتە لێرە فەرزی کردوە لەسەر جیهەتی مەعنی کاتێ کە ماوەکەش دیاری دەکات فەرزی کردوە کەلە ماوەیەکی دیاری کراودا وەبە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەراندا کۆببێتەوە داواکە وەربگرێت دوای خۆێندنەوە ئینجا لەکاتی دیاری کراویشدا عیلاج بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە داواکراوە، لەسەر برگەی سێیەم وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و شیاو لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆرێت بە هەما هەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران لێرانە بە هەما هەنگی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران ئیزافە دەکرێتن بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك وەزیر یاخود یەکەی کارگێری دەست کراوە نەبێتن لە گۆڕینی کات و شوێنەکەیدا ناتوانێ کات و شوێن بگۆرێت. ناتوانێ کات و شوێن بگۆرێ ئەگەر بە تەعاون نەبێ لەگەڵ لیژنە ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر ناتوانێ کات و شوێن بگۆرێ ئەگەر پاساوێکی دروستی نەبێ، ئەگەر ئەو پاساوەش لە بەرژەوەندی گشتیدا نەبێت، یەعنی ئەوە لێرە قەیدێکە لە ئەستوێ دەسەلاّتی جێبەجێکردندایە، کاتێك تۆ بۆت هەیە کات و شوێن بگۆری کە پاساوی دروستتدا بە من وەکو نوێنەری خۆپیشاندەران، هەروەها پێت گوتم ئەو پاساوەی کە هەمە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدایە، ئینجا نوێنەری خۆپیشاندەران دەتوانێ رازی نەبێ لێرانە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی نوێنەری خۆپیشاندەران لێرە قەیدمان خستۆتە ئەستۆیان کە پێویستە لەگەڵ جیهەتی مەعنی پێکەوە بە هەماهەنگی و بە رەزامەندی ئەوان ئەو کات و شوێنە لێرەدا بگۆرێت، ماوەی (٢٤) کاتژمێرەکە لێرانە کە لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت، ئەو (٢٤) کاتژمێرە رەبتی هەیە راستەوخۆ بە (٤٨) کاتژمێرەکە، ئەگەر (٤٨) کاتژمێر وەکو خۆی بمێنێتەوە (٢٤) کاتژمێر دەبێ بمێنێتەوە، ئەگەر نا دەبێ هەر دوو کاتەکە لێرانە دەستکاری بکرێتن کە زیاتر لە چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاریان کردووە، بەڕێزان برگەی چوارەم

درایە دەنگدان هیچ قسەیەکی لەسەر ناکرێ و هەر برگەیەکیش خرابێتە دەنگدان و دەنگی لەسەر درابێت دووبارە ناخرێتەوە بەر باس و گفتوگۆکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێڤار خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (پێنجەم) برگەی سێیەمی تێدا نییە لەو پڕۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسڵی پڕۆژەکە، ئەمە پڕۆژەی هەموارکراوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەسڵی یاساکە ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)یە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە سەرەنجەکەم بۆ لیژنەی یاساییە، ئەگەر تەرکیز بکەنە سەر برگەی سێیەمی ماددەی (چوارەم)، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر گۆڕینی کات و شوێنەکە بە هەماهەنگی کە من بۆ خۆم رەزامەندیم پێ باشترە لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندان بێت......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، دەست مەکەنەوە بە را وتن، فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گفتوگۆ ناکەم ئەگەر روخسەتم بدەی، لە دوای ئەوە ئەوەی تر پێویست ناکات، چونکە تۆ دیسان ئەوان ئاگادار دەکەی، مادام بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانە، بۆیە بە مەرجێك ئەوەندە وەرەقەی بداتێ پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رێواز نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی چوارەم لە ماددەی (چوارەم) لەگەڵ بڕگەی دووەم لە ماددەی (پێنجەم)، من وا تێگەیشتووم کە د.ڤالا بابلێین لیژنەی یاسایی وا تێگەیشتووم کە دەنگدانەکەی ئێمە داومانە بۆ ئەوەی هیچ بڕگەیەك بۆ ماددەی (سێیەم) زیاد نەکرێ ئەو دووانەشی گرتۆتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئاخۆ جەنابتان ئەوەی خستانە دەنگدانەوە بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (پێنجەم)یشی تێدا بوو؟ یان دەنگمان لەسەر یەك مەسەلە دا، ئەویش ئەوەیە کە ماددەی (سێیەم)یش بڕگەیەکی بۆ ئیزافە نەکرێت، چونکە ئێمە وا تێگەیشتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتیفاقەکە بەو شێوەیە بوو ماددەی (سێیەم) هیچ بڕگەیەکی بۆ ئیزافە نەکرێ، بەڵام دەنگمان لەسەر ئەوە دا، بەڵام لەگەڵیشدا بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) بەو شێوەیەی خوێندمانەوە بڕگەی دووەمی ماددەی (پێنجەم)یش بەو شێوە بێت کە خوێندمان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە بۆمان نییە موناقەشە بکەین دوایی؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئیتر ئەوە دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وا تێ نەگەیشتووین، تەسەور دەکەم بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانیش. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی زۆربەمان وا تێ گەیشتووین، پێموابێت وا خستمانە دەنگدانەوە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ ئیزافەیەکم نییە بۆ ڕوونکردنەوەکانی هاوکارم د.ڤالا، تەنها ئەوە نەبێت داواکرا کە لە بڕگەی چوارەمدا وشەی (هەر) مەبەستمان لە چی دەکات، دەڵێین هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك، پێم خۆشە ڕوونی بکەمەوە کە دەڵێین وشەی هەر خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەك مەبەست لە هەموو خۆپیشاندانێکە کە بە بێ ئاگادار کردنەوە کراوە و مەبەست لە خۆپیشاندانی لە ناکاویشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من هەر لەسەر ڕوونكردنەوەكانی لیژنەی یاسایی قسەم هەیە، ئەو ڕوونكردنەوانەی كە ئەوان دەیدەن ئێمە ڕەئی خۆمان گوتووە، حەقە ئەوان ڕاكانی ئێمە ئەوەی كە لە (٣) كەس زیاتر پشتیوانی كردووە باسی بكەن و بیخەنە دەنگدانەوە، یەعنی ئەو ڕوونكردنەوانە زۆر زۆرە كە لیژنەی یاسایی دەیدەن بە تایبەتی لەسەر ئەوانەی كە پەرلەمانتاران ڕەئیان لەسەر داوە تازە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ كاك ئومێد و بەهار خان، كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ (٣) ڕەئی زیاتر دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، ماددەی (چوارەم) برگەی سێیەم: ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەكە ئەمە لە (٣) كەس زیاتر پێشنیاری ئەوەمان كرد كە لابرێت، پێویست نییە ڕێگری دروست دەكات....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەمووی نووسراوە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر باسیان نەكرد، لە قسەكان باسیان نەكرد، چوارەمیش: ماوەی خۆپیشاندانەكەیە كە ئەمە هەم پێشنیار كراوە لابرێت، یان پێشنیار كرا ماوەكە دیاری بكرێ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با تەواو ببن بزانین ڕەئیەكەی ئێوەی تێدایە، یان نا؟ ئەو كاتە جەنابت دەتوانی نوقتەی نیزامی بگریت، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی تایبەتمەند كە لەوێوە گفتوگۆ یان قسە لەسەر شتەكان دەكەن لە چوارچێوەی ئەركی لیژنەكەدایە بە تایبەتی لیژنەی یاسایی كە سیاغەی قانونی ئایا ئەگەر هەڵەی تێدا بێ یان هەڵەی تێدا نەبێت، نەك ئەوەی گفتوگۆی ئەوە بكات یان موناقەشەی ئەوە بكات كە پەرلەمانتاران كردوویانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهار خان ئەوان ڕاپۆرتی هاوبەشیان ئامادە كردووە، ماڤی ئەوەیان هەیە دیفاع لە ڕاپۆرتە هاوبەشەكەی خۆیان بكەن، بۆیە دەرفەتی ئەوەشیان پێ دەدرێت ڕوونكردنەوە بدەن لەسەر ئەو شتەی كە ئامادەیان

کردووه، بەڵام رای پەرلەمانتاران دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی کە پەرلەمانتاران زیاتر لە (٣) کەس هەر پێشنیارێکیان کردبێت دەخرێتە دەنگدانەوە، کاك سالار لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا ئەم ماددەی (چوارەم)ە ماددەیەکی گرنگە، ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەندێك تەوافقی لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە رامان وایە وەکو لیژنەکە ئەو ماوەیەی کە دەست نیشانکراوە بە (٤٨) کاتژمێر چەندین ئەندام پەرلەمان لەگەڵ بوون بکرێ بە (٢٤) کاتژمێر، رەئی ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، پێمان باشە بکرێ بە (٢٤) کاتژمێر، هەروەها بۆ برگەی سێیەم کە باسیان لەوە کرد کە بەرژەوەندی گشتی و بە پاساوی دروست و شیاو ئەمە مەتاتیە، پێویست دەکات دابرێژرێتەوە، هۆکاری وەڵامدانەوە بە بوون، یان نەبوونی خۆپیشاندانەکە دەست نیشان بکرێ، ئێمەش سیاغەیەکمان ئیزافەکرد و رێککەوتین کە لایەنی مەعنی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بە هەماهەنگی بێت یان بە رەزامەندی بتوانن ئەو مەسەلەیە دیاری بکەن، بۆیە ئەو سیاغەیەمان دەست نیشان کردووە، هیوادارم تێڕوانینی ئەندامانیشی تێدا بێت، سێیەم: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە رەزامەندی نوێنەری رێکخەری خۆپیشاندەران بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت، بە مەرجێك لە رێگای نووسراوێکی رەسمییەوە ئاگاداری نوێنەری خۆپیشاندەران بکاتەوە لەگەڵ دیاری کردنی هۆکارەکەدا، کە باسی هۆکارەکەش کرا لە ماوەیەکدا کە لە (٢٤) کاتژمێر زیاتر نەبێت بۆ ئەوەی جیاواز بێ لە (٤٨) کاتژمێری یەکەم کە کردمان بە (٢٤) کاتژمێر، لێرە کاتەکەش گۆڕا وەکو د.ڤالاً وتی ئەگەر (٤٨) کاتژمێر بگۆڕین لێرەش (٢٤) کاتژمێرەکە بگۆڕین، لە (٢٤) کاتژمێر زیاتر نەبێ لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە، ئەمە بۆ ئەو تێڕوانینانەی کە داوای بکەی بە پاساوی دروست و شیاو لابدرێت، یان روون نییە، بەرژەوەندی گشتی و هۆکارەکان دەست نیشان بکرێ لەگەڵ کاتەکە، ئەوەی پەیوەندی بە وەڵام نەدانەوەی ئاگادارینامەوە هەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار ئێمە لەم چوار برگەیەی ماددەی (چوارەم)ە هیچ ئیزافەیەك نەکراوە و روون نییە، بەڵام لە ئەسڵی یاساکە برگەی چوارەمی ئەسڵی یاساکە ئەو سیاغەیەی دەست نیشان کردووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین لەم ماددەی (چوارەم)ی ئێستای پرۆژە هاوبەشەکەدا ببێتە برگەی پێنجەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە، پێنجەم: لە حاڵەتی وەڵام نەدانەوەی ئاگاداری نامەکە کە لەلایەن نوێنەرانەوە پێشکەش کراوە دوای تێپەربوونی (٤٨) کاتژمێر بەسەر مێژووی پیشکەش کردنیدا ئەمە بە رەزامەندی لەسەر رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دادەنرێت، بۆیە لێرەدا نەمان کردووە بە (٢٤) کاتژمێر ئەو ماوەیە بدرێ بە لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر مەقسود بێ دوای (٤٨) کاتژمێر ئیتر بە رەزامەندی تەماشا بکرێ و حیساب بۆ کراو بێت، هەروەها لە یاساکەدا جێی بکرێتەوە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە راستیدا ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندیدار رەئیمان وابوو لایەنی مەعنی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە وەزارەتی ناوخۆیە لە موناقەشە کردنی ئەم پرۆژە یاسایەدا حزوریان هەبوایە، چونکە لە خولی پێشوودا کە موناقەشەی

ئەمەمان كرد هەر بۆ هەمان پرۆژە یاسا خودی وەزیری ناوخۆ لێرەبوو، بڕواتان هەبێ بەشێك لە ڕێنمایەكانی وەزارەتی ناوخۆ مەرن ترە لە هەندێ تەرح كە دەكرێت، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە (٤٨) كاتژمێر و (٢٤) كاتژمێرەوە هەیە، لە پێش دەركردنی یاساكەی ساڵی (٢٠١٠) ڕێنمای وەزارەتی ناوخۆ خۆی (٢٤) كاتژمێری داناوە، ئەو كاتەمان وەكو ئێستا لە بیرە كە وتمان ناكرێ، وەزارەتی ناوخۆ كە دیارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێ و شوێنانەی كە ئامادەكاری بۆ كردووە وەزارەتی ناوخۆ خۆی ئەو كاتەی دەست نیشان كردووە كە بارێكی گونجاوە، مەناعەتیان نییە كە لە ماوەی (٢٤) كاتژمێردا ئامادەكاریان بۆ هەیە، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەمە بە (٢٤) كاتژمێری بمێنێتەوە، هەروەها ئەو بابەتەشی كە پێشتر لەسەری ڕێككەوتبووین بڕگەی چوارەمی ماددەی (چوارەم) و بڕگەكەش برایە ماددەی (پێنجەم) وەكو لیژنەی كۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵیداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەمەوێ لێرە سەرەنجتان بۆ ئەوە ڕابكێشم بەخێرهاتنی خوێندكارانی بەشداربووی خولی زمانی ئینگلیزی سەنتەری ئەمریكی تایبەت دەكەین، كە بە هاوكاری كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا ئەم خولەیان بۆ كراوەتەوە، بەخێرهاتنیان دەكەین بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، دەمەوێت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرەنجتان بۆ ئەوە ڕابكێشم كە بە پێی ماددەی (٥٣) بڕگەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە چەند جارێك تەئكیدمان لەوە كردۆتەوە هەر هاووڵاتییەك و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا كار دەكەن مافیان هەیە لە دانیشتنەكانی پەرلەماندا بە ئاگاداری دەستەی سەرۆكایەتی و مۆڵەتی سەرۆكەوە ئامادەبن، ئێستا داوا لە بەڕێز كاك سۆران عمر سەرۆكی لیژنەی مەفەكانی مرۆڤ دەكەین ئەویش ڕوونكردنەوەی خۆی بدات، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەین كە ئەو (٤٨) كاتژمێرەی كە لە ماددەی (چوارەم) بڕگەی یەك هاتووە وەكو ڕەئی زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان بكرێ بە (٢٤) كاتژمێر، سەبارەت بە دەست كاریكردنی كات و شوێنەكە لە زانیاریەكانی ناو ئاگادارینامە كات و شوێنی ڕێرەوەكە یەكبخرێت، ئامانج و مەبەستەكە دیارە یەكێكیان ئامانج دیاری كراوە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لەگەڵ ئەوەین كە هەماهەنگی و ڕەزامەندی خۆپیشاندەران داخل بكرێ لەگەڵ هەر گۆڕانكارییەك كە وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بە هەر پاساوێك دەیكات ئەو پاساوە مەتاتیانە لێرە لاببرێ و ڕەزامەندی و هەماهەنگی نوێنەری خۆپیشاندەرانی بۆ بخرێتە پاڵ، سەبارەت بە زیادكردنی بڕگەی پێنجەم كە لە دەقی یاسا ئەسڵیەكە ماددەی (چوارەم) هاتووە خاڵی چوارەمە دوای ئەو زەمەنەی كە تێدەپەڕێ بەسەر مێژووی پێشكەش كردنی ئاگاداری نامەكە كە ڕێككەوتین لەسەری چەندێكە، ناوەڕۆكی ئاگادارینامەكە واتە خۆپیشاندان پاش ئەوەی كە (٤٨) كاتژمێر یان (٢٤) كاتژمێر تێدەپەڕێ بەسەر وەڵام نەدانەوە خۆپیشاندان بە پێی زانیارییەكانی ناو ئاگادارینامەكە

ئەنجام دەدرێت، واتە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت، مادام خاڵی سێیەم کە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری هیچ شتێکی لەسەر نەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە کراون لەسەر بڕگەی یەکەم لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، دوایی خودی بڕگەکە سیاغە بکەینەوە و بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەمین کە کراوە بڕگەی یەکەم ماددەی (چوارەم) زیاتر لە (٣) کەس کردوویەتی ئەوەیە کە جێگای تاکە کەسی خۆپێشاندەر لە پاڵ جێگای نوێنەری خۆپێشاندەران بکرێتەوە بۆ مەبەستی زامن کردنی مافی تاکە کەس لە خۆپیشاندان و مانگرتندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە جێگای تاکە کەسیش بکرێتەوە بتوانێ ئاگادارینامە پێشکەش بکات بە لایەنی پەیوەندیدار؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٩٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەواتە هەموویان لەگەڵی نین، زۆر سوپاس، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم زیاتر لە (٣) ئەندام پەرلەمان کردوویەتی هەر تایبەتە بە بڕگەی یەکەم ئەویشیان پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، داوا دەکەن (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە بکرێت بە (٢٤) کاتژمێر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پیشنیارەدایە (٤٨) کاتژمێر بکرێت بە (٢٤) کاتژمێر لە بڕگەی یەکەم؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە (٣) پێشنیار هاتووە کە داوا دەکەن ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو نەکرێت، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەمان دا کە ڕۆژانی پشووی فەرمی ستانداردێکە کە لە نیزامی عامدایە و کاتێك دەیکەی

به (٢٤) کاتژمێر چۆن ڕۆژانی پشووی فەرمی یان چۆن ئاگاداری وەزیر یان لایەنی پەیوەندیدار دەکرێتەوە، ڕەئیش بۆ جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی خۆی دا، پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە کە ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو نەکرێت لە ئاگادارکردنەوە؟ کێ لەگەڵ دایە کە پشووی فەرمی هەڵبگیرێ بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێت ئەوە هەڵبگیرێت هەر (٢٤) کاتژمێر پێش ئەوە ئاگادارکردنەوە هەبێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (١٣) کەس لەگەڵدایە کە ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٠) کە لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە ڕۆژانی پشووی فەرمی وەك خۆی دەمێنێتەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە کۆی بڕگەکە بە هەموارکراوی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو، سێ جاری تریش دەستم هەڵبڕی پێش دەنگدانەکان، خۆ تازە دەنگ دراوە، بەلأم لە ئەوروپا (٣) کاتژمێرە بۆ ئیجازەی خۆپیشاندان لێرە با (٦) کاتژمێر بوایە، چونکە ئەو کاتە مەسەلەکان جوان حەل دەبوو.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئیە کاك فەرهاد؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ڕەئیە، بەلأم ئەوە عیلمییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (١٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بڕگەی یەك لە دەسەلأتەکانی سەرۆك پیادەکردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کاتێك کە گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا و جەنابیشت پێموایە موقنیع بووی کە مەسەلەی پشوو ئەمانە لە نیزامی عامەوە لە یاسای تر ئەمە سابت بووە، بۆیە ئەرکی جەنابتە ئەم حاڵەتانە ئەگەر چی داواش کرابێت نەیدەیتە دەنگدان، چونکە ئەمە لە نیزامی عامە و لە قانونە و ئەرکی جەنابتە قانون بپارێزیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستی من ئاگادرای ئەو یاسایە نیم، د.فرست هەر بە سەراحەت ئەوە دەڵێم ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام وەکو باسمان کرد لیژنەی یاسایی بۆی هەیە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتانە بدات، ئەندامانی پەرلەمان لەوە سەر پشکن کە دەنگی پێ دەدەن، یان نا؟ بەڵام ڕاست دەکەی من خۆشم موقتنیع بووم بەوە مادام کاتەکەمان کەم کردەوە دەکرێت ڕۆژانی پشووی فەرمی حیسابی بۆ بکرێتەوە، بەڵام مادام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە ئێمە لەسەرمانە کە بیخەینە دەنگدانەوە، باشە، لیژنەی یاسایی تکایە دوا سیاغەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (چوارەم) بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

یەکەم: پێویستە تاکە کەسی خۆپیشاندەر و نوێنەری خۆپیشاندەران لایەنی کەم بە (٢٤) کاتژمێر بەر لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە ئاگاداری نامەیەك بە نووسراو پیشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بکەن بە مەرجێك ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاو بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەدایە بەم شێوەیەی کە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٨٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بڕگەی دووەم تکایە لیژنەی یاسایی پێشنیارەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: خاڵی یەکەم کات و شوێنی خۆپیشاندانەکان زیاتر لە (٣) کەس داوای کردووە کە کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەو و ماوەی خۆپیشاندانەکە لەگەڵ یەك دەمج بکرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەنجەکە بۆ لیژنەی یاساییە (ماوەکە)ی تێدا نەبوو، ئەوهابوو (کات و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(٣) کەس داوای کرد کە دەمج بکرێت، (ماوەکە) بە تەنیا نێتن، لەگەڵ (کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە) بێت، (٣) کەسیش داوای کردووە (ماوەکە) هەر لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، (کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ماوەکە) بیخە دەنگدانەوە، ئایا لەگەڵ بڕگەی یەکەم دەمج بکرێتن، یاخود نا؟ ئەگەر دەنگی نەهێنا کە لەگەڵ بڕگەی یەکەم دەمج بکرێتن، ئینجا پێداچوونەوە بۆ بڕگەی یەکەم دەکەین لەسەر پێشنیارەکانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمج کردنی و دەمج نەکردنی تەقریبەن وەکو یەك وایە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی یاساکە هەر لە ماددەی (چوارەم) بڕگەی سێیەم هەمووی بەسەر یەکەوە هاتووە، مادام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئاگاداری نامەکە ئەم زانیاریانەی تێدا بێت (کات، شوێن، مەبەست، ڕێگای ڕۆیشتن، ناو و واژووی ئەندامانی ڕێکخەری خۆپیشاندان) هەر ئەوەیە، بەڵام لێرەدا بڕگە، بڕگە کراوە (١، ٢، ٣، ٤، ٥) ئەگەر نا بچۆوە سەر ئەسڵی ماددەکە بڕگەی سێیەم بە یەك ڕستەی دوور و درێژ هاتووە بەبێ خاڵبەندی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە خاڵی چوارەم و خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەم دەمج بکرێن (کات و شوێن و ماوەی خۆپیشاندانەکە) پێکەوە بنووسرێن، بەڵێ، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام پێشنیار لە (٣) کەس زیاتر هەیە بۆ ئەوەی (ماوەکە) نەمێنێت، پێشان ئایا بمێنی یان نەمێنێ، ئەگەر ما ئەو کاتە دەنگی لەسەر بدرێ دەمج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وایە ماوەی خۆپیشاندان لابدرێ زیاتر لە (١٢) کەس لەگەڵ دایە، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کرد (کات و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندان) ئەمە خاڵی یەکەم بوو، ئەگەر لەو حاڵەتەدابێ، دەبێ خاڵی سێیەم لابرێت، دەبێ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی خاڵی سێیەم نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە لێرەدا جارێ قسە لەسەر بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم دەکەین.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر پەیوەستە بە یەکەوە، بۆیە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ باسی خاڵی یەك دەکەین، لەسەر (کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە) هیچ داواکاریەك هەیە بۆ لابردنی؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری هەیە بکرێتە (کاتی دەست پێکردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە) زیاتر لە (٣) داواکاری هەیە بۆ ئەو تەعدیلە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین نوقتە نیزامیەکان؟ کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر من ئەوەم روونکردەوە جەنابت فەرمووت ئەوان دوایی دەیڵێن، ئەوەتا نایڵێن، ئیتر زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەمان کرد خاڵی یەکەم: کاتی دەست پێکردن و شوێنی خۆپیشاندانەکە، وەکو ئەوە بمێنێ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە باس کرا؟

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، ئاخر ڕێڕەوەکەی دەخاتە سەر، ئەوە نییە، دووەم ئەوە ئیشکالمان نییە، ڕێگای رۆیشتنی خۆپیشاندانەکە ئەوە زیاتر لە (٣) کەس پێشنیارمان کردووە کە لابرێت بەو هۆکارانەی کە باسمان کرد، چوارەم: ماوەی خۆپیشاندانەکە زیاتر لە (٣) کەس کە رەنگە ناوەکانیشم نووسیووە پێشنیارمان کرد کە لابرێت، یان ئەگەر لانەبرا ئەوە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، ماوەکە لەوێ کۆتایی پێ دێت کە وەڵامی بەڵگەداری لایەنی پەیوەندیدار بە دەست خۆپیشاندان دەگات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر وابڕوات لەوە دەچێ ئەسڵی یاساکە باشتر بێت، ماددەی (چوارەم) برگەی دووەم: پێویستە ناونیشان و ئیمزای ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان بگرێتەخۆ، مەبەستەکەشیان لەو بارەیەوە روون بکرێتەوە ڕێگای رۆیشتنەکە و کات و شوێن دەست نیشان بکات، واتە لە ئەسڵی یاساکە (ماوەی) تێدا نییە، ماوەی خۆپیشاندانەکە دەست نیشان بکات، یەعنی ئێستا بۆ ئەم (ماوەیە) هاتە ناو ئەم هەموارە، کە هەموارەکە بە قازانجی ئەوەیە باش بکرێ لە ئەساسدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە راپۆرتی هاوبەش هاتووە، داواکاری ئەندامانی پەرلەمان هەر چیەك بێت لەسەر ئەم بابەتە دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام هیچ ڕێگریەك نییە لەوەی کە هەبێت، بەڕێز خاتو امنە نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام داخازیا پتر ژ (٣) پەرلەمانتارا لەسەر هەندێ هەبویە كو خالا (٣، ٤) بێتە لابرن، دەستپێكێ دڤێتن وان بدەینە دەنگدانێ هەر وەختێ دەنگ هینا، یان دەنگ نەهینا، ئەگەر دەنگ نەهینا وی وەختێ دێ موناقەشە سەر هەندێ دكەین دەمج كردنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە، بەس ئەوەی كە پەیوەندی بە خاڵی یەكەوە هەیە هیچ پەیوەندی بە (ماوەكە) نییە، جیاوازە، بەس بیخوێننەوە لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم لە بڕگەی دووەم: زیاتر لە (٣) پێشنیار هەیە كە دەڵێ (كاتی دەست پێك و شوێنی خۆپیشاندانەكە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە لە ئاگاداریەكەدا ئەوەی تێدا بێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پاڵ ئەودا زیاتر لە (٣) پێشنیار هەیە كە دەڵێ (كاتی دەست پێكردن و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەكە)، جا پێكەوە دەیخەیە دەنگدان، یان یەكە بە یەكە دەیخەیە دەنگدان ئەوە رای بەڕێزتانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە جیا دەخەینە دەنگدانەوە، مادام پێشنیارەكان هەن، كەواتە یەكەم جار پێشنیاری یەكەم دەیخەینە دەنگدانەوە، تكایە ئەم جارەش بێخوێنەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەكەم: كاتی دەست پێك و شوێنی خۆپیشاندانەكە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٣٦) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (١٨) كەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، بێینە سەر بڕگەی دووەم خاڵی دوو، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە خاڵی یەکەم (ڕێڕەو) ماوە، چونکە زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ببێت بە (کاتی دەست پێك و شوێن و ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە)، زیاتر لە (٣) کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە (ڕێڕەو)یش دەمج بکرێ لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ڕێڕەو) لەوێ لە خاڵی سێیەمدا (ڕێگاکە) هەمان (ڕێڕەو) دەگرێتەوە، بەڵام من پێشنیارێکم کرد دیارە بەشێك لە خۆپیشاندانەکان ئەوەیە کە لە جێگایەکی سابت دەکرێ، بەڵام بەشێکی بە ڕێڕەوێکدا، بە ڕێگایەکی سەرەکیدا، بە شوێنێکدا بە ڕۆیشتنەوە پێویستە ئەمە نەقض بێ ئەگەر شوێنی کۆتایەکەی لێ دەست نیشان نەکرێ، ئەو کاتە هەم چالاکییە مەدەنییەکان و حکومەت لای روون نییە بۆ کوێ دەچێت، هەم دەشتوانێ بەرەو ئاقاری تر ببرێت، بۆیە ئێمە پێویستە لە بری (ڕێڕەو)ەکە ئەو ڕێگای ڕۆیشتنە لەگەڵ کۆتایەکەی بۆ کوێ دەبرێ دەست نیشان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبوایە لیژنەی یاسایی پێشتر ئەمەیان بخستایە دەنگدانەوە (ڕێڕەو)ەکەی لەگەڵ بوایە، بەڵام تازە یەکلایی کرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار بە پێشنیار دەیخەینە دەنگدانەوە، بیدایەتەن گوتمان پێکەوە دەیخەینە دەنگدان رەخنە گیرا، گوتیان پێشنیارەکان ئیهمال کراوە، ئێستا پێشنیار بە پێشنیار کە لە (٣) زیاتر بوو دەیخەینە دەنگدان و جێگای لە ناو بڕگەکەدا دەکەینەوە، پێشنیاری یەکەم ڕۆیی کە (کاتی دەست پێك و شوێنەکە) بوو، لە پاڵ پێشنیاری یەکەم بۆ هەمان خاڵی یەکەم پێشنیاری دووەم هەیە کە (ڕێڕەو)یش دابنرێت بۆ ئەوەی ڕێگای ڕۆیشتنی خۆپیشاندانەکە هەڵبگیرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرمووو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە درێژکرنا ماوەیێ دەنگدانێدا بە دیتنا من یا دروست نینە، چونکە مادام رەئی هەیە بۆ لابرنا هەندەك برگە هەر پیشنیار هەیە ئەو برگە دگەڵ برگەیا ئێکی دەمج ببیتن، حەوجەی هەندێ ناکات رەئیا دوور چییە لابرنا وان برگەیا ئەو دەچیتە دەنگدانێدا، یا دی دەبیتە تەحسیل حاصل، دەمج کرن یەکسەر دەبیتن یەك جار دەنگدان نە هوسا درێژە هەبیتن هەر پێشنیارەك جودا جودا بچیتە دەنگدانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەزانی هیچ رێگریەکیش لەوە نییە کە دوایی دێینە سەر خاڵی سێیەم داواکاری دەمج کردن و داواکاری لابردنی هەیە، دەتوانین لەوێدا بیخەینە دەنگدانەوە، کاك علی نوقتەی نزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی دووەم نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەگەر دەنگی هێنا پیشنیاری یەکەم لەغو دەکرێتەوە کە دەنگی هێناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، پێشنیاری یەکەم لەغو ناکرێتەوە، ئەمە ئیزافە دەکرێتە سەری، بەس با بێینە سەر خاڵی سێیەم ئەو کات پێشنیاری دمجەکەی دەیخەینە دەنگدانەوە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێستا (رێڕەوی خۆپیشاندانەکە) بیخەینە دەنگدانەوە دەنگی هێنا دواتر ناتونین ئەو پێشنیارە بخەنیە دەنگدانەوە کە داوای لابردنی دەکات، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام یەکەم جار (رێگای رێڕەوی خۆپیشاندانەکە و ماوەی خۆپیشاندانەکە) کە زیاتر لە (٣) کەس داوای کردووە لابرێت، یەکەم جار ئەو لابردنە بخرێتە دەنگدانەوە، دواتر مەسیری ئەوەی ترمان بۆ روون دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، برگەی دووەم خاڵی دوو هیچ پێشنیارێکی لەسەر نییە لیژنەی یاسایی وایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی دوو خاڵی دوو (٣) پێشنیار کراوە کە (مەبەست) هەڵبگیرێت، تەنها بوترێ (ئامانجی خۆپیشاندانەکە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، خاڵی سێ پێشنیار هەیە بۆ دەمج کردنی لە گەڵ خاڵی یەك، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم (٣) پێشنیار هەیە بۆ لابردنی، (٣) پێشنیاریش هەیە بۆ دەمج کردنی لەگەڵ خاڵی یەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با لە پێشدا دەمج کردن بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی سێیەم لەگەڵ خاڵی یەکەم دەمج بکرێت؟ کاك تحسین نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەبێ بخرێتە دەنگدان کە بمێنێ، یان نەمێنێ؟ دوایی بۆ دەمج کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە کە بمێنێ یان نەمێنێ؟ ئەو رەئیەی کە پێشنیار کراوە لابرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی سێ لە برگەی دووەم لە ماددەی (چوارەم) لابرێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٦) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جا پێشنیاری دەمجی هەیە لیژنەی یاسایی وایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، (٣) پێشنیار هەبوو کە دەمج بکرێتن لەگەڵ خاڵی یەکەم ببێتە (کاتی دەست پێك و شوێن و رێڕەوی خۆپیشاندانەکە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی سێ لەگەڵ خاڵی یەك دەمج بکرێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٩) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، خاڵی سێ لەگەڵ خاڵی یەك دەمج دەکرێت، دێینە سەر خاڵی چوارەم، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی ڕێگا یەعنی بۆ دەرەوەیە (طریق) لەبەر ئەوە ئەبێ ڕێڕەوەکە هەبێت ڕێڕەوە لەکاتێك کە دەمج دەبێ بکرێت بە ڕێڕەو ......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کاتێك لیژنەی یاسایی سیاغەی دەکا....

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

کە کاتێك دەمج کرا یەکسان ئەبێت ڕیعایەتی ئەوە بکەن ، ڕێگا یەعنی (طریق).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ سیاغە ، سیاغەی یاسایی ، سیاغە بۆ لیژنەی یاسایی ئەمێنێتەوە ، بێینە سەر خاڵی ٤ .

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

خاڵی ٤ : ماوەی خۆپیشاندانەکە، زیاتر لە سێ کەس داوای کردووە کە ماوەی خۆپیشاندانەکە هەڵبگیرێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ماوەی خۆپیشاندان هەڵبگیرێت؟ ٣٥ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی ٤ لابېرێ ، باابزانین کێ لەگەڵی نیە؟ ٤٨ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە ، خاڵی ٥ .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی ٥ : پێشنیارکرا کە (ڕێکخەر) هەڵگیرێ، هەر خۆی هەڵدەگیرێ ، ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لەبەر ئەوەی پێشتر دەنگی لەسەر دراوە بەو شێوەیە ، کەواتە هەر ئەیخەینە دەنگەوە ، بیخوێنەوە دکتۆرە ڤالاَ خاڵی ٥ ، کاك علی نوقتەی نیزامی هەیە با بزانین.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٣ کەس وتی (نوێنەران) بکرێ بە (نوێنەر)، لەبەر ئەوە حیسابی تاکە کەسەکەش بکرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشتر ئەوە باسكراوە، تاكە كەسیش بۆی هەیە ئاگاداری بكا ، دكتۆرە بەهار فەرموو,

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تاكە كەسی بێ لە بیدایەتەوە باسمان كردووە كە تاكە كەس نوێنەری نییە ، خۆیەتی ، بۆیە پێویست ناكا لێرە بڵێی نوێنەر ، نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە بڕگەی یەكەم باسمانكردووە ئەڵێین تاكە كەس......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، تكایە بێ دەنگی ، دكتۆرە ڤالا بیخوێنەرەوە .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (٥)م لە بڕگەی (٢) ناو و واژووی نوێنەرانی خۆپیشاندانەكە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ یەتی؟ ٨٠ كەس لەگەڵیەتی ، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ ، كەواتە پەسەندكرا ، نوقتەی نیزامی كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی چوارەم بڕگەی دووەم ، چوارەمی ماوەی خۆپیشاندانەكە ئەگەر بە هەڵدانەچووبم لە سێ پێشنیار زیاتر هەبوو بۆ ئەوەی ئەگەر مایەوە ماوەی خۆپیشاندان پەیوەندیدار بكرێ بە وەڵامدانەوەی بەلگەداری لایەنی پەیوەندیدارەوە، واتە بە شكلێك لە شكلەكان مەحكوم بكرێ بەوەی كە وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەمانندا بۆ ئەوە ، ئیشارەتماندا بە ئەسڵی یاساكە ، وتمان لە ماددەی پێنجەم لە فەقەرەی سێیەم ئەوە حەلكراوە ، ماددەی پێنجەم فەقەرەی سێیەم بە ڕوونی دەڵێ دەبێ لایەنی پەیوەندیدار داوای خۆپیشاندەران دوای خوێندنەوەی

وەربگــرێ پاشـــان لەگــەڵ لیژنـــەدا کـــە بـــووە بـــە نوێنـــەر کۆببێتـــەوە بـــۆ دۆزینـــەوەی چارەسەری گونجاو بۆی لە ماوەیەکی دیاریکراوی گونجاودا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـــەڕێزان لـــە لیژنـــەی یاســـایی و لیژنـــە پەیوەندیـــدارەکان ئـــەبێ لێـــرەدا ڕوونکردنەوەیـــەك بـــدەن ڕاپۆرتەکـــەتان ئـــەوە ڕوون ناکاتـــەوە ، ئایـــا بـــەس تـــەنها ئـــەو بڕگانـــە لـــە دەقـــی ئەســـڵی یاســـاکە هـــەموار دەکرێتـــەوە؟ کـــە لێـــرە نووســـیوتانە یـــان لێـــرە لـــەماددەی پێنجـــەم ئـــەڵێن (مـــاددەی پێنجـــەم هـــەموار دەکرێتـــەوە، بـــەم شـــێوەیە دەخوێندرێتـــەوە ، بڕگـــەی یەکـــەم و دووەم بڕگـــەی ســـێیەمی تێـــدا نییـــە ، ئایـــا تـــەنها بڕگـــەی یەکـــەم و دووەم لـــە مـــادەی پێنجـــەم هـــەموار دەگرێتـــەوە؟ یـــان ســـەرجەم ماددەکـــە هـــەموار دەکرێتـــەوە بڕگـــەکانی تـــری تێـــدا نامێنێت.

**بەڕێز د. ڤالاٌ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تـــەنها لـــە ڕاپۆرتەکـــەمان ئیـــشارەتمان داوە بـــەو بڕگانـــەی کـــە هـــەموار دەکرێتـــەوە ، ئـــەو بڕگـــەو ماددانـــەی کـــە هەموارناکرێتـــەوە هـــەموو لـــە دەقـــی یاســـاکە لـــە ئەســـڵی یاســـاکە وەکـــو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، پێش کاك سالار ، شکریەخان نوقتەی نیزامی ، باشە کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــن نوقتـــەی نیـــزامیم نییـــە تـــەنیا ڕوونکردنـــەوە ، بۆچـــوونەکەی جـــەنابت تـــەواو دروســـتە لـــە دەســـتپێکەوە هـــاتووە ، مـــن دەچـــمەوە ســـەر مـــاددەی چـــوارەم ناچـــمەوە ســـەر مـــاددەی پێنجـــەم ، ئـــەڵێ مـــاددەی چـــواری ئـــەم یاســـایە بـــەم شـــێوەیە دەخوێندرێتـــەوە ، واتـــە ئـــەم بڕگانـــە کـــە چەســـپی ئەوانیدیکـــە هـــیچ هینێکـــی نامێنێتـــەوە ، ئەگـــەر پێویـــستکا بمێنێتـــەوە ئیزافـــە ئـــەکرێ یـــان بـــاس ئـــەکرێ ، لـــە مـــاددەی فلانیـــا بڕگـــەی فلانـــی هەمواردەکرێتـــەوە ، چـــونکە لێـــرە لـــە مـــاددەی چـــوارو لـــە مـــاددەی پێنجـــدا هـــاتووە کـــە دەڵـــێ مـــاددەی پێنجـــەم هەمواردەگرێتـــەوە بـــەم شـــێوەیە واتـــە مـــاددەی پێنجـــی یاســـاکە دەبێتـــە ئـــەوەی کـــە ئێـــستا لـــە ڕاپۆرتەکـــەدا هەیـــە ، ئەمـــە تێگەیـــشتنی ئێمەیـــە هیـــوادارم وەکـــو جـــەنابت وتـــت ڕوونبکرێتـــەوە لـــە دەســـتپێکەکە یـــان ئـــەم بڕگانـــە ئیزافـــە دەکـــرێ لـــە مـــاددەی پێنجـــەم یـــان حـــەزف دەکـــرێ لـــەماددەی پێنجـــەم یـــان پێـــدا چـــوونەوەی پـــێ دەکـــرێ هـــەر بڕگەیـــەك کـــە پێویست بکا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە ، کەواتە ئێستا ئەو ڕوونکردنەوەی کە لیژنەی یاسایی دایان تەنها ئەو بڕگانەی ماددەکانی دەقی ئەسڵی یاساکە هەموار دەکرێ کە لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە ، بۆ نموونە بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەکرێتەوە ، بڕگەی دووەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ ، بڕگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ ، بڕگەی چوارەمی دەقی ئەسڵی یاساکە هەموار دەکرێ ، بەڵام بۆ نموونە لە ماددەی پێنجەمدا ، کە ماددەی پێنجەم لە دەقە ئەسڵیەکەدا سێ بڕگەیە لێرە تەنها بڕگەی یەکەم و دووەمی هەموار کراوە ، بڕگەی سێیەم لە دەقی ماددەی پێنجەم ئەسڵی یاساکە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە چونکە هەموار نەکراوە ، وایە لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

بەڵێ سەرۆکی پەرلەمان ، وەکو خۆی دەمێنێتەوە بڕگەی سێیەم لەبەر ئەوەی تەنها دەستمان بۆ بڕگەی یەکەم و دووەم بردووە ، بڕگەی سێیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە لە ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە ، بەڵێ فەرموو دکتۆر عزەت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە لەشێوەی پێشنیارا باسی ئەکەم ، کە هەموارکردنەوە بۆ پرۆژە یاسایەك بۆ ئێمەی پەرلەمانتاری لە خولی چوارەم ئەنێردرێ ، شایەت ئەو پرۆژە یاسایە لە خولی دووەما یاخود هەموو پەرلەمانتارەکان ئەو پرۆژەیان لانییە ، بۆیە کە دێینە پەرلەمان بۆ موناقەشەکردنی گرنگە ئەو پرۆژە یاسایانەشمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو موناقەشەی کە دروست بوو دروست نەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عزت لە سایتی پەرلەمان تێدایەتی ، هی هەموو ساڵەکانی تێدایە ، لێرە کار ئاسانیش کرایە مادام باس لەوە دەکرێ ژمارەی یاساکە ، ساڵی پەسندکردنی یاساکە نووسراوە ، کار ئاسانی بۆ ئەندامی پەرلەمان دەکرێت کە بڕواتە سەر یاسا ئەسڵیەکە وە بیخوێنێتەوە ، مامۆستا ڕابوون نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ، لە هەموارکردنەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، سەرنجی لیژنەی یاسایی بۆ ڕادەکێشم ، لە هەموارکردنەوەکە ئەو شوێنانەی لە هەموو یاسایەکە ، ئەو شوێنانەی کە دەخوازێ بۆ نموونە وشەی لیژنە دەڵێ بکرێ بە نوێنەر ، کەواتە ئەوە ئەو دەست کاری و داڕشتنە دەکرێ...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ سیاغەیە ، بڕگەی (٣) لە ماددەی (٤) کاك قادر نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی (٥) بڕگەی (٣) ئەمە کە وشەی لیژنەمان لابرد وە نوێنەرمان دانـاوە پێویستە ئەمە لیژنەی یاسایی دیقەتی بدا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەوە لە سیاغەدا هەمووی چاك دەکرێتەوە ، لە بڕگەی سێیەمدا پێشنیارەکان لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە ، تۆزێکیش کورتی بکەینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین ڕاپۆرتەکە ، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکم هەیە بۆ لیژنەی قانونی ، ئێمە ئەو ڕاپۆرتەمان کردە ئەساس بۆ گفتوگۆ ، ئایا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو خالآنەی کە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ لە ڕاپۆرتی ئەسڵیدا؟

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

لە ئەسڵی یاسایەکەیە تەنها ، ڕوونکردنەوە بوو ئەمەیان .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله لە نێوان دوو پڕۆژە یاسا کە پێشکەش کراوە بۆ هەموار ، ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان لە نێوان ئەم سیانەیاندا ڕاپۆرتی هاوبەش کراوەتا بنەما ، ئەگەر نا ئەسڵی یاساکە وەکو خۆیەتی ، فەرموو .

**بەرێزد. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگـــەی ســێیەم لـــە مـــاددەی چـــوارەم ، ســـێ پەرلـــەمانتار داوای كـــردووە كـــە ئـــەو برگەیـــە هەلگیرێ .

**بەرێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـــێ لەگـــەڵ ئەوەیـــە برگـــەی ســـێیەم لـــە مـــاددەی چـــوارەم هـــەلگیرێ؟ لابرێـــت؟ ٣٤ كـــەس لەگـــەڵ ئەوەیـــە كـــە لابـــرێ ، كـــێ لەگـــەڵ ئـــەوە نییـــە كـــە لا نـــەبرێ؟ ٥٠ كـــەس لەگـــەڵی نییـــە ، كەواتـــــە پەســـــەند نـــــەكرا وەكـــــو خـــــۆی ئەمێنێتـــــەوە ، ئێـــــستا بـــــا بـــــچینە ســـــەر هەمواركردنەكانی .

**بەرێز د. ڤالآ فريد اراهيم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هـــەمواركردنی برگـــەی ســـێیەم ، بـــەرێز ســـەرۆكی پەرلـــەمان ســـێ پێـــشنیار داوای كـــردووە كـــە پاســـاوی دروســـت و شـــیاو لـــەپێناو بەرژەوەنـــدی گـــشتیدا ئـــەو پاســـاوە پاســـاوێكی مەتاتیـــە ، بـــەلآم بـــەدیلیان نـــەداینێ لـــە دوای هـــەلگرتنی پاســـاو ئەگـــەر دروســـت و شـــیاو لـــە پێنـــاو پەرژەوەنـــدی گـــشتیدا نـــەبێ ، ئایـــا پاســـاوەكە بـــە موتلّـــەقی جێبـــێلین؟ چـــونكە ئێمـــە لێرانـــە بـــە جیهـــەتی مـــەعنیمان وتـــووە ، بـــە ســـوڵتەی جێبـــەجێكارمان وتـــووە ، وتوومانـــە ئـــەو پاســـاوەی كـــە هەتـــە بـــۆ گـــۆڕینی كـــات و شـــوێن ، ئاگاداربـــە دەبـــێ پاســـاوەكە دروســـت بـــێ ، شـــیاو بـــێ و لـــە پێنـــاو بەرژەوەنـــدی گـــشتی دابـــێ ، ئینجـــا بـــۆ دیراســـەكردنی ئـــەو حاڵەتـــەش ئایـــا ڕاســـتە دەســـەلآت ئـــەو پاســـاوە پێیوایـــە لـــە بەرژەوەنـــدی گـــشتی دایـــە؟ ، هـــەروەها شـــیاو و دروســـتە ئـــەوە بـــە هەماهـــەنگی دامـــان نـــاوە لەگـــەڵ لیژنـــەی ڕێكخـــەری خۆپیـــشاندانەكە ، واتـــــە لەگـــــەڵ نوێنـــــەرانی خۆپیـــــشاندانەكە بـــــە هەماهـــــەنگی ئـــــەوان كـــــات و شـــــوێنی خۆپیـــشاندانەكە دەگـــۆڕن بـــەلآم لـــە كاتێكـــدا كـــە پاســـاوەكە ، پاســـاوێكی دروســـت و شـــیاو بێتن ، هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بێ ، سوپاس.

**بەرێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

ئەمـــە وێـــت ڕوونكردنـــەوەتان بـــدەمێ بـــۆ ئـــەوەی ســـورەكە وازح بـــێ ، باشـــە نوقتـــە نیزامیـــەكانیش وەردەگـــرین ، ئێـــستا ئـــەوە دەنگـــی نـــەهێنا ، دەنگـــی نـــەهێنا لـــە لایـــەن ئەنـــدامانی پەرلەمانـــەوە كـــە ئـــەم برگەیـــە هـــەڵبگیرێ ، واتـــە ئێـــستا دەرفـــەت هەیـــە بـــۆ گـــۆڕینی ڕێـــڕەو ، كـــات و شـــوێنی خۆپیـــشاندان بـــە پێـــی ئـــەم برگەیـــە ، بـــەلآم لێـــرە بـــەپێی ئـــەوەی كـــە ڕاپـــۆرتی هاوبەشـــی لیژنـــە پەیوەندیـــدارەكان حازریـــان كـــردووە هەنـــدێك قەیـــدی لەســـەر دانـــراوە ، هەنـــدێك پێـــشنیاریش هەیـــە بـــۆ قەیـــدی دیكـــە ، بۆیـــە ئەمـــە

پاساوی دروست و شیاو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وەکو قەیدە لەسەر وەزیر و یەکەی ئیداری ، پێشنیار کراوە کە لابرێت واتە ئەو قەیدانە لابرێت ، نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین کاک دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوەی پێشتر ئیتفاقتان لەسەر کردبوو لەو کۆبوونەوەیە ، بە هەماهەنگی بێتە شوێن ، بێتە ناو پێشتر ئەوە بخەیە دانگدان ، پێموایە کێشەکانی دی خۆی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەبێ ، چونکە ئەوە بە ڕەزامەندی خۆپیشاندەرانە یان بە هەماهەنگییە، بۆیە ئەوە بخە دەنگدان ئەوجا ئەوانی دی ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، نوقتەی نیزامی کاک ابوبکر؟

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە فالاً کە پێشنیارەکان دەخوێنێتەوە دەڵێ سێ پێشنیار ، پێموایە ئەبێ بڵێ سێ کەس ، سێ پەرلەمانتار ، چونکە پێشنیار مانای ئەوەیە لە ڕووی جیاوازییەوە ، لە ڕووی جۆرەوە سێ پێشنیار هەیە ، لەبەر ئەوە ئەبێ وای لێبکا بە ڕەئی من ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی وتی بەدیلیان پێشکەش نەکرد ، زیاتر لە سێ پەرلەمانتار پشتیوانی ئەوەی کرد و بەدیلیشی پێشکەش کرد کە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری دەتوانێ شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ ئەگەر ئەو شوێنە لە لایەن گرووپێکی دیکەوە ئاگاداری نامەی بۆ پێشکەش کرابوو ئەمە بە دیلی ئەو پاساوی دروست و شیاو و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتییە کە زۆر بڕوامان پێی هەیە و مەتاتییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاک مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو ، من سێ خاڵم پێشنیار کرد وەکو بەدیل هەر سێ خاڵیشم لای خۆم نووسیوە ئەوە یەك ، دووەم وشەی شیاو بە مەعنای (اهلیة) دێ لە پێشانیش ئەو ووشەمان بەکار هێناوە ئەهلییەی یاسایی ، بەس ئەگەر بمینێتیش ئەو وشەیە مەعقول نییە لێرەبیت و بڵێی پاساوی ئەهلیە ، پاساوی شیاو ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەهلیە شیاوییە ، نەك شیاو ، ئەهلیە شیاوییە ، دکتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پێشنیارەکان کۆبکەینەوە زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان هینی کردووە ، وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە ماوەیەکدا کە لە ، ئەو ٢٤ ووتمان پابەندە بە خاڵەکەی سەرەوە کە لەوێ کراوە بە (٢٤) سەعات لێرانە دەبێ ئەوەشیان ببێ بە ١٢ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکمان هەیە لەبەر ئەوە پەیوەستی بە دەنگدانمانەوە هەیە ، ئەم هەماهەنگییە ئەگەر نوێنەرانی خۆپیشاندەران ڕازی نەبوون ئایا بەرپرسانی دەسەڵات خۆیان بۆیان هەیە بیگۆڕن یان بۆیان نییە؟ چونکە نەگەیشتوونەتە هەماهەنگی ، لەم ماوە نەگەیشتونەتە هەماهەنگی چی دەکرێت؟ بۆیە ئەگەر ڕەزامەندی بەکاربێت لە دیدی من باشترە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەوە .

**بەڕێز د. ڤالاَ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەماهەنگی و بە ڕەزامەندی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران ، هەر دەبێ هەماهەنگی بكرێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ، چونكە لێرە بیزات ئەو خاڵە واجبەكە دەخاتە ئەستۆی سوڵتەی تەنفیزییەوە ، واجب لە ئەستۆی وی دایە ، مەبەست لێرانە ئەوەیە شوێنەكە دەگۆڕێ ، كاتەكە دەگۆڕێ دەبێ پاساویش بداتن كە بتوانێ بیانپارێزێت....

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی هەماهەنگی و ڕەزامەندی ، باشە ، باشە ، كاك سالار ڕەئی لیژنەی كۆمەڵگەی مەدەنی ، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگەی مەدەنی بەم جۆرەیە كە بڕگەی سێیەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە (وەزیر یان سەرۆكی یەكەی ئیداری بە ڕەزامەندی نوێنەری ڕێكخەری خۆپیشاندان بۆی هەیە كات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت بە مەرجێك لە ڕێگای نووسراوێكی ڕەسمییەوە ئاگاداری نوێنەری ڕێكخەری خۆپیشاندان بكاتەوە ، لەگەڵ دیاریكردنی هۆكارەكەدا ، ماوەكەش لە ٢٤ سەعات كەمتر بێت نەك ١٢ سەعات ، كەمتر لە ٢٤ سەعات ) ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڵێ دكتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەو قەوانینانەی موتەبەعن دائیمەن سوڵتە موافەقە دەدات ، یەعنی ڕەزامەندی هاووڵاتی نایدا ، بۆیە ئەگەر هەر بمانەوێ بە قوەتی بكەین یەعنی ئەوە هەماهەنگی بالتنسیقە ، بەس ئەگەر بمانەوێ بە یەكەوە بیكەن ، یەعنی بڵێین بە یەكەوە ، بەلاَم موافەقە دائیمەن جیهەتی ئیداری موافەقە دەدات بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر شتێك ، نەك هاووڵاتی بیداتە جیهەتی ئیداری ، بۆیە ئەگەر بە نیازن بەقوەتی بكەن ، ناكرێ بەبێ هاووڵاتی ، بیكەنە بەیەكەوە یەعنی دەیكەن ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دكتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئاوا بێ (وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری ، بە ڕێکەوتن لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێ بە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕێکەوتن ، بە تەنسیق ، بە هەماهەنگی هەمان مانا دەگەیەنێت ، بە هەماهەنگی بی لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بە هەمان شێوەیە بە تەنسیق و تەوافوق بێتن بەهەمان شێوەیە وە بە ڕێکەوتنیش بێتن هەمان شێوەیە ، یەعنی نازانم لێرە جیاوازیەکە لە بەینی ئەو موستەڵحانە چین؟ .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێکەوتن ڕەنگە هین بێت ئیتیفاق بێت ، هەردوولا پێویست دەکا ڕێکەون ئەوەی کە دکتۆر فرسەتیش باسی کرد ، واتە پێکەوە ئەبن لەوەیا ، مامۆستا ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی دکتۆر فرسەت زۆر دەقیق و زۆر بە جێیە ، بەڵام تکایە ئەو دێ ، ئینجا پێشنیارەکەی دکتۆرە ڤالآش ، چونکە ٢٤ سەعاتەکە ئینجا ئەگەر ١٠ دەقە پێش دەست پێکی خۆپیشاندان ئەوەکە بکرێ ، کەواتە بکرێتە ١٢ سەعات ئیشەکەمان حەل دەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕێکیخەنەوە ئەو پێشنیارانە ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر یان سەرۆکی یەکەی ئیداری بە پاساوی دروست و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بۆی هەیە کات و شوێنی خۆپیشاندان بگۆڕێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران لەماوەیەکدا کەلە ١٢ کاتژمێر لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ، کاك عادل خرایە دەنگەوە ، ٦٥ کەس لەگەڵ ئەوەیە ، لەگەڵ ئەو بڕگەی کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە ، کێ لەگەڵی نییە؟ ٦ کەس لەگەڵی نییە ، کەواتە پەسەندکرا ، خاڵی چوارەمیش پێشتر خستوومانەتە دەنگدانەوە کەواتە پەسەندکراوە ، ٣ ماددەی زۆر کەممان ماوە پێمەوابێ ئەوەندە موناقەشەش هەڵناگرێ ، ڕێککەوتنیشی لەسەر کراوە ، ئەیخوێنینەوە ماددە بە ماددە بۆ ئەوەی وتوویژی لەسەر بکەین ، بەڵام تکایە زۆر بە خێرایی وتوویژی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەمرۆ ئەم پرۆژە یاسایە تەواو بکەین ، دوو پرۆژە یاسای دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە پێویست دەکا قسەی لەسەر بکەین ، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم هەر لە ماددەی چوارەم لە ئەسڵی یاسایەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ، دەبێتە بڕگەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی چوارەم لەماددەی چوارەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟ ، بەڵێ.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

بەڵێ لە ئەسڵی یاساکە دەبێتە بڕگەی پێنجەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ماددەی پێنجەم ، ماددەی پێنجەم تکایە بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادددەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

یەکەم : هەموو هاووڵاتیان و ئەوانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا نیشتەجێن و کەسە مەعنەوییەکان کە بەپێی یاسا مۆڵەت دراون ، ئازادی ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان هەیە لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکانی ناو ئەم یاسایە بەمەرجێك خۆپیشاندانەکە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی یان سیستەمی گشتی یان ئادابی گشتی نەبێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی دووەم بەو شێوەیە بیخوێننەوە کە پێشتر خوێندمانەوە .

**بەڕێز د. ڤالاَ فريد ابراهيم:**

برگـــەی دووەم ئـــەوەی ئیتفـــاقی لەســـەر کرابـــوو : دەبێـــت پۆلیـــسی چـــالاکیە مەدەنییـــەکان هـــەر خۆپیـــشاندان و گردبوونەوەیـــەك بپـــارێزن کـــە ڕوودەدات و لـــەکاتی پێویـــستدا دەزگای پۆلیس هاوکاریان دەبێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســـەبارەت بـــە مـــاددەی پێنجـــەم برگـــەی یەکـــەم ، ئێمـــە ڕێککـــەوتین لەســـەر ئـــەوەی کـــە ئـــەو دەســـتەواژەی کـــە بـــۆی زیـــادکراوە بەمـــەرجێك خۆپیـــشاندانەکە پێـــچەوانەی بەرژەوەنـــدی گـــشتی یـــان سیـــستەمی گـــشتی یـــان ئـــادابی گـــشتی دەبێـــت لابـــدرێت ، بۆیـــە ئێـــستا ئەگـــەر تەســـبیتی ئـــەوە بکـــەی کـــە لابـــدرێت ئەنـــدامانی بـــەڕێز ناکەونـــە نـــاو ئـــەو گفتوگۆیـــە ، چونکە ئیسراریان کردەوە کە ئەمە نەمێنێ .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یـــەعنی لـــە ئیـــستاوە بـــزانن ئـــەو پێـــشنیارە هەیـــە کـــە دوایـــی برگـــە بـــە برگـــە ئەیخەینـــە دەنگـــەوە ، ئـــەو پێـــشنیارە هەیـــە کـــە ئـــەوە لابـــبرێ ، کـــێ قـــسەیەکی زیـــاتری هەیـــە لەســـەر ئـــەوە بیکـــا؟ ئەگـــەرنا ئـــەوە ئەخەینـــە دەنگـــەوە کـــە (بەرژەوەنـــدی گـــشتی یـــان سیـــستەمی گشتی یان ئادابی گشتی لابرێت) ، تەواو کاك سالار وایە؟ .

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـــە وەکـــو لیژنـــە ڕامـــان وایـــە لـــە ئێـــستاوە هـــەر عـــەرزی پەرلـــەمان نـــەکرێت ، چـــونکە لەسەری ڕێککەوتین بۆ ئەوەی موناقەشەش نەکرێ ، ئەگەر نا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـــەپێی پـــەیڕەوی نـــاوخۆ ئـــەبێ گفتوگـــۆی لەســـەر بکـــرێ ، بـــەلاَم ئـــەوە بـــزانن کـــە پێـــشنیار هەیـــە بـــۆ لابردنـــی ، بۆیـــە ئەگـــەر قـــسەیەکتان هەیـــە لەســـەر لابردنـــی مەیکـــەن ، کـــاك ڕابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـــن پـــشتگیری لـــەو قـــسەیە دەکـــەم ، یـــەعنی ئێمـــە ئیتفاقمـــان کـــردووە بۆئـــەوەی ئیتیفاقەکانیـــشمان بەرهـــەمیان هـــەبێ لابـــبرێ ، تـــۆ ئێـــستا بیخـــە دەنگدانـــەوە لابـــبرێ یـــان

نـــا؟ ، كــه لامـــان بـــرد مـــن پێموايـــه قـــسه‌يه‌كی وا نامێنێتـــه‌وه ، ئه‌گـــه‌ر قـــسه هـــه‌بوو بكـــرێ خۆشتره ......

**به‌ڕێز د. يوسف محمد صادق/ سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

كاك عمر فه‌رموو.

**به‌ڕێز عمر عينايه‌ت حه‌مه سعيد:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

تـــه‌نها ســـه‌رنجم ئه‌وه‌يـــه وشـــه‌ی (داواكـــاری) كـــه لـــه گـــشت بڕگـــه‌كان و به‌نده‌كانـــدا هـــاتووه بكـــرێ بـــه (ئاگـــاداری) ، چـــونكه لـــه بڕگـــه‌ی چـــوار مـــادده‌ی چـــوار لـــه حاڵـــه‌تی وه‌ڵام نه‌دانه‌وه‌ی داواكارييه‌كه ده‌بێ بكرێ به ئاگاداريه‌ك ، سوپاس.

**به‌ڕێز د. يوسف محمد صادق/ سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

زۆر ڕاسته ، ئه‌وه له سيغه‌يا هه‌مووی سياغه ئه‌كرێته‌وه ، كاك ڤه‌مان فه‌رموو.

**به‌ڕێز ڤه‌مان فيصل سليم**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان :**

مـــاددێ چـــووی ژ فه‌قـــه‌ره چـــارێ ده‌نگـــدان ســـه‌ر هـــاتبێ كرنـــێ و بـــه پێـــی پـــه‌يره‌وی نـــاوخۆ ژ هـــه‌ر تـــشته‌كی ده‌نگـــدان ســـه‌ر هـــات كرنـــێ و نـــابيتن موناقه‌شـــه ســـه‌ر بێتـــه كرنـــێ هـــه‌می په‌رلـــه‌مانتارا موناقه‌شـــه لـــسه‌ر وێ برگـــه‌ی كـــر ، بـــه بـــيرا كه‌ســـێ نـــه‌هينا كـــو ده‌نگـــدانێ ســـه‌ر وێ برگـــه هاتيـــه كرنـــێ پێـــدڤی ناكـــاتن ڕه‌ئيـــه‌ت خـــۆ لـــسه‌ر وێ بـــده‌ن ، جـــا بـــۆ هه‌نـــدێ ڤـــێ مـــادده ژێ ده‌نه‌كـــه‌ڤين نه‌فـــسيه خه‌ڵـــه‌تێ حه‌ســـم بـــی و پێـــدڤی ناكـــاتن بێـــت خانـــدنێ و موناقه‌شه بێت سه‌ر كرنێ ، سوپاس.

**به‌ڕێز د. يوسف محمد صادق/ سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

سوپاس ، كاك ڤاره‌مان فه‌رموو.

**به‌ڕێز ڤاره‌مان ڤادر فتاح:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

مـــادده‌ی پێنجـــه‌م برگـــه‌ی دووه‌مـــی ( ده‌بێـــت پۆليـــسی چـــالاكيه مه‌ده‌نييـــه‌كان خۆپيـــشانده‌ران بپـــارێزن لـــه‌كاتی پێويـــست ده‌زگـــای پـــۆليس) ، ده‌زگـــای پـــۆليس زۆر خوێندنـــه‌وه‌ی بـــۆ ده‌كـــرێ ، پۆليـــسی فرياكـــه‌وتنمان هه‌يـــه لـــه هـــه‌موو خۆپيـــشاندانه‌كان بـــه‌كار هـــاتووه ، زێره‌ڤانيمـــان هه‌يـــه لـــه وه‌زاره‌تـــی ناوخۆيـــه ، پۆليـــسی چـــالاكيه مه‌ده‌نييـــه‌كانمان هه‌يـــه ، پۆليـــسی كاره‌بامـــان هه‌يـــه ، بۆيـــه ده‌كـــرێ مـــن پێـــشنياره‌كم بكرێته پۆليسی مه‌حه‌لی ئه‌گه‌ر زياديش بكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشــە ، ســوپاس ، ئێــستا ئەگــەر هــیچ ئیعتراژێکتــان لەســەر ئــەوە نــەبێ ، ئــەو بڕگــەی یەکــەم لــە مــاددەی پێنجــەم بــەو شــێوەیە بخەینــە دەنگدانــەوە کــە دەســتەواژەی پێــچەوانەی بەرژەوەنــدی گــشتی ، سیــستەمی گــشتی ، ئــادابی گــشتی نــەمێنێت ئــەوە دەخەینــە دەنگــەوە کــەس وتووێــژ لەســەر ئــەو ماددەیــە ، لەســەر ئــەو بڕگەیــە ناکــا؟ کــەس وتووێــژی لەسەر ناکا؟ ، کەواتە ئەیخەینە دەنگەوە لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

هــەموو هاوولآتیــان و ئەوانــە بەشــێوەیەکی ئاســایی لــە هەرێمــدا نیــشتەجێن و کەســە مەعنەوییــەکان کــە بــە پێــی یاســا مۆڵــەت دراون ، ئــازادی ڕێکخــستنی خۆپیــشاندانیان هەیە لە پاش گرتنەبەری ڕێکارەکانی ناو ئەم یاسایە .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کــێ لەگەڵیــەتی؟ ٦٩ کــەس لەگەڵیــەتی ، کــێ لەگــەڵی نییــە؟ ٤ کــەس لەگــەڵی نییــە ، کەواتــە پەســەندکرا ، بڕگــەی دووەم داوا لــە ســەرۆکی لیژنــەی نــاوخۆی پەرلــەمان دەکــەین کــە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدات ،لەسەر دەزگای پۆلیس ، فەرموو .

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێــرەدا مەبەســت لــە دەزگــای پــۆلیس ئــەو پۆلیــسە مەحەلیانەیــە کــە لــە بنکــەکانی پۆلیــسدا دەوام دەکــەن ، ئێمــە بەتەنــسیق لەگــەڵ وەزارەتــی نــاوخۆ و بەتەحدیــد لەگــەڵ بەڕێوبــەری گــشتیدا پەیوەنــدیمان کــرد ، پــۆلیس تــەعریف کــراوە بــەو پۆلیــسانە دێــت کەلــە بنکــەکانی پــۆلیس دەوام دەکــەن ، مەبەســت پۆلیــسی مەحەلییــە ، نــەشمان وتــووە دەزگاکانی  پۆلیس ، وتوومانە دەزگای پۆلیس...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جــا هــەر لــە نــاو کەوانــەیا پۆلیــسی مەحــەلی بنووســن هــیچ ئیــشکالێکی تێــدا نــامێنێ ، بڕگەی دووەم لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگــەی دووەم : دەبێــت پۆلیــسی چــالاکیە مەدەنییــەکان هــەر خۆپیــشاندان و گردبوونەوەیــەك بپــارێزن کــە ڕوودەدا ، لــەکاتی پێویــستدا دەزگــای پــۆلیس هاوکارییــان دەبێت .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو قەوسا پۆلیسی خۆجێیی ، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگــە جــاری وەهــا ئــەبێ پێویــست بکــا ئــاگرێ بکەوێتــەوە ، پۆلیــسی ئــاگر کوژێنــەوە پێویــست بــە هاوکــاری ئــەوان بکــا ، بۆیــە نــاکرێ تــەنها دەســت نیــشان بکــرێ بــۆ هاوکارییان......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح ئەمە بۆ پاراستنیانە ، بۆ پاراستن...

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

ئــێ پاراســتنیش ئاگرێــك دەکەوێتــەوە دێنــە ئــەوێ ئــەیپارێزن ، کــە بــەو یاســایە تــۆ قەدەغــەتکردووە ئــەوان بێنــە نــاو خۆپیــشاندەران قەدەغــە ئــەکرێ ، بۆیــە لــەکاتی هاوکارییان ناکرێ بەپێی ئەوە بێ قەدەغە ئەکرێ ئەوان بێن بۆ پاراستنی ئەوان...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لــەکاتی ئــاگر کەوتنــەوە پۆلیــسی ئاگرکوژێنــەوە دەچــێتە ئــەو شــوێنەی ئــاگری لێکەوتۆتەوە ئەوەندە مەوزوعەکە موعەقەد مەکەن ، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێــشتر ئــەڤ برگــە ئێخــستی دەنگــدانێ ، یــەعنی بــە پێــی چ ســەلاحیەتەك ئیزافــە نووکــە ســەر دێتــە کرنــێ؟ ، نــە ئێخــستنا دەنگــدانێ ، دەنگــدان ســەر نەکــەڤت ، یــەعنی بــە پێــی چ ســەلاحیەتەك ئەڤــە ، بــە پێــی مــاددە (٥٦) برگــا (٢) یــەعنی حەســم بــی ئیــدی ، پێــدڤی ناکا پۆلیسی مەحەلی بیتە ناڤ پتر بتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ســوپاس ، دکتــۆرە ڕێــواز فــەرموو ، باشــە مامۆســتا هــەورامان ئــەتبینم ، باشــە کــاك قارەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێــشتر مــن کــە وتم لەگــەڵ ئــەو فەقــەرەی بڵــێن پێــشوو مــاددەی کــە ئیزافــەی بــۆ نــەکرێ ، هــەردوو برگــەی مــاددەی چــوارەم و برگــەی دووەم لــە مــاددەی پێنجــەم خراوەتــە

دەنگـــدان ، مـــن وا تێنەگەیـــشتووم ، مـــن دەنگـــم بـــەوە نـــەداوە ، بـــەڕێزت وتـــت خراواتـــە دەنگدان و تەواو بووە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە خستمانە دەنگەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

ئـــێ ، کەواتـــە مـــن لەگـــەڵ ئـــەوەم کـــۆی موناقەشـــە بکرێتـــەوە ، مـــن وا هەســـت دەکـــەم دەنگـــم بـــەوە نـــەداوە ، بـــەڵام مـــادام بـــوو بـــە بڕیـــاری پەرلـــەمان دەنگـــی لەســـەر دراوە جـــارێکی تـــر نابێ بگەڕێینەوە سەری ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـــەتوانین چارەســـەری ئەمـــە بکـــەین کـــە لـــە تەرجومـــەی عەرەبییەکـــەی ئـــەو کاتـــە دەزگـــای پۆلیسی مەحەلی بنووسن ، با لیژنەی یاسایی جارێکی تر بیخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم : دەبێـــت پۆلیـــسی چـــالاکییە مەدەنییـــەکان هەرخۆپیـــشاندان و گردبوونەوەیـــەك بپارێزن ، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیسی خۆ جێی هاوکاریان دەبن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك قارەمان؟ .

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جـــەنابتان وتتـــان کـــە خـــرا دەنگـــدان لـــە ڕێگـــای ئـــەم دوو بڕگەیـــەوە چارەســـەر دەکـــرێ ئێمـــە ڕازیبـــووین دەنگمـــان پێـــدا ، نـــە وتـــرا موناقەشـــەی لەســـەر نـــاکرێ وتتـــان لـــە ڕێگـــای ئـــەم دوو بڕگەیەوە چارەسەری دەکەین لە ماددەی ۳ گۆڕانکاری تێدا ناکەین ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امینە فەرموو .

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـــەوە ئـــەم پێگەهـــشتین هـــەردوو مـــاددە پێگڤـــە چـــوونە دەنگـــدانێ خـــەلاس بـــووە ، ئـــەز تێناگەهـــەم ئـــەڤ هـــەمی گومانـــە بـــۆ چـــییە؟ ســـەرا چـــییە و بێخەمـــە چـــییە؟ یـــەعنی گومـــانی بـــۆ چـــییە؟ ئـــەم دســـەر یـــەك و دوو بکـــەین ، ماددەیـــەکا دەنگـــدان ســـەر هاتـــە کـــرن تـــوو

نەشیێی وەختیێ دەنگدان سەر بێتە کرن بێچەشنی کەلیمەیەك زێدە بکەی یان ژێ ڕاکەی ، مە سەر دەقێ وی دەنگدان کری ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو .

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گومانە لەوە دروست دەبێ لە ڕابردوودا بینیومانە کە لە خۆپیشاندانەکاندا چەندین شەهید و بریندار ڕوویداوە ، بەدەر لە پۆلیسی مەحەلی و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ، ئەوانە ڕوویداوە ئەوا گومانەکەمان لەوەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن ، لە کێ بیانپارێزن؟ ، دوو جیهەت هەیە یان پۆلیس و دەزگاکانی حکومەت هەیە یان خۆپیشاندەران هەیە ، خۆ میللەت ناچێ لە خۆپیشاندەران بدات ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامەکە ئەوەیە ئێستا بوویتە وەڵامدانەوەی پەرلەمانتار لەگەڵ یەکدی ، ئێوەش دەستەی سەرۆکایەتی ڕێ دەدەن و ئەو گومانەی باسی لێدەکەن ڕابردوو چوو ئەمرۆ قۆناغێکی نوێیە ، هەموومان لە حکومەت بەشدارین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سراج فەرموو ، باشە مامۆستا هەورامان .

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم کە ئیتفا و ئاگرکوژێنیشس بێتە ناو دەزگای پۆلیس ، لەبەر ئەوەی لەماددەی هەشتەمدا باسی بڵاوە پێکردن ئەکاتن ، هۆکاری بڵاوەپێکردن باسی ئاو

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگــۆکردن برگــەی دووەم دەبێــت پۆلیــسی چــالاکیە مەدەنییــەکان هــەر خۆپیــشاندان و گردبوونەوەیەك بپارێزن، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکار یان دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئەوە دەنگمان لەسەر داوە، کۆتایی پێهات، دەچینە سەر ماددەی شەشەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە بەهار هاوکارم دەبێ.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لادەبرێت و کراوەتە ماددەی دووەم بڕگەی پێنجەم، واتە ئەسڵی یاساکە ماددەی شەشـەممان لابـردووە، بردوومانەتـە مـاددەی دووەم بڕگـەی پێنجـەم، ئـەویش لـەپێناوی زیـاتر ڕێکخستنەوە، لـەپێناوی تەسەلسول، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی پێنجەم لە ماددەی دووەم، ئەوە ماددەی شەشەمی ئەسڵی یاسایەکە لابراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە پێویست بە دەنگدان ناکات لەسەری، لەبەرئەوەی پێشتر ئەمە دەنگی لەسەر دراوە، ئـەو ماددەیـە لـە شوێنێکی تر و بڕگەیەکی تر هاتووە، پێویست بە دەنگدان لەسەری ناکات، کاك د. شوان نوقتـەی نیزامیـت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچـەند خراوەتــە دەنگدانــەوە، بــەڵام پێــشتر دەنگــی لەســەر دراوە، بــەس پۆلیــسی چــالاکی مــەدەنی هەڵدەسـتێت بـە پاراسـتنی خۆپیـشاندەران بـە هـەموو شـێوازەکانیەوە، ئـەوەی بڕگـەی دووەم پێـچەوانەی دەنگدانی پێشوومانە، لـەو شـوێنانەی کـە پۆلیـسی چالاکی مـەدەنی لـێ نییـە، پۆلیـسی مەحـەلی بـەم کـارە هەڵدەستێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی ڕوونکردنەوەمان دەداتێ، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتە، کۆمەڵێك ئیلزامی نوێ دەخاتە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئیستحداس کردنی بەشی یان بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بەپێی ئەم یاسایە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا لە بودجەی ساڵانە دەبێ بودجەیەکی باش بۆ فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی لیستی چالاکییە مەدەنییەکان دابین بکەین، ئەمە لەگەڵ وەزارەتیش قسە کراوە، لێرە ئەوە دەبێ بە یاسا، کە بوو بە یاسا ئیلزامی حکومەت دەبێ جێبەجێ بن، ئەرکی ئێمەشە چاودێری بکەین، سەبارەت بەم بڕگەیەش ئێمە کە گواستەمانەوە بۆ ماددەی دوو، لە ماددەی دوودا موناقەشەی ئەم بڕگەیە کراوە، بۆیە ئێستا پێویست بە موناقەشە ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی حەوتەم فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، واتە لە ئەسڵی یاساکە ئێمە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەممان هەیە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی کە هەموار دەکرێت بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت، بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە. چوارەم: کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێت جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان و ژمارەی تایبەتی لەسەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەخەینە وتووێژەوە، ئەگەر وتووێژ لەسەری نەبێ دەنگی لەسەر دەدەین، کاك محمود نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، بەدوور بکرێت لە هەر چەکێکی ئاگرین، چونکە هەندێکجار هەیە تەقەی تیدا بەکاردێت، کلاشینکۆفی تێدا بەکاردێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە ڕەئی تێدا دروست دەبێت، ئەوە ڕایە نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

لە ماددەی حەوت ئەو بابەتە چارەسەر کراوە، لە ئەسڵی یاساکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە لە ماددەی هەشت چارەسەر کراوە، بڕگەی دووەم باس لە ئەو هۆکارانە دەکات، کە بەدەست هێزانی پۆلیسە لەوێ موعالەجە کراوە، ئەو وتە لادەبردرێت لەوێ، کێی تر وتووێژی هەیە لەسەر ئەوە با ناوەکانیان بنووسین؟ کاک سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە کە بۆ ماددەی حەوت زیاد دەکرێت، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەساسەن تەعریف کراون، بۆیە کاتی پێویست دەزگای پۆلیس بەشداری دەکات، نازانم بوونی دەزگای پۆلیس لێرە لەکاتی رێکخستنی خۆپیشاندانەکە بۆ هاتووەتەوە، هاوتا کراوە لەگەڵ چالاکی مەدەنی، پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان لە لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو ڕایەی کاک سۆرانم هەبوو، چونکە ئێمەش وەکو لیژنەش بەم شێوەیە بوو کە کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لەکاتی رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێ جل و بەرگی فەرمی بپۆشن، چونکە دەزگای پۆلیس لابراو لە بڕگەکانی پێشوودا ئیشارەتی پێکراوە، لەکوێ نووسراوە لەکاتی پێویست بەکاری دەهێندرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هاتووەتە تەعریف کردن، ئێمە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا دەزگای پۆلیس هەبێ، ئەوا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دایدەرێژین و بەوشێوەیە دێنینەوە، واتە لێرە ئەوەی کە هەیە بە تەنها نییە، مادام هاتە تەعریف کردن کاتێ کە ئەو راپۆرتەمان نووسی بوو تەعریف نەکرا بوو، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، کە تەعریف کرا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە هەر شوێنێك پۆلیس هەبێت ئەوە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە ئەمەی کە ئێستا بەمشێوەیە هاتووە، ئەسڵەن زەمانەتی زیاتر تێدایە، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەبێ باجیان هەبێ و ناویان هەبێ، کە دەزگای پۆلیسیش هاتە ناو پرۆسەکەوە زەمانەتی زیاتری تێدایە، کە ئەویش ناوی بنووسێ، کە ئەویش جل و بەرگی تایبەتی لەبەر دابێت، کە ئەویش

بینراو بێ، کە ئەویش ناسراو بێ، لە شوێنی تر دەنگتان بۆ ئەوە داوە کە دەزگای پۆلیس بێتە ناو یاساکەوە، قسەی لەسەر دەکەن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی حەوت ناویان تۆمار کردووە، (قادر ئۆتمان- ڤەمان فیصل- عباس غزالی- هیڤا حاجی- کاك قارەمان- دکتۆرە ڕێواز- ڤیان عباس- صالح فەقێ- ئومێد حمە علی- د. شێرزاد حەمە امین- ماجد عثمان- شوان شێخ احمد).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە زۆر بە کورتی لەسەر ماددەی حەوتەم، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوتەم برگەی چوارەم، من پێشنیار دەکەم وا دابڕێژرێتەوە، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێت جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشانی تەواوی لەسەر بێ، ژمارەی تایبەتی لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە حەفتێ، کو ئەسڵێ ماددەیدا باسێ چەك و تەقەمەنیا نازانم چی، ئەڤە باس لێهاتیا کرنێ، وەکو پێشنیارێ مە ئیزافەیەك هەین، کو کار ئینان  ماددێ سارد یان ژی سپی ئەو ژی چەقو بەردو چشتی رەق، دەبێ بەکارهێنانە وان لە حاڵەتە ئیعتیادی مەمنوع بێتن، ئەو ژی بێتە ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکەی من لە ڕوونکردنەوەی دکتۆرە ڤالای بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو بڕگەیە وای لێ بکرێت باشە، نابێت ئەو پۆلیسانەی کە بۆ ریکخستنی خۆپیشاندانەکان ئامادە دەبن جگە لە جلی فەرمی جلێکی تر دەپۆشن، لەبەرئەوەی ئەوەش ئیعادە نەکەینەوە، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس یەعنی جوان نییە، چونکە لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم باس کرایە، دەبێت پۆلیس چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن و لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکارییان بکەن، یەعنی دووبارەی نەکەینەوە لە عیبارەت کردن جوان نایەتن، کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم ماددەی حەوتەم هەمووی وەك خۆی بمێنێتەوە، تەنها من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە، باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان ناو نییە، من پێشنیار دەکەم ناوی بۆ زیاد بکرێت، چونکە کە دەڵێت ژمارەی تایبەتی، من پێشنیاری نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆم لەبیرە، کە باسی ژمارەی تایبەتیان کرد، ئەویش هۆکاری تایبەتیەکەی ئەوەیە، ڕێگا بگرین لەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە ڕێگای ژمارەی تایبەتییەوە بکرێ، ئەگەر پۆلیسێك لە پۆلیسەکان کە بەشداری لە پاراستنی خۆپیشاندەران دەکات، توندوتیژی نواندووە، ئەو توندووتیژیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن هەبوو، بۆئەوەی لە ڕێگای ژمارەکەوە دوایی ناوی پشتی ژمارەکە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەر دا نەیەت، بۆیە دەبێت لەوێ ناوی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە پرسی دادگایی کردندا دەکرێت پێویست بە کۆمەڵێك ئالیەتی جیاواز بکات، ئەو ئالیەتانە بکات کە بەدەستییەوە گرتووە، بۆیە کە ناوەکەت گۆڕی کەسێکی تر لەشوێنی دابنێی دەتوانی هیچ بەڵگەیەك لە گۆڕی نەمێنێ بۆ دادگایی کردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر جوانە کە پۆلیس وەکو شەخس بکرێت و دیاربێ، بەڵام بە پێویستی دەزانم بۆئەوەی خۆپیشاندانەکان شێوەیەکی شارستانی هەبێ، دەمامك لە خۆپیشاندەر و پۆلیسیش قەدەغە بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێنەگەیشتووم بۆچی هەردوو لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی و مافی مرۆڤ داوای ئەوە دەکەن، دەزگای پۆلیس لە بڕگەی چوارەم لابرێت، کاتێ کە ئێمە هەموو شەڕەکەمان بۆ ئەوەیە ، کە ئەوانەی دێنە ئەوێ بناسرێنەوە دواتر، خەڵك کاتێ ئازاری پێ دەگات بزانێ بۆچی ئازاری پێ دەگات؟، جێی داخە گومانەکە ئەوەندەی تر لەسەر دەزگای پۆلیس هەیە، ئەوەندە لەسەر کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان نییە، کەواتە بوونی ئەم دەزگای پۆلیسە لەناو فەقەرەکەدا زەمانی زیاترە بۆ خۆپیشاندەران، ئێمە نابێ حەساسیەتمان هەبێ لە کوێ دەزگای پۆلیس هات ئیتر بڵێین لایبە، پێمان وابێ هەمووجارێ لە بەرژەوەندی خۆپیشاندەرانە، بە تەسەوی من لابردنی لێرە لە بەرژەوەندی خۆپیشاندەران نییە، بە عەکسەوە زیانیان پێ دەگەیەنێ ئەمە یەك، یەکێکی تر ئێمە مادام وتوومانە لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس دێتە ناو پرۆسەکەوە بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، کەواتە ئەوەش حاڵیان حاڵی کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، دەبێ پابەند بن بە هەمان جل و بەرگ و هەمان ژمارەی تایبەت و ناونیشان لەناو بڕگەکەدا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با هەموو ناوەکان تەواو بێ کاك سالار، هیڤا خان فەرموو

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك ڤەمان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی پەرلەمانتار کاك عباس غزالی دەکەم، هەروەها ناونیشانی بەڕاستی شتێکی گشتگیرە، ناونیشان، ناویش دەگرێتەوە، شوێنیش دەگرێتەوە، شوێنی کارکردنەکە دەگرێتەوە، واتە ناونیشان بۆ خۆی ناوێکی گشتییە و کۆمەڵێك وردەکاری تێدایە، لە ئەسڵی یاساکە کە وتیان ئەو بڕگانە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یەکەم و دووەم و سێیەم، لە ئەسڵی یاساکە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم هەمووی تایبەتە بە خۆپیشاندەر، خۆپیشاندەر نابێ وابکات، خۆپیشاندەر نابێ ئەوە بکات، یەعنی کۆمەڵێك تەفاسیل، بەڵام من پێشنار دەکەم کەواتە لێرە شتێکی زیاد بکرێ، ئەی ئەگەر بەرامبەر خۆپیشاندەر ئەو شتانە کرا، ئەی ئەگەر خۆپیشاندەر کوژرا، ئەی ئەگەر خۆپیشاندەر گیرا، ئەی ئەگەر خۆپیشاندەر ڕفێنرا، ئەی ئەگەر

خۆپیشاندەر دونیایەك شتی تر، بۆ نموونە ئەگەر ماددەی حەوت هەمووی تایبەتە بەوەی کە ئەوەی لە ئەسڵێ یاساکە دایە، ئەوەی کە وتیان دەمێنێتەوە، ٣ بڕگە تایبەتە بە خۆپیشاندەر نابێ ئەوە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەیان دەڕواتە ماددەی هەشت کە باسی ئەوە دەکات، چی بەکاردەهێنن، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پتریا خۆپیشاندانێ توندوتیژی تێدا پەیدا دەبێتن، رۆژنامەڤان دبێـە قوربان، ژ بەر هەندێ مافی دێتە پێشێلکرن، شکاندنا جەستەیی، دیسا مایك و کامیرا و ژ ئالیەت کاریش دێتە شکاندن، دخوازم ڤێرێ پێشنیار دەکەم یەعنی بڕگەیەك بێتە زێدەکرن بۆ رۆژنامەڤانا، تێدا بێتە دیاریکرن کو مافی رۆژنامەڤانییە، کارێ رامالینە رابێتن، دیسا پۆلیسی چالاکییەت مەدەنی ڤێت بپارێزن، بێە دیاریکرن رۆژنامەڤان چەند مەترە ژ خۆپیشاندانێ نزیك بێ، یان ژێ دووربێ، ئو دیسا بلی پاراستنا رۆژنامەڤانا، پاراستنا ئامیری کارین ژ بێتە کرن، دیسا پێشنیارەکە کاك ڤەمان ئەز پشتیڤانیە دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم ماددەیە دەزگای پۆلیس بە زەروری دەزانین، کە لێرە پێناسە بکرێت، لەبەرئەوەی هەتا ئازاد بن و چۆن دێنە ناوپرۆسەکەوە، دوو: لەسەر جل و بەرگەکە من دەمەوێ بە جل و بەرگی خۆیانەوە بێن، نەك جل و بەرگی چالاکییە مەدەنییەکان، واتە تایبەت بە خۆیانی بۆ زیاد بکرێت، جل و بەرگی فەرمی تایبەت بە خۆیان، واتە هەم چالاکییە مەدەنییەکان تایبەت بە خۆیان، هەم دەزگای پۆلیسیش جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان، لەسەر ئەو ژمارەی تایبەتییە، ئەم ژمارەیە ئایا هەر پۆلیسێك ژمارەیەکی دەبێت لەبری ناوەکەی یان چۆنە ئەوەیان زۆر ڕوون نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی ڤیان خان و کاك ڤەمان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو، بەڵێ کاك عمر ناوت نەبوو، بەلآم فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم پشتگیری لە قسەکانی کاك عباس غزالی بکەم، بەرامبەر نەمانی دەمامك بۆ خۆپیشاندەران و بۆ پۆلیسیش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هەیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد، کە دەزگای پۆلیس کە لەوێ لادەبرێت، مەبەستمان ئەوەیە کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەڵسێ بە ڕێکخستنی ئەم کارە، لە بڕگەکانی پێشوودا ئیشارەت دراوە بەوەی کە لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکاری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەکات، بۆیە بوونی ئەو وشەیە لێرە یان دەزگای پۆلیس گرینگ نییە، وابزانم لیژنەی یاسایش ئیشارەتیان پێدا، سەبارەت بەوەی کە ئەو پیشنیارانەی کە هەیە ، لەسەر ناوو ناونیشان و ئێمەش پشتگیری ئەوە دەکەین، کە ناویش زیاد بکرێت بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دەدەم، کە دەڵێن دەزگای پۆلیس هاوتا کراوە لەگەڵ چالاکی مەدەنی بۆ کاتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەڵام ئەمە پێشتر لە بڕگەی دوو لە ماددەی پێنج ئەوەمان تەعبیر کردووە، لەکاتی پێویستدا دەزگای پۆلیس هاوکاردەبن، واتە دەزگای پۆلیس ئەساس نییە تاوەکو چالاکیی مەدەنی هاوتا بێ بۆ بەشداریکردنی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بۆیە داوامان کرد لیژنەی یاسایی ئەو تەوزیحە بدات بۆ لێرە هاوتا کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەی تایبەت کە لێرەدا بڕگەی چوارەم لە ماددەی حەوتەمدا باسکراوە، دوای گوێ گرتن لەلایەنی پەیوەندیدار، لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوان باسی موعاناتی پۆلیسیشیان بۆ ئێمە کرد وتیان زۆرجار ناوی پۆلیس کە وەکو باجێك پێ هەڵواسراوە دواتر خۆپیشاندان بۆی دەبێتە کێشەی کۆمەڵایەتی، کێشەی

شەخسیش، کاتێك کە رووبەرووی خۆپیشاندەر دەبێتەوە، بۆیە داوایان دەکرد کە ژمارە هەبێ، بۆئەوەی ئەو ناسینەوە ژمارە دەبێتە هۆکارێك بۆ ناسینەوەی ئەو پۆلیسە، ئەگەر موخالەفەیەکی یاسایی کرد بەرامبەر بە خۆپیشاندەر یان توندوتیژیەکی نواند، دواتریش دەبێە هۆکارێك بۆ لێپێچینەوەی دەتوانرێ لە ڕێگای ژمارەکەیەوە، هەندێکجار ئەو ژمارەیە دەبێتە هاوکاریش بۆ خۆپیشاندەران، چونکە مەرج نییە هەموو خۆپیشاندەران خوێندەوار بن، جاری وا هەیە لە ڕێگای ژمارەکەیەوە کەسەکە دەناسرێتەوە، بەلاّم نەخوێندەوارەکە ناوەکەی بۆ ناخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو پێشنیارانەی کە هاتن ، تەنها ٢ پێشنیار زیاتر لە ٣ کەس داوای کردووە، پێشنیاری یەکەم کە زیاتر لە ٣ کەس داوای کردووە، ئەوەیە کە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەمامك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەیخەینە دەنگەوە، جاری ئەسڵی پرۆژەکە دەخەینە دەنگەوە، دوایی ئەو هەموار کردنەی کە لەسەری ئەنجام دەدەین، باشە هەموار کردنەکە دەکەین، ئەوکات ئەگەر پەسەند کرا هەموار کردنەکان دەقی بڕگەکەش دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە بڕگەکەیە پۆشینی دەمامك بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس و خۆپیشاندەران قەدەغە بکرێ، پێشنیارەکە واکراوە، ٦٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە مادام خرایە دەنگدان و دەنگی هێنا سیاغەکەی بخەینە دەنگدانەوە باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە ئاخیردا دەخەینە دەنگەوە، بە هەموو بڕگەکانەوە، پێشنیارەکەی تر چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی تر پێم وایە ئەبێ بڕگەیەکی تازەی بۆ دابنێین لەم بڕگەیە جێی نابێتەوە، دەڵێت بەکارهێنانی مەوادی ساردی وەکو بەرد، دار، ئاسن یان هەر هەرشتێکی تر کە بەکارهێنانی لە حاڵەتی ئیعتیادی دابێت قەدەغەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری کرا، لەلایەن دوو کەسیشەوە پشتگیری کرا، لیژنەی یاسایی ئەوە پەیوەندی بە ماددەی هەشتەوە نییە؟.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش من ئیشارەتم بەوە دا من دەڵێم لێرە جێی نابێتەوە، ئەگەر لە ماددەی دواتر جێی بکەینەوە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە کارمەندانی پۆلیسەوە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە باسی ماددەی حەفتەمدا ئێمە وتوومانە بۆ ماددەی حەوتەم بڕگەی چوارەم زیاد دەکەین، بەڵام لە بڕگەی دووەم قەدەغەیە هەر ماددەیەکی تەقەمەنی، ژەهراوی یان سووتێنەر لەکاتی خۆپیشاندان لەلایەن خۆپیشاندەرەکە هەڵبگیرێت یان لەخۆ ببەسترێت، پێم وایە ئەوە جێگای وی دەگرێتەوە، بڕگەی دووەمە لەناو ئەسڵی یاساکەدا وەکو خۆی ماوەتەوەو، لێرە بڕگەی چوارەم تەنها زیاد کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەشی کە پەیوەندی بە هێزەکانی پۆلیس و چالاکییە مەدەنییەکانەوە هەبێ، ئەوە هۆکارەکانی کە بەکاریدەهێنێن بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دیاریکراوە، دەتوانرێت لەوەدا ئەو پێشنیارە جارێکی تر بخرێتە دەنگەوە، کە هۆکارە ساردەکان ئەوەش بەکارنەهێنرێت، وایە لیژنەی یاسایی؟ بیخەینە ماددەی هەشتەوە؟.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە پەیوەندیدار نییە بەوەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سیاغەی بکەنەوە، بڕگەی چوارەم لە ماددەی حەفتەم سیاغە بکرێتەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێمان باشە ئەو پێشنیارەی کە کراوە سەبارەت بە قەدەغەکردنی دەمامك، لەبەرئەوەی کە قەدەغەکردنی دەمامك تایبەت نییە تەنها بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس، بەڵکو بە خۆپیشاندەرانیش پێمان باشە بڕگەیەکی تر زیاد بکەین بڕگەی پێنجەم، بەمشێوەیە

بخوێندرێتەوە نابێت لەلایەن خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە دەمامک بەکاربهێندرێت لەکاتی خۆپیشاندانداا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری ڤیان خانێ، هەرچەندە من نافێ خۆم نەنووسی بوو بۆ گفتوگۆیێ، بەس پێشنیاری وێ گەلەك لەجێی خۆیەتی، دێ پتر سەنگێ و شمولیەت لە یاسایێ دگەل ئەو برگە ناڤ هەبن، ئەوەی بۆ پاراستنا رۆژنامەوان و ئامێرێت وان، چونکە هەمووجارا رۆژنامەوانێ دەبنە قوربانی، نازانم جەنابێ تە لە صالحیەتە بێتە دەنگدانێ یان نا؟ چونکە دوو کەس پێشنیار کر، ئەگەر ئەزیش پشتەڤانیە وات دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە پێشنیارێکی زۆرباش بوو، بەلاّم بەداخەوە تەنها یەك کەس بەس خۆی باسی کرد، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رۆژنامەنووسان یاسای ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی تایبەتە بە خۆیان هەیە، هەموو ئەو شتانەی کە لێرە مافی ڕومالّ لێ نەسەندن، ڕێگری، ئەوانە هەمووی دیاریکراوە، ئەوەی بەرامبەریان دەکرێت، پێشێلکردنی یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك سۆران باسی کرد، ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بەس بۆ چاپەمەنییە، یەعنی بۆ کەنالّە میدیاکان نییە، بۆیە من حەزدەکەم لێرەوە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە ژمارەی لایەنگرەکانی زۆر بوو، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برگەیەی کە زیاد بکرێت لە قەدەغەدکردنی دەمامك، دەبێت دەزگای پۆلیسیش بگرێتەوە، ئەگەر تەسبیت بێ خالّی هەشتەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەر داوە کە دەزگای پۆلیس، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و خۆپیشاندەرانیش دەگرێتەوە، دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاراستنی رۆژنامەنووسانیش، پشتگیری ئەوەش دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەمان ڕا دەکەم، چونکە رۆژنامەنووسان لە خۆپیشاندانەکاندا زۆرجار لە خۆپیشاندەر زیاتر تووشی نارەحەتی دەبن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با نوقتە نیزامییەکانی وەربگرین، کاک ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ٥٨ لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوانەی کە گفتوگۆ دەکەن دەبێ ناوەکانی خۆیان بنووسن، کە سکرتێری پەرلەمان ناوەکانی خوێندەوە، کەچی بەڕێزت هەر مەجال دەدەی، ئەمانەی کە دەیڵێن هەموو ڕایە ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە کاک ابوبکر، ڕاستە پێچەوانەی پەیڕەوە، بەڵام بابەتێکی گرینگە، مادام پەیوەندی بە ماف و ئازادییەکانەوە هەیە، پێشنیارێك هەیە لەناو پەرلەماندا لایەنگری بۆی هەیە، با سیاغە بکرێت و بخرێتە دەنگەوە لەناو پەرلەمان، بەڵێ کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی رۆژنامەنووسان بە فیعلی شەریحەو توێژێکی تایبەتن، ئەو برگەیەی کە پەیوەندە بە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و خۆپیشاندەران ئەوە تایبەتە، ئەگەر پێشنیارکراوە پێشنیارەکە بەجێیە، بەڵام لە ماددەیەکی جیا، لە ماددەیەکی سەربەخۆ بێ، پێم وایە جێی خۆی دەگرێت، ئەگینا بەڵێڵی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە مشورەتی خۆتان بکەن، سیاغەی بکەن لەکوێ جێی دەکەنەوە، بەلآم پێش ئەوە برگەی چوارەم بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە زیاد دەکەن برگەی پێنجەمیش بخوێننەوە، ئەوەی کە لە دەمامك زیادمان کرد، کە قەدەغەکردنی دەمامك بۆ هێزی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، دەزگای پۆلیس و خۆپیشاندەران دەکەینە برگەی پێنجەم، بیخوێننەوە بۆئەوەی لەوە تەواو بین، ئەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە رۆژنامەنووسانیشەوە دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو پێشنیارەی کە پەسەند کرا ماددەی حەوتەم بەمشێوەیەی لێ دێت، برگەی چوارەم و پێنجەم بۆ ماددەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە:

چوارەم: کارمەندانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس لەکاتی رێکخستنی خۆپیشاندانەکە دەبێت جل و بەرگی فەرمی تایبەت بپۆشن و باجی تایبەت ببەستن کە ناونیشان و ژمارەی تایبەتی لەسەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی؟ ٨٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پێنجەم: قەدەغەیە دەمامك بەکاربهێنرێت و، لەلایەن خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیسیش لەکاتی خۆپیشاندان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەری داوە، تەواو ئەوە دەنگی لەسەر دراوە پێویست بە دەنگدان ناکات، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە رۆژنامەنووسان، بەڵێ پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو برگەیەی کە پەیوەندیدارە بە پاراستنی رۆژنامەنووسان و ئەو ئامێرانەی کە بەکاری دەهێنن، برگەیەکی زیاد لەم ماددەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەکە سیاغە کراوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە با بخوینرێتەوە ە ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڤالأ فريد ابراهيم حسين :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی ئەم مادەیە تایبەتە بە روژنامەوانانەوە ئەم برگەیە بۆیە پێمان باش بوو مادەیەکی تایبەتی بو دابنێن، ماددەی هەشتەم بو ئەم یاسایە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوینرێتەوە. مادەی هەشتەم : پێویستە لە سەر کارمەندەکانی پولیسی چالاکییەکان مەدەنییەکان گیان و سەلامەتی رۆژنامەوانان و ئامێرەکانیان بپارێزن لە کاتی خۆپێشاندانداا دواتر ڕێکخستن بو مادەکانی دواتر ئەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەو مادەیەیە؟ ٧٤ کەس لە گەڵییەتی.

کێ لە گەڵی نییە؟ روژنامەنووسەکان لە گەڵی نین. کەس نییە کە لە گەڵی نەبێت کەواتە پەسەند کرا. کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەوە مادەیەکی تەئکیدی یە، پێم وایە یەعنی لە ئەصل دا پۆلیس نابێ کامیرا لە خەڵك وەرگرێ، یەعنی پێم وایە نەصەکەمان زیاد کرد زیاتر تەئکیدە، بەس پرسیارە ئەساسیەکەش ئەوەیە ئەی موخالەفەی ئەوە عوقوبەیەی چییە؟ یەعنی بە پێ قانونەکە ئەگەر موخالەفەی کرد چییە؟ چونکە خۆی تۆ هەر فەرزی نییە ئەتۆ نەصێکی تەئکیدی دانایە ئەدێ ئەگەر لێی بسەنن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ. کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبد الله :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەبوایە هەر لەو ماددەیە ئاماژەش هەر بەوەش بکرایە کە رۆژنامەنووس باجی پێ بێ یان دیار بێت کێ روژنامەنووسە بۆ ئەوەی خەڵکی تر تێکەڵاوی خۆپێشاندان نەبێت، یەعنی هەندێك شت لە سەر رۆژنامەنووس بە روونی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانرێت بە فەقەرەیەکی تر ئەگەر پێویست بێت لیژنەی یاسایی

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبد الله :**

کە بە گەورەیی بنووسرێت رۆژنامەنووسە، بۆیە جیا بکرێتەوە، چونکە زۆر جار ئەو کاتەی کە دەزگاکانی پولیس هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەنووسان ئەڵێن نەمانزانیوە یان دیار نەبوو یان جیامان نەکردۆتەوە رۆژنامەنووسە بو ئەوەی کە زۆر روون بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. دکتورە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەوتریْ ئەبیْ رۆژنامەنووسانیش باجیان پیْ بیْ، ئەم یاسایە یاسای ریْك خستنی خۆپیشاندانە، مەسەلەی رۆژنامەنووس چۆن ئەچیتە ناو خۆپیشاندانەکە و باجی پیْ بیْ یان پیْیان نەبیْ؟ لە یاسای رۆژنامەوانی دا ریْك ئەخریت و ریْکیش خراوە سەبارەت بەوەش ئەگەر ئەمە نەکرا ئیجرائەکە چی ئەبیْ؟ ئەوە لە ئەصلی یاساکەدا هەیە لە ماددەی هەشتەم کە لە ئیستا دا ئەبیتە ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم، فەقەری دوو ریکاری یاسایی دەرەحەق بە دروست کەرانی ئاژاوە لە کاتی خۆپیشاندانەکان دا ئەگیریتە بەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی حەمە :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش هاو رام لە گەلْ دکتۆرە بەهار و بۆ خالی دووەمیش لە یاسای رۆژنامەنووسان یاسای ٣٥ هەموو ئەو شتانەی تییایە ئەو ریکارە یاسایانە بەرامبەر رۆژنامەنووسان کە سەرپیچی بکەن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سوران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

یاسای ژمارەی ٣٥ سالی ٢٠٠٧ دیاری کردووە دەست دریژی بۆ سەر رۆژنامەنووسان دەست دریژییە بۆ سەر فەرمانبەری دەولەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

جیگە لە مالْ و مولکی گشتی و تایبەتی پۆلیس و خۆپیشاندەران دوو لایەنن کە پیویستی یاساکە شەئنەکانی تەنزیم کا، بەلام لایەنیکی تری وەکو چاودیر وەکو گویزرانەوەی رووداوەکان رۆژنامەنووسانن راست تیکرار کراوە و هەندیْ ئیزافەش ناکات بەلام بۆ تایبەتمەندی یاساکە و ئەوەی روو دەدات لە

رابردووە هەبووە پێم وایە ئەو ماددەی کە ئیزافە کرا خەلەلێکی ئەوەتۆی ناگەیەنێ و کارێکی پێویست بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. ئەچینە ماددەی هەشتەم کە ئەبێتە ماددەی نویەم ئێستا تکایە بخوینرێتەوە. لە لایەن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید:**

بەلێ ماددەی هەشتەمە ئێستا لە ئەصلی یاساکەدا، بەلام دوواجار بە صیاغەکە دەبێت بە ماددەی نۆیەم، بۆیە دەلێین ماددەی هەشتەم دووەم خالی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە : ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بلاو پێکردنی خوپێشاندەران دا بینی وێرای ئەوەی داوای لێکراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بلاو پێکردنی خۆپێشاندەران بە کار بێنێن وەك : ئاو ڕشاندن، بە کار هێنانی قەلغان بۆ خۆپاراستن و هی تر. فەوسەکە دادەخرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. ئێوە خۆتان روون کردنەوەیەکمان لە سەر ئەوەی کە لە سەری ڕێکەوتوون بدەنێ. کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

خودی جەنابی دکتۆرە ڤالا و هەموو سەرۆك لیژنەکان و لیژنەکان لە سەر ئەوە موقنیع بوون ئەو نەمێنێت و فەوسەکە دابخرێت بۆیە ئەوە لە هی تایپە هاتووە بو ئاگاداری. ئێمە کاتێك کە دانیشتین لە گەلْ بەڕێزان نوینەرانی وەزارەتی ناوخۆ پێیان وتین ئەو مۆرك مەدەنییە، ئەو ئەدەواتەی کە بە کار دێت بەردەوام لە تەتەوردایە سالانە و مانگانە ئەدەواتێ دێتن، یەعنی لە ئەورو ئاو ڕشاندنە و بە کار هێنانی قەلغانە بۆ خۆپاراستن وەکو بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی ئیشارەتی دا، ماددەیەك بۆ پێکەنین بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران بلاوە پێ بکەنین، یەعنی هۆکاری مۆرك مەدەنی بۆ بلاوە پێکردنی خۆپێشاندەران هۆکارێکن بەردەوام لە تۆڕی تەتەوردایە، ئێمە کە لێرە نوقتەمان داناوە و هی ترمان بە کار هێنایە مەبەستمان ئەوەیە کە دەستیان والا بێ ئەو هۆکارانەی کە دێنە پێشێ و سلبین و بە مۆرك مەدەنی هەژمار دەکرێن بتوانن بە کاری بێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لێرە کە هۆکاری مۆرکی مەدەنی ئاماژەی پێکراوە، چەند نموزەجێك دیاری کراوە نەك ئەوە من لە گەڵ ئەوەم هتدەکە لابرێت و قەوسەکەی دابخرێت بەڵام مانای حەصر نییە کە ئیتر مۆرکی تری مەدەنی بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ نوێنەرەکانیان کە هاتن وتیان ئێمە جۆرە موسیقایەکی ئیزعاج کەرمان هێنایە گەر لێیێ بدەین هیچ کەس ناتوانێت لەو شوێنە بمێنێتەوە، ئەوە یەکێکە لە هینەکان وەك وتم، یەعنی ئەم هۆکارە مەدەنیانە وازحن تەنانەت گوللەی پلاستیکی ئەوەش بە مۆرکی مەدەنی دانراوە، هۆکارەکان زۆرن تەنانەت باسی بیبەر کرا، ئەوە پەمپی بیبەرە کە لە خەڵك ئەدرێ و زەرەریشی لێ نادا و یەعنی ئەمانە هۆکاری مەدەنین مانای ئەوە نین ئەوەی لێرە هاتووە هتد رێبدات بو ئەوەی بیکەیسی بێنێتە ناو بڵێت هۆکاری مەدەنییە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. بەس با لیژنەی ناوخۆش قسەی خۆیان بکەن، فەرموون.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە کاتی هاتنی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆش دا ئەو موناقەشەیە زۆر کرا بە ڕاستی هەم لە باس کردنی پەمپی بیبەر و ئەو شتانە، ئێمە بەوەدا بەڕاستی تەئیدی ئەوەمان نەکرد تەنها لە سەر ئەوە بووین کە ئاو ڕشاندن و قەلغانەکە بە کار بهێندرێ و ئەوەی کە کاك فەرهادی باسیشی دەکات، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ توانی دابینی بکا ئەو کاتەی ئەتوانین قسەی لە سەر بکەین کە خەڵك بێتە پێکەنین. زۆر سوپاس.

**بەڕێزد. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە ڕاستی داخستنی قەوسەکە ئەمە دەبێتە حەصر کردنی بە نیسبەت هۆکاری مۆرکی مەدەنی، دانانی مۆرکی مەدەنی ئەوە لە لایەن موشەریعی نێو دەوڵەتییەوە دادەنرێتن، ئێمە ئەوەش لە بیر خۆمان نەبەینەوە، چونکە رێگا و وەسائیلی یاسایی لە بەردەوام تەکنۆلۆجیا لە پێش کەوتندایە ئەگەر ئێمە حەصری بکەن و قەوسێك دابخەین لەوانەیە لە داهاتوو شتی موتەتەورتر بێتن و بگاتە کاری ئەوەی کە سوود لەم وەسائیل و رێگانە ئەبینین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامییەکان وەرئەگرین و دوایی گفتگۆکان ئەکەین، پێویستە کە نوقتەی نیزامی بۆ کاك عبدالرحمن علی رضا دەستی بەرز کردووەتەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

والله من ئەوە ئەڵێم کە با ئیستیفادە لە کاتی گفتۆگان دەستی پێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە. کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد :**

والله من چۆن رەئیەك داڕێژراوە. بۆ پاش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی رەئیەکەت بڵێ. کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

تا رادەیەك نوقتەی نیزامییەی من ئەیڵێم ئەوە هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی پێویست بەوە ناکات تەعریف نەکرێ چییە. تەعریف نەکرێ دەرباز ئەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رەئیە. کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەوەم هەبوو هۆکاری مەدەنی هەمووی دەگرێتەوە، ئەوانی تر لابدرێت تەواو کۆتایی بە هەموو شتەکان دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش رەئیە. کەواتە دەست ئەکەین بە گفتگۆ کێ ناوی خۆی ئەنووسێ؟. تەبعەن دوو پێشنیار هەبوو لە پێشووتر دوو پێشنیار هەبوو بۆ بە کار نەهێنانی چەکی سارد ئەوەی کە کاك فەمان باسی کرد و بە کار نەهێنانی چەکی گەرم کە کاك محمود باسی کرد لە شوێنەکانی پێشوو لە گەڵ کاك د. شێرکو وتمان لە مادەی هەشت جێی ئەکەینەوە لیژنەی یاسایی ئێستا خەریکی سیاغە کردنی ئەوەن، بۆیە دوایی ئەوەش دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان :**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان. ئەم ئەندام پەرلەمانە بەرێزانەی داوای گفتگۆ دەکەن :

**ئومێد حەمە علی، عزت صابر، فەرهاد سەنگاوی، صالح فقێ، قادر ئۆتمان، گۆران ئازاد، ئاواز جەنگی، فرست صوفی، علی هالۆ، مەردان خدر، شوان شێخ احمد، فەمان فیصل، عباس غزالی، هەورامان گەچێنەیی، شکریە اسماعیل، محمود حاجی، عمر عینایەت، مەروان گەلاڵی، عبد الله محمود، منی خان، مامۆستا غریب، جمال**

مۆرتكە، كاك ئومێد خوشناو، كێ تر. مەدینـە خـان دەسـتی هـەڵبڕیوە. بـەڵێ، علی حەمـە صـالح، مامۆسـتا حسن، حاجی كاروان، شێركۆ حەمە امین، بەهار عبدالرحمن، شێركۆ جودت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان. زۆر بە كورتی قسە بكەن لە سەر ماددەی هەشتەم بڕگەی دووەم و ئەو بابەتەش پەیوەندیدارە بە هێزی سارد و گەرم جێ ئەكرێتەوە لە ماددەكە، بۆیە ڕەنگە پێویست نـەكات قـسەی لـە سـەر بكـەن. بـەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم دووەم ئەگەر پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگـای پـۆلیس پـاش وەڵـام دانـەوە، ئـەبێ ئەمەی بۆی زیاد بكرێ، پاش وەڵام دانەوەی بەڵگەدای لایەنی پەیوەندیـدار بـە خۆپیێـشاندەران زەحمـەتییان لە بڵاو كردنی خۆپیێشاندەراندا بینی وێڕای ئەوەی داوایان لێكراوە لە سـەر ئـەوە سـوور بـوون، بۆیـان هەیـە هۆكاری مۆرك مەدەنی بۆ بڵاو كردنەوەی خۆپیێشاندەرەان بە كار بێنن وەك ئـاو ڕشـاندن و بـە كـار هێنـانی قەڵغان بۆ خۆ پاراستن لەوێ كەوانەكە دابخرێت، بۆیە ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، چونكە دەڵێ ئەگـەر پولیـسی چالاكییە مەدەنییەكان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاوە پێكردن ببینی، یەعنی ئاماژەی بەوە نـەكراوە لە پاشی، پاش ئـەوەی ئـەو ڕێكەوتنـە كـراوە كـە بـاس كـرا لـە گـەڵ خۆپیێـشاندەران، بۆیـە ئـەوە نەصـە ئـەو گورانكارییە تێیا بكرێ بۆی زیاد بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز د. عزت صابر.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هـەمووی وەكـو خـۆی بـە كـار بێـنن دوایـی ئـەوە لاببرێـت تـا كۆتـایی، یـەعنی هـیچ لـە وێ نـەوترێت، هـیچ نموونەیەك نەهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس. بەڕێز د.فرست صوفی.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە قانون دوو حاڵەتمان هەیە، علی سبیل الحصر، علی سـبیل المثـال هـەر كاتـەك وەك هـەبوو یـەعنی میسل مانای وایە (علی سبیل المثال)ە یەعنی ئەگەر ئەو نوقتە، نوقتە هـەتا دوایـی هـەڵیش گـرێ هـیچ لـە مەوزوعەكە ناگۆڕێ لە بەر ئەوە، ئەو وەكە یەعنی ئەتوانی شتی دیكەشی ئیزافەكەی، ئەوە یەك، دووەمیان وەكو ئیزافەیەك لە وانەیە دەرفەت نـەبێت قسە بكەینـەوە، هـەموو هەمواركردنـەك لـە بـەر ئـەوە ئیـصدار

دەكرێت دوایی لە لایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە پێویستی بە ئەسباب و جێ بە جێ هەیە لە گەڵێ ئیزافە بكرێت، لە كۆتاییەكەی ئەگەر ویستتان نەصەكەم نووسیوە، دەتان دەمێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە. زۆر چاكە. دەست خۆش. بەڕێز مامۆستا هەورامان گەچێنەیی.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف •هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

والله من پێشنیار دەكەم كە بە ماددەیەك گازی فرمێسك رێژ قەدەغە بكرێت، پێشنیار دەكەم كە بە كارهێنانی گازی فرمێسك رێژ قەدەغە بكرێت بە ماددەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس. كاك عبد الله فەرموو.

**بەڕێز عبد الله حاجی محمود :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەگەر ناو هێنرا ئاو ڕشاندن و بە كار هێنانی قەڵغان و شتی دیكەش هەیە من دەفا و دەق لە گەڵ پێشنیاری د.عزتم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شوكریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە یەكێكیان پاڵپشتی بۆچوونی كاك ئومێد دەكەم بە راستی ئەمە زۆر زەرووره دابندرێت، دوایی وەڵام دانەوەیان، چونكە هەر كاتێك پۆلیس ویستی پەرەتیان پێ بكاتن، ئەوە چۆن دەبێت؟ دووەمین شت پاڵپشتی بۆچوونەكەی مامۆستا هەورامان دەكەم گازی فرمێسك رێژ بە راستی زەرەری زۆرە، یەعنی كەسانێك نەخۆشیان هەیە بەشداری ئەم خۆپێشاندانەیان كردووە بە هۆی ئەم گازەوە تووشی زەرەر و زیانی زۆر بووە لە رابردووش ئەمەمان بە چاوی خۆمان بینیوە كەسانێك لە هۆش خۆیان چوونە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز كاك علی هاڵۆ. لێرە نییە. كاك مەردان خدر.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو رەئیە ئەكەم كە هیچ نموونەیەك نەهێنێ. سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەرێز فەرهاد محمد صالح سەنگاوی :**

بەرێزان. ئەو پەرەگرافە مەسەلەی رێزمانی و هێنی زۆر تێیایە لە گەڵ ئەوەش من پێم باشە وا بێ، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتی لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بینی، (فاریزە) خۆپێشاندەران هەر بەردەوام بوون. (خاڵ) پۆلیس بۆی هەیە هۆکاری مورکی مەدەنی بە کار بێنێ بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران وەك : بە کارهێنانی قەڵغان چەك نییە، پۆلیس تەنها بۆ خۆی بە کار دێنێ بەردی لێ نەکەوێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس. کاك شوان شێخ احمد.

**بەرێز شوان شێخ احمد :**

منیش هەر لە گەڵ ئەوە دامە هۆکاری مۆرکی مەدەنی کیفایەتە ئەوانی تر نموونە نەهێنن. سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك محمود حاجی عمر.

**بەرێز محمود عمر صالح :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من ئەو بڵاوکردنەوەیە هەڵەیە بڵاوە پێ کردنەوە بەو شێوەیە سیاغە بدرێت ئەگەر پولیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پولیس زەحمەتیان لە بڵاوکردنەوەی خۆپێشاندەران بینی وێرای ئەوەی داواشی لێکراوە سوور بوون، بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاو کردنەوەی خۆپێشاندان بە کار بێنن ئیتر رەنگە پێویست نەکا ئەوەش وەکو نموونە دابنێت بۆ جوی لە خۆپاراستن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. خاتوو منی.

**بەرێز منی نبی نادر :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە رایم لە گەل دکتۆر عزت و کاك عبد الله دایە و هۆکاری مۆرکی مەدەنی تەحصیل حاصلە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز کاك عمر عینایەت.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

من وا تەصەور ئەکەم پەرەگرافەکە نەختێ نوقصانە، ئەڵێ پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی بەرپرسان، یەعنی پشتگیری دەکا لەمە، پشتگیری وەڵامی بەرپرسان یەعنی کە وەڵامی وەرگرتووە ئینجا هەوڵ بدرێت بڵاوی بکاتەوە، بەم شێوەیە بێت پاش وەرگرتنی وەڵامی بەرپرسان پولیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاو کردنەوەی وشە نییە بە راستی رستەیەکی زۆر نامەعقولە نەیان توانی بڵاوە بە خۆپێشاندەران بکەن وێڕای ئەوەی داوایان لێکراوە تا ئاخیر تا ئەو شوینەی دکتور عزت وتی، وەك یەعنی پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێت و پێویست بەوە ناکات و پشتگیری لە مامۆستا هەورامانیش دەکەم بۆ نەمانی گازی فرمێسك رێژ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك ڤەمان فیصل.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا کاك مەردانی و دکتۆر شوانی و دکتۆر عزت صابری دکم بۆ هندێ هەما هەر هۆکاری مۆرکی مەدەنی پێدڤی ب نموونا نینە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەرێز صالح فقێ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکاری مۆرکی مەدەنی بکرێتە هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی، لە بەر ئەوە یەك هۆکار نییە کومەڵێك هۆکارە، یەك ئامێر نییە، کۆمەڵێك ئامێرە، و هەر تەئکید لەوەش ئەکەمەوە کە بە نوقتە نیزامی، گوتم کەوانەکە دابخرێت پێویست بەو کەوانە نەبێ هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی روونن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. کاك عباس غزالی.

**بەرێز عباس غزالی میرخان :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش تەئیدی ئەو برادەرانە دەکەم مۆرکی مەدەنی کافییە، هەڵبگیرێت، تا نەمینێتن. سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا مەروان گەڵاڵەیی.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

- ئەمن پێم باشە وەهای لێ بکرێتن ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتییان لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەراندا بینی، ئەلێرانە رابوەستی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ وێرای رەزامەندی نوێنەری خۆپێشاندەارن بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپێشاندان ئەوا راست بکرێتەوە وێرای ئەوە داوایان لێ بکرێت لێرە دەست پێ بکاتن بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوە پێکردنەوەی خۆپێشاندەران بە کار بهێنن و ئەو نموونانە هتد لابرێت و کەوانەکە دابخرێت و دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان :**

بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان تکایە بۆ ئەوەی نیصابی یاسایی تێك نەچێ هوڵی پەرلەمان بە جێ مەهێڵن بۆ ئەوەی یاساکە تەواو بکەین کۆبونەوەی ئەمڕۆ بە پایان بگەینین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا غریب

**بەڕێز غریب مصطفی حەمەخان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم هەیە یەکەم پشتیوانی دکتور عزت و کاك عبد الله ئەکەم لەوە دا هەتا کۆتایی دەچێ، دووەم پشتیوانی کاك ئومێد و کاك عمر ئەکەم وەڵامی خۆ پێشاندەران بدرێتەوە ئەوجا سیاغە بکرێتەوە، سێیەم پشتیوانی مامۆستا هەورامان و شکریە خان ئەکەم غازی فرمێسك رێژن قەدەغە بکرێت، بە راستی لە گەڵ مامۆستا هەورامان خەرێك بوو سەر سەرمان بکەوێ و شەهید ببێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین/ (حاجی کاروان) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من وترا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەرێز کاك جمال مورتکە.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە) :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

دەڵێ ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دەزگای پولیسی زەحمەتییان لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بینی وێڕای ئەوەی داوایان لێکرا نەك هەر داوایان لێ بکرێت ئەوان سوور بوون بۆیان هەیە مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بە کار بێنین، هۆکارەکانی تریشی لە گەڵ بێت، یەعنی هۆکاری مەدەنی بە کار بێنن ئەوەی کە دەست نیشان ئەکرێ و حوکمی پێش کەوتنی وڵاتانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك قادر ئۆتمان رسول فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە کە لە دەقەکە دا هاتووە مادەم هۆکاری مۆرك مەدەنی بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندان ئەمە تەنها نموونەی پێ هێنراتەوە وەك یەعنی ئەگەر تا کو خۆپێشاندەران بە کار بهێنن ئەگەر تەنها تا ئەویش بێت و کەوانەکەی داخەی، یا دای نەخەی، یەعنی جێهەتی بە کار هێنەر مافی ئەوەی هەیە هەموو هۆکارەکانی مۆرك مەدەنی بە کار بهێنن یەعنی ئێمە ئەگەر پێمان وابێ ئەبێ دیاری بکەین ئەو هۆکارانەی مۆرکی مەدەنییە ئەبێ پولیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پولیس بە کاری بێنێت، ئێمە ئەبێ تەئییدی هۆکارەکە بکەین نەك نموونە بە کار بهێنەوە، ئەوەی لێرە دا هاتووە نموونە هێنانەوەیە، بۆیە ئەگەر کەوانەکە دابخەی یان دای نەخەی نموونەی پێ بێنی یان نا؟ مادەم هۆکاری مۆرك مەدەنی بە کار هاتووە دەستی ئەوا لە هەموو هۆکارەکانی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاك ئومێد خوشناو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خوشناو :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەرج نییە هەموو خۆپێشاندانێك کۆتایی پێ بهێنرێ، ئەگەر تێکێستەکە تەماشا دەکەی وا داخیل دەبێ کە وایە ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاوە پێ کردنی خۆپێشاندەراندا بینی، لە دوو حاڵەتدا خۆپێشاندان کۆتایی پێ دێت، یەك شەوی روو دەدات، دووش ئەو رێکەوتنە کە دەکرێت لە نێوان خۆپێشاندەران لە گەڵ دەزگاکانی پۆلیس کە کاتەکەمان تەواو ئێدی چەند کەسێك یان گرووپێك لە خۆپێشاندان جیا بوونەوە و دەیانەوێ بە قەرەی دیکەی دا بەرن، بۆیە دەبێ بە شێوازێك بێتن ئەو دوو هۆکارە دیاری بکرێت، دوو: کۆکم لە گەڵ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە باسی ئەوانەیان کرد لە هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی، لە دوای ئەوەی پێویست ناکات هیچ شتی دیکە دیاری بکرێتن، لە هەموو یاساکەدا و تایبەت لێرەدا کە لە دوا بڕگەی ئەو یاسا داینە باسی ئەوەش نەکرایە کە

ئێمە بینیمان لە خۆپێشاندانی رابردوو پۆلیسیش بووینە قوربانی، پولیسیش کچ و کوری ئەو وڵاتەنە، بە تایبەت هەموو پۆلیسیکی ئەو وڵاتە تەصەور دەکەم لە چینی هەژاری ئەو وڵاتەش بن، لە چینە زەحمەت کێش و قۆر بەسەر و ماندوبووی ئەو وڵاتە بن، پۆلیسیش شەهید بوو، پۆلیسیش بریندار بوو، پۆلیسیش هێرشی کرایە سەر، لە وێدا راستە قانونی عقوبات لە سەر ئەو خۆپێشاندەرە تەنفیز دەکرێت، بەڵام ئەوە یاسای خۆپێشاندانە، دەبێ کە خۆپێشاندان رێك دەخرێ عقوبەی خۆپێشاندەریش دیاری بکرێتن کە خۆپیشاندان بە لا ڕێ دەباتن و پەلەماری دەزگاکانی پۆلیسیش دەدات. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز د. شێرکو حەمە امین.

**بەڕێز د. شێرکو حەمە امین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو دەقانەی کە عمر عینایەت و دکتور عیزت و کاك ئومێد دەکەم، هەر بۆیە زانیاریش بیخوێنمەوە بە خێرایی پاش وەرگرتنەوەی وەڵام، وەڵامی بەر پرسان ئەگەر پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس نەیان توانی بڵاوە بە خۆپێشاندەران بکەن، وێرای ئەوەی داوای لێ کراوە لە سەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە هۆکاری مۆرکی مەدەنی بو بلاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بە کار بێنن، وە لە راستیدا هەر لێرە برگەیەکی تری زیاد بکرێ، هەر شتێك ئاگری لێوە دەربچێ نابێ بۆ رووبەرووی خۆپێشاندەران بە کار بهێنرێت. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە چەکی سارد و گەرم موعالجە ئەکرێ، لیژنەی یاسایی سیاغە بکەنەوە. بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادەیە کە باسی بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران ئەکات، بو ئەوەی کە رووبەرووی بڵاوە پێکردن حاڵەتی ئیستیسناء موهیم دەکرێت من پێشنیار ئەکەم ئەم برگەیەشی بۆ زیاد بکرێت هەر وەکو لە پێشنیاری فراکسیۆن و رێکخراوکانی کۆمەڵگە مەدەنیشەوە هاتووە هەر کارێکی ئاژاوە گێڕی کە لە ناو خۆپێشاندەرەکان روو بدات بەرپرسیاریەکی کەسییە و تەنها ئەنجامدەرەکەی رووبەرووی لێپرسینەوە و رێ و شوێنی یاسایی دەبێتەوە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز مەدینە خان.

**بەڕێز مدينە ايوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو قەوسە بهێتە گرتن گەلەك باشترە، بەڵام ئەگەر ئەو قەوسە نەهێتە گرتن ئەڤ ئاڤ ڕشاندنە دێ گەلەك مەعنا ژێ هەی ئەو دشێت ڤی حاڵەتی دا هندەك دەرمان ناڤ ڤێ ئاڤێ دا بڕەشینیتن، ڤێجا ئەگەر ئەو قەوسە بهێتە گرتن دێ گەلەك باشتر بتن. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. كاك گۆران ئازاد.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەكەی دكتور عیزت و كاك فرست و زۆربەی هاوڕێكان دەكەم، بەڵام لە سەر مەسەلەی مۆركی مەدەنی، نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، بەڵام لە سەر ئەوەی كە خۆپێشاندان بڵاوە پێ دەكرێ یا خود وەڵام وەردەگێرێ، ئەمن پێم وایە نابێت قانون بچێتە ناو ئەو وردە كاری وجوزئیاتانە، كەی تەواو دەبێ؟ گرنگ ئەوەیە بگوترێ خۆپێشاندان تەواو بوو ئیتر تەواو بوو، كاتی تەواو بوو، دوایی تەواو بوو، پەیامی تەواو بوو بڵاوە پێ دەكرێ بەم شێوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. بەڕێز كاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسە لە سەر ئەوە كرا ئیجرائاتەكان حاڵەتی موخالەفەی پۆلیس یا خود هێزەكانی ناوخۆ لە مادەی هەشتدا جێ ئەكرێتەوە، بەڵام ئەمیش دیسانەوە واتە كۆی یاساكە وەرگرین هەمووی بۆ ئیجرائات كردنە لە گەڵ خۆپێشاندەراندا، بۆ نموونە مەسەلەن چۆن لە مادەی حەوت خاڵی یەكەمی یاسا ئەصڵەكە دەقیق ئەڵێت قەدەغەیە چەك لە لایەن بەشدارنی خۆپێشاندان و لە كاتی خۆپێشاندان هەڵ بگیرێ، مەفروزە ئەمە بۆ پۆلیسیش بە كار بێت، چونكە ئێمە ئەڵێین پۆلیسی چالاكی مەدەنی ئەگەر پۆلیسی مەحەلیش بێ هاوكاری پۆلیسی چالاكییە مەدەنییەكان ئەكەن ئەوانیش چەكیان پێ نییە، ڕاستە لە مادەی پانزەهەمی ئەصڵی یاساكە دا هاتووە ئەڵێ لە حاڵەتێك دا دەزگای پۆلیس لە سنووری دەستەڵات دەرچوون بۆ بە كارهێنانی هێزی لە ڕا بەدەرچی خۆپێشاندەرەان ئەوە ڕێكاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیرێ، بەڵام ئەمەش مەتاتییە، لە ڕادە بەدەر چییە؟ مەسەلەن بۆ نموونە خۆپێشاندەران ڕیفێندراِن، خۆپێشاندەران كوژران، هەموو ئیهانەیەكی بكە و هیچ ئیجرائاتێكیش تا ئێستا وەرنەگیراوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم دوو مادده هەن تەناقوزییان هەیە بە یەكەوە، ئێمە پێشووتر وتمان ئێستا مادەی هەشتەمی ئەصڵی یاساكە ئەڵێ

وەزیری یا سەروکی یەکەی کارگێڕی لە حاڵەتی دەرچوونی خۆپێشاندان لە ئامانجی خۆیان یان کاتی دیاری کراوی خۆی بۆی هەیە پاش راوێژ کردن لە گەڵ لیژنەکە خۆپێشاندان بڵاوە پێ بکا، ئێمە ئەو کاتە راوێژ کردنەکە کرا بە رێکەوتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار لیژنە لێرە دانیشتوون، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاساییش لێرە دانیشتووە مولاحەزەکانیان دەنووسن. فەرمووو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسم لەو تەناقوزە کرد، ئێمە کردمان ماددەی هەشتی ئەصڵی یاساکە دەڵێ وەزیر یا سەرۆکی کارگێڕی لە حاڵەتی دەرچوونی خۆپێشاندانەکە لە ئامانجی خۆی، کاتی دیاری کراوی خۆی بۆی هەیە پاش راوێژ کردن لە گەڵ خۆپێشاندانەکە بڵاوە پێ بکاتەوە، پێشووتر کردمان بە ئیتیفاق، بە رێکەوتن، ئێستا لەم مادە لە ئەصڵی یاساکە لە مادەی هەشتەم خاڵی یەکەم ئەڵێ بە ڕاوێژ کردن لەوە کە رێکەوتنە کەواتە ئەمە تەناقوزاتە ئەبێ یەکێکیان چاك بکرێت، هەر چەندە ئەمە لە پرۆژەکەدا پێشنیار نەکراوە، دیسانەوە تەئکید لەوە ئەکەمەوە ئیجرائات بۆ کێیە؟ بۆ ئەو پۆلیسانەی دیاری کراوە چەك بە کار بهێنن، تەقە لە خۆپێشاندان ئەکەن، خۆپێشاندەران ئەفرێنن، خۆپێشاندەران ئەکوژن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەی پانزەهەم.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

مادەی پانزەهەم، بەرێز سەروکی پەرلەمان تەنیا بە یەك وشە ئەڵێ شتی لە ڕادە بەدەرییان کرد لە ڕادە بەدەر چییە؟ یەعنی یەك مادەم پێم بڵێ پۆلیس بۆی نییە تفەنگ بە کار بێنێت، ئێمە چۆن بزانین ئەمە لە ڕادە بەدەرە یان لە ڕادە بە دەر نییە؟ وە دیسان تەئکید لە سەر ئەو خاڵەش ئەکەمەوە ئەم هتد و ئەم وەکە رێك وەکو ماددەی چوارەمی خاڵی دووەم وایە کە ئەڵێت نابێت بە هۆی پەك خستنی خزمەتگوزاری گشتی وەك، ئەمە وەکو نموونەی ئەمەیان هێناوە وتییان چۆن هەر خزمەتگوزاری گشتی هەر پەك خرا ناتوانێ خۆپێشاندان بکات، ئەمەش دیسان نموونەیەکی وەکو ئەو، وە دیسان من پێشنیاری ئەو دوو برادەرانەی ئەکەم هەر چەندە ئەمە لە حاڵەتی دەولی ئەوەیان هەیە، بەڵام ئەو گازی فرمێسك رێژە کە لە رابردوودا بە کار هاتووە، ئەمە نییە لە دونیا بە کار بێت، لێرە خەڵك ڕشاوەتەوە، خەڵك چەند رۆژێك خەریك بوو کوێر ببێت و ئەو دارە کارەباییە کە بە کاری دێنن، لە خەڵك دەن باوەڕ بکەن بە قەدەر کوشتن ناخۆشە. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. با موداخەلەکان تەواو بێت ئەو کاتە. با ئەهێنی یەکان تەواو بێ، ناوەکان بخوێننەوە، بۆچوونی پەرلەمانتاران هەمووی بگا. خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو دەقە وەك خۆی بمێنێتەوە، و هۆکاری مۆرکی مەدەنی بێ، بەڵام ئەو قەوسە لابدرێ، یەعنی تەحدید نەکرێ چی بە کار دێ، چونکە مۆرکی مەدەنی مەعلومە لای هەمووان مۆرکی مەدەنی چییە ئەو شتانەی بە کار دێ، و هاو ڕام لە گەڵ برای بەڕێزم کاك عمر عینایەت کە بڵاوە کردنەوە بگودرێت بە بڵاو پێکردن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. مامۆستا حسن.

**بەڕێز حسن صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەیان کران، تەنها یەك شت ماوە کە پشتیوانی لە عمری حاجی عینایەت و دکتور شێرکۆ و کاك علی بکەم، و یەك شتیش دەمەوێ روون بکەمەوە، پێم ناکرێ لە ناو هوڵی پەرلەمان خۆپێشاندەر تاوانبار بکرێت بە هۆی ئەوەی پۆلیسی کوشتووە بە راستی، ئەمە پۆلیس لە لایەن خوپێشاندەرە نەکوژراوە، هەموومان دەزانین پۆلیس چ رۆڵێکی هەیە لە پاراستنی سەروەت و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان لە کوردستاندا، و چەند خەڵکی کوردستان دەیەوێ رێز لە پۆلیس بگرێ، ئەمە پۆلیس بوو، ئەمە ئەو هێزانە نەبوو لە دەرەوی پۆلیس دەهێندران، گۆمان لەو خەڵکە هەبوو کە دەمامکدار بۆ دەهات، خەڵکی دەکوشت، بۆیە ناکرێ خۆپێشاندەر ناو هۆڵی پەرلەماندا تۆمەتبار بکرێ کە پۆلیسی کوشتووە، ئەمە ناکرێ بە سەر ئێمە دا تێپەڕێ کە خۆپێشاندەر پۆلیس دەکوژێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رای هەندێك ئەندام پەرلەمانە، جا ئەگەر رای تریش بێت؟

**بەڕێز حسن صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەمەش رای خۆمە، بەڵێ قسەکانی دیکەم کراوە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خوشناو :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامییە، مەجالت دا تا ئاخر نوقتە قسەکانی خۆی کرد ئەوجا من گوتم ناکرێ، وەڵامەکە، وەڵامی من بوو ئێستاش دەڵێمەوە لە خۆپیشاندانەکان، ئەمن وام گوتم لە خۆپێشاندانەکان پۆلیس شەهید بووە، ئەوجا خۆپێشاندەرە، کەسی تێکدەرە، گرووپێکی دیاری کراوە، کێ کراوە، پۆلیسیش گوتم هاووڵاتی ئەو وڵاتەیە، دوژمنداریمان لە گەڵ پۆلیس دا نییە، بۆیە وەڵامەکە ڕێگا دەداتە ئاخیری وەڵامەکە، حەقی پەرلەمانتار نییە جوابی یەکتر بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە هیچ شێویەك نابێت پەرلەمانتار وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوە، بەڵام ئێمە مەشغول بووین لە گەڵ لیژنەی یاسایی بۆ سیاغە کردنی ئەم بابەتە، لە دواییە ئەو بابەتە باس کرا.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئاخر ناشکرێ دەست ئەوا رابوەشێنێ بڵێ تێکدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دکتور شێرکو، تکایە با نەبێت بە وەڵام، وەڵام دانەوە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، پێویست ناکات.
فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە دەرئەنجامی قسەی هاوڕێیانی پەرلەمانتارم، روئیایەك بۆم روون بوو ئەویش ئەوەیە کە هەندێك مەترسییان هەیە لەو با بڵێن لەو شتانەی کە بە کار ئەهێنن، بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران، بۆیە بڕوامان وایە کە ئەبێ حەسر کرێ ئەو شتانەی کە بە کار دەهێنن، بۆیە ئەڵێم ئەو نوقتەیە لابدرێت هتد، ئیتر پێم وایە ئەم حاڵەتە موعالجە ئەبێ، بەڵام بە تەسەوری من ئەوانەی کە قەناعەتییان وایە یان ئیش کردنەیان بەو ئاراستەیە کە حەسر بکرێن بو ئاو ڕشاندن و بە کار هێنانی قەڵغان بۆ خۆپاراستن، من دڵنیایان دەکەم لە رووی یاساییەوە وەکو مەبدەء داخستنی کەوانەکە و هێنانەوەی ئەو دووانە بە میسال بە تەحدیدی حەسری هەژمار ناکرێ و وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا پەیوندیدارەکانی بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران ئەتوانن ئەم ماددەیە بە کار بهێنن بۆ زیاد کردنی دەیان شێوازی تر، چونکە تەحدید حەسری نییە ئەوەندەی کە من لە قانون تێگەیشتبم، تەحدیدی حەسری ئەوەیە ئەبێ بڵێ بۆ نموونە، خۆم بڕوام بەوە نییە، بۆیان هەیە ئامێرەکانی ئاو ڕشاندن و قەلغان بۆ خۆپاراستن بە کار بهێنن، ئەوە بە تەحدیدی حەسری هەژمار ئەکرێ، بەڵام بە کار هێنانی وشەی وەکو دروست کردنی کەوانەیەك ئەو

کەوانەیە دایەخەی، داینەخەی، نوقتەی هەبێ، هتد هەبێ و نەبێ، دەلالەتەکە ئەوەیە کە ئەمە هێنانـەوەی میساله و ئەکرێ شتی تری لەوە بە کار بێنێ، ئەوە مولاحەزەی یەکەمە.

مولاحەزەی دووەمم ئێمە لە کاتی قسە لـە تەحدیـد کـردن مـاوە دیـاری کـرا، زۆر لـە پەرلـەمانتاران باسـی ئەوەیان کرد کـە ئەگـەر پـەیامی خۆپێـشاندەران نەگەیشت چی بکرێ؟ ئێمـە ئێستا باسـی بڵاوە پێکردنـی خۆپێشاندەران ئەکەین لەوە من بڕوام وایە ئەمە پشتیوانی کردنیشە لە پێشنیارەکەی کاك عمـر عینایـەت ئاوای لێبکرێ، دوای گەیشتنی پـەیامی خۆپێشاندەران بـە لایـەنی پەیوەنـدی دار، ئەگـەر پۆلیـسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتییان لە بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندەران بینی، تەواو بکرێ، و لـە گـەڵ ئەو وشەی وەکو، شتانە، هیچی نیم، هەتا بە کار بهێنن لە گەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا و پشتیوانی لەقسەکانی کاك علی حەمە صالح و بـەهار خـان و مامۆسـتا هـەورامان دەکـەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە هەموارکردنـەوەی ئـەو بڕگەیـەدا قـسە لەسـەر (وەك) کـرا و ئـەو وەسـائیلانەی کـە لـەناو قەوسـەکە بـەکارهاتووە، وابـزانم پێویـست ناکـات ڕوونکردنـەوە بـدەین، لـەڕووی یاسـاییەوە د.فرسـت و د.ڕێـواز ڕوونکردنـەوەیان دا کـە ئـەوە عـەلا سـەبیلی میـساله، (وەك) دابنێیـی، قـەوس دابنێـی، ئامرازەکـە هـەمووی بژمێری، ئامرازەکان جێ بهێڵی و هیـچی نـەژمێری، کـە گوتـت هۆکارەکـانی مـۆرکی مـەدەنی تـەنها هۆکـاری مۆرکی مـەدەنی دەگرێتـەوە و هـیچ کێـشەیەکمان نـابێ هـەتا دەتـوانین لـە هۆکارەکـانی مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن، لـەوێ نوقتـەی دادەنـێین، (وەك) هەڵدەگیرێ لەگـەڵ ئەوانـەی کـە لـەناو قـەوس دا هـاتووە، هـیچ کێـشەیەکمان لـەوەدا نییـە ئـەو سـێ پێـشنیارە زیـاتر لـەو پێشنیارەی کـەکرا لەلایـەن بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە، پێـشنیارێکی دیکـە هـەبوو کـە چـەکی سـارد وگـەرمیش بەکارنەهێندرێ لەلایەن پۆلیس، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمانوایـە ئەگـەر بـەو جـۆرە بکـەین کە بڵێین ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بلاوەپێکردنی خۆپیـشاندەران بینـی و وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە تەنها هۆکاری مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنـی خۆپیـشاندەران بـەکاربێنن، کـە دەڵـێ تـەنها هۆکـاری مـۆرکی مـەدەنی بـۆ بلاوەپێکردنـی

خۆپیشاندەران بەکاربێنن، مەفهومی موخالیف ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە چەکی سارد یاخود چەکی گەرم بەکاربهێنن، ئەگەر ناوهێنانی چەکی سارد و گەرمیش بەزەرور دەزانن ئەوە نەسەکە تەقریبەن دەبێ نەسێکی تەفسیری، من پێم باشە کە ئەو وشەی (تەنها)م بەکارهێنا، تەنها هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن مەفهومی موخالیف ئەوەیە کە بۆت نییە پۆلیس نە چەکی سارد و نە چەکی گەرم بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن، ڕای کۆتاییش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاکان دەخەینە دەنگەوە، یەك بە یەك بخوێندرێتەوە، لیژنەکانی تر ڕوونکردنەوەتان هەیە، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەکەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە ئێمە لەگەڵین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی مافی مرۆڤ؟ لیژنەی ناوخۆ؟ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا کە وەك هاتووە ئاو ڕشاندن و بەکارهێنانی قەڵغان دیارە وا تێ گەیشتوون بەوەی کە تەنها ئەو دووانە بەکاردەهێندرێ، بەڵام ئەگەر ئێستا بڵێین تەنها هۆکاری مۆرك مەدەنی بەکاربهێندرێ، هۆکاری مۆرك مەدەنی ئەویش کۆمەڵێك شتە، وەکو ئەوانەی کە باسمان کرد، یەعنی هەموویان غازی فرمێسك ڕژێن هۆکاری مەدەنییە، بەکارهێنانی بیبەر و ئەو مۆسیقا دەنگ ناخۆش و هەموو ئەو شتانە هۆکاری مۆرکی مەدەنییە، بەڕاستی ئەگەر بەو شێوازە بڕوات هەموو ئەوانەی کە ئێمە لە موناقەشەکەدا لەبەرامبەری دا وەستاینەوە دیسانەوە بەکاردەهێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی ئێمە کردمان تەبعەن پەیوەندی بە تێگەیشتنەکەوە ئەوەی کە (هیتر)ەکە لابرێ و کەوانەکە داخرێ، پێم باشە ئەوە وەك ئەو پێشنیارە بکرێ کە دیاری بکرێن، ئەو هۆکارانەی کە بەکاردەهێندرێن لەلایەن پۆلیسەوە، بزەبت دیاری بکرێن کە چ هۆکارێکە، یەعنی ئەو پێشنیارە بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

شکریە خان پێویست دەکات نوقتە نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام نابێ ئەوەی ئێمەشتان لەبیر بچێ کە زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەگەر ئەوەی د.ڤالا پەسەند بکرێ، دەبێ ئەوەی ئیستسنا بکرێ، جگە لە غازی فرمێسك ڕێژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غازی فرمێسك ڕێژ هۆکارێکی مۆرکی مەدەنی مەحزور نییە لەسەر مستەوای دەولی و داخلی، ئێمە ناتوانین لێرە قەدەغەی بکەین، چونکە لەلایەن هەموو وڵاتانەوە، ولاتی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتووش ئەو وەسیلە و ئەو هۆکارە بەکاردێت، کە وەسیلەکە مەحزور نەبوو لەسەر مستەوای دەولی وداخلی بە چ یاسایەك ئێمە لێرە قەدەغەی بکەین، دواجار قەدەغە کردنی مۆرکی مەدەنی و نە ڕێگای پێ دەدەین وەکو هین ئەمەش قەدەغەی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا هەورامان بەڵام دەبێ نوقتەی نیزامی بێ، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەقریبەن ٦ ئەندام پەرلەمان داوامان کرد کە گازی فرمێسك ڕێژ قەدەغە بکرێ، ئەوە گازی فرمێسك ڕێژیش نییە ئەوە کیمیاییە کە دەکرێ بەسەر خەڵکدا، چونکە ئێمە بەچاوی خۆمان بینیومانە، تووشی ڕشانەوە دەبێ، تووشی چاو کوێری دەبێ، تووشی بێ هێزی دەبی...... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو، پێویست ناکات مامۆستا هەورامان، باست کرد، دەیخەینە دەنگدانەوە، داوایان کردووە کە گازی فرمێسك ڕێژ بەکارنەهێندرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە گازی فرمێسك ڕێژ بەکارنەهێندرێ؟؟ ٢٩ کەس لەگەڵیەتی، باشە، کێ لەگەڵی نییە؟٣٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، ئێستا ئەو دەقە بخوێننەوە د.ڤالا کە داتان ڕشتووە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم: دووەم/ خاڵی یەکەم هەموار دەکرێتەوە و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لەبڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دا بینی، وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون بۆیان هەیە تەنها هۆکاری مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە پێنج، شەش کەس داوامان کرد یەعنی وشەی (زەحمەت) لابەن، نەیانتوانی، جوان نییە، نەیانتوانی بڵاوە پێ بکەن، نە سیاغەیەکی ئەدەبیە و نە نووسینی کوردیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دوای سیاغە دەتوانین دەستکاری بکەین، لیژنەی یاسایی دوایی لە سیاغە پرس و ڕاوێژتان پێ دەکەن کاك عمر، کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە کە ئێستا خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە؟ تکایە دەست بەرزبکەنەوە؟ ٥٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ١١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، بەڵێ د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە سێ کەس وتمان، نازانم سیاغەکە چۆنە، یەعنی دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندەران ئینجا حەقی بڵاوەپێکردنیان دەدەین، بیرمە، من وام گوت کاك ئومێد وای وت، کاك عمر عینایەتیش وای گوت، یەعنی ئەوە بخرێتە پێشی نەسەکەوە دوای گەیستنی پەیامی خۆپیشاندەران لەلایەنی پەیوەندار، بەڵکو دوو سەعات بۆ کۆبوونەوە دیاری کرابوو، دوو سەعاتەکە تەواو کەس نەهات پەیامەکەیان لێ وەربگرێ، ئێ حکومەت بۆی هەیە بڵاوەیان پێ بکات بێ ئەوەی هیچ کەسێك پەیامەکەی بدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، با ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندارە بە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران لە ماددەی ٥ بڕگەی ٣ دا پێویستە بە زووترین کات چارەسەری گونجاو و داواکاریەکەیان دابنێ ولەگەڵ لایەنی پەیوەندار گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن، دوای

هەندێ داواكاری هەیە یەعنی وەڵامدانەوەی هەندێ داواكاری تەقیید ناكرێ، نازانم مەبەستی چییە دكتۆرە ئەگەر تەوزیحی بكات لە بۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڵێ تەوزیحی بكە، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن مەبەسـتم وەڵامدانـەوە نییـە و لەگـەڵ ئـەوەش نـیم وەڵامدانـەوە ببەسـترێتەوە بـە بڵاوەپێكردنـی خۆپیشاندەران، چونكە جاری واهەیە بۆ نموونە لە ناحیەیەك خۆپیشاندان دەكرێ، ئـەو داواكاریانـەی كـە خۆپیـشاندەران هەیانـە ئەسـڵەن لـە دەسـەڵاتی پارێزگایـە، كەواتـە نـاكرێ بیبەسـتینەوە بەیەكـەوە، بـەڵام گەیشتنی پەیامەكەیان ئەبێ ببەسترێ بە بڵاوەپێكردنیان، نموونەشم هێنایەوە، مەجموعەیەك خوێنـدكار، چەند خوێندكارێك دێنە بەردەمی وەزارەتێـك، دێنـە بـەردەمی بەڕێوبەرایەتیـەكی پـەروەردە، دوو سـەعات مۆڵـەتیان وەرگرتـووە بـۆ ئـەوەی كـە خۆپیـشاندانەكەیان تـەواو بكـەن، لـەو دوو سـەعاتەدا بەڕێوەبـەری پەروەردە نایەت پەیامەكەیان لێ وەرگرێ، ئـەوەی جـەنابت باسـت كـرد، بـاس كردنـە لـە موعالەجـە كـردن وبەدواداچوونی داواكاریەكەیان، باشە ئەگەر داواكاریەكە نەگەیشت بوو؟ یەعنی مەبەسـتەكەی مـن دەقەكـە ئاوایە، دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندەران بەلایەنی پەیوەندیدار، پەیامەكە بگات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی مافەكانی مرۆڤ، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە بەستنەوەی بڵاوەپێكردنی خۆپیشاندان بە گەیاندنی پەیام، ئەوە شتێكی مەتاتیە، مـن دەچـمە بەردەمی بەڕێوبەرایەتییەك موەزەفێك لێم وەردەگرێ و دەڵێ پەیامەكە گەیشت، بـڕۆ، مـن دەڵـێم نـەخێر نەگەیشتووە، ئەو كاتە دەست دەكاتەوە پۆلیس زۆرینـەی خۆپیـشاندانەكان بـەم بەهانەیـە بـڵاوە پـێ بكـات، بۆیە بەلاڕێ داچوونی خۆپیشاندان وا دەكات هێزەكانی پۆلیس و چالاكی مەدەنی كۆتایی پێ بێنن و ڕێی لێ بگرن، نەك گەیاندن و نەگەیاندن، گەیشتن و نـەگەیشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە لـە لیژنـە هاوبەشـەكاندا دەسـتەواژەیەكی ترمـان بـەكارهێنا، پـاش بـە دەنگـەوە هـاتنی لایـەنی پەیوەندیدار، بەدەمەوە هاتنی لایەنی پەیوەندیدار، پێموایە هەمووومان لەسەریشی ڕێك كەوتووین لەوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی من یەك لەوانە بووم کە پێشنیاری ئەوەم کرد، بەڵام من بەم شێوەیە وتم، پاش وەڵامدانەوەی بەڵگەدار بە داواکاری خۆپیشاندەران، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە مەرج نیە داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکات، بەڵام پێویستە وەڵامێکی ئیقناع کەریان بدەنێ، وەکو د.ڕێواز وتی، لەبری گەیشتن، من گەیشتن ناڵێم وەڵامدانەوە دەڵێم، ڕەنگە بەشێکی داواکاریەکان دەتوانێ ئەو جێ بەجێیان بکات، بەشێکی یەعنی بۆیان بسەلێنێ بەشێوەی بەڵگە هێنانەوە کە ئەمە لە تواناى دەسەڵاتی ئەودا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

پێشتر ڕوونت کردەوە، ئێستا خۆتان کۆك نین، ئێوە کە پێشنیاری دەکەن، کۆك نین لەسەر ئەوەی کە دەتانەوێ چی بکەن، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەڵامدانەوە، وەڵامی خۆپیشاندانێك بۆ خۆپیشاندانێکی تر جیاوازی هەیە، بۆیە ئێمە ئەوە ناتوانین لێرە لە یاسایەك جێی بکەینەوە، بەڵام سەبارەت بەو پێشنیارەی د.ڕێواز کە پاش گەیشتنی پەیامەکەیان، ئەوە پێشنیارێکی بەجێیە دەتوانین لێرە جێی بکەینەوە، بەس وەڵامدانەوە هەندێ جار وەڵامدانەوە، وەڵام هەر نادرێتەوە، بۆیە لێرە جێی ناکرێتەوە، وەڵامدانەوەش لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، جاری وایە وەڵامەکە ئیجابی نییە، بەس گەیشتنی پەیامەکە دەتوانرێ جێی بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقەکەمان بۆ بخوێننەوە پاش ئەوەی ئەو پێشگرەی خستە تەنیشت دەقەکەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەو پێشنیارەی تۆ چییە د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیەی لێ بێت دەقەکە:

دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندان بەلایەنی پەیوەندیدار، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و .. الخ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێشگرە بۆ دەقی بڕگەی ٢ لە ماددەی ٨ زیاد بکرێ، ٤٤ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، جارێکی تر بیخوێننەوە، چونکە دەنگدانی لەسەر کراوە پێویست ناکات دەنگی لەسەر بدەینەوە، بەس تەنها خوێندنەوەی، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندان، ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و دەزگای پۆلیس زەحمەتیان لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەراندا بینی، وێڕای ئەوەی داوایان لێ کراوە و لەسەر ئەوەش سوور بوون، بۆیان هەیە تەنها هۆکارەکانی مۆرکی مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاربێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەلایەنی پەیوەندیدار، باشە ئەحکامی خیتامی، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێزد.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی کەماون پەیوەندیدارن بە ئەحکامی خیتامی کە تەحسیلێ حاسڵە و دەبێ لە هەموارکردنەوەی هەموو یاسایەکدا هەبێ.

ماددەی ٩: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٠: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١١: ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٩ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك سالار هاوکاریمان دەکات لە خوێندنەوەی هۆکارەکانی دەرچوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هۆکارەکانی پێویست لە ئەسڵی یاسایەکەدا نەختێك دوورودرێژە و هەندێ دەستەواژەش تیکرار بووەتەوە کە لە جێی خۆی دانێین، بۆیە دوو تەرح هاتووە، یەکێکیان دەخوێنمەوە ئەوەی تریش دەخوێنمەوە.

**هۆکاری پێویست**

لەبەرئەوەی خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە و بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی و بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و پیادەکردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ماف و ئازادیەکان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

کاك د.فرست ئەمەی ناردووە:

لەپێناو زیاتر مسۆگەرکردنی گوزارشت کردنی هاوولاتیان لە ڕای خۆیان و پیشاندانی خواستی ڕەوایان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کامیان پێشتر بخەینەوە دەنگەوە؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك فرست دوورتر ناردوویەتی ئەوە دەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بیخوێنەوە جارێکی تر کاك سالار، باشە تا تێکەڵکێشی ئەوە دەگەن ئەو دوو پێشنیارەی کە بۆیان هاتووە، بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ژمارەیەکی زۆر پرسیارتان کەوتووەتە دەست ئێمە، بیخوێنینەوە، بەڵام ئەمڕۆ وادیارە دەرفەت نەبوو بیخوێنینەوە، لە دانیشتنەکانی داهاتوو پرسیارەکانی ئێوەش دەخوێنینەوە کە بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان ڕۆیشتوون، دوای ئەوە تەنها یەك

برگەمان ماوە کە ئەویش بابەتێکە کاك عمر حاجی عینایەت دەیەوێ بیخاتەڕوو لە پەرلەمانی کوردستان، کاك سالار بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکاری پێویست**

لەبەرئەوەی خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە و لە پێناو مسۆگەرکردنی گوزارشتی هاووڵاتیان ڕای خۆیان بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و پیادە کردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ٦٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٢ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین، بەهۆی پەسەند کردنی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠، کەواتە ٢ کەس لەگەڵی نەبووە، بەڵێ بەڕێز کاك عمر بابەتەکەت بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆش نەبوو بەڕاستی بەهۆی ئەم بابەتەوە تاخیر بن، من ویستم سەرەتا لە دەست پێکردنی دانیشتنەکەوە باسی بکەم، بەڵام بەداخەوە بوومە باعیسی ئەوەی کە ئێوە دواکەوتن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێی برگەی ٤ بەشی دووەم لە ماددەی ٥٤ هەموو ئەندامێك بۆی هەیە ئەگەر بیرۆکەیەك پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێ پەیوەندی بەدەسەڵاتی جێ بەجێکارەوە هەبێ بیخاتەڕوو، من بەیانی بە پێی ئەو ماددەیە بابەتەکەم باس کردو بەڕێزیشت ڕەزامەندیتدا، خرایە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش بابەتەکەیە، لە ئەنجامی ئەو بەدواداچوونەی کردوومە لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی ١٨٠ هەزار تەن گەنم لە سایلۆکانی سلێمانی وەرگیراوە لە جوتیاران ئەو گەنمە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەرین و گەرمیانیشەوە، بەشێوەیەکی زۆر نازانستی عەمبار کراوە، لەبەر ڕەحمەتی باو باران و ئاژەڵ و پەلەوەردایە، چاوەڕێی فەرمانی حکومەتی ناوەندین بۆ وەرگرتنی لەم سنوورە، تەنانەت یەك سایلۆ نییە بۆ هەڵگرتنی گەنم، یەك سایلۆ هەیە لە سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ڕووسی دروست کرا، بەڵام تەواو نەبووە، نیازی تێکدانی ئەم سایلۆیەیان هەیە بۆ ئەوەی سایلۆی دیکە لە پیرەمەگروون دروست بکەن، کڕیاری گەنمی کوردستان تەنها حکومەتی ناوەندە بە نرخی تەن لە نێوان ٥٧٢ هەزار بۆ ٧٩٠ هەزار دینار، لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەگەرهەیە بەهۆی یەکێك لەم هۆیانەوە حکومەتی ناوەند گەنمەکە نەکڕێ، یەکەم/ ئاڵۆزی زیاتر نێوان ناوەند و هەرێم بەهۆی ڕاپرسی یان گشت پرسی، دووەم/ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنووری نێوان هەرێم و ناوەند لەلایەن داعش و گروپە